حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

فاڵەکەتی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان

سکوڵی زمان – بەشی کوردی

# بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لە شیعرەکانی(کامەران موکری) دا

نامەیەکە

سەرحەد حسێن مستەفا

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان / فاڵەکەتی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستیەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د.عوسمان عەبدول بەرزنجی

2715 کوردی

2015زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

پ . ی . د. عوسمان عەبدول بەرزنجی

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

د. کاروان عمـــــر

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

٧

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:

ئەندام:

ڕۆژ / / 2015/

ناو:

سەرۆکی لیژنە:

ڕۆژ / / 2015/

ناو:

ئەندام:

ڕۆژ / / 2015/

ناو: پ.ی.د.عوسمان عەبدول بەرزنجی

ئەندام وسەرپەرشت

ڕۆژ: / / 2015/

لەلایەن ئەنجوومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو : د.کاوان عوسمان عارف

سەرۆکی سکولی زمان

ڕۆژ: / / 2015/

# پێشكەش

ئەم لێكۆڵینەوەیە پێشكەشە بە:

- ئەوكەسانەی, كەئەدەب بەگشتی بەبەشێك لەژیانی گەل ونەتەوە دەزانن ودەبنە ناسنامەی قۆناغی مێژویی وڕامیاریی سەردەمەكەیان.

- بەئەو ڕۆحانەی,كەلەجەنگی بەرەنگاری دژ بە تاریك پەرستانی عەقڵی سەدەكۆنەكان,بوون بەقەڵغانی بەرگری وبەخوێنی خۆیان ئازادییان بۆئێمە هێشتەوە.

- بە مامۆستا (گەلاویژ)ی هاوسەرو (لیا)ی كچم, كە هەلی خویندنیان بۆئاسانكردم.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز دکتۆر( عوسمان عەبدول بەرزنجی)کەئەرکی سەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوەکەمی گرتەئەستۆ,زۆر زیاترلە چاوەڕوانیم ماندوبوو هەتا (نامە)کەمان تەواوکرد.

- سوپاسیزۆرم بۆئەودکتــۆرەبەڕێزانەی, کەلەکۆرسەکانی خوێندن ماندوبوون لەگەڵماندا,هیوام تەمەن درێژییانە ودەخوازم شاگردێکبم بەخواستی بەڕێزیان وخۆم بەقەرزاربارِیان دەزانم.
- سوپاسیبەڕیزدکتۆر(عەبدوڵلآئاگرین)دەکەم,کەبەسەرچاوەورێنماییەکانی هاوکاری کردم.لەخوادەخوازم تەمەن درێژو لەش ساغیان بکات.

- سوپاسم بۆکارمەندانی کتێبخانەی سکولی زمان,کە بەدڵێکی فراوان وهاوڕێیانە لەپێدان سەرچاوەدا هاوکارییان کردم.

- سوپاسی کارمەندانی (کتێبخانەی گشتی کەلار ) دەکەم کە هەمیشە وەکوبرایەك هاوکارییان دە کردم لە پێدانی سە رچاوەکاندا.

- سوپاس هاوڕێیان(ئارازعبدالرحیم اللەداد,مریوان مامە سالە,جێگرسەلام) دەکەم کە بە سەرچاوەو وەرگێڕان ماندوبوون لەگەڵمدا.

| بەش | ناوەڕۆك | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| پێشەكی | | 4–1 |
| دەروازە | | 6–5 |
| بەشی یەكەم | نەتەوەو نەتەوایەتی یان بیری نەتەوەیی | 45ــ7 |
| پاری یەكەم | ناساندنی چەمكی نەتەوەو بیری نەتەوەیی | 19– 8 |
| پاری دووەم | كات و شوێنی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی | 28– 20 |
| پاری سێیەم | هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی | 38–29 |
| پاری چوارەم | بنەماكانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی | 45–39 |
| بەشی دووەم | بەرەنگاریی و ژانی لەدایكبوونی بیری نەتەوەیی | 98–46 |
| پاری یەكەم | بەرەنگاریی چی یەو چۆن لەئەدەبی كوردیدا ڕەنگی داوەتەوە | 83 –47 |
| باسی یەكەم | واتا و چەمكی بەرەنگاریی | 57– 47 |
| باسی دووەم | ئەدەبی بەرەنگاری ونەتەوەیی وڕەنگدانەوەی لەئەدەبی كوردیدا | 83 –57 |
| پاری دووەم | ژان یا فاكتەری لەدایكبوونی بیری نەتەوەیی وبەرەنگاری لای | 98ــ84 |

| | | |
|---|---|---|
| | کامەران موکری | |
| باسی یەکەم | بارودۆخی(سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری) نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا. | 89-85 |
| باسی دووەم | هۆشیاری کامەران لەبارودۆخی گەلانی تری چەوساوە | 94 -90 |
| باسی سێیەم | پەیامی شیعر لای کامەران موکری | 98-94 |
| بەشی سێیەم | ڕەوتی ژیان و جیهانییە شیعرییەکەی کامەران | 181 -99 |
| پاری یەکەم | ڕێڕەو و قۆناغەکانی ژیانی شاعیر | 115ـــ100 |
| باسی یەکەم | بارودۆخی ناوچەکە پێش لەدایکبوونی کامەران | 101-100 |
| باسی دووەم | کامەران وکانی پێگەیاندنی بەهرەکانی | 105-101 |
| باسی سێیەم | بـــۆکامەران و پاشان موکری | 107- 106 |
| باسی چوارەم | کامەران و چەشنە ئەدەبییەکان | 115ـــ107 |
| پاری دووەم | کامەران موکری و جیهانی شیعرو ئەدەبیات | 125-116 |
| پاری سێیەم | بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانی کامەران موکریدا | 155ـــ125 |
| باسی یەکەم | هەوێنی شیعری کامەران | 143-125 |
| باسی دووەم | زمانی شیعری کامەران | 149ـــ143 |

| | | |
|---|---|---|
| باسی سێیەم | وێنەی هونەری کامەران | 155ـ149 |
| پاری چوارەم | بەرەنگاری و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانییدا | 181–156 |
| باسی یەکەم | بەرەنگاری کلتوری أ/ئاییینی ب/داب ونەریت | 164ـ156 |
| باسی دووەم | بەرەنگاری داب ونەریت لەهۆنراوەکانی کامەران دا | 169–165 |
| باسی سێیەم | بەرەنگاری وجیاوازی چینایەتی ونەتەوایەتی | 181–169 |
| ئەنجام | | 183–182 |
| لیستی سەرچاوەکان | | 193–184 |
| ملخص البحث | | |
| Abstract | | |

# پێشەکی

# پێشـــەكی

پەیوەندی ئەدەب و ژیانی گەلان، شێوازێكی ڕاستەوخۆیەو هەندێك جار هۆنراوە ڕەنگ وڕووی قۆناغەكەی بوەو زۆرجاریش ئەدەب خاوەنی زمانی بالأو هونەری خۆی بووە، واتەهەرچەند دنیا و زمانی ئەدەب جیاوازترە لەزانستە مرۆییەكانی تر ، بەلأم ئەدەبی مولتەزیم ( پەیامدار) پەیامی هۆشیاری و هەڵگیرسێنەری بیرو بازووی كۆمەڵە ، بۆیە دەكرێت ئەدەب وەكو هەر كایەیەكی تری ژیانی كۆمەڵ بەشیاوی قوڵبونەوەو دۆزینەوەی میتۆدی نویٚ دەوڵەمەند بكرێت. بەلأم ئەوەی ئێمە دەمانەوێت باسی بكەین پەیوەندییە ڕاستەوخۆكەیە كە ناونیشانی توێژینەوەكەمان ( بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لەهۆنراوەكانی كامەران موكری دا)یە. لێكۆڵینەوەكەشمان دەروازەیەك ولەبەشێكی تیۆری و دووبەشی پراكتیكی پێكهاتووە.

- ناونیشانی توێژینەوەكە

هەرچەندە سنوری توێژینەوەكەمان ( بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لەهۆنراوەكانی كامەران موكری )دایە, بەلأم بەشێوازێكی قۆناغ بەندی و تیشك ئاسا ئەم لایەنانە لای ئەم شاعیرانەی كەلەخوارەوە دیاریمان كردووە (ئەحمەدی خانی و حاجی قادر ونالی وسالم أحمد موختار جاف وبێكەس وپیرەمێردو دیلان).لەبەرهەمەكانی كامەرانیشدا تەنها بابەتەكانی نەتەوەیی و بەرەنگاری خراونەتەڕوو.

- ئامانجی نووسینی توێژینەوەكە.

كامەران موكری لەڕووی قۆناغی شیعرییەوە دەكەوێتە قۆناغی گواستنەوەو لەگەڵ ( گوران,دیلان ) دا بەسیٚ كوچكەی نوێكردنەوەی شیعر دادەنرێن. بەتایبەتریش زمانی ڕوونی كامەران، پارسەنگ كردنی پەیامی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی لەهۆنراوەكانیدا هۆكارێكی سەرەكی هەڵبژاردنی بابەتەكە بوو ، چونكە پەیوەندی ئەدەب بەقۆناغی ژیانی گەلەوە مێژوویەكی تۆماركراوە لە زمانێكی بالأو هونەریدا و هەر لەوێشەوە بەگرنگم زانی ئەم ناونشانەی سەرەوە هەڵبژێرم.

## • گرفتەکانی توێژینەوەکە

نوسینی هەر توێژینەوەیەك بێ گرفت و ماندوو بون نابێ ، گرفتی ئێمە نەبوونی ناونیشانی نامە وتێزی زانکۆیی بوو لەبارەی بەرەنگاریی و نەتەوەییەوە(چەندنامەیەکی زانکۆی نەبێ) بۆیە چەندین جار گۆڕانکاری لەپلانی توێژینەوەکەدا دروست دەبوو ,تاکو ئەم ناونیشانەی لێ هاتە بەرهەم.یەکێکیتر لە گرفتەکان ,زۆرجار بۆ ڕوونکردنەوەو بەکارهێنانی سەرچاوە ناچار بوین سوود لەسەرچاوەی تیۆری زیاتر وەربگرین ، چونکە بابەتەکەی ئێمەش شیکاری و وردکردنەوەی لایەنە ڕەوانبێژیەکان نییە، بەڵکو دەرخستنی بیروڕای شاعیرە لەبارەی ناونیشانەکەی سەرەوە.

## • ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکەمان کۆمەڵایەتی – وەسفیە هەرچەندە هەندێك جار پێویستی بەشیکاری هونەری و گەڕانەوە بۆ مێژوو و ڕووداوەکان هەبووە ، بەڵام بەشێوازێکی گشتی شەن و کەوکردنە لەوەسف وشیکاری هۆنراوەکانەوە بەگوێرەی مەودای بابەتەکەمان.

## • بەشەکانی نامەکە

ناوەڕۆکی (نامەکە )بابەتەکەمان لە دەروازەیەك وسێ بەشدا دیاری کردووە:

دەروازە:لێرەدا گرنگترین ئەونوسین ونامە زانکۆییانە خراونەتەڕوو,کەباس لە هۆنراوەکانی کامەران یان ژیانی شاعیردەکەن.

بەشی یەکەم : لەچوارچێوەی مەودای ئەدەبیاتدا توێژەر دەیەوێت باس لە نەتەوەو بیری نەتەوایەتی بکات و لەوێشەوە چەمکو شوێن و کاتی بیری نەتەوەیی و هۆکارو بنەما کاریگەریەکانی دەرکەوتنی ئەم بیرە بخاتەڕوو .

بەشی دووەم : باس لەبەرەنگاریی کراوەو چۆنیش لەئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و کامەرانی شاعیریش لەو بوارەدا چ هەڵوێستێکی نواندووە.

بەشی سێیەم : ڕەوتی ژیان و جیهانە شیعرییەکەی کامەران موکری دەخرێتەڕوو، بەشێوازێك کاریگەریەکانی ڕوکردنە بیری نەتەوەیی وبەرەنگاریی لای کامەران بەڕوونی دیاریکراوە، لەباسەکانی تریشدا هۆنراوە بەرەنگاریەکانی ( بەرەنگاری داب و نەریت و ئاینی ) خراوەتە ڕوو هەوێنی ئەو باسانەش باس کراون و لەکۆتا پارەکاندا بیری نەتەوەی و مرۆڤایەتی کامەران خراونەتەڕوو. وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی هونەری بەکورتی زمانی شیعری و وێنەی شیعری کامەران باس دەکرێت.

## دەروازە :

**ئەدەب بەگشتی و هۆنراوە بەتایبەتی ,ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن  لە گەشەسەندنی بیری ڕزگاریخوازی و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی ، هەربەرهەمێك بتوانێ بەتەواوی ژان و ژیانی گەل بگوێزێتەوە,ئەوا دەبێتە جێگەی سەرنج و تێڕامانی دەوروبەر و ڕەخنەگران (کامەران)یش وەکو شاعیرێکی سەردەمی نێوان سالأنی (1950–1980), کە خۆی لە ژیاندا بوو چەندین لێکۆڵینەوە لەبەرهەمەکەی ( هۆنراوەکانی) کراوە ، چونکە توانیبووی ئەدەب بکاتە کەرەستەیەکی هۆشیاری لەسەردەمی خۆیدا، دوای مەرگی کامەران چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نوسراوە ، دیارە هەریەکە و باسیان لەلایەنێکی هۆنراوەو بەرهەمەکانی کامەران کردووە ( لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش لایەنی نەتەوەیی و بەرەنگاریی خستوەتەڕوو ),هەربۆیە بەپێویستی دەزانین گرنگترین ئەو نوسین و لێکۆڵینەوانە بەکورتی بخەینەڕوو,کەلەسەر کامەران نوسراون.**

1- **محمد سدیق عارف کەناوی خوازراوی (حسین عارف)ە . لەساڵی 1958 لە ژمارە دووی گۆڤاری شەفەقدا بابەتێکی بەناوی (کامەران و هۆنراوەی نوێ ).نوسیوە کە باس لە ئایدۆلۆجیا و سەردەمی إنتقالی(گواستنەوە) دەکات لای کامەران وڕەخنەش لەزمانە شیعرییەکەی دەگرێت.دواتریش لەساڵی2011ئەم نوسینە لەچوارچێوەی کتێبی(نووسینەکانم لەبواری ڕەخنەولێکۆڵینەوەدا)لەچاپ دراوەتەوە.**

2- **کامل حسن البصیر لەساڵی 1960 لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمان و پەیامی شیعری کامەران نوسیووە بەعەرەبی بەناوی ( کامران شاعر من کوردستان) لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەخراوەتەڕوو ,کە زمانی کامەران کوردیەکی پوختە و کەرەستەکانی نوسینی چیا و دۆڵ و ئاوی گەلەکەی خۆیەتی.**

3- **کاکەی فەلاح لەچوار چێوەی کتێبی ( کاروانی شیعری نوێی کوردی ) کەلەساڵی 1978 بەچاپی گەیاندووە ,زیاتر لە 30 لاپەڕەی بۆ لێکۆڵینەوەی لەهۆنراوەکانی کامەران نوسیوەولەکۆتای لێکۆڵینەوەکەشدا,لایەنەلاوازەکانی زمانی شیعری کامەرانی خستوەتەڕوو.**

4- **ـ د.إحسان فؤاد لە ژمارە 130 گۆڤاری بەیان ساڵی 1987, وتارێکی بەناوی ( کامەرانی شاعیر ) نوسیوەو باس لە بیری نەتەوەیی و زمانی سادەی کامەران موکری**

دەكات, هەر لەو ژمارەیەشدا حسیب قەرەداغی نوسینێكی بەناوی ( بۆداربەڕوی شیعر )نوسیوەو بەهۆنراوەكانی خۆی بیری ئازادیخوازی ونەتەوەیی كامەران دەخاتەڕوو، كە هیچ كاریگەریەك ناتوانێ بیری كامەران وەرچەرخێنێ .

5 حەسەن جافیش ( كامەرانی چیرۆكنوس )ی لەساڵی 1988 بەچاپ گەیاندووە, كەلەسەرەتادابیروڕای خۆی لەبارەیچیرۆكەكان دەخاتەڕوودواتریش دەقی چیرۆكەكانی وەكو خۆی چاپ كردووە.

6 دڵشاد عەلی نوسینێكی بەناوی ( سیمای داهێنان لە هۆنراوەكانی كامەراندا ) نوسیوە لە ژمارە (125) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ لەساڵی 1990كەتوانیویەتی بەجوانی ئەوە ڕون بكاتەوە,كە بیری نەتەوەیی لای كامەران لە چ ئاستێكدایە و بەتایبەتیش لەناو پارچە كورتەكانیدا و كاریگەریی شاعیرانی تر.وەكو ( گۆران)ی لەسەر كامەران خستوەتەڕوو.

7 ئومێد ئاشنا بەرهەمێكی بەناوی (كامەران موكری ) نوسیوە و ئەو هۆنراوانەی تیادا بڵاوكردوەتەوە كە تا ئەوكاتە بڵاونەكرابوونەوە.

8 ئەحمد سید عەلی بەرزنجی وتارێكی بەناوی ( كامەران موكری و وردبونەوەیەك لە شێوازی نوسینەكانی ) لە ژمارە 38 گۆڤاری ڕاماندا لەساڵی 1999 بڵاوكردوەتەوە,كە باس لە شێوازی شیعری كامەران دەكات.

9 دكتۆر عەبدوڵلائاگرین توانیویەتی بۆیەكەمجارلەساڵی1987كۆمەڵەهۆنراوەكانی لە(دیوان)ێكدا ڕێكبخات وپێشەكی بۆدابنێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەچاپی دووەمداكۆمەڵێك هۆنراوەی تازە دۆزراوەی بۆزیاد كردووە, كە ئەوكات لەبەر سانسۆر یان هۆكاری ترلەچاپ نەدرابوون.لەساڵی(2013)لەچاپی داوەتەوە.

وەكو نامەی زانكۆیش چەند لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی بەرهەمەكانی كامەرانەوە نووسراوە لەوانە :

(ژیان و بەرهەمی كامەران موكری ) – نامەیەكی ماجستێرە كە پەخشان سابیر محمد پێشكەشی كۆلێجی ئاداب ,زانكۆی سەلاحەددینی كردووە لە ساڵی 1993.

( شێوازی شیعرەكانی كامەران موكری....) نامەیەكی ماجستێرە كە لەلایەن ژوان عەبدولسەلام لە ساڵی 2014 پێشكەشی كۆلیجی ئاداب ,زانكۆی سەلاحەددین كراوە.

# بەشی یەکەم

## نەتەوەو نەتەوایەتی یان بیری نەتەوەیی .

- پاری یەکەم : ناساندنی چەمکی نەتەوەو بیری نەتەوەیی.
- پاری دووەم : کات و شوێنی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی.
- پاری سێیەم : هۆکاری سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی.
- پاری چوارەم: بنەماکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی.

## بەشی یەکەم / نەتەوە و نەتەوایەتی یا بیری نەتەوەیی :

### پاری یەکەم : ناساندنی چەمکی نەتەوە و بیری نەتەوەیی :

### چەمکی نەتەوە:-

بۆ ئەوەی بیری نەتەوەخوازی بە تەواوی بناسین، پێویستە خودی نەتەوە لەڕووی فەرهەنگ و مێژووەوە ڕوون بکەینەوە: لەڕووی مێژووەوە، لە دایکبوونی نەتەوە زۆر کۆنترە لە دەوڵەت و حکومەتی سیاسی، کەبەم شێوازەی ئێستا هەیە ، چونکە ئەوە پەیوەست بوونی تاك و کۆمەڵە بە ئامانجەکانیانەوە ، کە دەوڵەت و بیری ئازادی دروست دەکات . دیارە بیری مرۆڤیش لە قۆناغە دێرین و نادیارەکانی مێژوودا سوود و ئامانجی بنەماڵە و خێڵی و کەسایەتی لەلا گرنگتر بووە . دەوڵەتیش لە دایکبووی سەردەمێکی تازەیە، بەڵام خەڵك و نەتەوە زۆر کۆنترە . چەمکی نەتەوەیش بە گوێرەی تێڕوانینی گەل و سیستەمە سیاسیەکان دەگۆڕێت، چونکە ئەویش ئەنجامی جیاوازی بیری شارستانی و کلتوری جیاوازە بۆ نەتەوە. ئەم هەستە واتە نەتەوەخوازی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆن ، بەڵام بەکارهێنانی ووشەی نەتەوە (( بۆ یەکەم جار لە زمانی ئینگلیزیدا لەساڵی 1836 وەکو زاراوەیەکی ئاینی بەکارهاتووە )).[1] مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە بزاڤی ئازادیخوازی و چاکسازی لە دنیادا بۆ پێش ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، بەڵام ناوهێنانی چەمکەکە وەکویەکەیەکی نوێ و خاوەن سیمای تایبەت لەو بوارە دەرکەوتووە ، ئەگینا چەرخی ڕۆشنگەریی و ڕێنسانس و شۆڕشی فەرەنسی پێش ئەو کاتەیە، هەروەها لە پێشتردا ئایین مۆنۆپۆلی بیرو زمانی مرۆڤایەتی، دیلی چوارچێوەی خۆی و بەرژەوەندی سیستەمی دەرەباگایەتی کردبوو، زمانی لاتینیش زمانی ئاخاوتن و نووسین بوو، بەڵام لەم ساتەوە 1836 ئیدی زمان و بیری گەلان ڕووی لە خودیەتی کردووە. لەناو عەرەبەکانیش وەکو بەکارهێنان (( یەکەم بەکارهێنانی ناسیۆنالیزم بۆ ساڵی 1916 دواکەوت ، ئەو کاتەی حسێن شەریف بانگەوازی شۆڕشی دژی تورك ڕاگەیاند )).[2]

---

([1])ماهرعەزیز ، ناسنامەی نەتەوەی کورد ، گۆڤاری توێژینەوە ، ژ-4 ، تشرینی یەکەمی 2005 ، ل56.

([2])کۆمەڵێك نووسەر،ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، وەرگێڕانی ئارام جمال،چاپی یەکەم، خانەی وەرگێڕان ،سلێمانی2004،ل182.

**لەناو عەرەبیشدا سەدان شۆڕش کراوە بۆ ئامانجی نەتەوەکەیان ، بەلاّم بە شێوازێکی سیاسی هاوچەرخ ، ناسیۆنالیزم تەمەنی کۆن نییە . کوردیش وەکو گەلێکی چەوساوە بەردەوام لە جەنگ و بەرخودان بووە بۆ بەدیهێنانی مافی ژیان و ئازادی خۆی ، سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی مۆدێرن بەتەواوی ڕوون نیە، چونکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست دا گەلێك شۆڕشکراوەو لەڕووی ڕۆشنبیریشەوە ڕۆژنامە و دەزگای چاپ دامەزراوە* ، بەلاّم نەتەوەخوازی کوردی پێگەیشتوو نەبووە (( ناسیۆنالیزمی کوردی وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە ، ناسیۆنالیزمێکە بەری گەشەیەکی ناوەکی ئەو کۆمەڵگایانە خۆیان نیە کە تێیدا لەدایکبوون )).[3]ئەگەر دروستبوونی ڕێکخراوو حزبی کوردی بەسەرەتا دابنرێت ئەوا ((لە 1908/10/2 تعالی و ترقی کورد جمعیت لەر دامەزراوە )).[4] ئەمەهەرچەندە حزبی کوردی دەکرێت پەرچەکردار یان ئاینی یاخود نانەتەوەیی بێ .بەلاّم لەڕووی فەرهەنگییەوە بۆ ووشەی – نەتەوە– چەندەها لێکدانەوەی بۆ کراوە،لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو لەوانە :**

**نەتەوە (Nation) لە (Natio) ی لاتینییەوە هاتووە کە بەواتای خێڵ ، ڕەگەز دێت .[5]دیارە خێڵ و ڕەگەزیش بۆ کۆمەڵێك بەکاردێت ، کە پەیوەندیەك پێکەوەیان ببەستێ . ( زمان .ڕۆشنبیری....هتد ) .**

**نەتەوە مانای وەچەی گیانلەبەر [6] ، واتە بنچینەی زیندەوەرێك ،زیندەوەریش بۆ مرۆڤ بەکار بێ جوانترە نەك گیانلەبەر، مەبەست لەوەچەش نزیکە لەماڵ و بنەماڵەوە، ئیدی ماناکەی بە گۆڕان و پێش کەوتنی مێژووی کۆمەڵگا بۆ پەیوەندی گەلێکی فراوان و گەورەتر بەکاردێت، کە هاونیشتمان و هاوزمان لەخۆ دەگرێت .**

---

*ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە 1918 ئینگلیزەکان دەریان دەکرد و هەروەها لە ساڵی 1915 حسێن حوزنی موکریانی چاپخانەی دامەزراند کە کاریگەری زمانی خۆماڵی و ناساندنی شۆڕش و ژانیان دەردەخست .

([3])مەریوان وریا قانیع ، ناسیۆنالیزم و سەفەر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ,2005 ، ل60.

([4])مسعود عبدالخالق ، ڕۆلی عەلمانیەت لە دروستبوونی مەینەتی کورد ، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، چاپی یەکەم ، هەولێر , 2014 ،ل73.

([5]) Bolaffi, Guido and others. Dictionary of Race Ethnicity and culture, SAGF publication, London, 2002.p195

([6]) شێخ محمدی خاڵ ، شێخ محمدی خاڵ, بلاّوکراوەی ئاراس چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر – 2005 ، ل478.

نەتەوە واتە ڕەگەز [7] ڕەگەز و بنچینەی توخمێك دەگرێتەوە، هەرچەندە دەتوانرێت ڕەگەز بۆ سروشت و گیانلەبەریش بەكار بێت ، بەڵام مەبەست لە ڕەگەزی مرۆڤە و زنجیرەی دایك و باوك دەگرێتەوە ولە چوارچێوەی خێزانێكی گەورەتر پێكدێت.

نەتەوە واتە بەدیهێنانی پێداویستییەكانی جەماوەری خەڵك و بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی .[8] كەواتە كاتێك بزووتنەوەی نەتەوەخوازی و ئازادی خوازی دروست بوو ئیدی نەتەوە لە هەوڵی تەواوكردنی ستراكتۆری ڕاستەقینەی خۆی دەبێ ، چونكە ئەوە هەستی نەتەوایەتیە، نەتەوە دروست دەكات نەك بەپێچەوانەوە.

بۆ نەتەوە Nationبەكاردێت بەڵام بۆ نەتەوەخوازی Nationalismبەكاردێت .[9]

نەتەوە قوم ، قومیە نەتەوەیی بە یەكێك دەوترێت,كە یارمەتی نەتەوەكەی بدات و بەرگری بكات لەو كارەساتانەی كە ڕووی تێدەكەن .[10]

نەتەوە بەو كۆمەڵە خەڵكە ئەوترێت كە لەمێژوودا پێك هاتووە و خاوەنی زبان و نیشتمان و ژیانی ئابووری موشتەرەك و هەست و خاسیەتی تایبەتی و خوڕەوشتی نەتەوایەتی موشتەرەكن .[11]

نەتەوە ڕێكەوتنێكی دەستەجەمعیە.[12]

نەتەوایەتی ئاینی سەردەمی شارستانیە[13] نەتەوایەتی ئەو هەورەی ڕامالی كە دەسەڵاتی كەنیسە و ئاین و سیستەمی دەرەبەگایەتی مرۆڤەكانیان بە كاڵا دادەنا ، لە سایەی بیری

---

([7]),هەژار, فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە ، پخش سروش ، چاپی پێنجەم ، تهران 1385 إيراني,ل879

([8])ئەكرەمی میهرداد ، ناسیۆنالیزم ، چاپخانەی حەمدی ، چاپی دووەم ، سلێمانی 2006، ل59.

([9]) پرشنگ حمه أمين أحمد ، فەرهەنگی یاد, چاپخانەی دیلان ، چاپی یەكەم ، سلێمانی 2002 ، ل461.

([10]) ئەنتەرنێت .ar

([11])مام جلال ، كوردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی كوردستانە ، چاپخانەی خەبات ، چاپی سێیەم ، شوین نیە ،1966 ،ل9.

([12])بەختیار عەلی( سەدەی ناسیۆنالیزم بەرەو دارشتنی زەمینەیەكی تیۆری ) گۆڤاری ڕەهەند ، ژ10، 2000/9/10، ل144.

([13])ئەكرەمی میهرداد ، ناسیۆنالیزم ،چاپی دووەم, ل81.

ئازادیخوازییەوە گەلان توانیان ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە و بە مافە گشتیەکانیان ئاشنا بن.

نەتەوە ڕۆحە ، پرنسیپێکی ڕۆحی و مەعنەوییە ، دەرەنجامی دوو شتی سەرەکیە یەکەمیان سامانی یادەوەرییە و دووەمیشیان ڕەزامەندی ئێستایە.[14] کەواتە ئەوەی نەتەوە دەیگەیەنێتە داوا ڕەواکانی خۆی تەنها هەبوونی گەل و خەڵك نیە، بەڵکو یادەوەری گشتی و سۆزی هاوبەشە لەگەڵ هاوئاهەنگی گشتی بۆکارکردن بۆ مافەکانی نەتەوە .

نەتەوە سۆزە بۆ گەلێکی دیاریکراو ، چەمکی نەتەوە یەکانگیر دەبێ لەگەڵ زۆربەی بارودۆخەکاندا و هاوپەیوەندی و زمان و ڕۆشنبیری هاوبەشی هەیە.[15]

## نەتەوایەتی :-

وشەی نەتەوایەتی بەلاتینی بریتیەلە Nascorلە ساکارترین لێکدانەوەیدا واتای ( من لەدایك بووم ) دەبەخشێت، کە وشەی نەتەوە و نەتەوایەتی بیری نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە [16].

ووشەی (نەتەوەیی ) کوردی لەجیاتی ووشەی قەومی عەرەبی و Nationalistی فەرەنسی و بە زمانی ئینگلیزی Nationalistبە ئەڵمانی Natiolistدەگەیەنێت .[17]

نەتەوە خوازی (Nationalism) خواستی کۆمەڵە خەڵکێکە بۆ دروست کردنی وڵاتێکی سەربەخۆ ، کە ڕەگەز و زمان و کەلتوری هاوبەشیان هەیە .[18]

---

([14]) ماهرعەزیز ، ناسنامەی نەتەوەی کورد ، گۆڤاری توێژینەوە ، ژ-4 ، تشرینی یەکەم 2005 ، ل56.

([15]) د.محمد عاطف غيث ، قاموس علم الأجتماع ، الهيئة المصرية العامة للكتاب 1979 ، ص300.

([16])عەبدوڵڵا عەزیز خالد ، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق ، زانکۆی صلاح الدين ، 1999، (نامەی دکتۆرا . بڵاونەکراوە) ، ل6 هەروەها بڕوانامە ،بويد سيفر ، القومية: عرض وتحليل – ترجمة .الدكتور جعفر خصباك و عدنان الصعيدي ، مؤسسة فرانكلين للطباعة 1966،ص81.

([17])د. جمال نەبەز ، بیری نەتەوەی کورد ، چاپخانەی ئازاد ، چاپی یەکەم ، ستۆکهۆڵم 1984 ، ل6.

([18])Horn by ,A.S,Oxford Advance Learners Dictionary, sixth ed.oxford . University press, 2000, p16.

نەتەوایەتی هەستێکە بەرەویەکگرتنی میللەتێ دەچێ لە یەکەیەکی ڕامیاری سەرانسەردا[19]

نەتەوەخوازی ، نەتەوەپەرستی ، ملت گرایی ، Nationalism[20] لێرەدا بیری نەتەوەخوازی نزیکە لە جۆرێك لە نەتەوەپەرستی و دنیا بینینێکی جیاکاری قەوارەییەوە.

ناسیۆنالیزم : بیروباوەڕی نەتەوەییانە ، نەتەوەپەرستی ، ڕێزگرتنی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکانی تردا وەفاداری تەواو بەرامبەر بە نەتەوەی خۆی ، ڕێزگرتنی نەریت و یاسا نەتەوایەتیەکانی نەتەوەی خۆی بەسەر نەتەوەکانی تردا.[21]

واتە ڕێکەوتن لەسەر پەیمانێك نەتەوە دروست دەکات ، نەك موشتەرەکی زمان و مێژوو ناساندنی نەتەوە لەبیری گەلانی سەردەستە و ماف خوراودا وەك یەك نیە، هەر بۆ نمونە عەقلیەتی عەرەبی ئیسلامی و ڕەگەز پەرستی جیابونەوە، یان داواکاری ئازادی هەر نەتەوەیەك لەژێر ئالأی عەرەب بەلادان لە دین و یەهودیەت دەناسێنێ ، ئامادە نیە چاکسازی بکات بۆ ئەوەی گەلانی چوارچێوەی دەوڵەتانی عەرەبی هاوتاو یەکسان بن لە ئەرك و مافدا ، مێژووی کوردستان بەڵگەی وتەکانمانە . دەتوانین بڵێین ، کە نەتەوە هەست و پەیوەندی نێوان تاکەکانی خەڵکە ، چونکە هەرکات هۆشیاری و پەیوەندی دروست بێ ئیدی هەنگاوو ئامانجە خوازراوەکان دەست پێدەکات .

چەمکی بیری نەتەوەیی: بیری نەتەوەیی کاتێك چەکەرە دەکات و پێدەگات کە تاکەکانی هەر کۆمەڵێك هۆشیارییان لە بەرژەوەندییە بالأکانیان هەبێت بە هۆی زمان و ڕۆشنبیری هاوبەشەوە کاریگەری گشتگیر (جەمعی) دروست دەبێ .

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی وەکو هەر شۆڕش و کارەساتێکی سروشتی ناتوانرێت بە بەروارێکی (مێژوویەکی) دیاریکراو دەست نیشان بکرێت ، واتە ئەم هەستە سیمای سەرەتایی لە قۆناغەکانیکۆنی مێژوواداهەبووە ، بەلأم ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتەکان

---

([19])د.عبداللە یاسین عەلی ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروو 1939–1970 ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، هەولێر 2005 ،ل275. (نامەی دکتۆرا ) هەروەهابڕوانامە لە التیار قومی في الشعر العراقي الحدیث ، د.أحمد ماجد السامرائي ،ص269.

([20]) فەرشیدشەریفی,فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵأیەتیەکان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلمانی 2007 ،ل242.

)([21]برهان قانع ، فەرهەنگی نوێ ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی دووەم سلیمانی 2003 ،ل213

و سەرهەڵدانی شۆڕش ، هۆکاری سەرەکین بۆ دەرکەوتنی، ئیدی گەل و نەتەوەکان لەوکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان هەوڵیان داوە.

((بیری نەتەوەیی و باڵایی لەلای کۆمەڵە مرۆڤێك بۆ چەرخە کۆنەکان دەگەڕێتەوە ، هەروەکو جیاوازی یۆنان و ڕۆمان ، تۆرانی و فارسی و لای عەرەبیش بیری عەرەبی و عەجەمی . ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی هەژاندنی هەستی نەتەوایەتی یا بیری نەتەوەییەوە بووە)).[22]

دیارە مەبەست جیاکاری و دروست بوونی فەرمانڕەوایی بووە لەسەر بەرژەوەندی مێژووی جیاوازیان ، چونکە ناکرێت بیری نەتەوە خوازی کۆن بە پێوانەی ئێستا بپێوین ((نەتەوە وەکو تاکە کەس وایە بەرهەمی ڕابردوویەکی درێژە لە هەوڵدان و بەخشین و هاوسۆزی )).[23]

هەروەك چۆن لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە ، ڕابردوو ئێستای بنیادناوە ، نەتەوەیش بەهەمان شێواز ، وێنەی بیرو هەستی ئەنجامی ڕابردووی کۆن و نزیکیەتی. بیری نەتەوەیی سۆزی گەیشتنی خەڵکە بە ئامانجە باڵاکانی نەتەوە ، ئەویش لە ئازادی و ماف و نیشتماندا خۆی نمایش دەکات .

ناسیۆنالیزم کاتێك کاریگەرو دەرکەوتوو دەبێ ، کە خەڵکانێکی سەر بەیەك کلتور و زمان هەست بە ستەمکاری فەرمانڕەوایان بکەن و ئەم خەڵکانەش بۆ داواکردنی مافەکانیان پێویستیان بە بزوتنەوەی‌نەتەوەیی دەبێ, بەڵام لە وڵاتێکدا کەماف و ئازادیەکان بەدەستهاتبوون ئەوکاتە بیری ناسیۆنالیزم کاڵتر دەبێتەوە و لە مەییندا دەبێ، نەك هەڵچوون وەکو کاتی شۆڕش و بەرەنگاری . ئامانجی هەر بزاڤێکی نەتەوەیی ، ئازادی و خۆشبەختییە ، بەڵام ئەم بیرە بە گوێرەی بارودۆخی مرۆیی و سروشتی مرۆیی دەگۆڕێت، ئەویش لە ئەنجامی کاریگەریەکان لەسەر هۆش و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك پەیوەست دەبێ.

د.ڕەفیق سابیر بەم شێوەیە بیری نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیزم ) دەناسێنێ:(( نەتەوایەتی سیستەمێکی فکریە ، کەلەسەر بنچینەی بارودۆخێکی ئۆبژەکتیڤی *بوونی گروپێکی ئیتیکی

---

([22])ساطع الحصری ، ماهي القومية ، ابحاث ودراسات،طبعةالاول ، دارالعلم ، حزيران(يونو) 1 959، ص290.

([23])سەرچاوەی پێشوو،ل195.

*بابەتی تایبەتی و هەمەلایەنی نەتەوەیەکی دیاریکراو کە جیاوازە لە هەر نەتەوەیەکی تر و دواجار هەوڵی پاراستن و گەشەکردنی ئەو تایبەتمەندیانە دادەنرێت .

نەتەوە،زمان و کلتور و مێژوو هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات تا نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکە لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکەی دیکە ، بەرزتر و گرنگتر بگرێت و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوایەتی لە ڕێگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە دابین بکات )([24]) ئەوەی جێگەی سەرنجە،نوسەر دەڵێ : بەرژەوەندی نەتەوەیەك بەرزتر و گرنگتر ڕابگیرێت !!ئەمە گونجاو نیە چونکە ناسیۆنالیزم لە قۆناغی شۆڕشگێڕیشدا هەوڵ دەدات مافە سەرەتاییەکان بەدەست بهێنێ و هەنگاو بۆ داهاتووش دەنێ ، بەڵام ناگونجێ خۆی لە نەتەوە و گەلی تر ( سەردەستە ) بەبەرزتر ڕابگرێت، ئەگەر وابێ ئەوە پێی دەوترێت ڕەگەزپەرستی ( عنصری) .بیری نەتەوەیی (( ئەو هەستەیە ، کە ڕۆڵەکانی گەلێك هەیانە بەوەی، کە پەیوەندیەك کۆیان دەکاتەوە و لە گەلانی تریش جیایان دەکاتەوە، ئەو پەیوەندیانەش ڕەگەزی, زمانی، ڕۆشنبیری وکەلتوری، شارستانی مێژوو، ئابووری و سیاسییە )).([25])

بیری نەتەوەیی بەرژەوەندی و هۆشیاری دروستی دەکەن ، کە دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکانێك لە دەوری یەکەیەکی گەورەتر لە خێزان و خێڵ کۆببەنەوە، هۆشیاری تاکەکانی نەتەوە کاریگەری زۆری هەیە بۆ دروستکردنی بزوتنەوەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەیی و لەو ڕێگەیەوە کار بۆ داهاتوی گشتی دەکەن . ئەم هۆشیاریەش هەندێکجار سنووری زانستی دەبەزێنێ بۆ نمونە بڕوانە (( سەرچاوەی بیری نەتەوەیی خودی مرۆڤ خۆیەتی و نەتەوەش بەشێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، کەواتە : لەوەتەی مرۆڤ هەبووە ، بیری نەتەوەییش هەیە ، ئەگەر بە زۆر شێوازی جیاجیا دەربڕرابێت و خۆی نواندبێت و ئەرکەکانی بەرامبەر نەتەوە بەجێبهێنێت )).([26])

گرفتەکە لەوەدایە بوونی کۆمەڵ یان تاکەکەس و سەردەمی ڕاو و شکارو کشتوکاڵیش بەسەردەمی بیری نەتەوەیی دابنرێت, ئەوەی زانرا بێت چەندەها شۆڕش و جەنگی گەورە ڕوویانداوە، بەڵام مەرج نیە داینەمۆکەی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی بێ، چونکە ناکرێت شۆڕشێکی سەردەمی دەرەبەگایەتی و پاوانخوازی ئاینی سەدە دێرینەکانیش نەتەوەیی بن

---

([24])هیوا عەزیز سعید ، ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2003، ل52.

([25])ئەنتەرنێت www.ejabat .google.com/ejabat/threat?tid بەرواری سەردان 2014/10/5

([26])د.عەبدوڵڵا عەزیز خالد ، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێرقدا ، (تێزی دکتۆرا) زانکۆی صلاح الدین 1999 ل27

کەواتە گونجاوترە بیرو ئایدۆلۆژیای جیاکاری مرۆڤایەتی لەسەر بنەما گشتیەکانی بۆ سەردەمی ڕێنساس و پیشەسازی بگەڕێتەوە، چونکە لێرە بەدواوە سیستەمی دەرەبەگی لاواز بوو، ئیمپراتۆریەتەکان ڕووخان ،زمانی نەتەوە جیگەی زمانی ئاینی گرتەوە .

(( ئەوانەشی کە بەشێوەیەکی ڕەها دەکەونە ژێر کاریگەری بانگەوازی نەتەوایەتی یان هەر دیاردە و دیدگایەکی دیکە ، هزر و نامۆیان دادەخرێت ، چونکە خزمەتی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان ئامانجن، نەك دیاردە و دیدگاکانی ئەو کاروانە ))[27].

بیری نەتەوەیی داخوازیکەری بەدیهێنانی خەونی ژیان و پێشکەوتنە ، بە جۆرێك نادادی و چەوساندنەوەی ڕەگەزی و ئایینی نەمێنێ ، زۆرجار ئاین وەکو تاکە چەتری ژیان و دۆستی گەلان نیشان دراوە ، بە شێوازێك هەندێ بۆچونی ئاینی بۆ نەتەوایەتی تا سنووری ڕەگەز پەرستی ئاینی دژایەتی بۆ چەمك و بیری نەتەوە دەربڕیوە ، ئەمەش تاکە نمونەیەکی خۆمانەیە (( بۆ هەموو خاوەن ئەقڵێکی پارسەنگی ناو میللەتانی دەوڵەت قەومی دەرکەوت کە نەتەوایەتی لاکە تۆپیوێکی بۆگەنە[28] ))*بیری نوسەران و زانایانی ئاینی لەبارەی جیاوازی نەتەوەو کلتوورەوە سەرچاوەکەی بۆملکەچکردنی خەڵك بۆدەستەلأتداری دینی دەگەڕێتەوە.

ئەمەی تریش یەکێکیتر لەو نوسینە دۆگما ئامێزانەیە، کە بەهەر شێوازێك بێت بیری نەتەوایەتی ڕەت دەکاتەوە . ((ناسیۆنالیزم نەك بزاڤێکی ئینسانیە ، بەڵکو لەکەدارکردن و پێشێلکردنی حورمەت و ڕێزوماف هەر مرۆڤێکە )) [29]

کەواتە دیدی ئاینی بینینی هەموو ڕەعیەتەکانە لە چوارچێوەی ئاینێکدا ، ئیدی چی ستەمکاری لە ژێر هەرناوێکدا بکرێت بۆ ئازادی و ماف نەتەوەیی بە ناسیۆنالیزمێکی ناڕاست و لەڕێ لادەر دادەنرێت، لە کاتێکدا ئەمە ناگونجێ ، چونکە چەمکی موعتەزیلە و خەوارج بۆ سەدەکانی جیهانگیری و سیستەمی سیاسی هەمە جۆر ناگونجێت و تەمەنی ئەو پێوانە کردنانەش کورت و بێ بەهایە. هەست کردن بە نەتەوە جیاوازەلە بیری نەتەوە خوازی

---

([27])ئەکرەمی میهرداد،(نەتەوایەتی وپۆست مۆدێرنیزم )، گۆڤاری تویژینەوە،ژمارە15،ساڵی1،نیسانی2005،هەولێر،ل199.

([28])باوکی سایە،سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی،گۆڤاری دووربین،ژمارە4،2014/8/23،ل5.

([29])سەلام ناوخۆش (ئاین و ناسیۆنالیزم ) بلأوکردنەوەی نوسینگەی تەفسیر ،چاپی یە کە م، هەولێر 2006 ، ل24.

**چونکە هەست وەکو خشتێکە،بەلاّم بەهۆی هۆشیاری و بیرەکەوە باڵەخانەی ئازادی و سەربەستی لیَ دروست دەکرێت, بە شێوازێکی تر دەتوانین بڵێین بیری نەتەوەیی قۆناغی پێگەیشتنی هەستی کەسێتییە.((نیازی نەتەوە خوازی لە جەوهەردا بەدەست هێنانی سەربەخۆییە ))[30]**

**کەواتە تەنها هەستی نەتەوەیی گرنگ نیە، بەڵکو هۆشیاری و بیری نەتەوەیی داینەمۆی بزوتنەوەی نەتەوەیین ((ئەوە نەتەوە نیە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەکات ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتە کە نەتەوە دروست دەکات ))[31]**

**ئەوە بیری نەتەوەییە بە دوای جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ هاوسیَ و ستەمکاراندا دەگەڕیَ بۆ ئەوەی خۆی لە جوگرافیەکی سیاسی واقعیدا نمایش بکات, واتە مرۆڤ ناتوانێت تامردن لە ژێر هێزی زمان و دەسەلاّتی بەرامبەردا خۆی بەدیلی بهێڵێتەوە، بەڵکو پێویستی بە هێزی دەستە جەمعی هەیە (( مرۆڤ ئامادە نیە کە حەتمیەتی سروشت و کۆمەلاّیەتی کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی بکەن پەسەند بکات، لە کاتێکدا ئاژەڵەکان لە ژێر بەزەیی سروشتدا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدن )).[32]**

**کەواتە خواستی مرۆڤ خۆیەتی ، کە دەتوانێت بەچ شێوازێکی فەرمانڕەوایی ڕازی بێت ، نەك کاریگەری دەرەوە وەك ئاین و یەکپارچەیی ئیمپراتۆریەتێك . ئەو خواستەش هەوڵی بۆ دەدرێت بە چەندەها ڕێگە و بیری چەپ و ڕاست و سود وەرگرتن لە مێژوو و هاوپەیمانی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ ئامانجی بزوتنەوەو بیرەکان . سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە ئەنجامی لاسەنگی باری ئایینی و ئابووری و ئازادی چەکەرەی کردوەو ئیدی وردە وردە دەرکەوتووە .**

**((بزوتنەوەینەتەوایەتی لە ئەوروپا هاوتەریب بووە لەگەڵ ڕووداوە کۆمەلاّیەتیە ترسناکەکان، کە بریتیە لە ململانێی نێوان پاشا و چینە ئەرستۆکراتیە حوکمڕانەکان لەلایەك**

---

[30] البرت حوراني ، الفكر العربي في عصر النهضة (1798-1939)دار النهار للنشرة ، لبنان ، بيروت ، ترجمة الى العربية كريم عزقول (بدون سنة) ،ص412.

[31] مەریوان وریا قانع ، ناسیۆنالیزم و سەفەر ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2005،ل53.

[32] ئەکرەمی میهرداد (نەتەوایەتی و پۆست مۆدێرنیزم ) گۆڤاری توێژینەوە ، ژمارە 1 ، ساڵی یەکەم نیسانی 2005 ، هەولێر ، ل203.

**و نێوان دەرەبەگایەتی و کلێسا لەلایەکی ترەوە ))[33] کەواتە ململانێی ئابووری یەکێك بووە لەکاریگەرییە دیارەکانی چەکەرەکردنی بیری ئازادیخوازی.**

**لە هەر گەل و نەتەوەیەکدا بە جۆرێکی تایبەت باس لە بیرو ماف گەلان دەکرێت ، بەلام لە هەموو دنیا ئەم هۆشیارییە ئامانجی ئازادییە، ئەویش بەرەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئامادەگی و ڕۆشنبیری ئەو گەلەی بۆی تێدەکۆشیٚ .**

**((هەستی پیٚ زانینی مرۆڤە (ئینسانە) کە یەکێکە لە نەتەوەکانی خۆی بەخۆ شەویستنی گەل ونیشتمانەکەیشیەوە بەشانازیکردن بەسەروەریەکانی نەتەوایەتیەوە بەجۆریٚ هاندەریش بێت بۆ تێکۆشان و لە پێناوی ڕزگاری نیشتمان و بە جیٚ هێنانی ئامانجە نەتەوایەتی یەکانی گەلەکەیدا )).[34]**

**لێرەدا دەردەکەوێت ، سۆز و بیری نەتەوەیی چەندە پەیوەستە بە ئامادە بوونی بۆ ناساندنی تاك و خەڵك و هەنگاونانیان بۆ داهاتوو ، یان هاو هەڵوێستی کۆمەلایەتی هێندە گرنگ نیە کە تاکەکانی لە چی زمان و ئاستێکن ، چونکە چەندەها کورد هەیە کە لە  هیچ بارێکی مێژوویدا ئامادەنین هیچ هەڵوێستێکی نەتەوەیی بنوێنن و زۆرجاریش دەبنە داردەستی داگیرکەرانی کوردستان ، لەوانەش لە مێژووی  فەرمانڕەوایی بەعسدا لە عێراق دەرکەوت و ئێستاش لە تورکیا و ئێران چەندەها خێڵ و هۆز هەن زمان و کلتوری خۆیان لە بیری خۆیان بردۆتەوە ، ئەمە سەرای تێروانینی سەلەفیانەی دۆگمایی بۆ دژایەتی هەموو جیاکاریەکی نەتەوەیی ، لە کاتێکدا لە(( قورئانی پیرۆزدا (341) جار ناوی قەوم هاتووە.))[35]**

**لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ، ئەوەی مرۆڤەکان لە سنورێکی فەرمانڕەوایی کۆکردەوە چەند بنەماو(فاکتەر) بوون ، لەوانە ئاین ، ئیمپراتۆریەتەکان ، عقڵی خێڵ .**

**(( کێشمەکێشی نێوان پیاوانی ئایینی و پیاوانی دەسەلات یان فەرمانڕەوا بەردەوام بوو بۆ ماوەیەکیدرێژ,بەلام دوایڕووخاندنیئیمپراتۆریەتی ڕۆماشێوازێکی تری وەرگرت )).[36] ئەو**

---

([33])د.ماجد أحمد السامرائي ، التيار القومى في الشعر العراقي الحديث ، دار العريه للطباعة بغداد – 1983 ،ص15.

([34])مام جلال ، کوردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە ، چاپخانەی خەبات چاپی سیٚ یەم 1966 ،ل35 (شوێنی نیە).

([35])ئەنتەرنێت :سایتی ڕەسمی المعانی(قوم)www.almaany.com/ quran.

([36])ساطع الحصری ، ماهی القومیه ، ص296.

**کێشە تازەیەش لەنێوان بورجواز و دەرەبەگەکاندا دروست بوو لەسەر چۆنیەتی فەرانڕەوایی و بەڕێوە چونی سیاسەتی ئابووری بوو، چونکە لەسەرەتادا بەناوی ئاینەوە سەرجەم ئازادی مافە ئابوویەکانی خەڵك لەدەست پیاوانی بەناو خودادا بوون .کەواتە**

**((جولأنەوە نەتەوەییەکان لەزۆربەی ولأتانی مەسیحی داواکارییان ئازادی بووە لەدەست پیاوانی ئایینی و ڕزگاربوون لەو زمانەی کە بەزۆری ئایینی بەسەریاندا فەرزکرابوو )).**([37])

**گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی پێویستی بە دەزگا و بزوتنەوە هەیە ,بۆ ئەوەی درێژە بەمانەوەو ئامانجی گشتی بدات .((هیچ نەتەوەیەك نیە بەبێ بوونی کۆمەڵێك دەزگا کە پێکەوە بونی سیاسی و ئابووری و کلتوری ئەو نەتەوە ڕێکبخات و بتوانێت بمێنێتەوە . نەتەوە بەردەوام پێویستی بە پاراستن هەیە)).**([38])

**هەر پەیامێکی مرۆیی پێویستی بەکات هەیە بۆ ئەوەی بگاتە هەموو جوگرافیەکانی خۆی ، بیری ئازادی و نەتەوە خوازیش لەئەمڕۆدا پێویستی بە ڕاگەیاندنی بەهێز هەیە ، بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەخوازی لای تاکەکانی ئەو نەتەوەیەك چەکەرە بکات و گەشە بکات و ببێتە غەمی پێشکەوتن و ژیان بە گشتی. هەروەها نەتەوە بۆ جێگیرکردنی خودی خۆی دەبێ کار لەسەر بە ئەفسانە کردنی شۆڕش و ڕێبەریەکانی بکات، بۆ ئەوە سیمبولی نەتەوەیی و مێژوویی و ئایینی دروست بکات .ئیدی لەوڕێگەوە دەتوانرێت لەبیری گەنج وسەرجەم چینە کۆمەلأیەتیەکاندا ببێتە پێشینەیەکی مێژووی و بەرز ڕابگیرێت, چونکە ئاین بۆ زۆر نەتەوە و گەل بە بەهێزترین چەك دانراوە بۆ دروستکردن و مانەوەی دەوڵەت و گەشەکردنی، هەر بۆ نمونە ئاینی یەهودی چەندەها نەتەوەو زمانی جیاوازی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسرائیلدا پاراستووە و جیابوونەوەی هندستان و پاکستان و هەڵبژاردنی مەزهەبی شیعی پێچەوانەی سونی عوسمانی لەلایەن دەوڵەتی سەفەویەوە دەوڵەتەکەی پێ پاراستووە و توانیویەتی بەو کارتە ئاینییە زۆر ئاینزاو کلتور و زمانی جیاواز لەسنوری فەرمانڕەوایی سیاسی خۆی بهێڵێتەوە نەتەوەو زمان و کلتوری جیاواز ، مێژوویەکی دێرینی هەیە ، بەلأم مێژووی هۆشیاری نەتەوەیی و بزوتنەوەی نەتەوە خوازی بەشێوەیەکی کاریگەر تەمەنی هێندە کۆن نیە ,کەواتە((نەتەوە دروستکراوێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی و کلتوری و ئۆرگانیزاسیتونی**

---

([37])**سەرچاوەی پێشوو ، ص**302.

([38]) **مەریوان وریا قانع ، نەتەوەو ناسیۆنالیزم ، گۆڤاری ڕەهەند ،ژ**16–17، **ساڵی** 2004 ،**ل**104.

تازەیە و لە دایكبوونی قۆناغی پیشەسازی و پێدراوەكانی كۆمەڵگای مۆدێرنە ، نەك پێدراوێك كەلە چاخە دێرینەكانیشدا هەبوو بێت ))[39]

لێرەدا مەبەست لە بیری نەتەوەیی ئازادی خوازییە ، ئەگینا خودی نەتەوە وەكو كۆبونەوەی كۆمەلایەتی هاوپەیوەندی بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕشی فەرەنسی و ڕێنسانسیش ، چونكە بزاڤی ئازادی خوازی و بوونی كۆمەڵی دەستە جەمعی لەڕووی مێژووەو ناكرێت بە لەدایكبووی یەك سەردەم دابنرێت. بزوتنەوەی ئازادی خوازی و بیری نەتەوەیی كاریگەرییان لە گۆڕینی نەخشەی سیاسی دنیا زۆرە .((لەساڵی 1950 تەنیا 54 دەوڵەتی ناسراو و دیاریكراو هەبوو لە دنیادا بەلام لە ساڵی 2000 گەیشتە 192 دەوڵەت )).[40]

زۆر لە توێژەران سەدەی بیست بە سەدەی گۆڕانكارییە سیاسیەكان دادەنێن ، دیارە ئەویش ئەنجامی بزوتنەوە نەتەوایەتیەكان و بەرژەوەندیە ئابووریەكانە، كە جوگرافی سیاسی دەگۆڕێت. لە قۆناغی پێش دروست بوونی دەوڵەتی سیاسی، تاكی ناو گەلان بە ڕەعیەت ناو نراوەو پەیوەندییەكان لەسەر بنەمایەكی كلتوری خێڵەكی بەڕێوە دەچوون ، بەلام چەمكی دەوڵەت هاولاتیبوونی لێكەوتەوە (( بەدیهێنانی زاراوەی هاولاتی ، هاونیشتمانی، لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی نوێی دیموكراتی دا هاوكات بووە )).[41]

لە دنیای جەنجاڵی و ئەلكتریكدا زۆر ووشە مانای كۆنیان لەدەست دەدەن و پێناسەی نوێیان بۆ دەكرێت، ئابووری و جیهانگیری كاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هەستی نەتەوەیی هەیە ، چونكە هاوپەیوەندی نێوان گەلان دروستدەكات و سنورە سیاسیەكان ڕۆڵی جارانیان ( كۆنیان ) نامێنێ و لە ئێستاشدا قسە لەسەر مۆدێرنەو هاولاتی جیهانی دەكرێت وسنورەسیاسیەكان ناتوانن ببنە ڕێگرلەبەردەم گۆڕانكارییە ئابووری وجیهانییەكاندا.

---

([39]) سەرچاوەی پێشو ، ل144.

([40]) ماهرعەزیز، ناسنامەی نەتەوەی كورد ، گۆڤاری توێژینەوە ، ژمارە 4 ، تشرینی یەكەمی 2005 ، ل62.

([41])ئەكرەمی میهرداد ، ناسیۆنالیزم ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، چاپی دووەم ، سلێمانی 2006 ل33.

## پاری دووەم : کات و شوێنی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی :

دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کارێکی هەروا ئاسان نیە ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە : ئەم بیرە لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر لەڕووی کات و هۆکارەکانی چەکەرەکردنیەوە چوونیەك نییە ، هەروەها لەبەر ئەوەی بابەتێکی مێژوویيە و خودی بیری نەتەوەیی ( ناسیۆنالیزم ) پێناسەی جیاواز دەکرێت، چونکە تێڕوانینە جیاوازەکان لەسەرسەرهەڵدان وگەشەوپەیامی ناسیۆنالیزم یەکنین ((ناسیۆنالیزم مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی لە ماوەی نێوان ( 1475–1875) ڕویانداو کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەلأیەتی و سیاسی و فەرهەنگی هێنایە کایەوە )).[42] هەربیروشۆڕێکیش کاریگەری کۆمەڵگاوئایدۆلۆژیای سەردەمەکەی لەسەرە(( تیۆری مارکسیزم سەرهەڵدان و پەیدابوونی نەتەوەکان دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرمایەداری، بەهۆی یەکگرتنی بازاڕ و گەشەکردنی پیشەسازیەوە، تیۆری لیبرالیزم پەیدابوونی نەتەوەکان بۆ گۆڕانی کۆمەڵ و کۆمەڵگای کشتوکاڵ بۆ کۆمەڵی پیشەسازی دەناسێنێت . بەلأم سۆسۆلۆژیای مۆدێرن دەوڵەتی نەتەوەیی یا نیشتمانی وەکو شێوەیەکی نویٚ بۆ ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی و سیاسی دەیبینێت )).[43]

کەواتە تێڕوانین بۆ ئەم بیرە ( بیری نەتەوەیی) جیاوازە ، ئەویش لە جیاوازی کات و هۆکاری سەرهەڵدانی و ئامانجیەوە سەرچاوەی گرتووە . سەرەتای بیری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، ئەویش بەکاریگەری سەردەمی بوژانەوە ( ڕێنسانس )چونکە هەنگاوەکان لە چاکسازی ئاینی و ئابووری ( زەوی و زار ) پێشتر لەوێوە دەستی پێکرد بوو.

قۆناغی دەرەبەگی و مۆنۆپۆلی ئاینی پێش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کەوتوون، واتە دروستبوونی شارو کارگە و چاپەمەنی و دیاریکردنی کاتی کار و پێوانەکردنی ئەرکی کرێکار و جوتیار بە پارە لە شارەکاندا بوو بەهۆی لە دایکبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و

---

([42]) هیوا عەزیز سعید ، ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپی یەکەم ، ل47.

([43]) ئەکرەمی میهرداد ، ناسیۆنالیزم ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، چاپی دووەم ، سلێمانی 2006 ل69.

ئازادی له ئاستێكی باڵاتردا . ((نەتەوەخوازی لەڕۆژگاری شۆڕشەكانی پیشەسازی و بورجوازی و شۆڕشی ئازادیخوازی له دواییەكانی سەدەی هەژدە دەركەوت ))[44]

دیاره دەركەوتن و گەشەكردنی شۆڕشە نەتەوەییەكان لەسەردەمی جیاوازدا ڕوویانداوە لەسەرەتاشدا ئەم بیره بەرهەڵستكاری دەسەڵاتی پاوان خوازی ئاینی كردووه بەهۆی ئەو نادادیەی, كه گەلانی دەكرده كۆیلەی كەمینەیەك ولەژیانی ئاسودەیی بێ بەشی دەكردن. ئەمەش ڕێگەی خۆش كرد بۆ ڕیفۆرمی ئاینی به شێوازێك ئەركی سەرشانی جوتیار سوك بكات، هەروەكو دابەشبوونی ئاینی مەسیحی بۆ چەند ئاینزایەك وەكو زۆر ئاینی تر،هەرچەنده ئەمه له دوا ئاینیشدا ڕووی دا كه ئیسلامه چەندین مەزهەب و مەزهەبزا دروست بوون، ئەمانەش وایكرد لایەنەكانی فەرمانڕەوایی و بەڕێوبردن جیاوازی تێدا هەبێت، كه ئەویش ئەنجامی تێڕوانینه بۆ بەرژەوەندی گەلی هەر جێگەو ناوچەیەك . كەواته(( دەركەوتنی مەزهەبی پرۆتستانتی خاڵی سەرەتایی دروستبوونی جوڵانەوەی نەتەوەییه له وڵاتانی ئەوروپادا)).[45]

كەواته سەرەتای جوڵانەوەو شۆڕشەكان دژی دەسەڵاتی ئایینی بووه ، ئیدی له ژێر ناوی نەتەوەدا بێت یان بۆ چاكسازی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی بوو بێت(( جوڵانەوه نەتەوەییەكان له زۆربەی وڵاتانی مەسیحی داواكارییان ئازادی بووه له دەست پیاوانی ئایینی و ڕزگار بوون لەو زمانەی كه بەزۆری ئایین بەسەریاندا فەرز كرابوو )) .[46]

ڕوو كردنه زمانی نەتەوەیی و بەلاخستنی زمانی لاتینی و زمانی ئایینی بەسەرەتای دروسبوونی هەستی نەتەوەیی دەژمێرێت، هەر ئەو هەنگاوەشه هەنگاوەكانی تری بەدوادا هاتووه، هەرلەوێشەوه هاوسۆزی و هاو زمانی هانی جوتیاران و خەڵكی داوه بیر له خۆیان بكەنەوەولەو نادادیه بپرسن، كه دەسەڵاتی دەرەبەگی و ئاینی چۆن خەڵك دەچەوسێنێتەوە(( لەساڵی 1517 نزیكەی 90 هەزار جوتیاری ستێریا له ئەڵمانیا بۆ ماوەی سێ مانگ لەسەر

---

(44)ئەنتەرنێت ( القومیه_عربیه)www.ar.wikipedia.org/wiki .

(45)ساطع الحصری ، ماهي القومیة ، ص301.

(46)سەرچاوەی پێشوو ، ص302.

یەك بێ وچان کەوتنەپەلاماردانی کۆشك و ئاغاکانیان و ژمارەی قوربانیەکانی شۆڕش 1524–1525 لە ئەڵمانیا خۆی دەدا لە نزیکەی سەد هەزار کەس )).()

لە ئینگلتەراش بارودۆخی ژیان قورس بوو ، لە سەدەی شازدە چەند ڕاپەڕینێك بەرپا بوو (( لە ساڵی 1549بە ڕابەرایەتی ڕۆبەرت کیت (Robert ket) لە ڕۆژهەلأتی ئینگلتەرەش شۆڕش تەقییەوە و ژمارەی ئەوانەی چەکیان هەڵگرت و گیانیان خستە سەر لەپی دەستیان لە 20هەزار کەس تێپەڕی )).()

دیارە ئەم شۆڕشانە داواکاری چاکسازی باری ژیانیان کردووە وبۆ دەرباز بوون بووە لە ڕەعیەتی دەسەلأت و پشت کردن بووە لەو بنەمایەی کە تەنیا کاری ملکەچ کردنی خەڵك بووە بۆ فەرمانڕەواکان(( تا سەدەی هەژدە سەربازان لە پێناوی بنەماڵەی پاشایەتیدا سوێندی وەفادارییان دەخوارد،بەلأم لەمەودوا بەناوی ولأت سوێندیان دەخوارد ))()گوێزانەوەوهۆشیاربوونی هاولأتیان لە سوێندودڵسۆزییان نیشانەی دروستبوونی هەست وبیرێکی نوێ بوو.

ئەم بیرە لە ئەوروپا گەشەی سەند و پاشان بە ولأتانی تریشدا بلأوبۆوەو بۆ بەرژەوەندی گشتی کاریگەری هەبووە لەسەر نەشونما کردنی وگەورەبوونی, چونکە ئیدی تاك وکۆمەڵ هەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بۆ داهاتوو پاڵی پێوە دەنان بۆ هاوپەیمانی لەسەر پاراستنی مافەکانیان بە شێوازێك هەر کلتورو زمانێك دەبنە فاکتەری یەکگرتنی کۆمەڵێك .

(( بەرژەوەندی نەتەوەیی وا بەستەیە بە هۆشیاری نەتەوەییەوە. کاتێ هۆشیاری نەتەوەیی دەگاتە ئاستێکی بەرز ، بەرژەوەندی نەتەوەیی بەرزی ئەو ئاستە زیاتر بەدەست ئەکەوێ )).()

---

([47])د.کمال مظهر أحمد ،ڕێنسانس، چاپی دووەم ، وەرگێڕانی فؤاد مجید مصری ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی 2004 ،ل136.

([48])سەرچاوەی پێشوو ، ل178.

([49])د.جلیل رەوشەندل ، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی،چاپی یەکەم ، وەرگێڕان لەفارسیەوە مستەفا شێخە ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر –2009 ،ل167.

([50])کامیل ژیر ، کوردایەتی بیرو بزاڤە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بابان,سلێمانی 2006 ،ل101.

**دەرکەوتنی بیرێکی جیهانی و هەوڵدانی هەر گەلێك بۆدۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی وبەدەستهێنانی مافەکانیان،پەیوەستەبە بارودۆخی ناوچە جوگرافییە جیاوازەکانەوەو سیستەمی فەرمانڕوایی و دنیا بینی پیاوانی ئاینی بۆ چەوساندنەوەی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندی ستەمکاران، کەچۆن دەروازەیەکی چاکسازی دەست پێدەکرێت و سەرەتای دنیایەکی نوێ دروست دەبێ.**

**هەوڵی تاکەکەسی و ناوخۆیی گرنگە بۆ ڕووبەربونەوەو هەوڵدان بۆ چاککردنی دۆخێك و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و نەتەوە، هێندەش کاریگەرییە دەرەکییەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و دنیا بینی فەرمانڕەواو کاریگەری ئایینی و ڕۆحی ڕۆڵ دەبینن، چونکە ناتوانرێت لە چەند کلتورو ولآتێکی جیاوازدا بەهەمان بەرنامە و کاراکتەر هەوڵی چاککردنی دۆخی ژیان بە گشتی بدرێت، چونکە چ تاك و چ بیرمەندان بەشێکن لە کۆی کایە ڕۆشنبیریەکەی کۆمەڵگاکەیان، هەرچەندە دنیا بینی و هەوڵیان لە پێش بێ بەلآم دواجار هەر دەبێ ڕەچاوی بارودۆخی هەمەلایەن بکرێت .**

**(( هەوڵەکانی هەریەکە لە (جۆن لوك) لە ساڵی 1688و (مۆنتسیکۆ ) ساڵی 1748 دواتر جان جاك ڕۆسۆ لە سالآنی 1772بۆ 1778 تیۆری سەروەری نەتەوەییان داڕشت و ئەوەیان ڕوون کردەوە ، کە پێویستە لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمان بەسەرکراودا پەیمانێك هەبێت ، تاکو ئازادی مرۆڤەکان تیادا بەرقەرار بێت و لە ژێر دەسەلآتی زۆرینەدا بەڕێوە بچێت )).[51]**

**دیارە بزوێنەری هەستی خەڵك کاریگەری زانا و بیرمەندانیشی لەسەر بووە، هەروەك چۆن چەند پێشەوایەکی دیار توانیان ببنە بنەما و هۆکاری دیاری دەرکەوتنی چەرخی ڕۆشنگەری .**

**ئەم کاریگەریانەش لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینەی ژیان جۆرێك لە گونجانی دروست دەکرد و گەورەترین بزاوت و شۆڕشیش کەتوانی جیهانی ئەوروپا بهەژێنێ و ئیدی دواتر گەلانی تریش بەخۆیان بکەون شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789ز بووە .**

**شۆڕشی فەرەنسی بەگەورەترین بناغە و کاریگەری گەشەکردنی هزری ناسیۆنالیزمی دادەنرێت، بەلآم لە ڕێنسانس و پێشتریشدا هۆکاری ئاینی و ئابووری کاریگەری و هۆکاری شۆڕش و جولآنەوەی فکر بووە، چونکە دەسەلآتی کەنیسە هەموو ئازادییە تاکییەکانی قۆرخ**

---

([51])هیوا عەزیز سعید ، ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپی یەکەم ، ل58.

کردبوو، ئەمەش بوو بووە هۆی بێزاری خەڵك بۆ بارگرانی و دەرکەوتنی شەپۆلی تێڕوانینی نویٚ بۆ ژیان((ئاینی پرۆتستانتی لەناودینی مەسیحیدا سەری هەڵدا و بوو بە سەرەتایەك بۆ بانگەوازی ڕیفۆرمی دینی و دیسان گێڕانەوەی پیرۆزی ڕەوای دینی بۆ زۆربەی خەڵك ودانیشتوان ))[52]*

کەواتە یەکێك لە گرانترین کۆتی بازوو و بیر کە ئاین بوو، لەڕووی دەست بەسەراکردنی هزری گشتیەوە ڕووی لە لاوازی کرد .((لە بنچینەدا نەتەوەخوازی ڕێبازێکی سیاسی ئەوروپی بووە و لە (جیهانی سێیەم ) وەکوبەرهەمێکی ئەزمونی سەردەمی داگیرکاری (کۆلۆنیالەکان پەرەی سەند ))[53]

دەتوانین بڵێین بیری نەتەوەی لە ڕۆژهەلات پەرچەکرداربوو بۆبەرهەڵستی ستەم وداگیرکاری,بەلاّم لە ڕۆژئاوا کە مێژووەکەی زۆر پێش ڕۆژهەلاّتە دەرئەنجامی هۆشیاری وبەرژەوەندی یە بالاّکان بوو لەکاتەئاساییەکاندا.

دەرکەوتنی بیری ناسیۆنالیزم لاوازبوونی کۆلۆنیال و ئیمپراتۆریەتە زلهێزەکانە و گۆڕانی باری ژیان وگوزەران و داوای جوتیاران و هەژاران بۆ چاکتر کردنی ژیانی لە ڕێگەی زەوی و زارەکەیەوە، هەموو ئەمانە شۆڕشی فەرەنسی لیٚ لەدایکبوو (( نەتەوە وەکو هەست و بیروباوەڕ و بزوتنەوەکان ڕاستیەکی هەڵقولاّوی شۆرشی فەرەنسیە لە ساڵی 1879 بەدواوەیە )).[54]

لەبارەی گرنگی شۆڕشی فەرەنساوە (ئەلبێرت کامۆ 1913_1960)دەڵێت: ((لەساڵی 1789ئیمان جێی خۆی بۆ ئەقلٚ چۆڵکرد)ئەم وتەیەی کامۆ دەرخەری ئەو ڕاستیەیەکەپێش شۆڕشی فەرەنسا دەسەلاّتی پاوان خوازی و دەرەبەگایەتی وئاینی دۆگمایی نەیان دەهێشت هیچ جۆرێك لەدنیا بینی جیاواز دروست بێت ، بەلاّم شۆڕش پەنجەرەیەکی تازەی کردەوە

---

([52])ئەکرەمی میهرداد،ناسیۆنالیزم،ل50.

*بەبۆچوونی د.محمداحمدسعید پرۆتستانتی ئاینزایە نەك ئاین,(دین )یش ئاینە.بەلاّم ئێمە وەکوکاری زانستی ناتوانین وشە ی ناو مەتن بگۆڕین.

([53])Wilkinson ,Paul. International Relations : a Very Short Introduaction,Oxford University Press , New york,2007, p.66

([54])سەرچاوەی پێشوو ،ل68.

بۆبیرکردنەوەی  ئازاد و هەر لەوێشەوە نەتەوە و کەمایەتییەکان هەنگاویان هەڵناو کاژی کۆنیان فڕێدا.[55]

لەدوای شۆڕشی فەرەنسی بارودۆخی جوتیار و تێڕوانینە گشتیەکەی دەسەلاَت و ئاین بۆ تاك گۆڕا، کەواتە لە هەردوولایەنەوە ئابووری وئاینیەوە، تاڕادەیەك بە یاسا پەیوەندیەکانی نێوان تاك ودەوڵەت دیاریکرا، لە شۆڕشی فەرەنسیدا چەندین بەڵگەنامە و یاسا دانران بۆ بەرگریکردن لە ئازادییەکان (( لە بەڵگەنامەی مافە گشتیەکانی ساڵی 1795دا دەڵێت هەر میللەتێك ژمارەی دانیشتوان و پێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت مافی ئەومیللەتە بۆ ولاَتی سەربەخۆ ودەستەلاَتی نەتەوەیی ، سروشتی و پیرۆزوبەرهەقە))[56]

لەبەر ڕۆشنایی ئەم نوسینانەدا دەتوانین بڵێین شۆڕشی فەرەنسی بە خاڵی سەرەتایی دەستپێکردنی شۆڕش و بیری نەتەوەیی دابنرێت، بە شێوازێکی هاوچەرخانە جیاواز لەو جەنگانەی لە نێوان ئیمپراتۆریەت ولەناو مەزهەبە ئاینیەکاندا ڕووی دەدا ،چونکە لێرەدا بە نوسین و بەڵگەنامە نرخی ژیان و ئازادی مرۆڤ دیاریکراو، وەك پێش ئەم شۆڕشە نەبوو ، کە چۆن بکرایە دەستەلاَتی دەرەبەگایەتی و ئاینی بەبێ سنوور بە پێی بەرژەوەندییان تاکیان بە کۆیلە دەکرد، بەلاَم دوای ئەم چەند سەدە و ساڵە هێشتا تێڕوانینەکان بۆ بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی جیاوازە.

کامیل ژیر بەم شێوازە مەودای نەتەوایەتی دەناسێنێ (( بەپێی بۆچوونی مارکسێتی ئەبوایە لە قۆناغی سۆشیالستیدا هەست و دەماری نەتەوایەتی تەواو سڕابوایە، کەچی بەزۆری هەر ئەو هەست و دەمارە بوو کە یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاندەوە، بۆ وەلاَمی ئەوانەش، کە ئەڵێن سەردەمی نەتەوایەتی بەسەرچووە و بۆ ئەو قسەیەشیان بازاڕی ئەورووپی هاوبەش و پارەی (یۆرۆ) و جیهانگیری (عولمە) بەبەڵگە ئەهێنێتەوە.... ئەڵێین کام لەو دەوڵەتانەی ئەورووپا وازیان لە زمان و کلتورو بستێ خاك و سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان هێناوە؟ بە پێچەوانەوە یەکگرتنی ئەو ولاَتانەی ئەورووپا لەو بازارە هاوبەشەو لە یۆرۆدا ،ئەو

---

(55)البێرکامۆ،مرۆڤی یاخی، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی ،چاپ و بلاَوکردنەوەی ئەندێشە،چاپی یەکەم،سلێمانی2012،ل297.

(56) Wilkinson ,Paul. International Relations: a Very Short Introduaction,Oxford University Press, New York, 2007, p.52 .

گوڕ و تەوژمێکی تازەکارانەی نەتەوایەتی ئەو وڵاتانەیە بۆ خۆڕاگرتن لەبەردەم مەترسی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەریان ))[57]

هەر سەردەمەو هەستی دەستە جەمعی خەڵك بەشێوازێك و لەسەر پایەیەکی جیاواز خۆی دەچەسپێنێ، لەڕاستیدا بازاڕی ئەورووپی کە لایەنە ئابورییەکە بەسەریدا زاڵە و شێوازێکی تری بزوتنەوەی جیهانییە بۆئەوەی گەل و نەتەوەی جیاواز خۆیان ڕابگرن لەبەرامبەر ئابووری و سەربازی بەهێزی ئەمریکادا، ڕاستە جیهانگیری ئاوێتە بوونی کلتور و زمان و ڕۆشنبیری بەدوای خۆیدا هێناوە ، بەڵام نەیتوانیوە خەڵك لە هەستی ئازادیخوازی دوربخاتەوە و لە چوارچێوەی هاوزمانی و کلتوری خۆیدا سەرهەڵدانی چەندەها بزاوت وکێشمە کێشی نێودەوڵەتی و گۆڕانکاری لە جوگرافیای سیاسی دنیادا شاهیدی ئەوە دەدن,کەهێشتا جیهانگیری نەیتوانیوە نەتەوە ماف خوراوەکان لاواز و ساردکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ، چونکە تا دنیا مابێ داگیرکاری و چاوچنۆکی زلهێز و گەلە خاوەن دەسەڵاتەکان بەردەوام دەبێ بۆ ماف خواردن و داگیرکاری کەمینەکان، ئەوکاتەش ناسیۆنالیزم لە وێنەو بەکەرەستەی تازە خۆی دەردەخاتەوە. سەرهەڵدنی بیری نەتەوەخوازی کوردیش بەم فۆرمەی ئێستای بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە ، ئەمەش بەو مانا نیە کە چەندەها شۆڕشی پێش ئەم ڕۆژگارە نەتەوەخوازی نەبووە لەوانە ( شێخ عوبیدوڵلای نەهری ، شێخ سەعیدی پیران ، شێخ عبدالقادری شەمزینان ،.....هتد) یان بیری شاعیران وەك خانی و حاجی قادر ....هتد چونکە زۆربەی شۆڕشەکانی کورد پێش سەدەی بیست ڕابەرەکانیان پیاوانی ئاینی و حوجرە بوون ، نەیانتوانیوە لە بوارە پەیوەندییەکاندا دۆست وبەرژەوەندی دروست بکەن، بەڵکو دەنگ وڕەنگی ئاینی بەسەریاندا زاڵ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ ساتدا هەوڵدراوە، بەڵام یان لاواز بووە یان زۆر بەرچاو نین . لە ڕاستیدا لەناو کوردا لە پێش سەدەی بیست وەکو ئەوروپا پێکدادانی ئاینی ڕووی نەداوە، کە ئەمەش مێژوویەکی گەشی حوجرە و پیاوانی ئاینی و هاوکاری هەرەوەزی دینی بووە. کەلە ئەوروپا وەکو کورد نەبووە بەڵکو خوێن و جەنگی ماڵ وێرانکەر ڕوویداوە ((دەسەڵاتەکانی

---

([57]) کامل ژیر ، کوردایەتی بیر و بزاڤە ، ل76 .

کەنیسە و پیاوانی ئاینی لە ئەوروپای سەدەی هەژدەدا بەریەك کەوتنیان لەگەڵ پرۆژەی ڕۆشنگەریداجەنگێکی خوێناوی ومێژوویی لێکەوتەوە ))[58]

زۆر لە شاعیران و شۆڕشگێڕان قوتابی حوجرە ئاینیەکان بوون بۆ نمونە : مەلای جەزیری ئەحمەدی خانی ، حاجی قادر ، شێخ سعیدی پیران ....هتد ، بەڵام بە شێوازێکی سەرەتایی سادە باسیان لە زمان و ژیانی نەتەوەکە کردووە واتە شۆڕش و جەنگ بە دیلی زۆر کات بووەهەرچەندە حاجی قادر تاڕادەیەك شوێن دەستی دیارە*((زۆربەی ئەو شۆڕش وچالاکیانەی لە سەدەی نۆزدە هەتاکو جەنگی یەکەمی جیهانی لە ژێرکاریگەری و سەرۆکایەتی پیاوانی ئایینی و سەرۆك خێڵەکاندا بووە، ئەوەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تەسك و کەسایەتی پێوە دیار بووە ، هەر بۆیە بەهۆی کاریگەری ئاینی ، مەیلی سەربەخۆیی لە سەرەتای شۆڕشەکاندا لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە ئاشکرا نەدەبینرا)).[59]

لە دوای دروستبوونی ڕێکخراو وحزبیشەوە نەتوانراوە دووربێ لە عەقڵی خێڵ گەرایی, بۆیە نەیتوانییوە بە بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخانە پەرە بە شۆڕش و فراوانبوونی پەیوەندیەکان بدات((ڕواڵەتی خێڵەکی بەڕوونی بە حیزب وبەرنامەکانیانەوە دیار بووە, بەتاڵ بووە لە هەموو چاکسازی و بەرنامە ڕێژیەکی کۆمەڵایەتی وکشتوکاڵی)).[60]

ئەمەش ئەوەناگەیەنێ بە تەواوی بێ هەوڵ بووەو دووربووە لە هەموو کاروانێکی ڕۆشنگەری ئەگەر هەشبوو بێ پێگەیشتووی قۆناغی مێژوویی نەبووە. چەند سەرکردە و شۆڕشگێڕێك هەوڵی پەیوەندییان داوە ئەویش لە ئاستێکدا بووە((شێخ محمود لە ساڵی 1913لەگەڵ هەردوو کوڕی بەدرخانیەکان کامیل بەگ و حسێن بەگ گفتوگۆی کرد بۆ ڕاپەڕین بۆ

---

([58]) ئارام قادر محمد ، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤ ڕۆشنگەری کوردیدا ، زانکۆی سلێمانی ، 2010 ، ل245 ( نامەی دکتۆرا ).

*مەبەست لەوەیە کە نەتەوەی کورد لەوسەردەمەدا بەرەنگاری و جەنگی زیاتر لا دەرکەوتووە تاکو پلان وگەشەکردنی بیری نەتەوەیی قوڵ و کە ببێتە هۆی نوێکردنەوەی هۆشیاری فەرمانڕەواو سەرۆك خێڵە کوردەکان و ئەوانیش کاریگەریان لە سەربەرامبەر بێت ، هەرچەندە لەو قۆناغەدا ئەم تێڕوانینە بۆ کورد قورس بووە.

([59]) د.سعد ناجي جواد ، دراسات في المسألة قومية الكردية ، طبع الأول ، دار العربية للعلوم ، بيروت ، 2005 ، ص18.

([60])سەرچاوەی پێشوو ، ص143 .

دەركردنی كوردستان لە ژێر دەستی عوسمانیەكان و بۆ بنیاتنانی دەوڵەتۆكەی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا )[61] لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنگەری لای كورد بەراورد بە نەتەوەوگەلانیتر دواكەوتبوو, بەلاَم لە ڕێگەی شاعیران وكەسایەتیەكانی ترەوە ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبووە.

ئێستا دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوەیی لای كورد بۆ سەدەكانی 17 دەگەڕێتەوە بەلاَم بیرێك لە زمانی شاعیر و خەیاڵ وێنەی داڕێژراوە و بە كرداركردنی ئەم بیرە لە كۆندا لە وشە و شیعردا بووە، ناكرێت ئەو بیرە بە هۆشیاری ناسیۆنالیستی مۆدێرن لەقەڵەم بدرێت ، چونكە ئەوانە تەنها نیشاندانی هاوسۆزی و تۆماری مێژووین، بیری ڕاستەقینەی نەتەوەیی بە فۆرمی نوێی بۆ دروستبوونی دەوڵەت وحیزب وڕێكخراوی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە وا سەدەی بیست و یەكە، بەلاَم هێشتا حیزبەكانی كوردستان عقڵیەتی خێڵ و بنەماڵە بەسەریانەوە زاڵە و هەرجارە و بۆ دراوسێ یەكی دوژمن دەچن. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆڵی ڕۆژنامە و ئەلكتریك و ئەنتەرنێت وپەرلەمان تاڕادەیەك هزریان بۆ هاوچەرخی دەبات .

([61])د.كمال مظهر أحمد ، كردستان في سنوات حرب العالمیة الأولی ، ص107.

## پاری سێیەم :

## هۆکاری سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و(کاریگەری‌سەرهەڵدانی ڕێنسانس)

نەتەوە ناسنامەی مرۆڤە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە دەگەڕێت بەدوای پرسیاردا، واتە توانیویەتی وەڵامی من کێم و لە کوێوە هاتووم لەڕێگەی خێزانە گەورەکەی (نەتەوە)وە بداتەوە((لەوەتەی مرۆڤ خۆی ناسیوەو خاوەنی هزر و هەست و نەستی خۆیەتی ....کەم و زۆر ، دوور و نزیك هەستی نەتەوەییان هەبووە، با لە شێوەو قاڵبێکی ساکار و کزو سستیشدا بوو بێت )).[62]

لە ڕاستیدا ئەم ڕایە بیرێکی قوڵی تێدا نیە، چونکە نەتەوەخوازی دوای سەدەی 18 بەم شێوازە مۆدێرنە دەرکەوتووە، ژیانیش گۆڕانی بەدوادا دێت وپێش کەوتنی ژیان گۆڕانی سیما و جەوهەری زۆر وێنە و دەنگی نەتەوەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، چونکە خەڵك ناچارەلەگەڵ هەنگاوە خێراکانی ڕۆژگاردا وێنەومانای جیاواز بۆ دنیای جەنجاڵ بدۆزێتەوە.

گەلانی سەر زەمین هەمە چەشنی کلتور و زمان و ڕۆشنبیرین، کەواتە دەستخستنی ئازادی و ژیان لای هەر گەلێك ڕێگە و کاری جیاوازی دەوێت، هەر لێرەوە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری ئازادی و نەتەوەیی جیاواز دەبن، چونکە ناتوانرێت ڕۆشنبیری هەموو گەلان چونیەك سەیربکرێت، بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەکو سویسرا سێ زمانی سەرەکی و چەندین گەل بەبێ جیاوازی دەژین، یان لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیان نەتەوەو کلتور و زمانی جیا دەژین، بەڵام بەهۆی فەراهەم بوونی ماڧ مرۆڤـــەوە کەمتر جیاوازی بەدی دەکرێت بەبەراورد بە وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵات, دیارە هۆکارەکانی ئەو جیاوازیانە بۆ ڕەوڕەوەی مێژووی‌کۆن ونوێ دەگەڕێتەوە بە شێوازێك کاریگەری لەسەر گەلان جێهێشتووە، کە ماڧ گەلان بەدەستهێنانیشی جیاواز بێت.

لە ڕاستیدا هۆکاری سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی درێژەکراوەی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێنسانسە، چونکە کاریگەری بیرمەندان و نوسەران وهونەرمەندان خەڵکیان هۆشیار

---

[62] عەبدوڵلاً عزیز خالد ، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەکردنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراقدا ، 1999،ل27.

دەکردەوە لەوستەمەی, کە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی ئابووری و ئاینی سەرجەم مافەکانی ژیان و ئازادییانی زەوت کردبوو. پێش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی زمانی لاتینی زمانی ئاین و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو، زمانی عەرەبیش لە هەموو ناوچەکانی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامدا زمانی حوجرە و مزگەوت و دەسەڵاتی خەلافەتی عەرەبی بووە((دامەزراندنی زمانە نەتەوەییەکان بەستراوە بە سەرهەڵدانی کۆمەڵی بورژوازیەوە لەگەڵ ( دروست بونی نەتەوەدا*)یەکەمجار زمانی نەتەوەیی وەك زمانی گشتی نەتەوە سەرهەڵ ئەدات بەسەر بێچووە دیالێکتەکانی هەرێمە دەرەبەگایەتیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی دەرەبەگی هەڵوەشاودا زاڵ دەبیٚ ))[63]

کەواتە بوژانەوەی بیر، بوژانەوەی زمانی نەتەوەیی بەدوای خۆیدا هێناوە(( لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دەرەبەگیدا لە چەرخی 14–16 دا کێشەیەك لە پێناوی زمانی کەڵچەری نەتەوەیدا دەست پێدەکات. لەم چەرخەدا کە زمانی نەتەوەیی لەدایك دەبیٚ، بەرەبەرە لاتینی جیٚ چۆڵ ئەکات و ئەرکی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی خۆی ئەگرێتە ئەستۆ ))[64]

گەشەسەندنی ئابووری گەشەسەندنی زمان و کەلتورو بیری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو ساتانەش, کەدەرەبەگی لاواز دەبیٚ ئیدی سەرەتای دەرکەوتنی بیری ئازادی خوازییەو جەنگی دووەمی خەڵك لەگەڵ دەسەلات و زمانی پاوان خوازی ئاین دەست پێدەکات ئیتر هەر لێرەوە دەسەڵاتی ئاینی ناچاری چاکسازی نوێخوازی دەکرێت....،بە شێوازێك لەگەڵ قۆناغی هۆشیاری گەلاندا گونجاو بیٚ. جگە لە زمان ، بەهۆکاری ئاینی و دەرەبەگایەتی خەڵکی زۆر دەچەوسێنرانەوە، لەسەدەی پازدە بەدواوە گەلان هەوڵیان داوە ڕوو لەزمانی خۆیان بکەن و کەمتر زمانی لاتینی و ئاینی بەکاربهێنن، ئەمەش بۆخۆی دەرکەوتنی هۆکار و ڕۆشنایی بیری ئازادیخوازی و نەتەوەیی بووە ((بیری نەتەوەی لە ئەورووپا سەری هەڵدا

---

*دروستبوونی نەتەوە گونجاو نیە چاکتر وابوو نووسەر دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی دابنایە ,چونکە دروستبونی نەتەوە جیا لەبیری نەتەوەخوازی ئەمەش بە گوێرەی قۆناغی نوسینی کتێب و نوسەر ووەرگێڕ کاریگەری هەیە لەسەر ئەو چەمکانەی کە بەکاردێت (ڕوسی / بیری مارکسی. نوسەر و وەرگێڕیش )

[63] ق.ق.ڤینۆگرادۆڤ ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەسەندنی ، وەرگێڕان .عزالدین مصطفی رسول ، چاپی یەکەم ، چاپی دار الثقافة والنشر کردیە ، دار العربیە للطباعة بغداد1991، ل18.

[64] سەرچاوەی پێشوو ، ل 12 .

لەسەرەتادا هاواری ئازادی دینی بوو، هاواری خۆڕسكان بوو لە دەسەڵاتی پاپای دەست گولْ و پاشای بیركۆلْ)).[65]

هەر ئەمەش وای كرد هێدی هێدی ڕیفۆرمی ئاینی بكرێت و مەزهەب و تێڕاوانینی جیاواز بۆ وێنەی پەیوەندی نێوان ئاین و زمان و نەتەوە دروست بێت .

بێگومان هەر گۆڕانكاریەكی جیهانی بە كۆمەڵێك كاریگەری دێتە دی، چونكە ناتوانرێت تەنها هۆكارێك بۆ دنیایەكی فراوان و ڕۆشنبیری جیاواز وەك یەك دابنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بۆ سەرەتای گۆڕانكاریەكان ئەوروپا بەپێشەنگ دابنرێت ئەویش لەبەر دەركەوتنی چەندەها هۆكاری جیاواز لەوانە:-

1ـ سەردەمی ڕۆشنگەری و كاریگەری بیروڕاكانی (مارتن لۆسەر ) لە چاكسازی ئاینیدا و هەروەها دیدە جیاوازەكانی ( جان كالفن) لە تێڕوانینی ( هیومانسی نویْ ) واتە گەڕانەوەی شكۆ و دەستەڵات بۆ تاك.

2ـ هەروەها شۆڕشە پیشەسازیە گەورەكان واتە دەركەوتنی چاپەمەنی ودروستكردنی كەشتی بازرگانی وكارگە گەورەكانی بەرهەمهێنانی كەل وپەل و پێشكەوتنی كشتوكالْ وپیشەسازی بەگشتی، كە ئەمانە وایكرد دەوڵەتانی ئەوروپا مژدەبەرە ئاینییەكان ڕەوانەی وڵاتانی ئیسلامی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بكەن و ئیدی لەوێوە سەرەتای گۆڕانكاریەكان دەركەوتن و بون بە پێداویستی بۆ گشت مرۆڤایەتی. سەرەتای گەرانەوەی پیرۆزی بۆتاكەكەسیش لە چاكسازی ئاینی دەگەڕێتەوە بە شێوازێك كە((مەزهەبی پرۆتستانتی بوو كە پیرۆزێتیەكەی لەلاتینی سەند و بەسەر زمانەكانی تردا دابەشی كرد ))[66]بەلاّم ئەم كاریگەریە لای دەستەلاّتداران وفەرمانڕەوای دراوسێیانی كورد درەنگتر دەركەوت.

ئیمپراتۆریەتەكانی عوسمانی و سەفەوی و ڕۆمانی ئاینیان وەكو بنەمایەكی یەكگرتووی مەركەزیەتی دەسەلاّتیان بەكارهێناوە بە شێوازێك جگە لە زمانی ئاینی, زمانەكانی تر بەناجۆروناپەسەنددادەنران.

3ـ بۆ ڕوو كردنە زمانی نەتەوەیی . (( گرنگترین ئەمانەش هۆكارێ بوون

---

([65])باوكی سایە ، سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی ، گۆڤاری دووربین ، ژ4، 2014/8/23، ل5.

([66])سەرچاوەی پێشوو ، ل5.

**ئەنجامەکانی ڕێنسانس، بووە یارمەتی دەرێکی گەورە بۆ دروستبوونی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو لە ئەورووپا )).[67]**

**بەهۆی وەرگێڕانی ئینجیل و کتێبە پیرۆزەکانی ترەوە ، هەوڵ دەدرا کە بەزمانی نەتەوەیی بنەما ئاینییەکان بلاْو بکرێتەوە، چونکە بەم شێوازە کاریگەری زیاتر دەبێ (( ئاین بلاْو نابێتەوە مەگەر بەهۆی کاریگەری شێوازی نەتەوەیی نەبێ ))[68]،**

**4ـ هەر لەم قۆناغەدا چەندین بیرمەند و نووسەر دەرکەوتن،کە لەبارەی زمانی نەتەوەیی وبیری ئازادییەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنیان دیارە.(( لۆتەر باوەڕی وابوو کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆڵی کلێسە و دەسەلاْتی ئاینی بکات. لە هەر ولاْتێکدا دەسەلاْتی سیاسی ئەم تێزەی پیادەکردبێ و کلێسە کەوتبێتە ژێردەسەلاْتی دەوڵەتەوە، کلێسە مۆرکی نەتەوەی بەخۆوە لکاندووە و بووە بەخاوەنی خسوسیەتی نەتەوەیی ))[69]کەواتە دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی لەسەرەتادا.**

**5 ـ بۆ بەرهەڵستی ئەم ستەم و نادادیە بوە، کە دەسەلاْتی فەرمانڕەوایەتی دەرەبەگایەتی و ئاینی بەوپەڕی نایەکسانانە کۆمەڵیان دەچەوساندەوەو پێوانەی چاکە و دڵسۆزیش مەزاجی پیاوانی ئاینی و دەرەبەگ و خۆ ڕەتاندن بوو بۆ دەسکەوتنی (دەرەبەگ و پیاوی ئاینی ) و ڕووکردنە زمانی نەتەوەیی بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دادەنرێت و ئەم هەنگاوەش لە ئیتالیا پێش هەموو ولاتانی ترهەوڵی بۆدرا بوو .**

**(( دانتی هەستی بەوە کرد کە دەبێ ئەدیب بۆ گەل بنوسێ ، کەوابوو دەبوو هەر بەو زمانەش بنوسێ کە هەموان نەك دەستەیەکی تایبەتی لێی تێدەگەیشتن . ئەوبۆچوونە شۆڕشێکی گەورە بوو بۆ کۆتایی سەدەی سیازدەهەم ، کاتێك ڕووناکبیرانی ئەورووپا بە لاتینی بەرهەمی خۆیان بلاْودەکردەوە و نووسین بە زمانی نەتەوەیی بەلایانەوە پەشم*نزمی بوو تا لەو کاتەدا**

---

(67) د.کمال مظهر أحمد ، ڕێنسانس ،چاپخانەی شڤان ،وەرگێڕانی فواد مجید میسری ،چاپی دووەم 2004، ل55

(68) البرت حوراني ، الفكر العربي في عصر النهضة (1798–1939) ، دار النهار للنشر ، بيروت ، ترجمة الى العربية، كريم عزقول ، بلا سنة .

(69) د.کمال مظهر أحمد ، ڕێنسانس ،چاپخانەی شڤان ،وەرگێڕانی فواد مجید میسری ،چاپی دووەم 2004، ل10.

*پەشم:واتە سوك وبێ نرخ،مەبەست زمانی ئایینی بەنرخ وکاریگەرەو زمانی نەتەوایەتی لەئاستێکی نزمتردایەو نزمە.

دانتی خولیای زمانی ئیتالی دای لە کەللەی بە پەرۆشەوە دەکەوێتە سۆراخی دیالێکتەکانی ))[70]. هەروەها چەندین بیرمەندی تر کاریگەریان هەبوو بۆ هۆکاری سەرهەڵدانی بیری نەتەوە و ئازادیخوازی .

((ماکیافیللی یەکێك بوو لەو کەسانە بەتوندی بەربەرەکانی سیاسەتی دەرەبەگایەتی و پاپای دەکرد و لای وابوو ئەوانە گەورەترین کۆسپن لەبەردەم یەکگرتنی ئیتالیا هەرچی بیروڕای کلێسەشە هەست و نەستی ئادەمیزاد ئیفلیج دەکەن و ماوەی داهێنان بۆ ئادەمیزاد ناهێڵێنەوە.....دەتوانرێت ئاین بکرێتە ئامرازێکی کاریگەر و بۆ خزمەتی سیاسەت بەکاربهێنرێت ))[71]

سەرەتاو هۆکاری سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی و ناسیۆنالیستی لە سەدەی بیستدا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی وڵات بووە ، بێگومان سەرەتای ئەم بیرە لە چەرخە کۆنەکاندا زیاتر بۆ ئازادبوونی زمان و ئاین و ئابووری بووە لە دەست پیاوانی ئاینی و سیستەمی دەرەبەگایەتی (( سەردەمی بوژانەوەو جوڵانەوەی ڕۆشنبیریە و کاریگەری قوڵی لەسەر ژیان و بیری ئەوروپی هەبووەو لەسەرەتادا لە ئیتالیا بوو پاشان بڵاوبویەوە بۆ بەشەکانی تری ئەوروپا))[72]

ئەمەش وای کرد ئیتالیا پێش وڵاتانی تربکەوێت لەڕووی دەرکەوتنی سەرەتاکانی ڕۆشنگەرییەوە هەر لەوێشەوە فاکتەرەکانی دەرکەوتنی بیری ئازادیخوازی ونەتەوەخوازی دەرکەوتن وچاپەمەنیش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو بۆ گوێزانەوەی ئەم بیرانە بۆ وڵاتانی تری دراوسێ و ئەوروپا. پاش چەندین سال ئیدی زمان و کلتوری گەلانی جیاواز دەرکەوتن و هەر نەتەوەیەك, ئاین بوو بە بەشێك لە ڕۆشنبیری و زمانیش بوو بە دەزگای پەیوەندی نێوان تاکەکانی کلتور و نەتەوە جیاوازەکان، هۆکارێکی تری بیری نەتەوەیی جیاوازی ئابووری و بژێوییە، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی لە چەوسانەوەی گەلەجیاوازەکان نەیتوانی درێژە بە تەمەنی خۆی بدات.

---

([70])سەرچاوەی پێشوو ،ل139.

([71])سەرچاوەی پێشوو ل110.

([72])ئەنتەرنێت عصر النهضة www.wikipedia.org/wiki

لینین ڕابەری شۆڕشی سۆسیالیستی ڕووسی بەم شێوازە دەڕوانێت (( پەیمانی سەرکەوتنی سەرمایەداری بەسەر دەرەبەگایەتیدا (فیودالْیەت)،لە کۆتایدا دەبێتەهۆی جولاْنەوەی نەتەوەیی لە هەموو دنیادا ))[73]

دەشکرێ لەهەندێ ولاْتدا بە هۆکاری ئەدەبی وفەلسەفی ،گۆڕانکاری و شۆڕش دروست ببێت، بۆنمونە ئیتالیا و ئەڵمانیا بەوشێوازە بوون لەڕاستیدا (( ئامانجی ڕێنسانس ڕووخاندنی ڕۆشنبیری دەرەبەگایەتی وکەنیسەبوو)).[74]

کاریگەری ڕۆشنبیری کەمتر نەبووە لە شۆڕش و خۆبەختکردن، چونکە ئەوە بیرمەند و نوسەران بوون هانی خەڵکیان دەدا بۆ تێکۆشان بۆبەدەست هێنانی ماف و ژیانێکی ئاسوودە، هەر بۆیە زمانی نووسین و ئەدەبیش ڕووی بەلای خەڵکدا وەرگێڕا((چەمکی ڕێبازە ئەدەبیەکان پەیوەستە بە سەرهەڵدانی ئەدەبی نەتەوایەتیەوە لای ئەوروپیە ڕۆژئاواییەکان ، لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم چەمکە پەیدا بووە)).[75]

یەکێکی تر لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا.

6ـ جەنگە گەورەکانە، ((ئەنجامی جەنگەکانی ناپلیۆن فەرمانڕەوایی فەرەنسا و بەرپاکردنی جەنگەکانی بووە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و بلاْوبونەوەی بزاڤی نەتەوەیی لە ئەڵمانیا و ئیسپانیاو فەرەنسا و ئیتالیا و سیبیریا و یۆنان دا)).[76]

بێگومان ئەمانەش کاریگەریان هەبووە لەسەر دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکانی تریش لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەسەدەی نۆزدەهەم ئەم بیرە دەرکەوت و لەکۆتایەکەیدا بووە هۆی لاواز بوون و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکە لە ساڵی 1918ی زاینی.

لەهەرکوێ چەوساندنەوەو نادادی ئابووری و ئاینی و نەتەوەیی هەبێ، دوورو نزیك هەرئەوانە دەبنە هۆکاری زووتر سەرهەڵدانی بیری دەستەجەمعی و بەشێوازی ڕێکخراوو داکۆکیکردن لە مافی خۆیەتی سەرهەڵ دەدات، چونکە کاتێك دادپەروەری و شارستانێلە جوگرافیایەکدا هەبوو، ئیدی ئەگەر بیری نەتەوەیش هەبێ، ئەوا مەیوو دەبێ و نابێتە کڵپەی

---

([73])ساطح الحصري ، ماهي القومية ، ص280.

([74])وانەکانی د.محمد أحمد سعيد (د.محمد کەساس) کۆرسی دووەمی ماستەر/ ئەدەب ، زانکۆی سلێمانی ، 2014 .

([75])سەرچاوەی پێشوو

([76])هيوا عزيز سعيد ، ناسیۆنالیزمی کوردی ،ل60.

شۆڕش و خۆبەخت کردن. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە زۆر دەوڵەتی ئەورووپی ڕاستی بۆچوونەکەمان دەخەنەڕوو، هەر بۆ نمونە سویسرا چەندین نەتەوەو سێ زمانی سەرەکی تیادایەو ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ناوچەیەکی فرە ڕەگەز و زمان و کلتورە، بەڵام هەموو بە ئالا و سیستەمی سیاسی قایلن. بە پێچەوانەوەش لە هەر جێگەیەك جیاوازی ئاینی و کلتوری بووەمایەی نادادی، لەوێ شۆڕش و نەتەوە خوازی دروست دەبێ و هەندێك جار سنورەکان دابەش دەکات، وەکو هندستان و پاکستان کە لەسەر بنەمای ئاینی جیابونەتەوە. نەتەوەخوازیش سنوری مرۆڤانەی خۆی تێپەڕێنێ دەبێتە ڕەگەز پەرستی، هەروەکو نازییەکانی ئەڵمانیا. کەواتە بیری نەتەوەیی پەیوەندی مرۆڤانەیە نەك هاوزمانی، چونکە دەکرێت خەڵکانێك هەبن هاوزمانی نەتەوەیەك بن، بەڵام نەتەوەخوازی بەگوناهــ و لادان لە یاساکانی خوادا دابنێن.((دروست بوون و پێك هاتەی ڕەگەزی لە سەر بنەماکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیە کە دروست بوونی بەهۆی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بە ڕێگەی پەیوەست بوونی تاکیەتی دیاریکراودەبێ)[77]

کەواتە بیناکردنی بیری نەتەوەیی چەندە لەسەر زمان پەیوەستە، زیاتر لەسەر هاوهەڵوێستی نەتەوەیی وەستاوە((بۆبیناکردنی تیۆرەی ئینتمای نەتەوەیی دوو فاکتەری بەهێز هەن ئەویش ئیرادە و کلتورە ))[78]

هەرکات کلتوری نزیك و ئیرادەهەبێ، واتە هاوسۆزی بەدی دێت، تاکیش بە هاوسۆزیەوە دەبێتە ماکێکی نەتەوەیی و هەڵگری بیری ئازادیخوازی. هەندێك جار ئازادیخوازیش سنوری نەتەوەو جوگرافیا تێدەپەڕێنی. ئێمە چەندین جار ئەوەمان بینیوە یاخود لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانەوە باس دەکرێت، فلأن دکتۆری ئەڵمانی و بەلجیکی دەچنە ناو ڕیزەکانی (پەکەکە) یان بە پێچەوانەوە چەندین گەنجی کورد چونەتە ناو سوپای دوژمنی کورد و کوردستانەوە و دژی حکومەتی هەرێم دەجەنگن, دیارە ئەمانە پەیوەستن بەئاستی هۆشیاری ودنیابینی تاکەکانەوە, کەسەرچاوەکەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە.

---

([77])توماس هایلاند إریكس ، العرقية والقومية ، ترجمة: لاهای عبدالمحسن ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب ، کويت ،2012 ،ص250.

([78])کۆمەڵێك نوسەر، رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم ، ، وەرگێڕانی ئارام جمالٚ ، چاپخانەی وەرگێڕان سلێمانی 2004 ، ل119

ڕاستە بیری مرۆڤایەتی لە بیری نەتەوەیی گەورەترە، بەلأم ئەوانەی باسمان کرد سۆزێکی هەڵچونانەیە نەك ئاوێتە بوونی خێزانی و هاوپەیوەندی ڕۆشنبیری قوڵ .

بیری ناسیۆنالیزمی (نەتەوەخوازی ) بیرێکە بە دوای ئازاد کردنی زمان و خاك و بیر هەنگاو دەنێ بەلە بەرچاوگرتنی دۆخی ڕامیاری و ئابووری، چونکە هەموو بیرێکی نەتەوەخوازی لە بنەڕەتدا بیری ئازادی و خۆشبەختییە،ئەوەی دەبێتە هۆی توندتر کردنی زمان و دەستی بیرخوازانی نەتەوەی دەسەلأت و فەرمانڕەوای بەرامبەرە، کەبە چی شێوازیك مافی سیاسی وکۆمەلأیەتی گەلە جیاوازەکان دەپارێزێت ,خۆ ژمارەی دەوڵەتە سەربەخۆکان ناگەنە دە یەکی کلتور وزمانە جیاوازەکان، لە هەندێك جێگەی دنیادا ئاین کراوەتە بنەمایەکی سەرەکی دروست بوونی دەوڵەت و نەتەوەو گەلانێکی پێبووە بە خاوەن دەوڵەت،ئەمە بە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە دەوڵەت هەیە ڕووکردنە علمانی و پشت کردنە ئاین (ڕەگەز پەرستی ) گەیاندویەتیە ئاستی دەوڵەت و درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات.

((ناسیۆنالیزم هەیە دوای ماڵئاوایی کردن لە ئایین دروست دەبێ و کاراکتەرێکی عەلمانی وەردەگرێت ، وەکو ناسیۆنالیزمی فەرەنسی و تورکی، بەلأم ناسیۆنالیزم هەیە تاسەر ئێسقان دینییە و ئاین بنەماکەیەتی ، وەك ناسیۆنالیزمی یەهودی لە ئیسرائیل و ناسیۆنالیزمی پاکستانی و ئێرانی ))[79]

کەواتە دەتوانرێت ئاین وەکو ئامرازی سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی دابنرێت ,بەلأم لای نەتەوەی کورد سوود لەوفاکتەرەوەرنەگیراوەوسەرەتاشی لەئەدەبدا زۆرلاوازە. جگە لەو بەرهەمانەی کە شاعیران باس و وەسفی زمان و مێژووی کوردی کردوە، ئیدی ناسیۆنالیزمی کوردی زۆرجار پەرچە کردارانە بووە، واتە ناسیۆنالیزمێکی ڕێکخراو نەبووە چ لە ڕووی حزبایەتی یان بیری شۆڕشگێڕی و پەیوەندی دۆست دروست کردنەوە(دبلۆماسیەتەوە) هەر بۆنمونە زۆرجار جوتیاران بونەتە سوتەمەنی شۆڕش،بەلأم بە زوویی دامرکاونەتەوە .((جوتیارانی کوردستان بلێسەی شۆڕش بوون پێکهاتبوون لە پێشمەرگە و لەسەر جەستەی ئازیزانیان بناغەی شۆڕش و بە خوێنی پیرۆزیان داری ئازادیان ئاوداوە و ، گەلی کورد قەرزاری گەورەی جوتیارانن))[80]

---

([79])مەریوان وریا قانع ، نەتەوەو ناسیۆنالیزم ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژ 16–17 ،ساڵی 2004 ،ل167.

([80])مسعود البارزانی ،البارزاني والحركة التحريرية الكردية ، الجزء الثالث ،مطبعة وزارة التربية ، أربيل ,2005ص11.

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە شۆڕشی کورد زیاتر هێزی چەوساوەو جوتیاران بووە . هۆکاری جەنگ و شۆڕشی کوردیش زیاتر چەوساندنەوەی لە ئەندازە بەدەری کورد بووە ، هەر لەسەدەی بیستدا لە تورکیا پەیمانی سیڤەر1920ز کە دنیایەك بەڵێنی تێدا بوو بۆکورد ، بەڵام دوای سێ ساڵ پەیمانی لۆزانی1923ز بەدوادا هات ،کە نەك بەڵێنەکان جێبەجێ نەکران ، بەڵکو ئیدی ناو و زمان و جلی کوردیش لە شوێنە فەرمیەکانی تورکیا قەدەغەکرا .

لە عێراقی بە زۆر دروستکراویش لە سەرەتا لەسەر بنەمایەکی شەریکی دامەزرا (( دەوڵەتی عێراقی نوێ دامەزرا لەسەر بنەمای یەکێتی هەڵبژێردراو و شەراکەتی ڕاستەقینەلەنێوان کورد و عەرەب لە ساڵی 1925 بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە پەنجا و دوو دەوڵەت ئەندام بوون لە کۆمەڵەی گەلان ))[81]

پرسیارەکە ئەوەیە ئایە ئەوا چەندین دەیە و ساڵ تێپەڕی کورد شەریکی ڕاستەقینەیە لە عێراق ، بێگومان عەقلیەتی ئەو نەتەوانەی کە کوردی بەسەردا دابەشکراوە نەگەیشتوەتە ئاستێك،کەبیری ئازادیخوازی و نەتەوەخوازی کوردی بمەیەت ولە چوارچێوەی سنوری سیاسی ئەواندا بە ئاسوودەیی بژی ، هەر ئەوەشە وایکردووە هیچ پارچەیەکی کوردستان نیە هێزی بەرهەڵستکاری دەوڵەت و داکۆکیکاری لەمافی نەتەوەیی کورد تیا نەبێ .

ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمێکی خۆش باوەڕەو هێندە باوەڕی بە بەپەیمانی زارەکی و قسەی دیوەخان هەیە هێندە بەرنامەدار نیە ،هەر بۆیە هەموو ئەو پەیمانانەی لەگەڵی مۆرکراون کارێکی تاکتیکی بەرامبەرەکانیان بووە لەوانە:(سیڤەر ،حکومەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی (شێخ محمود حفید)* ، دروستبوونی کۆماری مهاباد پاشان لاوازکردن و ڕووخاندنی بە دەسیسەی زلهێزەکان و ڕێکەوتنی ئازاری 1970 و پاشان هەرەس پێهێنانی شۆڕشی بەپلانێکی نێودەوڵەتی و لەڕێکەوتنی16 / ئازاری 1975 لە ئەنجامی بەرژەوەندی جەزائیروعێراق وئێران.((کێشەی ترسناکی کە سەرکردەکانی کورد

---

([81])سەرچاوەی پێشوو ، ص364.

*ئینگلیزە بەرژەوەندی پەرستەکان دژایەتی حکومەتی شێخ مەحمودیان دەکرد و کار گەیە ئەوەی شێخ لەشەڕی دەربەندی بازیاندا لەحوزەیرانی 1919ز بەزامداری دەستگیرکرا بۆ هندستان دوربخەنەوە لە کاتێکدا لە سەرەتادا ئەم دژایەتیە دەرنەکەوتبوو.

**توشی بوون، بڕوا بونی تەواویان بە هێزی دەرەکی هەبووە ، لە کاتێکدا ئەو هێزانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان پشتیان لە شۆڕش و بەرژەوەندیەکانی کورد کردووە ))[82]**

**دەتوانین بڵێین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەخوازی جۆراو جۆرن، بەڵام داواکاریەکان هەمووی یەکە ، کە ئەوەش گەیشتنە بە ئامانجی نەتەوایەتی ، کە ئازادی و ئابووری سەربەخۆ و ئالأی تایبەتەو چوونی ئەو نەتەوە خەباتکەرەکەیە بۆ نێو جوگرافیایی سیاسی و جیهانی وبە سەربەخۆیی سیاسی خۆی بگات.**

**مەرجیش نیە چەندە نەتەوەی جیاواز هەیە ، هێندە بزوتنەوەی نەتەوەی شۆڕشگێڕی هەبێ ، چونکە لە بنەڕەتدا دەسەلأتی دەوڵەت ، دەتوانێ بەبێ کێشەی نەتەوەیی زمان و کەلتوری جیاواز لە نێو جوگرافیایەکی یەکگرتودا کۆبکاتەوە.**

**لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتیەکاندا ئاین و ئابووری خەڵکیان دەچەوساندەوە ئاین لەڕێگەی زمان و بیرەوە، ئابووریش لە ڕێگەی سیستەمی دەرەبەگایەتیەوە، بەجۆرێك مرۆڤ خاوەنی خۆی نەبوو، تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی هێزێکی بە گەلان بەخشی .**

**لەسەدەی نۆزدەش بەدواوە بە هۆکارەکانی چاپەمەنی و هۆشیار بونەوەی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی نەتەوەکان هەستیان بەبندەستی و ماف خوراوی دەکرد و ڕادەپەڕین ئەمە گەیشتە ڕادەیەك سنوورە سیاسیەکانی گۆڕدرا.لای کوردیش بیری نەتەوەیی هێشتا قۆناغی خێلایەتی پێوە دیارە,کامل ژیر لەم بارەیەوە دەلێت:(( خەڵکانی کورد یا خەریکی پەرستنن یان گیرۆدەی خەباتی چینایەتی))[83] واتە بیری دۆگمای ئاینی و بیری مارکسیستی تازە کە لە لای کورد هەر بە ناتەواوی وەرگیراوە، تاکو ئیستاش هەنگاوی راستەقینەی پێنەهاوێژراوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ، بەڵام دوای ڕاپەڕینی 1991 پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان و کرانەوەی دەزگای کۆنسوڵگەری و کرانەوەی دنیا بە گشتی و بەرژەوەندی زلهێزەکان، ئەمانە هەموو کاریگەر بوون کەلەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی وئازادی چووەتە قۆناغی گەشەکردن و بەڕێوەبردنی خودیەوە ، هەرچەندە بێ کەموکوڕی نیە و دەوڵەتانی دراوسێ هەرجارەو هێزێکی کوردی پەڵکێشی لای خۆیان دەکەن .**

---

([82])د.سعد ناجي جواد ، دراسات في المسألة القومية الكوردية ، دارالعربية للعلوم ، بيروت ، الطبعة الاولى 2005 ، ص149.

([83])کامیل ژیر ،کوردایەتی و سەربەخۆیی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی2002، ل18

## پاری چوارەم

### بنەماکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی

نەتەوە بەمانای کۆمەڵانی خەڵك, کە خاوەن کلتورو شێوازی نزیکی یەکتری ژیابن و بەرهەمی قۆناغە دێرینەکانی مێژووە، بەڵام هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی دەکەوێتە سەدەکانی هەژدە بەدواوە و پێش شۆڕشی فەرەنسیش 1789 کۆمەڵێك هۆکاری چەرخی ڕێنسانس کاریگەریان لەسەر سەرهەڵدانی ئەم بیرە لە ئیتالیا و فەرەنسا هەبووە .

سەرهەڵدانی هەربیرێك لە ئەنجامی چەند بنەما و ئامانجێکەوە چەکەرە دەکات، نوسەران و زانایان هەریەکەو چەند بنەمایەکیان بەکۆڵەکەی دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی داناوە .عەرەبەکان زۆر گرنگی بەزمان دەدەن ، چونکە عەرەب خاوەنی چەندین دەوڵەتن، زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ عەرەب لە نیشتمانێکدا هەبن و کەمینە*بن، بە دیوەکەی دیکەدا ئەوە کاریگەری ئاینە گەل و نەتەوەی نا عەرەبی کردووەتە موسڵمان، عەرەبیش لە ڕێگەی زمانەوە پاوانخوازی خۆی بەدی دەهێنێ,چونکە هێشتا لای گەلانێك زمانی قورئان (عەرەبی) بەڕێزترین و بەرزترین زمانەو ئاساییە پێش زمانی نەتەوە بخرێت، بەڵگەش ئەو هەموو زانای ئاینیە ناعەرەبەیە(لەناوکوردیشدا زانای ئاینی زۆرهەیە کەخزمەتی ئاینی پێش نەتەوەکەی خستووە) کەزمانی دایکی خۆیان لە پێناویزمانی ئایندا لەبیر کردووە.

(( زمانی عەرەبی گیانی گەلانی عەرەبە))[84]

ئەوەگیانی یەکێتی عەرەبی پاراستووە زمانەکەیەتی، نەك بنەمایەکی تر. هەر بۆنمونە ناکرێت کلتوور و ڕۆشنبیری هاوبەش لە نێوان کویت و ئیمارات و سوداندا یەکبن، واتە شێوازی ژیانی ڕۆژانەو گونجان لەگەڵ دنیای نوێدا لەو دەوڵەتە عەرەبیانەدا زۆر لەیەك جیاوازە، بەڵام زمان پەیوەستە بنچینەکەیانە . دیارە بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی خەڵك وەڵام بە نەخێر دەدەنەوە. دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم ) دەرکەوتەیەکی هەمە

---

* لە ئێران و تورکیا عەرەب هەن بەڵام وەکو هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتانە مافیان پارێزراوە بە پێچەوانەی کەمایەتیەکانی ناو دەوڵەتی عەرەبی نامرۆڤانە دەچەوسێنرینەوە . جگە لەوانەش بەهۆی کۆچەوە ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوەیش کردووە .

([84])البيرت حوراني ،الفكر العربي في عنصر النهضة 1798–1939، دار النهار للنشر ، بيروت ، ترجمة الى العربية كريم عزقول ص368.

لایەنەیە واتە کۆمەڵێك بنەما هەیە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی،چونکە(( دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەلاًیەتی و ئابووری و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایە یەو ناشێت ئامادە بوونی زەمینەیەکی مادی ناسیۆنالیزم وەکو دیاردەیەکی کۆمەلاًیەتی دەربکەوێت ))[85]

نەتەوەخوازی ناکرێت بیٚ بنەمایەکی بەهێزی جوگرافی و مرۆیی دروست بیٚ، چونکە قۆناغی بەبەرنامەکردنی بیروبزاڤەو کاریگەری جیۆپۆلەتیك ڕۆڵی چارەنوس سازدەبینێت,وەکوئەوەی کە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لەهەرچوارپارچەکە گیرۆدەی بووە.

گەورەترین بنەمایەك کە دەرکەوتوو بیٚ لە نەتەوەکاندا زمان و مێژووی درێژی هاوبەشە . زۆر لە نوسەرانیش زمان وەکو کۆڵەکەی یەکەم دادەنێن .

(( بیروباوەڕی ڕێنسانس و ئەنجامەکانی بەشێوەی جۆراوجۆر هەستی نەتەوەییان لەناو گەلانی ئەوروپادا ژیاندەوە. چونکە زمانی نویٚ بوە ئامرازێك و ئەو بەرهەمە فکریانەی پێی دەنوسرا کەلە بەردەستی جەماوەردا بوون ))[86] واتە لەڕێگەی زمانی دایکەوە خەڵك ئاشنا دەکرێت بە بنەماکانی تری نەتەوایەتی، چونکە زمانی نەتەوەیی جیایە لە زمانی ئاینی و ئیمپراتۆریەت و دەسەلاًت، کە ئامانجیان بیٚ دەنگ کردن و ملکەچ کردنی گەلانە بۆ فەرمانڕەواو ستەمکارەکانیان .
گرنگی زمان جگە لە عەرەب و ڕۆژهەلاًت لای نەتەوەکانی ئەوروپاش گرنگی پێدراوە فیختەی ئەڵمانی (1762–1814) دەڵیٚ : (( زمان بنچینەی نەتەوەییە ))[87]

کەواتە لەڕێگەی زمانەوە هاولاًتیان ئاشنادەبن بە مێژووی ڕۆشنبیری باو باپیرانیان سەرەڕای ئەم گرنگیدانانە بە زمان هێشتا ناتوانرێت بە تەنها بەهۆیەوە نەتەوە دروست ببیٚ ، چونکە (نیشتمان )ی هاوبەش یەکێکیترە لە بنەماکانی نەتەوە، چەندەها ولاًت هەیە زمانیان یەکێکە, بەلاًم یەك گەل و نەتەوەش نین هەربۆنمونە ولاًتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و بریتانیا بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن بەلاًم یەك نەتەوەنین، بەلجیکا بە فەرەنسی دەدوێن بەلاًم فەرەنسی نین بۆ زمانی نوسینیش ئەمە هەر ڕاستە .

---

([85])عەتا قەرەداغی ، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی 2007 ، ل75.

([86])د.کمال مظهر أحمد ، ڕێنسانس ،چاپخانەی شڤان ،وەرگێڕانی فواد مجید میسری ،چاپی دووەم 2004 ،ل57.

([87])ساطع الحصری ، ماهي القومية ، ص83.

چونکه گەلانێکی زۆر بەئەم (ئەلف و بێی)ی عەرەبیە* دەنوسن بەلاَم عەرەب نین,کەواتە ڕۆشنبیری و بەرژەوەندی هاوبەشیش بنەمایەکی گرنگی دروست بوونی نەتەوەن .

یەکێکی تر لەو بنەمایانەی وا دەکات هەستی گشتگیرو نەتەوەیی دروست بێت ئابووری هاوبەشە, چونکە لەڕێگەی ئابووریەگشتیەکەوە خەڵك هەست بە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات(( دابەشبوونی مرۆڤایەتی بۆ چەندەها نەتەوەی جیاواز لەگەوهەردا دابەشبونێکی ئابوورییە))[88] ئابووری هاوبەش هەستی بونیادنانی داهاتووی نەوەکان و خۆشبەختی ئێستا لای تاکەکانی‌نەتەوەیەك دروست دەکات و ئەمەش دەبێ بەهۆی بەهێزبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و پێکهێنانی ڕێکخراو وشۆڕش بۆ داواکردنی مافەکانی گەلێك .

لەڕاستیدا ئەگەر زۆر لە بنەماکانی نەتەوەش لە خەڵکدا هەبێ و کەوتبێتەناو جوگرافیەیەکی گەورەترەوە هەستی نەتەوەیی دروست دەبێ، بەلاَم هۆشیاری داخوازی جیاکاری و دەوڵەتی سەربەخۆ ناکرێت, لە قۆناغێکدا ئەویش ئەگەر چوارچێوە سیاسی و نێودەوڵەتیەکان بوار نەڕەخسێنێ و یان ئەو نەتەوە کەوتبێتە چوار چێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و ماف مرۆڤــــ و ئازادییەکان دابین کرابن بۆئەمەش ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا نمونەیە .

گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووری و دروست بوونی شار هۆیەکی ترە بۆ بەهێز بوونی بیری نەتەوەیی((سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە پەیوەندی سەرمایەداری و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی سەرچاوەی گرتووە، کەلە بنەڕەتدا لە سەدەی پازدەی زایینی لە ئەورووپا دەستی پێ کردووە و لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم گەیشتوەتە ئەوپەڕی خۆی ))[89]

دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی جوتیار وچینی هەژاری لە سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار کرد(بەومانایەی‌کەئاشنابوون بەمافە کانیان،بەلاَم چەندی بەدەست هات؟!) چونکە لە بنەڕەتدا پەیامی نەتەوەخوازی ئازادیە بەمانا فراوانەکەی .

---

* هەندێ ڕاو بۆچوونی تر هەیە کە ئەو(ئەلف و بێیە) ئارامی بێت.

(88)ئەکرەمی میهرداد ، ناسیۆنالیزم ,ل74.

(89)د.جلیل ڕەوشەندل ، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی ، وەرگێڕانی لە فارسیەوە مستەفا شێخە ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر – 2009، ل13.

هیچ گەلێك بەبیٚ ئابووری هاوبەش دروست نابیٚ ، لینین دەڵیٚ (( پەیمانی سەرکەوتنی سەرمایەداری بەسەر دەرەبەگایەتیدا (فیودالْیەت) لە کۆتایدا دەبێتە هۆی جوڵانەوەی نەتەوەیی لە هەموو دنیادا ))[90] دکتۆر جەمال نەبەزیش هەر ئەو بنەما نەتەوەییانەی کە ستالین دایناوە بە بنەمای نەتەوایەتی دادەنێت کە بریتین لە ( زمان ، بنەچەو ڕەچەڵەك ، نیشتمان ، کەلتور ،هەستی یەکبوون ))[91]

گونجاویشە خەڵکانێکی پەرتەوازە لەسەر بنەمای ئاین دەوڵەت بنیات بنێن، وەکو ئیسرائیل کە تاکە هۆی پەیوەست کردنیان ئاینی هاوبەش بووە. لە ڕاستیشدا ئیسرائیل دەوڵەت و گەلە نەك نەتەوە، چونکە ئامانجی هەموو بیرێکی نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیستی )ڕێکخراو ئازادییە.(( نەتەوەخوازی زۆر لەوە زیاترە تەنیا ئایدۆلۆجیەکی سیاسی بێت ، چونکە نەتەوەخوازی شێوازێکی کلتورو (ئاین)یشە ))[92]

لەکاتی پرۆسەی بە ڕێکخراو کردنی هۆشیاری نەتەوەیدا ئاین بەهۆی زمان و کلتوری کۆنی نەتەوەکە دەگوێزرێتەوە، واتە ئاین بەزمانی نەتەوایەتی کاریگەرتر دەبیٚ و تاڕادەیەك بنەماکانی ئاین تێکەڵ بە کلتوری نەتەوەیی و مێژوو سمبولی نەتەوەیی دەکرێت و جۆرێك لە تێکەڵاوبوون ڕوودەدات .

کەواتە بنەمای بیری نەتەوەیی لەگەڵ بنەمای پێك هێنانی دەوڵەتی سیاسی نویٚ چەند لێکچونیان تیادایە هێندەش لەیەکەوە دوورن، بەتایبەتی لە سەردەمی دونیای سەدەی بیست و یەکدا کە ئابووری و بازرگانی زەبەلاح سنورە سیاسیەکانی کاڵ کردۆتەوەو دەتوانێت بە شوێن قازانج و بازاڕدا بگەڕێت, دەوڵەتی نەتەوەیش گرفتی خۆی هەیە(( دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر لە کارە ئابووریەکانی پێشووی لەدەست داوەو لەوەتەی چەکی ناوکی و کیمیاوی و بایلۆجی سەریان هەڵداوە، سەربەستی سەربازی بەتەواوی سنوردار بوو پەیدابوونی بازاڕە گەورەکانی پارە و بازرگانی و ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا ....بێگومان

---

([90])ساطع الحصری ، ماهي القومية ، ص83.

([91])جەمال نەبەز،ناسنامەوکێشەی ناسیۆنالی کوردی ،چاپخانەی منارە،چاپی دووەم،هەولێر2007،ل12-35.

([92])ئەنتۆنی دیسیمس ، نەتەوەخوازی ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە هۆشیار عبدوڕەحمان سیوەیلی ، بلأوکراوەی ئاراس ، هەولێر- 2004،ل46.

بونەتە هۆی لاواز بوونی ئۆتۆنۆمی ئابووری و سنوردارکردنی خەیارە سەربازیەکانی تەنانەت بەهێزترین دەوڵەتیش ))[93]

نەتەوەی کورد هەرچەندە خاوەنی زۆر لە بنەماکانی نەتەوەیە لە دوای سەدەی نۆزدەوە چونکە ناتوانین بڵێین کورد هەموو بنەماکانی نەتەوەیی بە پێگەیشتووی پێش سەدەی بیست هەبووە, ئەمە کەمکردنەوەی ئەوە نیە بەکورد بگوترێت بنەمای نەتەوەیی نیە، بەڵام ناتوانین لەسەر هەر سێ بنەمای ( زمان و ڕۆشنبیری و بەرژەوەندی هاوبەش ) بڵێین ئەمانە پێش سەدەی بیست لەکام جوگرافیای کوردستاندا پێگەیشتوو بووە، واتە ئەم سێ بنەمایەش یەکگرتوو نەبوە. جگە لەمانەش شوڕش وجەنگی کورد نەیتوانیوە بەجیهانی بکرێت, ئەویش بەهۆی شارەزانەبونی سەرکردەکانە کوردەوە.((سەرکردەکانی کورد لە چاوی جەماوەرەکەیانەوە شۆرشگێڕن. وەلێ ئێمە گەر بە چاوێکی زانستیانەوە لەم سەرکردانە بڕوانین ، هەر لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریەوە ، قازی محمد ، شێخ محمود و مەلا مستەفا ، تا دەگاتە تاڵەبانی و بەرزانی ، ئیمڕۆ کە گشتیان دەکەونە خانەی جەنگاوەرەوە . چونکە شۆرشگێڕ قۆناغێکی پەرەسەندوی بەرزترە لە جەنگاوەر ))[94]

ئەم وتەیەش ئەوە دەگەیەنێ، کە بیر و گەشەکردنی بزاڤ نیشتیمانی وەك بنەمایەکی نەتەوە قۆناغی کامل بوون و پیگەیشتن و بە پلاندانانی هەنگاوەکانی ئازادیخوازی نەتەوەییە، نەك تەنها شۆرش و جەنگ کردن ، هەر چەندە ئەم رایەی قەزاز نا دادیەکی پێوە دیارە .

دەتوانین ئەم ڕایەی قەزاز بۆ قۆناغی دێرین و میرنیشینە کوردیەکان بە ڕاست دابنێین ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان ئەوکاتە هۆشیاری نەتەوەیی نەبووە بەدیلی عەقڵیەتی خێڵ گەرای . دووەمیش زۆر لەسەرکردە شۆڕش گێڕەکان لەبەرەی پێشەوەی جەنگدا بوون و کار گەیشتوە بەوەی دیل بکرێن و دواجار دووربخرێنەوە وەك شێخ مەحمود یان شەهید بکرێن و لە سێدارە بدرێن وەکو شێخ سەعیدی پیران، نادادی و ناڕاستیەکەی ئەم ڕایەش لە گشتگیریەکەیەوە (تعمیم) دێت، چونکە ناتوانرێت سەیری ساڵانی 1950بەدواوە وەکو ڕابردوو بکرێت ئەویش لەبەر دوو هۆ

یەکەم : دەرکەوتنی ڕێکخراو وحزبی سیاسی و هەبوونی پلان و بەرنامەی حیزبی نەتەوەی.

---

([93])سەرچاوەی پێشوو،ل150.

([94])ئازاد قەزاز ، ڕۆحی کورد لە بندەستی ناسیۆنالیزم ، ئیسلامیزم ، ومارکسیزمدا ، چاپی یەکەم ، چاپەمەنی پەیوەند ، سلێمانی 2007 ، ل23 .

دووەم : هەیکەلی حزبی کوردی جیاوازە لە هەیکەلی شۆڕش و هێزە کۆنەکان کە شۆڕشیان کردوە. سەرەڕای ئەوەش بەتایبەتی تر دوای سالأنی (1991) دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان , هەرچەندە نەبوونی هۆشیاری و هەستی بەرژەوەندی خوازی شەڕی خۆکوژی و ناوخۆی پێوەبوو بەلأم وا چارەکە سەدەیەکە ( تالەبانی ، بارزانی ، ئۆجەلان) توانیویانە خۆیان لەبەرامبەر چەندەها پلانی دوژمندا بگرن لە هەرێمدا گەشەیەك بکرێت هەرچەندە وەکو پێویست نیە بۆیە دەتوانین بڵێین جەنگاوەر کاری بە پلان و کاری دورخایەن نیە بەڵکو ئامانجی سەرەتای وگرنگ لای دەست وەشاندنە لە دوژمن بەلأم شۆڕشگێڕ قوڵتر لە گۆڕانکاریەکان دەڕوانێت . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قۆناغە گرفت و نەهامەتی زۆری پێوە بووەو پڕاوپڕن لە پرسیاری بێ وەلأم . ئەمەش پەیوەندی بە ڕۆشنبیری تاکە تاکەی کوردەوە هەیە.ڕۆشنبیری و بەرژەوەندی نێوان دەرەبەگ و میر و ئاغا و ڕەعیەتەکانیان یەك نیە و ئەگەر هەست بە دژایەتی نەکرابێ هەست بە هاوبەشی نەکراوە، بەڵگەش هەموو شۆڕشەکانی کوردە تا دەگاتە شێخ محمود خێڵ و هۆز هەبوون لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا نەبوون، چونکە هۆشیاری نەتەوەیی نەگەیشتوەتە ئاستی هاوبەش و تاکی کورد هەر چەند چەوساوە بووە، بەلأم ڕاستەوخۆ ئاغا و دەرەبەگی کورد بووەو ناڕاستەوخۆ دەسەلأتی فەرمانڕەواو ئاینی بووە. زمانی هاوبەشیش لە مێژوودا بەهۆی زمانی ئاینەوە کورد نەیتوانیوە گوتار و نوسینێکی مەعریفی قوڵ و بیرو فەلسەفی و ئیداری بە زمانی خۆی بنوسێ. کەواتە گوتاری کوردی زمانی ئاین و دواتر زمانی نەتەوەیی بووە (( دوو گوتار پێکەوە لای کورد ئامادە بونیان هەبووە ، گوتارێکی گشتگیری و تەوحیدی ئیسلامی و گوتارێکی شەرمن و شاردراوەی نەتەوەی لە ئاستی داب ونەریت و فۆلکلۆرو کۆنەستی کۆمەلأیەتی ))([95])گوتاری فکری و بیری کوردی لە شیعرەوە سەرچاوەی گرتووە و شیعریش بەخەیاڵ و سۆز کاریگەرن ، نەك هۆشێکی مەعریفی و نەتەوەیی و دنیا بینیەکی ڕاستەقینەیی، کە ئایندە نمایش بکات بە شێوازێك جێگەی تێڕامانی گەلان بێ .هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لە سەدەی بیست بەهۆی ڕۆژنامە و چاپەمەنیەوە هەموو بنەماکانی نەتەوەیی چەسپین,بەلأم هۆشیاری نەتەوەیی لە قۆناغێکدایە حزبی کوردی,کە نوێنەری ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوزای (ناسیۆنالیزم) کوردیە هێشتا سوودی لە گەلانی پێشکەوتوو وەرنەگرتووە و تاوەکو ئێستا دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناو بەرهەمی سۆز و خەیاڵی شاعیراندا ئامادەیی هەیە. هەر لاوازیەکیش لە بنەما و داینەمۆی داگیرساندنی نەتەوەخوازی کوردا هەبێ کاریگەری دوژمنان و دراوسێیانی کوردی

---

([95])عەتا قەرەداغی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی ،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی2007،ل36.

**پێوە دیارە، چونکە هەر یەکێك لەو دەوڵەتانەی کوردی تیا دابەش کراوە ستراتیژو ڕێگەی جیاواز دەگرنە بەر بۆ ئەوەی هیچ پارچەیەکی کوردستان نەگاتە ئامانجی باڵای ,کە سەربەخۆیی و دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەییە.**

**هەربۆیە بۆسەرکوتکردن وتێکدانی ئاراستەی بیروشۆڕشی کورد, هەموویان هاوهەڵوێستن وبەدرێژای مێژوو کوردیان چەوساندوەتەوە.**

## بەشی دووەم :

## بەرەنگاریی و ژانی لەدایکبوونی بیری نەتەوەیی.

- پاری یەکەم:بەرەنگاریی چی یەو چۆن لەئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

- پاری دووەم:ژان یان فاکتەری لەدایکبوونی بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لای کامەران موکری.

## بەشی دووەم /بەرەنگاریی و ژانی لەدایکبوونی بیری نەتەوەیی

## پاری یەکەم / بەرەنگاری چییەو چۆن لەئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

### باسی یەکەم : واتا و چەمکی بەرەنگاری

ئەدەب وهونەر بەشێکی دیاریکراو وکاریگەرن لە ژیانی گشتی هەر گەل و نەتەوەیەکدا، چونکە لە ئەدەبدا دەنگ و ڕەنگی مێژوو وشارستانیەت دەردەکەوێت، گەلی کورد لەڕێگەی ئەدەب و بەتایبەت تر لەڕێگەی هۆنراوەوە مێژووی خۆی نوسیووەتەوە، لەبەرئەوەی هۆنراوە تاکە ئامرازی تۆمارکردنی سۆز و ئەندێشە و مێژووی بووە .

نەتەوەیەکیش لە کاروانسەرای شەڕی ئیمپراتۆریەت و داگیرکەراندا بوو بێت, ئەوا هەردەم چەوساوەو ستەم دیدە بووەو هەوڵی داوە بەرگری لەخۆی بکات و خۆی لەگەڵ سروشتی بێ بەزەیی داگیرکەراندا ڕابهێنێ,هەرچەندە نەتەوەی کورد لەڕێگەی سەرکوتکردنەوە نەتوانراوە لەناو ببرێت، هەروەها زمانەکەشی، چ بە دەسەڵاتی ئایینی بێ یان دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی سیاسی پشتگوێ خراوە. کە ئەوانە لە مێژوو ئەدەبی کوردیدا بەڕوونی دەردەکەوێت بۆ نمونە نوسەرانی وەکو ئیدریس بەدلیسی بەزمانی فارسی نوسیویەتی ومیر شەرەفخان لە سەردەمی 16 شەرەفنامەی بەزمانی فارسی نوسیوەو (( شێخ مارف نۆدێ " ئەل ئەحمەد یە ڤی تەرجوومەت ئەلعەرەبیە بیلکوردی " نوسیوە تەنیا لەبەر چەند هۆیەکی کەسێتی بووە کە کوڕەکەی فێری عەرەبی بکات لە کاتێکدا پتر لە چل و شەش بەرهەمی بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی نوسیوە )) .[96]

ئەمەش دەرخستنی لایەنێخۆبەکەم زانینی نوسەران وشاعیرانی کوردە، بەرامبەرکاریگەری گەورەی ئاین لەسەریان کە بەهۆی کاریگەری ئاینی و فەرمانڕەوایەتیەوە بوە بە بەشێك لە کەسایەتیان ، لە ئەدەبیشدا باباتاهر هەمەدانی بەسەرەتای دیار دادەنرێت کە ئەمانە بۆ خۆی لەگەڵ تەمەنی کۆن و شارستانی کوردا یەکناگرنەوە. واتە تەمەنی بوون و شارستانی کورد زۆر لەبەرهەمی تۆمارکراوی کۆنترەوئەوەیش دەرخستنی ئەو ڕاستیەیە کەلەلایەن دراوسێ و دوژمنانی کوردەوە بە چەندەها شێواز کارکراوە, بۆ فەوتاندنی کلتوورو زمانی کورد و زاڵ بونی پاوانخوازی ئاینی وفەرەمانڕەوای دوژمنان.

---

([96]) حوسێن محمەد عەزیز ، سەلیقەی زمانەوانی و گیروگرفتەکانی زمانی کوردی ، چاپخانەی کارۆ ، چاپی دووەم ، سلێمانی 2005 ، ل322.

**بارودۆخی گشتی نەتەوەی کورد ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبەکەیدایە، چونکە ((ناتوانین باسی ئەدەبی بەرگری هیچ میللەتێ بکەین بێ ئەوەی دەستنیشانی بار و زروفی ئەو ماوە مێژوویيە نەکرێ، چونکە ڕووداوی مێژووی ئازاراوی گیانی بەرگری لای شاعیر دەخولقێنێ و دەیوروژێنێ )).[97]**

**ئاستی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد بەهۆی چاپەمەنی و پیشەسازییەوە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە گۆڕانی باشتری بەخۆوە دیووە، چ لەڕێگەی حوجرەو مزگەوتەکان و چ لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە ئەو گۆڕانکاریانە بەدیهاتوون، لەبواری سەربەخۆیشەوە ڕاستە مێژوویەکی دوورودرێژی بەرخودانە، بەلاّم لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە توانراوە دەنگی خۆی بگەیەنێتە دنیای دەرەوە و خاوەنی زمان و هاواری خۆی بێ .**

**کەواتە ڕۆشنبیری کورد زیاتر لە ئەدەب و هونەردا خۆی نمایش کردووە، تاکو گوتاری فەلسەفی و ئیداری، بۆیە ئەرکی ئەدەبی لای کورد بەبەراورد لەگەڵ ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوودا گرانتر کردووە . چونکە(( ئەرکی هونەر ئەوەیە، ورەی مرۆڤ بەرز بکات و بارگرانی سەرشانی سوك و ئاسان بکات و فێری هیواو و خۆشەویستی و کۆڵنەدان و بڕوا بەخۆبوونی بکات))[98]**

**هەرچەندە ئەدەبی کۆنی زۆرلەگەلان بەئەدەبی کلاسیك دادەنرێت و لەم قوتابخانەیەشدا زیاتر گرنگی بە جوانکاری و ڕەوانبێژی دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی کوردی بەشێکی دانەبڕاو بووە لە گێڕانەوەی ژیانی گشتی. هەر بۆیە بە گوێرەی بارودۆخی هەرنەتەوەیەك پێناسە و ئەرك بۆ ئەدەب دادەنرێت .**

**(( ئەدەبی بەرگری بەرهەمێکی بیرییە و ڕۆڵی ڕەفز و سەرپێچی دەگەیەنێ لە کاتی داگیرکردندا، هەروەها جەماوەر ئاراستە دەکات و هانیان دەدا بۆ پارێزگاری بوون و بنەماکانی بونیان لەلایەنەکانی بیروباوەڕی زانستی و کولتوری و کۆمەلاّیەتی))[99]***

---

**([97]) د. عەبدوڵلاّ یاسین عەلی ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرودا (1939–1970) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر 2005 ، ل300.**

**([98])د.عثمان عبدول معروف بەرزنجی ، شیعری نوێی کوردی سالاّنی پەنجا و شەستەکان لە خوارووی کوردستاندا ، تێزی دکتۆرا,زانکۆی سلێمانی 2002 ، ل258.**

**([99]). د. عەبدوڵلاّ یاسین عەلی ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرودا (1939–1970) ، ل184.**

***هەروەها بڕوانە د.قصی الحسین ، الموت والحیاه فی شعر المقاومه ، ص11.**

د.عثمان بەرزنجیش بەم شێوازە شیعری بەرەنگاری دەناسێنێ (( شیعری بەرەنگاری لە جەوهەردا بریتیە لە شیعری وشیارکردنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی لەڕووی زەبرو زەنگدا واتە ڕەفزکەری واقیعی ژێردەستەییە لەگەڵ پەرەسەندن و ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی و تیژ بونەوەی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا ئەم جۆرە شیعرە پەیدا بووە )) [100]

کەواتە شاعیر ناتوانێت دابڕاو بێ لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خۆی، چونکە خۆی و ئەدەبەکەشی بەشێکن لە دنیای بەرینی ڕۆشنبیری گشتی قۆناغەکەی، هەر شاعیرێك چەندە بتوانێت تۆماری گەلی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بنەخشێنێ ئەوە بەبەرزی و نەمری دەمێنێتەوە بە پێچەوانەوەش ئەگەر دنیا ئاگرو گریان بێ و ئەو لە ئاوازی خۆی بخوێنێ ئەوا تەمەنی خۆی و بەرهەمەکەشی وەکو گەڵای پایز کورت و بێ ناو دەبێ .

لە ڕاستیدا هۆنراوەی بەرەنگاری دوورە لە ڕەگەزپەرستی، بەڵکو هاوسۆزی و مرۆڤایەتی بنەمایەکی هۆنراوەی بەرەنگارییە، چونکە بەرەنگاری دژی کارو ڕەفتاری خراپە، کە لە هەموو جێگەیەکدا مایەی دڵخۆشیە .

یاخیبون و بەرەنگاریی لە ئەدەبی گەلانی ستەمدیدەدا بەشێکی گەورەن و (( یاخیبوون لە نامەعقولەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە هاوکاتە لەگەڵ دۆخێکی ناعادیلانەو پەی پێنەبراودا ....سەرفرازی بۆ ئەوەی هەبێت ، دەبێ سەنگەری بەرگری بەرامبەر بە قوربانیان بۆ خۆی دروست بکات ))[101]

(( شیعری بەرگری لای هەر میللەتێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی جیهان سێ مۆرکی پێوە دیارە کە نەتەوەیی و چینایەتی و مرۆڤایەتییە ، ئەمانە بەشێوەیەکی میکانیکی و ژمێرەیی لەگەڵ یەکتر کۆنابنەوە بەڵکو لە ڕێی کارتێکردنێکی ئۆرگانی و وەزیفی زیندوو ئەمە ڕوودەدا ))[102]

---

([100]) د.عثمان عبدول معروف بەرزنجی ، بابەتی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ، شیعری سیاسی و بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا ، بۆ قۆناغی بەکالۆریۆس 2013–2014.

([101]) ئەلبێر کامۆ ، مرۆڤی یاخی ، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی ، چاپ و بلاۆکردنەوەی ئەندێشە ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2012 ، ل33–311.

([102]) د. عەبدوڵلاَ یاسین عەلی ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرودا (1939–1970) ، ل275.

لە هۆنراوەی بەرەنگاریی و نەتەوەییدا ئەدەب و هۆنراوە بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بار دەکرێت و زیاتر گرنگی بە پەیامی ڕوون و ئاگرین دەدرێت و ناوەڕۆکێکی کاریگەر و پارسەنگ و قورستر دەکرێت و هەندێك جار کاریگەری لەسەر ڕووخسار دەبێ .

شیعری بەرەنگاری زیاتر لەو گەل و وڵاتانەدا گەشە دەکات، کە کێشەی نەتەوەیی و نادادیان هەیە ، واتە ئەو گەلانەی لە ژیان و نان و ئازادی گەیشتوون هۆنراوەیان زمان و ئامانج و لایەنەکانی تری ژیانی گرتووەتەوە ، چونکە ڕەخنەگرانی ئەدەب لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەدەب لە ئیستاتیکای خۆی لا بدات و خۆی بکاتە قوربانی پەیامی سیاسی . مەرجیش نیە هەر هۆنراوەیەك بۆ مناسبەیەك یان سەرکردەیەك وترابێت و نوسرابێت ببێتە بەشێك لە ئەدەبی نەتەوەیی نەمر (( ئەو شیعر و ئەدەبیاتەی کە تەنها بۆ دەستە و تاقم و حیزب ڕێکخراوێك وترا بێت یا دەوترێت و لە پێناو ئامانجێکی کاتی و تایبەتیدا بێت و پەیوەندار نەبێت بە واقیعی نەتەوەکەیەوە و لە شێوەی دروشمی بریقەدار و پروپاگەندەی گروپ و لایەنێکدا بێت ئەوانە بە شیعر دانانرێت هەرچەندە لەوانەیە لەکاتی خۆیدا خەڵکیشیان هەژاندبێ....))[103]

چونکە ئەوە بەئەدەبێکی بەرگری دانانرێت،بەڵکو دەبێتە ئەدەبێکی سەپێنراو بەسەر شاعیر یا نوسەرەکەوە. تاکە چەکی دەستی شاعیر وشەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵکی خواستراو ئاسودە بەدی بهێنێت و لە هۆنراوەی بەرەنگاریشدا شاعیر زیاتر ڕوو لە دەرگای عەقڵ و هۆش دەکات و بە تەنیا سۆزی دڵ ناتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت . واتە شاعیر وشەکانی دەکاتە پشکۆ و چرای خوێنەرانی و کار لەگەڵ واقیعدا دەکات (( بەشێوەیەکی گشتی شیعری سیاسی و بەرگری بەرەو لای ڕاستەوخۆیی و وتاریی دەڕوات و کە ئەمەش وادەکات بریقە و جوانی هونەریی لە دەست بدات ))[104] دکتۆر عثمان دەشتیش بەم شێوازە ئەم جۆرەهۆنراوە دەناسێنێ (( شیعری بەرگری ئەو شیعرە ئازادیخوازانەیە کە لەلایەك دژی زۆرداری و خۆ سەپاندن و داگیرکارییە و لەلایەکی کە بەبەهای ئازادی و قارەمانێتی و فیداکاری و یەکێتی دا هەڵ دەڵێ*))[105]

---

([103]) د.عثمان عبدول معروف بەرزنجی ، شیعری نوێی کوردی ساڵانی پەنجا و شەستەکان لە خوارووی کوردستاندا ، تێزی دکتۆرا ، ل256.

([104])خالد الزبوون / مدخل الى شعر المقاومة ، بيت، ص114

هەر لەم بارەیەوە، دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناویش بەم شێوازە شیعری بەرەنگاری دەناسێنێ (( شیعری ڕەتکردنەوەو بەرەنگاربونەوەی هەموو ئەو هێز و دەسەلأتانەیە کە هەوڵی دەست بەسەرکردنی نەتەوەو سەربەخۆیی و مافە ڕەواکانی گەلێك دەدەن ))[106]

ئەگەر ئەدەب و هونەر خاوەنی زمان و فۆرمی جیاوازی خۆی بێ بۆ ئەو باسانەی دەبنە هەوێنی بابەتی شاعیر، ئەوا (( شاعیری بەرەنگاری کاتێ شیعر دەنوسێ دوو ئاست لەبەرچاو دەگرێ ، یان بەواتایەکی دیکە دوو ئامانجی هەیە ، لە دوو بەرەدا شەڕ دەکات : بەرەی هۆشیارکردنەوە و هاندان و بەرەی ڕەتکردنەوە ))[107]

شیعری بەرەنگاریی و سیاسی بەشێکە لە قولأیی گرفت و ژیانی هەر قۆناغێك (( مەبەست لە شیعری سیاسی ئەو شیعرەیە کە ئەرکی دەربڕینی ئەو بیروباوەڕانەی پێ بیننراوە کە پەیوەندیان بە حوکم و دەستەلأت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و ولأتەوە هەیە و هەروەها باسکردنی لە قەوارەیەکی سیاسی و وولأت و خۆشەویستی نەتەوە دەگرێتەخۆی)[108] ئەدۆنیس لەم بارەیەوە دەڵێ(( هۆنراوەی بەرگری جۆرێکە لە دژە هێرشی کولتوری بەرامبەر کولتوری داگیرکەران ))[109]

لێرەدا پەیامی هۆنراوەی بەرەنگاری ژیان و ئازادییە بە شێوازێك هیچ گەل و نەتەوەیەك نەکرێتە ڕەعیەت و ژێردەستەی دەستەلأتێکی ناداد، بەڵکو ئامانجی ژیانێکی شایستەیە بەگشتی (( پەیوەندی شاعیر بە مێژووەوە گرنگ و قوڵەو لە داهێنانە هونەریەکەیدا کاریگەرە ، چونکە ..ڕووداوی مێژووی بەلای شاعیرەوە ئەو زەمینەیەیە کە هزرو ئەندێشەی خۆی لێوەردەگرێت ، شاعیری داهێنەریش وەکو مێژوونوسێك ڕووداوەکانمان بۆ ناگێڕێتەوە ،

---

([105]) د.عثمان دەشتی ، دەربارەی ناوەڕۆکی کۆمەلأیەتی و سیاسی شیعرەکانی هێمن ، چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆژهەلأت ، هەولێر 2009 ، ل52.

*هەروەها برِوانة د,كمال معروف ، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ، ج1 ، مطبعة أزاد ، ستوكهۆلم ، 1992، ص156.

(106)ئەبو بەکر خۆشناو ، شیعری بەرەنگاری کوردی (1975–1991) کۆمپیتەر و چاپی ڕووناکبیر ، چاپی یەکەم ، سلێمانی2002 ، ل36.

([107])سەرچاوەی پێشوو ،ل196.

([108])نەسرین ڕەئوف ئیسماعیل ، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا سالأنی ( 1920–1958) زانکۆی کۆیە 2007.

([109]) ئةدؤنيس ، زمن الشعر ، دار العودة ، بيروت ، طبعة الأول ، 1972 ،ص106.

بەڵکو دەیکاتە وزەیەکی قەشەنگی هونەری ...شاعیر ئەو ڕابردووە دەکاتە ژیانێکی ئێستایی بە بینینی داهاتووی مرۆڤەوە گریٚ دەدات))[110]*

ئەدەب و سیاسەت بە شێوازێك ئاوێتەن ,کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر یەکتر بەجێ دەهێڵن .(( ئەوانەی پێیان وایە شیعر دەبیٚ دووربیٚ لە کاکڵ و پەیامی سیاسی،بۆ چونەکەی خۆشیان سیاسیە . سەرچاوەی بۆچونەکەیان ، نیاز و خواستی حاکمانی هونەر کوژ و پادشاکانی زەمانە )).[111]

لە ڕێبازی ڕیالیزمدا ڕونتر و فراوانتر بەرهەمی نەتەوەیی و بەرەنگاریی دەبینرێت، چونکە لەم قوتابخانەیەدا خەڵك و ژیانی گشتی هەوێنی بەرهەمی ئەدەبین و زمان و فۆرمەکانیشی زیاتر نزیکن لە چینی خوارەوە، چونکە (( ئەدەبیات بە تەنیا قارچکێك نییە خۆی هەڵتۆقیبیٚ لەناو ئەرزێکی وشکەلاٚندا ))[112]کەواتە ئەدەب هەڵقولاٚوی بارودۆخی سەردەم وژینگەی خۆیەتی,واتە ئەدەب بەشێکە لەزمان وگێڕانەوەی ژیانە گشتیەکەوهەست وسۆزی شاعیر (( دەتوانین بە هەموو ئەدەبی بەرگری بڵێین ئەدەبێکی واقعی مرۆڤایەتیە )) [113]

هەبوونی بەرهەمێکی کاڵ و کرچ ناتوانێت شاعیرێك بخاتە ڕیزی شاعیرانی بەرەنگاری و نەتەوەخوازییەوە،چونکە((شاعیرانی نەتەوایەتی ئەو کەسانە بوون کە توانیان ببنە ڕێنیشاندەری ئایندەی نوێی گەلەکەیان، کەدوای ئەو بارودۆخە ناهەموارو نەرێنییەی کەتێیدا بوون ڕووبەڕووی بونەتەوە بە ڕێژەیەکی زۆر ... پرۆسەی داهێنانی هۆنراوە ئەو توانایەیە کە بەشاراوەیی هەڵگیراوە، بیرۆکەکەی وێنەئەگرێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بۆنەتەوەکەی,و ئەمەش مەرجی سەرەکی بنەماکانی شاعیری نەتەوەییە ))

---

([110]) د. عەبدوڵلاٚ یاسین عەلی ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرودا (1939–1970) ، چاپی یەکەم ، ل181.

*هةروةها برِوانة د. ماجدأحمد السامرائي ، التيار القومي في الشعر العراقي الحديث ،ص167.

([111]) ڕەحیم لوقمانی ، ئەرکی شیعر ، گۆڤاری ڕامان ، ژ26، 5ئابی 1998،ل121.

([112]) د.هیمداد حسین ، گوتوبێژ ، گۆڤاری 23 ، ژمارە 5 ئەیلولی 2011 ،ل86.

([113]) د. عەبدوڵلاٚ یاسین عەلی ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرودا،ل13.

بۆیەهۆشیاری شاعیرلەدۆخی دەوروبەروئاویتەکردنی کارەساتەکانی نەتەوە بە بەرهەمەکانی وادەکات سۆزوهۆشیاری خوێنەر پێکەوە کاریگەرتربن.[114].

(( شیعری کوردی لەسەر ئاستی پێویست کاری لەسەر ڕووداوە مەزنەکانی نەتەوە کردووەو سودی لە بەکارهێنانی مێژوو کردووە *و لە دابین کردنیدا لە نێو پانتای نوسیندا ، بەڵگەشمان زۆرە بەتایبەتی لەسەر داستانە شیعریەکان کە توانیویانە لەناو یادەوەری مرۆڤی کوردا جیێ ی خۆیان بکەنەوە )).[115]

شیعر بە گشتی ڕۆڵی لە پاراستنی زمانی نەتەوەدا هەبووە لە هەمو ئەو ناهەموواریانەی کەبەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە .

(( تاکە ئامرازێك کە لە سەدەکانی ڕابردوودا لەبەردەست ئەم ناسیۆنالیزمەدا بووە تەنها شیعرو ئەدەب و ڕەگەزەکانی دیکەی کەلتور بووە )).[116]هەروەك ئەحمەدی خانی دەڵێت:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد

بیێ مەعریقەتن ، بیێ ئەصل و بونیاد

ئەنواعی میللەل خودان کتێبن

کورمانج تەنیێ دبیێ حسێبن .[117]

هۆنراوەو سرودە کوردییەکان، کەلەکاتی جەنگدا لە تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانەوە لێدەدرێن هەست و سۆزی خەڵك بەگشتی و پێشمەرگەو هەموو کوردێکی خاوەن ویژدانی زیندوو دەهەژێنیێ بە شێوازێك هەست بە ستەمدیدەی نەتەوەکەی بکات و گیانی بەرەنگاری

---

([114]) د.ماجد أحمد السامرائي ، التيار القومي في الشعر العراقي الحديث ، طبعة الثاني ، دار العربية للطباعة بغداد 1983،ص24-25.

([115]) د.قمری سعید عەزیز ، هەڵوێست لە شیعری کوردیدا (1800-1970) زانکۆی سلێمانی 2002 ،ل32.

*(مێژووکردووە )لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە ناسازە, چاکتربووئەگەر بنووسرایە( مێژوو وەرگرتووە )

([116]) ئارام محمد قادر ، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەری کوردیدا ، تێزی دکتۆرا ،زانکۆی سلێمانی 2010،ل126.

([117]) أحمدی خانی ، مەموزین ، ئامادەکردنی هەژار ، پاریس ، 1989، ل24 ،بۆ زانیاری زیاتر سەرنج بدە سەرچاوەی پێشوو ،ل24.

لای بەهێزدەکات ، کەواتە هۆنراوەی بەرەنگاریی و نەتەوەیی ڕۆڵی لەکاتی جەنگ وبەرگریدا زیاتر کاریگەر دەبێ ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەجگە لەکاتی جەنگ ئەم لایەنەی ئەدەب بێ نازە، بەڵکو بەشێکە لە ئەدەبی بەرزی نەتەوایەتی و ئەم کاریگەریەش لە دنیادا بەگوێرەی دۆخی سیاسی ومێژووی دەگۆڕێت .

(( فرۆکەکانی سوێند خۆرەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا قەسیدەی (ئێلوار ) یان بەسەر فەرەنسادا بلاْودەکردەوە بۆ گەرمبوونی جەنگی بەرگری و بەرهەڵستی فەرەنسی دژی ئەڵمانیای نازی )) .[118]

لەبەر ئەوەی لەوکاتەوەی شاعیران هەست و بیری ئازادیخوازی و یەکسانی لە کەللەیانی، داوە ئەگەر بە ڕاستەوخۆش نەبێ ئەوا بەناڕاستەوخۆ باسیان لە نادادی ڕۆژگار و چەرخی چەپ گەرد کردووەو بەشێوەی سکالاْ بەرەنگاری بەرامبەری مادی و مەعنەوی بونەتەوە. ((ئەگەر بمانەوێ سەرەتایەك بۆ شیعری سیاسی کوردی دیاری بکەین ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە سەرەتای سەردەمی شیعری نوسراوی کوردی ، چونکە کرداری شیعردانان بە زمانی کوردی و نوسینەوەی سەرەتاێیکە بۆ سەرهەڵدانی شیعری نەتەوەی )).[119]

کەریم شارەزا ڕای وایە((مەلای جەزیری سەرەتای شیعری سیاسی کوردی داناوە وڕێگە خۆشکەر بووە بۆ أحمدی خانی کە ڕێچکەکەی بگرێت )) .[120] بەلاْم لەڕاستیدا ئەم ڕایەی مامۆستا کەریم زۆر قوڵ نیە,چونکە هەر خۆی لەناوەڕاستی نوسینەکەی لەبارەی مەلای جەزیریەوە دەڵێ((مەلای جەزیری مەگەر بۆ شانازی بەخۆوە کردن ناوی کوردستانی هێنابێ دەنا چاومان بەبەرهەمێکی دیکەی ناکەوێ کە وەکو أحمدی خانی باسی لەزۆر لایەن نەکردووە، ئەحمدی خانی خۆی خستوەتە مەیدانی شیعری سیاسی و دەست نیشان کردنی دەردی بێ قەوارەی سیاسی )).[121] مامۆستا کەریم شارەزا ئەم تاکە دێڕەی مەلای جەزیری بە بەڵگەی نەتەوەی و سیاسی دەهێنێتەوە :

گەر لوئلوئی مةنثور ژ نەزمی تو دخوازی

---

([118]) نزيه ابو نضال ، جدل الشعر والثورة ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ص83.

([119]) کەریم شارەزا ، سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی ، گۆڤاری نوسەری کورد ، ژمارە 9 ، خولی دووەم ، تشرینی دووەم 1982،ل6.

([120]) سەرچاوەی پێشوو ،ل7.

([121]) سەرچاوەی پێشوو ،ل14.

وەر شیعری مەلێ بێن تەب شیراز چ حاجەت [122]

واتە ئەگەر مرواری و جوانی و ڕازاوەیت دەوێ شیعری مەلا بخوێنە پێویستت بە شیعری حافزی شیرازی نیە، ئەمە جۆرێکە لە شانازی کردنی مەلا بەخۆیەوە نەك دەرخستنی گرفتێکی نەتەوەی و سیاسی یاخود بەرەنگای ڕەفتار و دیاردەیەکی نەگونجاوی لەسەردەمی خۆیدا کردبێت. هەرچەندە (فەقێی تەیران)یش, کەشاعیرێکی میللیە باسی لەم بارەوە هەیەودڕی ئاغاو دەرەبەگە وکراونەتە گۆرانی لەسەرزاری خەڵك بوون,بەلأم وەکو خانی وجەزیری لێکوڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە.

دەتوانین بلێین شیعری بەرەنگاری ئەو شیعرەیە, کە شاعیر لەڕێگەی بەرهەمەکەیەوە ڕوولە بەرامبەر دەکات و بەرهەڵستی دەکات, بۆ هەر دیاردە و کردارێکی نەگونجاو و نابەجێ کەلەگەڵ کلتورو سودی گشتیدا نەگونجێ و بەشێوەیەکی ڕوون و سادە هاوتەمەن و هاولأتیانی گەلی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە(( دەکرێت شیعرە نیشتمانیەکانیش لە قۆناغی خۆیاندا، بخرێنە قاڵبی شیعری بەرەنگارییەوە، جا ئەو شیعرانەش بەپێی باری سیاسی و وشیاری هەر قۆناغە شێوەو چەمکی تایبەتی خۆی هەیە )) .[123]

مەرجیش نیە ئەدەبی بەرەنگاری تەنها لەسەنگەری جەنگدا بنوسرێت و شاعیر شەهید یان برینداری بیروباوەڕی بێت، بەرەنگاریش هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە و لە ڕێگەی بیری قوڵ و ڕۆشنبیری شاعیرەوە بەرهەڵستی هەردیاردەیەك دەکرێت و ئەدەب و هۆنراوەی نەتەوەخوازیش بەشێکە لە ئەدەبی بەرەنگاری، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەدەبی نەتەوەخوازی دەنگی نوسەران و شاعیرانە بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی بۆ دنیایەکی چاکترو لادانی نادادی و بەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی (( ئەو میللەتانەی ژیانێکی تایبەتی لەناو ستەم و زوڵم و چەوساندنەوەدا دەژین شیعر دەکەنە هۆیەك بۆ بەگژاچونەوەو تەحەدا کردن و ژیان و مانەوەو هەڕەشەی پێ دەکەن )) .[124]

---

([122])کەریم شارەزا، سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی ،گۆڤاری نوسەری کورد،خوولی دووەم1982،ژمارە9،ل37.

([123]) د. عوسمان عەبدول معروف بەرزنجی ، بابەتی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ، شیعری سیاسی و بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا ، بۆ قۆناغی بەکالۆریۆس 2013–2014.

([124]) ئازاد عبدولواحید ، کولتورو ناسنامە ، چاپخانەی سەردەم ، چاپی دووەم سلێمانی 2014 ،ل133 .

دەتوانرێت بە هەموو ئەدەبێکی نەتەوەیی بگوترێت ئەدەبی بەرەنگاری، بەڵام هەموو ئەدەبێکی بەرەنگاری نەتەوەیی نیە چونکە کاتێك شاعیر باس لە کێشەیەکی کلتووری و ئاینی دەکات و بەرەنگاری دەکات ,ناچێتە ناو بابەتی نەتەوەییەوە .

دەشکرێت هۆنراوەیەك وەسفی هۆزێك یان جەنگێکی دیار بکات و بە هۆنراوەی نەتەوەیی لە قەڵەم بدرێت بەمەرجێك لە مێژووی نەتەوەدا کاریگەری هەبووبێ، لەم بارەیەوە د.شوقی ضیف دەڵێ (( لە مێژووی عەرەبدا شیعری سیاسی لە ئەنجامی تێڕوانین و وێنە بۆ خەلیفایەتی و جیاوازی تێڕوانینی عەرەب بۆ خەلیفە لەوانە تێڕوانینی خەوارج و شیعە و زوبەیرییەو ئەمەویەکان دروست بووە)) .[125]

واتە تێڕوانینی قۆناغ و دیدی جیاواز بەشێکە لە مێژووە گشتییەکەی نەتەوە . دوژمنانی کورد ئەوەیان باش زانیوە کە کورد بە کوشتار بنبڕ ناکرێت,هەربۆیە لە هەوڵی تێکدانی کەلتورو سوتاندنی بەرهەمە بەنرخەکانیاندا بوون .

(( لە هاوینی ساڵی 1925 حکومەتی تورکیای فاشستی لە شاری ئامەد (دیار بەکر) دەستی کرد بە پشکنین بەدوای داستانی ( مەم وزین ) دا و هەردانەیەکی لەو پەڕاوە بەنرخە بەپەل کەوت سوتاندی ، چونکە ئەو داستانە نایابەی شاعیری نەمری کورد ( أحمدی خانی ) بڵێسەیەکی پیرۆزی کورد پەروەری وەلاپەڕەیەکی پڕلە شانازی ئەدەبی کوردە )).[126]

ئەمەش بەڵگەی کاریگەری هۆنراوە بووە لە هەست و ویژدانی کوردانی سەدەی حەڤدەهەمدا ، بێگومان تا دنیا مابێ هۆنراوەو سرودە نیشتمانیەکان بەشێکن لە پشکۆی زیندو ڕاگرتنی نەتەوەی کوردو کاریگەری سرودە نەتەوەی و بەرەنگاریەکانیش لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردا بە ڕوونی دیارە هەر بۆ نمونە هۆنراوەی ( ئەی ڕەقیب)ی دڵداری شاعیر بۆتە سرودێکی زیندوو کاریگەر,یادەتوانرێت بووترێت بۆتە مارشی نەتەوەی کورد. لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە .

---

(125) د. شوقي ضيف ، الفن و مذاهبة في الشعر العربي ، الطبعة السابقة دار المعارف بمطر 1969 ،ص34.

(126) گۆشەیەکی تایبەت (زانیوتە)، گۆڤاری ڕۆژی نوێ ، ژمارە 7 ، ساڵی 1 تشرینی یەکەمی 1960 ،ل16.

## باسی دووەم //

### ئەدەبی بەرەنگاریی ونەتەوەیی و ڕەنگدانەوەی لەئەدەبی کوردیدا:

هەرچەندە کۆمەڵگا پێش بکەوێت پێویستی بە ئەدەبی کلاسیك و شاکارەکانیەتی، واتە ئەو ئەدەبە دەبێتە بەشێك لە ڕۆشنبیری خوێندەوارەکانی (( مارکس لەخۆی دەپرسێت بۆچی هێشتا جوانی خوڵقێنراوی یۆنانی کۆن ئێستاش لە دیدی ئێمەدا جوانە. هەرخۆشی وەڵامدەداتەوە کە ئەو جوانیە گوزارشت لە منالی وسادەلآنی جیهان دەکات و ئێمەش لەگەرمەی ململانێکانی قۆناغی گەورەیماندا عەودالی ئەو منداڵییەین )).[127] ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە ئەدەبی کۆن زیاتر لەگەڵ سۆز و ئەندێشەی سەرەتایدا ئاوێتەیە و دەتوانێت کاریگەر بێت .

هۆراسیش لەبارەی مەبەستی شاعیرانەوە لە هۆنینەوەی هۆنراوە دەڵێ: (( مەبەستی شاعیران یان سود بەخشینە یاخود لەزەت پێگەیاندن یان لەیەك کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی بەندەکانی ژیانە )).[128]

ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین، هۆنراوەی نەتەوەخوازی و بەرەنگارییەکانی ئەدەبی کوردی و ( أحمدی خانی ) زیاتر دەچێتە خانەی سود بەخشینەوە ، چونکە پەیامی ئەم جۆرە هۆنراوەیە ئاگادارکردنەوەو بەرهەڵستیە، نەك پیاهەڵدان و خۆشکردنی دیوەخانان . (( ئەدەب ئەرك و دەلالەتە کۆمەڵآیەتیەکەی لەوەدایە کەدەبێ ببێتە پێناوێك لەو ململانێیەی لەڕێی وشیاری کۆمەڵآتیەوە بە خزانە ناو جەماوەر )).[129] واتە ئەدەبی مولتەزیم وپەیوەست بەشێکی دانەبڕاوە لەدۆخی گشتی کۆمەڵگەکەی و دەبێتە پاڵنەرێکی گرنگ بۆ ئاشنابوونی نەتەوە بەمێژوو شارستانی کۆن ونوێ وخودی ودراوسێکان.

---

([127]) ئەلبێر کامۆ ، مرۆڤی یاخی ، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی ، چاپ و بلآوکردنەوەی ئەندێشە چاپی یەکەم ، سلێمانی 2012 ،ل371.

([128]) هۆراس ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی حەمید عەزیز ، مطبعة الزمان ، بغداد 1979، ل30.

([129]) حەیدەر حاجی خدر ، ڕەخنەو ئایدۆلۆژیا ، بلآوکراوەکانی سەنتەری نما ، چاپی یەکەم هەولێر 2005 ،ل32.

نوسینی هۆنراوە بەزمانی کوردی بۆ مێژوویەکی کۆنتر لە شاعیرانی دیاری نەتەوەخوازی وەکو ئەحمەدی خانی دەگەڕێتەوە, بەڵام (( بەسەرنج دانێکی ورد لە شاعیر و ئەدەبیاتی کورد دەرئەکەوێ کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەکانی حەڤدەو هەژدە ئەگەرێتەوە، بەتایبەتی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا کە سیما و مۆرکی ئەو بیرەی پێوە دیارە ))[130] ڕاستە پێش ئەحمەدی خانی بەکوردی هۆنراوە نوسراوە، بەڵام بیری سەربەخۆیی و ئازادی بە قووڵی تێدا نابینرێ، هەر بۆ نمونە مەلای جەزیری لە تاکە دێڕێکدا بەم شێوازە ناوی کوردستان دەهێنێت :

گوڵی باغی ئیرەمی بۆهتانـــــــم

شەب چراغێ شەبی کوردستانم[131]

بۆیە دەتوانرێت ئەحمەدی خانی بەسەرەتای ڕوونی بیری نەتەوەیی لە ئەدەبی کوردیدا دابنرێت، چونکە هەرچی پێش خانی نوسراوە وەکو بەشێکە لە یادگاری شاعیر یان ناو هێنانێك کە هەستەبەزمانیجیاواز,بەڵام نەتوانراوە بگات بە بیرێکی قوڵ و نادادی فەرمانڕەوایی تیادا دەرنەکەوتووە, هەرچەندە لەبارەی ڕای سەربەخۆی شاعیرانیشەوە دیدی جیاواز هەیە,هەربۆنمونە عەتا قەرەداغی دەڵێیت:(( دەرکەوتنی بۆچونی تاکە کەسی وەکو ئەحمەدی خانی و سالم و نالی و حاجی قادری کۆیش لە چوارچێوەی شیعرو لە ژێر هۆکاری کاردانەوەو کاریگەری ئەوانی تردا نەیتوانیوە لەنێوەندی سیۆ سیۆ ڕۆشنبیری کوردیدا و لەسەر وەختی خۆیی و دواتریشدا هیچ ئامادەبونێکی کۆمەڵایەتی هەبێت,چونکە ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا نە دەرکەوتووە و نە بوەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی )) .[132]

ئەم ڕایەی عەتاقەرەداغی ناگاتە ئەوەی ئێمە دادگایی شاعیرانی خۆمان بکەین,چونکە (( شیعر بە پێی پلەی شارستانیەتی مرۆڤ و ئەندازەی پێشکەوتنی یاسای ژیانی، ئەمیش پێشکەوتو ئەبێت واتە ئاوێنەیەکە کە شێوەی ژیانی چەرخی شاعیرەکە نیشان ئەدات و

---

([130]) د. محمد أحمد سعيد ، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی ، چاپی دەزگای سەردەم ، چاپی یەکەم سلێمانی 2008 ،ل285.

([131])زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی،لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە،چاپی چوارەم ،چاپخانەی المستقبل،لوبنان،2010،ل191.

([132]) عەتا قەرەداغی ، گوتاری ناسۆنالیزمی کوردی ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی یەکەم،بەرگی یەکەم ، سلێمانی 2007،ل 160.

**تەعبیرە لە یاسای باوی چەرخەکەی ))** .[133] **لێرەداچەند شاعیرێکی دیاری ئەدەبی کوردی دەخەینەڕوو بە گوێرەی مەوداکەمان ,دیارترین شاعیرانی دێرێن :**

**1–ئەحمەدی خانی** ((1650–1707))

**لێرەدا بەگوێرەی مەودای لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەچەند هۆنراوەیەکی بەرەنگاری و نەتەوەیی شاعیر دەدەین ، ئەحمەدی خانی وەك پێشەوای بیری نەتەوەیی بنەمای ژیانێکی سەربەخۆی نەتەوەی باسکردووە و دەڵێ :**

**گەردی هەبوو یا مەئیتیفاقەك**

**ڤێکرا بکرا مە ئینــقیـــارەك**

**ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی**

**هەمیان ژ مەرا دکـــر غولامی**

**تەکمیل دکر مەدین و دەوڵەت**

**تەحسیل دکر مەعیلم و حیکمەت**[134]

**شاعیر داوای یەکگرتنی نەتەوەیی خۆی دەکات. هەر ئەوە نەبێ هەست و سۆزی خۆی دەربڕیبێ، بەڵکو بەرەنگاریی ئاکاری خراپیش بوەتەوە و بەرەنگاری دەبێتە بەشێك لەبیری خانی و تانە لەبەرپرس وسەرۆکە کوردەکان دەدات و دەڵێت:**

**تا بیعەت وان ئەگەر چی عارە**

**ئەو عارە ل خەلــقی نامـــــدارە**

**ناموس لە حـــــاکم و ئەمیــران**

---

([133]) **أ.ب.هەوری ، شیعری کۆن و نوێ ، دەزگای هاوکاری ، چاپی یەکەم سلێمانی** 1975 ل17.

(134)

([134] ) **د.شوکریە رسول,ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب ,چاپخانەی خوێندنی باڵا,چاپی یەکەم,هەولێر,**1989,ل78

**تاوان چیه شاعیــر و فەقیــــــران .** [135]

**لەڕاستیدا ئەم هۆنراوەیە لە جۆری بەرەنگارییە، کە ڕوو لە خەڵکی هاوزمان و نیشتمانی خۆی دەکات ودەڵێ ئەوە پاشکۆی و هەڵپەرستی دەستەڵاتدارانە,کە خەڵکی توشی مەینەتی کردووە ، چونکە خەڵکی ڕەشۆك ( شاعیر و فەقیر ) کاریگەری ناکەنە سەر هێزی دوژمن ،بەڵکو بەکارکردنی خەڵکی ناودار ئەوکارە دەکرێت. لەگەڵ بیری قوڵی خانیدا هەندێك جار دەکەوێتە بەر ڕەخنەی نووسەر ورڕەخنەگران، هەر بۆ نمونە فاضل کریم أحمد (مامۆستا جەعفەر )دەڵێ (( خانی شانازی بەیەك پاڵنەرەوە دەکات کە هانی داوە بۆ نوسینی شاکارەکەی ، ئەویش دەمارگیری و شانازیکردنە (تەعسوب) بۆ عەشیرەت**

**یەعنی نە ژ قابلی و خە بیــــری**

**بەڵکی بە تەعەسسوب و عەشیری**

**جیاوازی نێوان عەشیرەت و نەتەوە یەکجار گەورەیە )) .** [136]

**ئەوەی جێگەی سەرنجە کە سەردەمی خانی پارلەمان و ئەنجومەنی وەزیران نەبوە، تاکو باسی دەزگای حکومەت بکات، باسکردن لە عەشیرەت جگە لە نەتەوەو باسکردن لە پاشا جگە لە فەرمانڕەوای کورد هیچی دیکە ناگەیەنن .**

**دەتوانین بڵێین خانی پێشەواو دەلیلی شاعیرانی دوای خۆیەتی بۆ ئەوەی بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی و ئازادیخوازی ئاوێتەی دنیای ئەدەب و خۆشەویستی بکەن .**

2-**حاجی قادری کۆیی** : (( 1815 – 1897 ))

**هەرچەندە لەڕووی تەمەنەوە حاجی لەنالی بچوکترە,بەڵام ئەوەی وادەکات حاجی لە پێشتردابنەین زۆری وقوڵی بیرە نەتەوەییەکەی حاجیە بەراوردبە نالی.**

---

([135]) **سەرچاوەی پێشوو**،ل79.

([136]) **فاضل کریم أحمد ، تاریخ الفکر الکردي ، ترجمة د. بندر علی مندلاوی ، مؤسسة حمدی للنشر الطباعة ، سلیمانی** 2011 ،ص188.

(( شیعری سیاسی ئەگەر لای خانی ڕێچکەیەك بوو، لای حاجی بوو بە ڕێبازێکی پان و بەرین و بوو بە قوتابخانەیەکی تازە لە شیعری کوردیدا )) .[137] بیری قوڵی ژیاندۆستی و نەتەوەیی و بەرەنگاریی لایحاجی بە زمانی هۆنراوەو نزیك لە تێگەیشتنی گشتیەوە بەرهەم هاتووە، چونکە حاجی ئەوەی زانیوە شاعیر ئەرکی گەورەشی لە ئەستۆدایە(( شاعیرانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە قوڵترین هەست و مانایان لە زمانی خۆیان بەرهەم هێناوە ))[138] لە سەردەمێکدا کە حاجی ژیاوە بیری ئاینی کاریگەری گەورەی لەسەر کۆمەڵ بەگشتی و کوردستان هەبووە، بەڵام حاجی بەرەنگاری بیری کۆنە پەرستی و هەلپەرستی پیاوانی ئاینی کردووە وهۆنراوەی بەرەنگاری ئاینی نوسیوە ،کەدەڵێت:

بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە

بەئـــــــاو و نیعمەتی خەڵقە گەڕانی

لە بۆژن دێ لە کۆڵان وەك سەگی هار

لە ژن هەڵدێ بە میسلی کەر لە خانی .[139]

ئەم هۆنراەوخەڵکیسەردەمیخۆیلەتەڵەکەوفێڵیپیاوانی بەناوئاین هۆشیاردەکاتەوە,ئەمەش بۆخۆی بەرەنگاری سیڤەتی بەرژەوەندخوازنەی ئەوکاتەیە کە شاعیر لێی بەئاگابووە.

لە جێگەیەکی تریشدا دەڵێ :

حەز دەکەی تێ بگەی لە بێ دینی

ببە دەروێشی شێخەکان بە هەوەس .[140]

---

([137]) د. شوکریە رسول ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، چاپخانەی خوێندنی باڵا ، چاپی یەکەم ، هەولێر 1989،ل80.

([138]) ئەکرەمی میهرداد ، بیرکردنەوە لە شیعر ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 211 ، کانونی یەکەمی 2014 ،ل77.

([139]) دیوانی حاجی قادری کۆیی ، لێکۆڵینەوە سەردار میران و کەریم شارەزا ، سنندج إنتشارات کردستان 1390هەتاوی ،ل153.

([140])سەرچاوەی پێشوو ،ل72

دیاره پیاوانی ئاینی سەردەمی قۆناغی ژیانی حاجی خەڵكی هەژاریان زیاتر ڕوتاندوەتەوە, كە ئەمەش ئەو جۆرە لە بەرەنگاریی ئاینیە ( داب ونەریتی ناپەسەند ) لای حاجی دێنێتە بەرهەم.لە بەرهەمی نەتەوەخوازیشدا (( حاجی ئەوەندە ڕەمزی ناسیۆنالیستی و ئەوەندە بە یەكێك لە باوكانی بزوتنەوەی نەتەوەی دادەنرێت و شایەنی لەسەر نوسین و پەیكەر بۆتاشینە و مۆڵكی هەموو پارچەكانی كوردستانە )) .[141] حاجی دەزانێت یەكگرتن و هێز و چەك پێویستن بۆ بەدەست هێنانی ئازادی ،هەربۆیە دەڵێت:

جۆشێك بدەن وەكو هەنگ ، تەگبیر بكەن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیدا كەن تۆپ و تفەنگ هاوەن .[142]

حاجی وەكو شارەزایەكی ڕامیاری ئامۆژگاری سەركردەو فەرمانڕەوایانی كوردی كردووە، دیبلۆماسیەتی بەهێز دروست بكەن و پشتیوان بۆ خۆیان پەیدا بكەن بۆ ئەوەی ئایندەی پێدروست بكەن و دەڵێت:

گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن

بێگانە چاكە دوشمن نەك دوشمنی لە خۆتان

ڕۆمی وەكو بەنی موون كەس پشتیان پێ نابەستێ

كەوتوونە داوی خۆیان ، سەرگەشتە ماون حەیران.[143]

حاجی ئەوەشی دەرخستووە، كە پشت بەستن بە خەڵكی تر ( دەوڵەتان )، نابێ بە شێوازێك بێت لەكاتی دەست بەرداندا كورد ڕەنج بە بابێ و دەڵێ ( ڕۆمی وەكو بەنی موون )

---

([141]) مامۆستا جەعفەر ، ناسنامە و سیمبولی نەتەوەیی ، گۆڤاری نۆڤین ، ژمارە 9 ، تشرینی یەكەمی 2006 ،ل50.

([142]) دیوانی حاجی قادری كۆیی ، لێكۆڵینەوەی سەردارمیران و كەریم شارەزا ، چاپی دووەم ، بڵاوكردنەوەی كوردستان ، سنە ،ل96.

([143]) سەرچاوەی پێشوو ل95.

واتە, نەکرێنە دۆستی هەمیشەیی (( ئەدەب تەعبیر لە ژیان دەکات و دەربڕی تێگەیشتنی ئەدیبە لە کۆمەڵگەکەی و تێگەیشتنی ئێمەش بۆ ژیان چڕتر دەکاتەوە )).[144]

حاجی کەسێکی دووربین و شارەزا بووە لە ژیانی گەلانی تریش، بەشێوازێك درکی بەوە کردووە کە گەلانێکی کەم لەڕوی ژمارەو جوگرافیاوە بەراورد بە کورد, بونە بە خاوەنی ئالاّ و دەوڵەتی خۆیان، بەلاّم کورد بیّ بەشە لەو ئالاّو دەوڵەتە ودەڵێت:

بولغار و صیرب و یۆنان هەم ئەرمەن و قەرتاغ

هەرپێنجیان بە تەعداد نابن بەفەردی بـــابـــان

هەرئێکە موستەقیــــــللن ، کوللێکی دەوڵەتێکن

صاحیبی جەیش و ڕایات،ئەرکانی حەرب ومەیدان.[145]

واتە ئەم پێنج دەوڵەتە سەربەخۆیە، کە خاوەن سوپاو ئالاّن بەقەد بابان نابن، کەچی ئەم کوردستانە گەورەیە هەر ژێر دەستە و پچڕ پچڕە .

ئەگەر ئەحمەدی خانی سەرەتای بیری ڕوونی نەتەوەیی بێت لە ئەدەبی کوردیدا ئەوا لەزاریخواروولەمیرنیشینی بابان دواتریش حاجی قادرپێشەڕەوبووەوزۆرلەپێداویستیەکانی ناسیۆنالیزمێکی سەرکەوتووی باس کردووە وبەرەنگاری هەر کردارو نەریتێکی نابەجیّ بۆتەوە، بەرەنگاریش لای حاجی, گۆڕانە بۆ دۆخێکی چاکتر لەوەی کە هەیە و هیواخواستنە بۆ ئەوەی, لاسەنگیەکانی کۆمەڵ چاك بکاتەوە .

3- نالی ( 1798- 1873)*

هەروەکو چۆن باسی سۆفیگەری بکرێت، ناکرێت مەحوی شاعیر باس نەکرێت هەر بەو پێوانەش بۆ بابەتی بەرەنگاریی و نەتەوەیی پێویستە باس لە نالی بکرێت لەبەر دوو هۆ :

---

(144) ئازاد عەبدولواحێد کەریم ، سۆسۆلۆژیای شیعری کوردی ، چاپی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر2005 ل97.

(145) د.کمال مەعروف ، ڕەخنەی نوێی کوردی ، چ1،چاپخانەی ئەزمەر ، چاپی یەکەم سلێمانی 2007 ،ل28 .

*ڕاوبۆچون لەبارەی ژیان وتەمەنی نالی جۆراوجۆرە، ئێمە بۆچونی د.عەبدوڵلاّ حەدادمان لازیاترپەسەندە،ئەویش لەنامیلکەی (نالی لەدەرەوەی کوردستان)دا ئەو بەروارە دیاری دەکات.

أ/ نالی خۆی قوتابی حوجرەو مەلا بووە، بەڵام مەلایەکی هۆشیار، کە بەرەنگاری داب و نەریتی نەگونجاوی کردووە، کە بەناوی دینەوە ئەنجام دراوە .

ب/ هەرچەندە کەمترین لایەن، بیری قوڵی نەتەوەخوازییە لای نالی، بەڵام بە چامەکەی کە بۆ سالمی شاعیر دەنێرێت وەکو یادگارێکی شاعیرە، دەتوانرێت وەکو بیری نیشتمان و غوربەت باس بکرێت. واتە سۆزودابڕانە لە تاراوگە نالی دێنێتە کوڵ,چونکە هۆکاری نوسینی شیعرەکەش دوورە وڵاتییە.

(( لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەم زمانە ئەدەبیە یەکگرتوەی ئەمڕۆ کە کورد پێی دەنوسێ ، میراتی میرنیشینی بابانە ، هەر لەڕۆژانی پەیدابوونی ئەم میرنیشینەوە شێوە خواروی زمانی کوردی بووە زمانی ڕەسمی میرنیشینەکە )).[146]

هەرچەندە نالی ئەگەر بیرێکی نەتەوەیی قوڵی نەخوێندۆتەوە، بەڵام بەتاکە چامەکەی لە ئەدەبی کوردیدا جێگەی خۆی بردوەتە ئاستی حاجی قادر، بەڵام نەك وەکو ئەو هەستی بە کەموکوڕیەکان نەکردووە و ڕەنگە لە ئەنقەست باسی نەکردبێ، چونکە بەبەرچاویەوە ڕوخاندن و نەمانی میرنیشینی بابانی دیوە.

(( لای نالی مەنفا سەر زەمینی ویستی گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردووە کەچی لای حاجی باوەشکردنە بە ئایندەدا .هەر ئەمەشە ئارەزووی نالی ئارەزووی گەڕانەوەیە بۆ ناوخانەقاکەی لە کاتێکدا حاجی قادر ئامۆژگاریمان دەکات هەوڵی ڕاستەقینە بدەین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی )) .[147]

لە چامەکەیدا دەڵێت :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری (شارەزوور)

ئەی لوطفەکەت خەفییو هەوا خواه و هەمدەمە

وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضور

---

([146]) د. كاوس قةفتان ، بابان.سؤران,بادينان، ضاثخانةى الحوادث ، ضاثي يةكةم يغداد 1985،ل21.

([147]) مەریوان وریا قانیع ، ناسۆنالیزم و سەفەر ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی یەکەم سلێمانی ،2005 ،ل68.

**سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم ، دڵ و دەرون**

**نەیماوە غەیری گۆشەی زیکرێکی یا صەبوور.**(148)

**گێڕانەوەی مێژووجوگرافیای نیشتمان بەشێکە لەسۆزی بەکوڵی نالی بۆجێگەی بوون وپێکهاتەی کەسایەتی.**

**ئەگەر تەنها ئەم سێ دێڕە وەربگرین وا دەردەکەوێت کە شاعیر تەنها باسی غوربەت و دووری خۆی دەکات و گۆشەی سەبری شڵەژاوە، هەرچەندە چەندەها دێڕی تر پرسیارکردنە لەو شوێن و شارانەی کە نالی تیایدا ژیاوە و بوەو بەبەشێك لە یادگاریەکانی، کەلە غوربەتدا ئەم بەرهەمەی پێ لە دایك بووە .**

**لەگەڵ ئەوەشدا هەست و سۆزی جێگە (شوێن ) نیشمان وەك یادگاریەك نالی دەجوڵێنی و سڵاو بۆ یارەکەشی دەنێرێت و دەڵێت:**

**ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینــە بێـــــمەوە**

**یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صور؟**

**حالی بکە بەخوفیە: کە ئەی یاری ســەنگ دڵ**

**((نالی)) لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دور .**(149)

**چامەکەی نالی سەرتاپای گفتۆگۆیە لەگەڵ ناخێکی تامەزرۆی نیشتمان، وەکو بەشێکی دابڕاو لە دڵ و جەرگی کەسێك,کە تەنهابەجەستە دوورە ولاٌتە ، نیشتمان تەنها دەرودەشت نییە ,بەڵکوبەشێکە لەڕۆحی نالی,کەئەویش خۆی لەیادگاروهاوڕێیان ومێژوویەکی سیاسی وکۆمەلأیەتیدا دەبینێتەوە, جگە لەمەش شاعیر شانازی دەکات بە زمانی کوردی نوسینی خۆیەوەو دەڵێ :**

**طـەبعي شەککەر باری من ، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا ،**

**ئیمتحانی خــــۆیە مەقصودی ، لە (عمدا ) وا دەکا**

---

([148]) نالی ، لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم ، چ1،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد 1976 ،ل175.

([149]) سەرچاوەی پێشوو ،ل197.

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

کەس بە ئەلفاظم نەڵی خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا .(150)

لەڕاستیدا ئەو هۆکارەی نالی کردووە بە شاعیرێکی دیار و باڵای ئەدەبی کوردی، بەرزی هونەری چنینی هۆنراوەکانیەتی و هۆکارێکی تریش نالی، وەکو قوتابخانەیەك بوە بە سەرەتای دەرکەوتنی زاری کرمانجی خواروو ئەگینا نالی جگە لە شانازی تاکە کەسی و گریانی غوربەت هیچ پلان، و نوێگەریەکی بۆ ناسیۆنالیستی کوردی نەخستوەتە ڕوو واتە، وەکو حاجی قادر پلان و هەنگاوەکانی دەوڵەت داری باس ناکات، کەواتە دەکرێت زیاتر بۆ لایەنی بەرنگارییە ئاینییەکە بۆ ئێمە مەبەست بێ، کە قوتابی حوجرەو مەلای ئاینی بەرەنگاری پیاوانی ئاینی بێ ( نالی بە زمانی کوردی نوسیویەتی، بەلأم بەبیری ناسیۆنالیست نەینوسیوە ) .هەر وەکو لێرەدابەرەنگاری پیاوانی ئاینیی دەکات ودەڵێت :

ڕیشەکەی پان و درێژە ، بۆ ڕیا خزمەت ئەکا

ظاهیرە هە رکە س بە طول و عە رضی ڕِیشیدا ڕِیا .(151)

بۆمەبەستی داشۆرین زۆرلەشاعیرانی کورد هۆنراوەیان نووسیوە,ئەم هۆنراوەی (نالی )یش جۆرێکە لەوبابەتانەی,کە ڕەخنە لەپیاوانی ئاینی سەردەمی خۆی دەگرێت,ئەمەش بۆسەردەمی خۆی دەرخستنی فێڵ وتەڵەکەی بەناوئیمانداران بووە,کەواتە جۆرێکە لە بەرەنگاری ئاینی.

ئەمە دەرخستنی ئەو لایەنەیە، کە بەدرێژای مێژوو ئاین، وەکو کەرەستەی بەرژەوەندی پەرستانە بەرکارهێنراوە و ڕیشیش یەکێك بوە لە وەسیلەکانی خەڵەتاندنی دەوروبەر ، بەڕاستی ئەم دنیابینیەی نالی وا لە سەدەی بیست و یەکدا ڕاستر دەردەچێ، چونکە ئێستاش چەندەها بزاڤ و سەلەفیەت ڕیشیان کردووەتە کەرەستەی هەڵ خەڵەتاندنی گەنجان و خەڵکی سادە و ڕەشۆك .

---

([150]) سەرچاوەی پێشوو ،ل106–107.

([151]) سەرچاوەی پێشوو ،ل128.

**یان لە جێگایەکی دیکەدا نالی وەکو سکالاّ دەڵیٚ :**

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحـــــــفە فرۆشم**

**زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی ، ئێستە خەمۆشم .**[152]

**ئەم دێڕە بەرەنگاری نالی دەردەخات بۆ خەڵك ،کە سودی ڕۆشنبیری و هونەر نازانن و ئەمەش وایکردووە شاعیر سارد بکاتەوە .**

**نالی لە جێگەیەکی تردا لەبەر گۆڕانی دۆخی کۆمەلاّیەتی سکالاّ لە چەرخی چەپ گەرد دەکات، کەلە ڕاستیدا بەرەنگاری ڕەوشتی باوی کۆمەڵەو،هەربۆیە دەڵێت:**

**چەرخی چەپی گەردونە ، ڕاست و چەپی چەند دونە**

**بیٚ چـــاکە کە چ بێـــچونە ، ڕاستی لە چـــەپی نایە .**[153]

**4-سالم** (1800- 1866 )

**سالم وبیری نەتەوەخوازی:**

**هەرچەندە زۆر لە شاعیرانی کۆنمان ( کلاسیك و میللی ) دەرچوی حوجرەی مزگەوتەکان بوون ، بەلاّم بەرهەمی بەرەنگاربونەوە و بەرهەڵستی دیاردە و کرداری نابەجێیان نوسیوە بەتایبەتی ئەو لایەنانە کە لە ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە .**

**جگە لەمەش شاعیران وەك تاکێکی هۆشیاری کۆمەڵ,دژی هەر هەڵسوکەوتێکی هەلپەرستانە وەستاونەتەوە .**

**هەربۆنمونەسالمی شاعیر چۆن بەرەنگاری ئەو کەسانە بۆتەوە و بەچی دەیان چوێنیٚ :**

---

([152])**سەرچاوەی پێشوو** ،ل280.

([153]) **سەرچاوەی پێشوو** ،ل562.

**لە ئەوضاعي سلێمانی ئەوانەی شاد و ئاسودەن**

**لە فەرعا نوطفەی حەیض ولە اصلا جنسی شەیتان**

**گەهێ هەمدەردی ئەکرادن گەهێ عەیشی ئەتراکن**

**لەلایەك مادەری بەرخن لەلایەك یاری گـــورگـــانن .**(154)

**لێرەدا شاعیر بەرەنگاری ئەو کەسانە دەبێتەوە کە هەلپەرستن (لەگەڵ بەرخ شین دەکەن ولەگەڵ گورگ گۆشت دەخۆن) و پشت لە نەتەوەکەیان دەکەن و بەنەوەی زۆڵ و شەیتانی دادەنێت ئەمەش نزیکە لە پەندی کوردی ( شەریکی دزو ڕەفیقی قافلە ) ئەوەی پاڵی بە شاعیرەوە ناوە بۆ ئەم وەسف و هۆنراوەیە ئەوەیە، کە بەچاوی خۆی سەردەمی فەرمانڕەوایی میرانی بابانی دیوەو دواتریش ڕووخاندن و لەناوچونی دەستەلآتی بابانیەکان ، خەڵکانێکی هەلپەرستیش هەبوون،کە بوون بە نۆکەر و جاشی تورکەکان، هەروەکو ئێستاش لەسەدەی بیست و یەکدا ئەو شانۆیانە دوبارە دەبنەوە. سالم ئەوە نەبێ نالی ئاسا لە دوورە ولآتەوە کەوتن و لەناوچونی بابانی نەدیبێ ، بەڵکو بەچاوی خۆی دیمەنی دڕەندەیی تورکەکانی بینیوە، کە چۆن کوشتار دەکەن و کانی و ئاوی پڕ دەکەنەوە و سەیرانگاکان دەسوتێنن***

**هەندێك جار بارودۆخی لاسەنگ والە نوسەران و شاعیران دەکات ببنە قەڵەمی ڕۆژگاری ڕاستەقینەی خۆیان (( هەل و مەرج ئەوەیە کە زمان هاوشێوەی کێڵگەیەکی چۆڵی بە پیتە ، شاعیر وەك جوتیارێکی بەهرەمەند کە درەختەکانی هەنار و قەیس و لیمۆی تێدا دەچێنێت)).**(155)

**واتە هەروەك چۆن شاعیر ئازادە لە چاندنی سۆز و بیری لە بەرهەمی ئەدەبیدا ،هەر بەو شێوازەش وەکو کاراکتەرێکی هۆشیار هەست بە گرفتەکان دەکات و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان پێدەدات . سالم لێرەدا خانەدانی و کاریزمای پیاوانی بابان دەخاتەڕوو,کە ئەمە**

---

(154) **دیوانی سالم ، گ موکریانی ، بنکەی ڕۆشنبیری لوبنانی بۆ چاپ و پەخش و وەرگێڕان ،بەیروت –** 107.

* **لەچامەکەی کە وەڵامی دەداتەوە باسی چەندین شوێن دەکات کە چۆن تورکەکان کاولیان کردووە.**

(155)**نازك الملائکة ، سایکولوجیة الشعر والمقالات الاخری ، دار الشؤن الثقافة العامة ،بغداد** 1993،ل14.

**بۆخۆی ئاوێتەی خیڵ ونەتەوەیە لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕەوشتی ناودارێکی کوردەوە,لەکۆتای دێڕەکەشدا باسی جبەخانە ی سەربازی دەکات.**

**واقعا لەو خوانەدا خام و پوختە ڕۆژ و شەو**

**هەر** طةعامێكي **کە نفس ئارەزووکا میهمان**

**شێوەکەڵ بوو بەعـــــربانی عنزەو منتفك**

**سەدکەمەند پڕبوو لەسرجی تازی أسپ و مادیان**

**چووم نیگاهم کرد لە هەرلادا لە حجرەی ئەو**

**دیم بەقەد بازاڕی** قسطنطینی **تفەنگی زەرنیشان .**[156]

**لەو وەسفەدا جگە لەخانەدانی لە دوا دێڕدا باس لە جبەخانە و ئامادەیی لەشکری بابانیش کراوە کە سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە . لە جێگەیەکی تردا سالم باس لە کاریزمای و پێویستی فەرمانڕەوا دەکات کە چەند پێویستە بۆ پاراستنی خاك و دەڵێت :-**

**تۆ وەکو سەربووی أقارب تەن کە سەرچوو تەن چیە**

**تەن بە تەن بێ سەر هەموو کەوتن لەخاکا بێ ڕەوان .**[157]

**سالم هەروەك چۆن خۆی نەهامەتی بابانی دیوەوکاریگەری‌لەسەرکوردان جێهێشتوە،لەم شیعرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت.**

**لەو ساوە حاکمی بەبە گشت دەر بە دەرکران**

**نەیدیوە کەس لەچهرەی کەس جوهری هونەر**

**تابو بەجایی** مطلعی **خورشیدی بختی رۆم**

**سوتا گیاهو توشنە و خوشکیدە بوو شعر**

---

**([156]) دیوانی سالم ، گ موکریانی ، بنکەی ڕۆشنبیری لوبنانی بۆ چاپ و پەخش و وەرگێڕان –بەیروت ،ل90.**

**([157]) سەرچاوەی پێشوو ،ل91.**

**ناكەن هەوایی هیچ كەبابێ زەلیلی ئەهلی شهر**

**بریانە بەس لەناری غەما پارەیی جیگەر .**[158]

**سالم بەرگەی ناخۆشیەكان و زەلیلی هاو زمانانی ناگرێت ،هەربۆیە بەدڵشكاوییەوە ڕوو لەئاوارەیی دەنێت ودەڵێت:**

**الوداع ئەی مڵكی بابان الوداع**

**الوداع ڕەیحانی جانان الوداع**

**وەك ئەسیری توركمان دەمبەن بەزۆر**

**الوداع ئەی شاهی حوریان الوداع**

**مستعدم بۆ بـــــــلادی** رافضی

**الوداع ئەی جانی جانان الوداع .**[159]

**ناوهێنانە** (**ئەسیریتوركمان, بلادیرافضی)رەفزكردنی ئەونیشتمان ونەتەوانەیە** ***بەرامبەركاریگەری خۆشە ویستی مێژووی نەتەوەكەی.***

**ئەگەر بمانەوێ هەر شاعیرێكی كورد،كە باسی لەبیری بەرەنگاریی و نەتەوەیی كردبێ و لێرەدا و بەرهەمی بخەینەڕووئەواگونجاونییە ،هەربۆیە بە پێویستی دەزانین لە شاعیرانی دیاری نەتەوەكەمان چەند نمونەیەك دیار بكەین و پاشان شاعیرانی سەردەمی سەدەی بیست و دوای جەنگی جیهانیش چەند شاعیرێك باس بكەین ئەویش لەبەر چەند هۆكارێك لەوانە :**

**بیری نەتەوەیی هەر قۆناغ و شاعیرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێگەیشتنی ئەم بیرو هۆشیارییە لە دنیای نوێدا زمان و باسی جیاوازی هەیە، كەلە سەردەمێكدا شاعیر وەكو یادگارێك باسی جوگرافیاو مێژووی خۆی و بنەماڵەكەی كردوە واتە هەستێكی تاكەكەسی بووە ونەبووە بەڕێڕەو یان ئایدۆلۆژیایەكی نەتەوەخوازانە، لەسەدەی بیستدا و دوای جەنگی یەكەمی جیهانیش ئەم شاعیرانە وەردەگرین.**

---

([158]) **سەرچاوەی پێشوو ،ل**67.

([159]) **سەرچاوەی پێشوو ،ل**75.

**شاعیرانی سەدەی بیست ( پیرەمێرد ، أحمد موختار جاف ، بێکەس ، دیلان )**

## 5-پیرەمێرد (1878- 1950)

**پیرەمێرد شاعیر و فۆلکلۆریستی نەتەوەی کوردبووەو هەوڵی زیندوو کردنەوەی یاد و بۆنە نەتەوەیەکانی داوە .**

**کاریگەری ڕۆشنبیری و گەڕانی پیرەمێرد ئەنجامەکەی لە ڕۆژنامەگەری و زمانی پوختی بەرهەمە شیعریەکاندا بەدی دەکرێت . ئەگەر ویستبێتی بەرەنگاری ئاکار و دیاردەیەکی نابەجێ بکات ئەوا بە زمانی پوخت و بە شێوازی چیرۆك ئاسا باسی کردوە.**

**بەرەنگاری نەخوێندەواری و یەکسان سەیرکردنی کوڕ و کچ لە هۆنراوەی ( ئەی کچینە) دەردەکەوێت,کەئەمە بۆخۆی هاندانی ڕەگەزی مێیە بۆخوێندن ودژی بیروباوەڕی سەردەمی خۆیبووە,کەئافرەت تەنهاکەرەستەیپیاهەڵدانولەڕووی ژیانیشەوەمافیان خوراوبوو,هەربۆیە شاعیر دەڵێت:-**

**هەر کچانی خوێندەوارە ، میللەتی پێ سەرکەوێ**

**تەربییەی منداڵ هیوایە ، پێشڕەویمان بەرکەوێ**

**ڕۆژهەلأتیش ڕۆژی هەڵدێ ، خوێندنی کچ هاتە تاو**

**جەهلە تاریکە شەوی کورد ، خوێندنیش تیشکی هەتاو**

**دەرزی چاڵ هەڵ ناکەنێ ، فەننە وەتەن ئاوا ئەکا**

**خوشکەگیان دایکی موشفیق ، نەسلی چاك داوا ئەکا .** (160)

**لە ڕاستیدا شاعیرێك کە بەرەنگاری کلتورو بابەتی نامۆو نابەجێ بێتەوە جۆرێکە لە پەیوەست بون و ئیلتیزامی شاعیر بەنەتەوەو پیرۆزییەکانیەوە، بەلأم ناکرێت شاعیریش وەکوخەڵکی سادەی کۆمەڵ لە هەموو ڕوویەکەوە هاوبیر بێت (( ئیلتیزام بە هیچ شێوەیەك**

---

(160) دیوانی پیرەمێرد ، بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوەی کۆمەڵێك نوسەر ، چ1،چاپی الزمان ، بەغداد 1990،ل264.

**ئەوە ناگەیەنێت شاعیر خۆی گیرۆدەی حەزو ئارەزووە ساتە وەختەکانی جەماوەر بکات ، بەڵکو ئیلتیزام ئەوەیە پێویستیەکانی جەماوەر لەبەرچاو بگیرێت )).[161]**

**کەواتە ئیلتیزام مانای ئەوە نیە شاعیر وەك (خەڵك) بیر بکاتەوەو بدویٚ، دوربینی شاعیر جیاوازە لەسەرجەمی تاکەکان و یاخیبونیش لەهەست کردنەوە لە دایك دەبیٚ و چەکەرە دەکات.**

**(( یەکێك لە دیارترین هۆیەکانی یاخیبون لە شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بونی واقیعێکی نالەبارو نەگونجاندنی شاعیر لەگەڵ ئەو واقیعە و خەست بونەوەی ئەو هەستە ، بە تایبەتیش دوای زیاد بونی هۆشیاری و بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، کەوا دەکات زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات بەرامبەر بە پیشاندانی لایەنە تەنگ و چەوتەکانی ئەو ژیانە تالەو تەقینەوەیەدا دەردەکەویٚ کە خۆی لە بەگژداچوون و یاخی بوون بەسەر واقیعەکەدا دەنوێنێت)).[162] پیرەمێرد دژی تەڵەکەبازی لادانی کۆمەڵایەتی بووە هەربۆ نمونە بەرەنگاری ئەو نەریتانە دەبیٚ و دەڵێت:**

**ئاخ خۆزگە گوناح بۆگەنی ئەبوو**

**کەس بەلای پیاوی بەدا،نەئەچوو**

**ئەوســـــا بەبۆنەی ئەو بۆگەنەوە**

**پاك وپیس لەیەك جۆی ئەبونەوە[163]**

**شاعیر لێرەدا بۆ پەیامە مرۆڤایەتییەکەی دادەبەزێتە ئاستی خۆزگەو شتی مەحاڵ کەلە دنیادا ناکرێت هەبن. لایەنی نەتەوەخوازی پیرەمێردیش جگە لە شاعیریەتی لەکارو ژیانی ئاسای خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئێمە تەنها دوو نموونە وەردەگرین، پیرەمێرد لە ژیانی ڕۆژانەیدا گرنگی بە زیندوو ڕاگرتنی یادی نەورۆز داوە لە ساڵی 1948 بەبۆنەی**

---

(161) د.پەرێزسابیر ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ، بلأوکراوەی ئاراس چاپی یەکەم ، هەولێر 2006، ل51.

(162) سەرچاوەی پێشوو ،ل611.

(163)دیوانی پیرەمێرد ،کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی فائق هۆشیارو ئەوانی تر، مگبعە الزمان، بغداد ،1990،ل296.

پەیمانی پۆرتسماوث نێوان عێراق و بەریتانیا هۆنراوەیە دەڵێ بەناوی ( نەورۆزی مارتی 1948) ەوە،دەڵێت:-

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

چەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار

هەرخوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەوڕەنگە سورە بوو کەلە ئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی ، بۆ گەلی دوور و نزیك ئەبرد

تائێستا ڕووی نەداوە لەتأریخی میللەتا

قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لەهەڵمەتا[164]

لەم هۆنراوەدا شاعیر ئاوڕی لە مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد داوەتەوەو پەیوەستی کردوە بە مێژووی ئەوکاتەی عێراقەوە کە کورد چۆن خوێنی بۆ ئازادی ڕژاوە . زمانی ئەم شیعرە کوردیەکی پەتی و بابەتەکەشی مێژوویی وبەرخودانە. شاعیر لە جێگەیەکی تردا بەناونیشانی ( ئەو چەژنەی ) دەڵێ :

ئەو چەژنەی میللەت تێیدا کەساسە

من سەرم شــــینە و بەرگم پەلاسە

مەڕسەربڕینــــــە قۆچی قوربانە

قوربانی ئێمە کـــــچ و کوڕمانە

شاعیر خۆشبەختی کوردی پەیوەستکردووەبە ئازادی نەتەوەییەوە ,نەك گۆشت خواردن و ئاژەڵ سەربڕین و بە گیانێکی نەتەوەیی کۆڵنەدەرانەوە هیوای بە داهاتوی نەتەوەکەیەوە بەهێزەو دەڵێت:

---

(164)سەرچاوەی پێشوو ،ل207.

کوڕگەل بە گاڵە بڵـــێن بە دوژمن

کەوتن بۆ ئەوەو سەرکەوتن بۆمن

قوربانی ئێمە زۆر پەســـــەند ترە

هی حاجی مەڕە ئی مە کچ و کوڕە .[165]

پیرەمێرد بەزمانێکی پوخت وکوردیساده گیانی بەرەنگاری لای نەتەوەکەی بەهێزتر دەکات و هەرچەند بابەتی ئاینیشی زۆرە بەلاّم لێرەدا هەست بە پارسەنگی بیری ئازادیخوازی نەتەوەیی دەکرێت .

6-ئەحمەد موختار جاف ( 1898-1935)

هەرچەندە أحمد موختار لە بنەماڵەیەکی بە دەستەلاّت و خۆشبەختی سەردەمی خۆیان بووە، بەلاّم شاعیر هەروەك چۆن وەسفی جوانی و ئافرەتی کردووە، هەر بەو شێوازەش بیری لە سەربەرزی نەتەوەکەی کردوەتەوە (( ئەو وەك ئەمیرێك لە جیاتی وێنەی ئاغا و بەگ و شێخ و دەرەبەگەکانی هاوچەرخی خۆی بکەوێتە هەوڵی چەوساندنەوەی هەژار و داماوان ،کەچی چونکە گیانێکی پاکی بەرزی شاعیری پوختی هەبوو کەوتە خولیای تەقەلای خەبەرکردنەوەی نەتەوەکەی )).[166]

شاعیر تاکۆتایی ژیانی غەمی بەرزی و ئازادی نەتەوەکەی لا مەبەست بووەو بەرەنگاری هەر دیاردە و کردارێکی نەگونجاوی کردووە,کەئامانجێکی ناپیرۆزی بەدوادابێت ودەڵێت:

وشکە سۆفی هاتبوو ئەیوت بەهەشت هەر بۆمنە

ڕیشی خۆی جوولاّن وەکو سابرێن کەشەو کاوێژەکا

کەی خوا توججارە ، خوا گەورە و غەفورو عادلە

---

(165) سەرچاوەی پێشوو ،ل245.

(166) أ.ب هەوری ، شیعری کۆن و نوێ ، چاپخانەی وەزارەتی ڕاگەیاندن ، چاپی یەکەم بغداد 1974،ل36.

**چۆن لەگەڵ عەبدا حیسابی قەرزی ڕۆژو نوێژئەکا** [167]

**شاعیر ئیمانداریك بە بەسود بۆكۆمەڵ دەزانێت، كە تاكێكی چالاك و بەهەڵوێست بێت بۆ گەل و خاكەكەی ، واتە شاعیر داوای ئیلتیزامی دنیاییش لە كەسانی ئیماندار دەكات ئەگینا ڕیش و زوهد بێ سودوبێ و بەرهەمە و بەرەنگاری ئەو جۆرە خەڵكە دەبێ و بە ئاژەڵی بێ لێپرسراویەتی دادەنێ, لە جێگەیەكی تردا ئەحمەد موختار داوای پەیوەست بوونی شاعیر بە ئامانج و هیواكانی نەتەوەكەیەوە دەكات و دەزانێت ,كەنەتەوەكەیپێویست بە هەوڵی بونیادنانی داهاتووی هەیەو,ئەوەش بەهۆنراوەی خۆشەویستی بەدی نایەت ,بۆیە دەڵێت:**

**لادە شاعیر تۆ لەباسی عیشقبازی و سەیـــــــركە**

**چۆن خەریكن چەن كەسێ ئێستا** وةطە ن **وێران ئەكەن**

**جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو**

**لەم** موحیطة **مەنعی عیلم و صەنعەت و عیرفان ئەكەن**

**ڕوو ڕەشی دونیا و قیامەت ئەو نەفامانەن كەوا :**

**هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بەپارەو نان ئەكەن** [168]

**ئەحمەد موختار جاف و بیری نەتەوخوازی**

**ئەگەر شاعیرانێك هەبن باس لە جواگرافیای نیشتمان و شار وەكو بەشێك لە یادگاری و لە ئەنجامی غوربەت بكەن، ئەوا ئەحمەدموختار بە بیرو پلانێكی سەربەخۆی نەتەوەیی، باسی ئاوەدانی و دامەزراندنی نیشتمانێكی سەرفراز دەكات و مەزڵومی و ئازاری گەلەكەی ئاوێتەی بیرو پلانەكەی دەكات ودەڵێت:**

---

([167]) **دیوانی ئەحمەد موختار جاف ، ئامادەكردنی ،د.عزالدین مصطفی رسول ، ضاثخانةی الأدیب ضاثي يةكةم ، بةغداد** 1986،ل55.

([168]) **صدیق بۆرەكەیی ( صفی زادە ) ، مێژووی وێژەیی كوردی ، بەرگی یەكەم ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی جهر تبریز ، بانە ، كردستان** 1375**هەتاوی** ،ل695.

دێتە گوێم دەنگیٚ بەسۆز و شیوەن و گریانەوە

ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاكی كوردستانەوە

لانەواز و بێكەس و مەزلوومن ئێستە قەومی كورد

گا بەدەستی توركەكانی و گا بە دەست ئێرانەوە (169)

لێرەدا شاعیر باس لە قۆناغی ژیانی نەتەوەی كورد وەك ژێر دەستەیەك دەكات بەڵام دواجار هیواوئاواتی خۆی دەخاتەڕوو ودەڵێت:

ئەمڕۆ باوابیٚ بەڵام ڕۆژیٚ ئەبیٚ ئەولادی كورد

دێنە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە

نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەكەن ئەم میللەتە

هەر لە كرماشان و هەتا ورمیٚ و سنە و بۆكانەوە

ڕێك ئەخەن وەزعیەتی وان و جزیرەو باشقەلاٚ

عەقرە و زاخۆ دەبەستن ڕێك بەقەد بۆكـــــانەوە(170)

لێرەدا شاعیر یەكگرتنی كوردستانی گەورە دەخاتە پێش چاوو ئەوەش زیندوو دەكاتەوە, كەكوردستان یەك جەستەیە و پارچە پارچەكراوە دواجار باس لە دامەزراندنی سوپا و جبەخانە دەكات و هیوای خۆی وا نیشان دەدات, كە لە وڵاتانەوە خەڵك بۆ سەیران دێنە كوردستان :

پاش قڕانی موددەعی دەس پیٚ ئەكەن تەعمیری موڵك

ڕێگەی ئاســـن ئەچێتە شـــــــــاخی هەورامانەوە

كێو كـــــــەژ گشتی ئەبێتە باغ و جادەو قەیسەری

---

([169]) دیوانی ئەحمەد موختار جاف ، ئامادەكردنی ،د.عزالدین مصطفى رسول ، چاپخانەی الادیب چاپی یەكەم ، بەغداد 1986،ل134.

([170] )هەمان سەرچاوە ،ل135.

بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە[171]

ئەم هۆنراوەیە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیشی تیادایە،ئەویش لەپلان وبینینی داهاتووی نەتەوە بەدیدی شاعیر, چونکە چۆن لەسەرەتاوە باسی لە ستەم دیدەی نەتەوەکەی دەکات، هەروا دواتر باسی ئاوەدانی و خۆشی جوگرافیایەك دەکات کە کوردستانی گەورەیە .

7–بێکەس (1905–1948)

قۆناغ و بارودۆخی ژیانی شاعیر نێوان هەردوو جەنگی گەورەیە، شێوازێك بووە پاڵی بەشاعیرەوە ناوە بە زمانێکی ئاشنا لای زۆرینەی خەڵکی باسەکانی نەتەوەکەی بکاتە هەوێنی هۆنراوەکانی و لە ژیانی کەسایەتی خۆیشیدا, باجی بیروڕا نەتەوەخوازیەکەی داوەو هۆنراوە لای بێکەسی خاوەن پەیامەوە ئاگری شۆڕش دژی ستەمکاران خۆش دەکات، (( ئەگەر شۆڕش گۆڕینێکی ڕیشەیی و بەرفراوانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بە میرات بۆ ماوە بێ ، ئەوە شیعری داهێنەر یان شۆڕشگێڕ بەرجەستەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەیە ، بەڵام لەڕێگەی زمانەوە )) .[172]

کەواتە هەروەك چۆن سەرباز و جبەخانە پێویستن، هەر بەو شێوازەش هۆنراوەی حەماسی و نەتەوەیی بەشێکن لە هێزی ئەو بەرەنگارییە، لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد زۆر کاریگەرە بە بیروباوەڕی ئاینی و ئەمەش وایکردوە جۆرێك لە خۆشباوەڕی بووە بە دیاردە و کلتوور,کە خەڵکی باوەڕداری سادە ونەخوێنەواری پێ چەواشەکراوە، ئەویش لە ڕێگەی پیاوانی ئاینی و بە چەکی پیرۆزی ئاینی ، زۆرترین شاعیر لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر باسی بەرەنگاریان نووسی بێ هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لەو کارە دزێوانەی,کە دراوەتە پاڵ ئاینی پیرۆزو هۆشی خەڵکی پێ کوڵەوار کراوە. بێکەسیش چەند هۆنراوەیەکی لەم بارەیەوە هەیە لە هۆنراوەی ( شێخەکان) ئەم کارە دزێوانە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

کەی خوا فەرموی کە وەك گا بۆرە بۆر دەست پێ بکەی

ورگی خۆت ڕوت کەی بە شمشێر لێی بدەن تا هەڵدڕێ

---

(171) سەرچاوەی پێشوو ،ل135.

(172) عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا ، ئەدۆنیس ، چاپی یەکەم,چاپی سەنتەری نما ، هەولێر 2005 ،ل11.

**سەد ئەسەف بۆ دینی ئیسلام چەند پەرێشان بوو لەدەس**

**شێخ و دەروێش و مەلای ....خوایە ئەمساڵیان بڕێ .([173])**

**شاعیر چارەسەر و چاو ڕوونی پیشانی نەتەوە دەدات و هاوڕایە کە ئایین وزانست بکرێتە کەرەستەی پێشکەوتنوو شارستانیەت و بیرلە خۆشگوزەرانی مرۆڤ بکرێتەوەو دەڵێت:**

**ئەورووپا پاپای تەمێ کرد ، دەستی دایە عیلم و فەن**

**بێ تەل و کەشتی دروست کرد ، دائیمی هەر هەوڵ ئەدەن**

**قەومی ئیسلامیش مەلا گەربێتو زوو ئیسلاح نـــەکەن**

**دائیمەن مەحکومی جەهلن سووك و ڕیسوا و ناپەسەن**

**ئەی مەلا تۆ بێ خـــودا لەم فیکرە کۆنە لابــــــدە**

**باسی قەبرو مار بگۆڕە ، بێرە سەر باسی وەتـــــــەن ([174])**

**بێکەس و نەتەوەخوازی /**

**ئەگەر بمانەوێ نەتەوەخوازی لای بێکەس بخەینەڕوو، ئەوا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت وسەربەخۆیە،ئێمە لێرەدا هەندێ نمونەی شیعری دەهێنینەوە،هەروەك لەهۆنراوەی( قەومی کورد ) دا شاعیر بەزمانێکی ئاشنا و بە هیوایەکی بەرزەوە باس لە ئازایەتی نەتەوەی کورد دەکات ودەڵێت:**

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆعالەمی سەر ڕووی زەمین**

**میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ ســــــەربەســــــت بژین([175])**

---

([173]) **دیوانی بێکەس ، ڕێکخستنی ئومێد ئاشنا ، چاپخانە و ئۆفێستی بابان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 1999 ،ل77.**

([174]) **سەرچاوەی پێشوو ،ل80.**

([175]) **سەرچاوەی پێشوو ،ل37**

ئەم تاکە دێڕە لە بن نەهاتن و بەرگەگرتنی نەتەوەی کورد دەخاتە ڕوو، کە هەردەم کۆڵ نادات، تاکو دەگاتە ئامانجی باڵای,کە سەربەخۆیی و ئازادییە .

میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان

بێتە بەر سێدارە بێ ترس ، دەم بە خەندەو پێکەنین

قەومەیوانامرێ ، ئەژی با دوژمن هەر شەق بەرێ

ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە ، خاوەنی عەزمی مەتین

گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن

شەو بەبێ غەم سەرئەنێنە سەرسەرین ، هەر سەرسەرین[176]

شاعیر هەرچەندە باس لە ئازایەتی نەتەوەی کورد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەو ڕەوشتە ناپەسەندەش دەکات ,کە بە درێژی مێژووی گەلەکەمان خەڵکانی هەلپەرست تەنها غەمی تاکە کەسی خۆیانە ،بێکەس ئەوانە بەمرۆڤی بێ بایەخ و سوك دەپێوێت و دەیانکاتە بڵقی سەر ئاو، شاعیرێك هۆنراوەی غەمی گەلەکەی بێت، بێگومان زیاتر ئامانجی پێشکەوتنی نەتەوەکەیەتی لە ڕێگەی نیشاندانی کەموکورتیەکان وبە هیوای چاککردنی بۆ ئەوەی بە زوویی بە کاروانی سەرکەوتنی ژیان بگات . کەواتە چەندە باس کردن لە مێژوو قارەمانی نەتەوەکە گرنگە ,لەوە گرنگتر هۆشیارکردنەوەی خەڵکە بە گرفتەکان بۆ گۆڕانیان بۆ دۆخێکی چاکتر , بێکەس لە هۆنراوەی ( ئامۆژگاری بۆ میللەت ) ئەو لایەنانەی نەتەوەکەی دەخاتەڕوو دەڵێت:

کوردە تاکەی بێ خەبەری ؟ نوستنت بێ عاریە

واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە هەر بێ کاری یە

سەیری ئەم قەومانە کە چۆن بوون و ئێستا بوون بە چی

حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری بویتە عەبد و جاریە[177]

---

([176]) سەرچاوەی پێشوو ،ل37.

([177])سەرچاوەی پێشوو،ل14.

تا ئێرە شاعیر ڕوو لەنەتەوەکەی خۆی دەکات ئۆ باڵی دواکەوتنی کورد دەخاتە ئەستۆی خۆیان بەڵام دواتر دەوای دەردی نەتەوەکەی دەخاتەڕوو هەروەك دەڵێت:

ئیتفاقیٚ گەر نەکەی ، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی

پاشە ڕۆژت قەڵبە بەخوا ، عەیش و نۆشت زاریە

مــەرهــەم و دەرمانی دەردت ئیتفاقــە ئیتفاق

دوودڵی میقرۆبە، خزمە عیللەتێکی کاری یە[178]

شاعیر دوای ئەوەی نەخۆشی وگرفتی دواکەوتنی نەتەوەی کورد دیاری دەکات,بیٚ هیوانابیٚ چاوەڕوانی ڕۆژگارو بەزەی خوایە (واتە بڵێی ئەم نەتەوە لەخەوی غەفڵەت بێنەوە ئاگا)

بیٚ کەسا قەتعی ئومێدی سەربەخۆیی قەت نەکەی

کوردەواری زیندووە ، موحتاجی لوتفی باری یە [179]

شاعیر بیریی سەربەخۆی وایلێکردووە ڕوو لە نەتەوەکەی بکات و دەردو دەرمانیشی بۆ دیاری بکات، بێکەس زمانی خەڵکی گوندو شارە، هاواری هاواری ئازادیخوازە، ڕەفتاری ڕەفتاری شۆڕشگێڕە و بەرهەمەکانیشی کە ڕۆڵەی ئەون نیشاندانی دۆخی ڕاستی گەل و هەڵوێستی شاعیرە .

**دیلانی شاعیر ( 1927 – 1990 )**

دیلان پەروەردەی شاری شۆڕش و ڕۆشنبیری بووە، قۆناغی ژیانیشی سالأنی چل بەدواوە، مێژووی وڵات پڕ جەنگ و پەیماننامە و بەرەنگاری بوو. دیلانیش وەکو شاعیرێکی ڕۆشنبیر هەستی بە پێداویستی هونەرو هۆنراوە کردووە بۆ کاریگەری ڕۆشنبیری و ئەمەش

---

([178]) سەرچاوەی پێشوو ،ل14

([179]) سەرچاوەی پێشوو ،ل15.

**وایکردوە شاعیر لە دارشتنی هۆنراوەدا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ (( دیلان لە داڕشتن و هۆنینەوەی گەوهەری شیعرەکانیا ڕێبازی نوێی هونەری شیعری تازەی گرتۆتەبەر )) .[180]**

**دیلانی شاعیریش هەروەکو دڵداری شاعیر لە کۆتایی ژیانیدا بیری ناسیۆنالیستی( نەتەوەخوازی ) هێنایە ناو هۆنراوەکانیەوە ئەگینا بەرهەمەکانی سەرەتای ژیانی بیری مرۆڤایەتی و ئازادیخوازی تیادا ڕونتر دەردەکەوێت، بەرەنگاری چینایەتی کە جۆرێکی هەستی مرۆڤایەتیە لای شاعیر لە هۆنراوەی ( من ئینسانم ) دا بەڕوونی دەردەکەوێت,کە بەرەنگاری بیروباوەڕی چینایەتی و بیری ئازادیخوازی بەڕوونی تیادا دەردەکەوێت ودەڵێت:**

**پێستم ڕەشە وەك شەوەزەنگ**

**لێوم ئەستور لچم زەردە**

**نیگام ماتە وەك گۆمی مەنگ**

**بزەم نەرم و سەرم ڕەقە**

**من ئێستاش لە هەندێ جێگا**

**ڕەشیم مایەی قێزو بێزە [181]**

**شاعیر تا ئێرە تێڕوانینی ( سلبی ) خراپ و بەسوك سەیرکردنی ڕەش پێستی خستوەتە ڕوو ,بەڵام لەدوای هۆنراوەکەدا سەرکەوتنی هۆشیاری و هەستی یەکسانی خوازی ڕەگەزیی نیشان دەدات و دەڵێت:**

**بەڵام ئیمڕۆ منی ڕەنگ زەرد**

**خۆم خاوەنی کـــارو بارم**

**سکم تێرە و دوورم لە دەرد [182]**

---

**([180]) دیوانی شیعری محمەد ساڵح دیلان ، ئامادەکردنی ، د.عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی دووەم ، هەولێر2013 ،ل49.**

**([181]) سەرچاوەی پێشوو ،ل250.**

**([182]) سەرچاوەی پێشوو ،ل251.**

ئەم بیرەی شاعیر بەرەنگاری بەرپەچدانەوەی بیری چینایەتیە,کە لەکوردستانیش ئەوکات ( ئاغاو دەرەبەگ و جوتیار ، شێخ و ئوّمی ) تێڕوانینی جیاوازییان هەبوە بۆ یەکتر .

**دیلان و بیری نەتەوەخوازی :**

لە هۆنراوەی ( کاروان )دا  بە هەناسەیەکی شۆڕشگێڕییەوە باس لە کاروانی تێکۆشانی کورد دەکات ودەڵێت:

کەوتۆتەڕێ کاروانی ئەم کوردە بەجارێ

دەنگی زەنگی هەناوی (زۆر ) دێنێتە خوارێ

ڕێ ئەبڕێ با هەورازو پڕ درك و داڵ بێ

تەکان ئەدات بەرەو هیوا گەیین بەشارێ

بەرەو جێ یە ئینسانەکان دەستی ماندوویان

بخەنە سەرسکی تێری بە کسب و کارێ[183]

شاعیر بە ئاوازێکی ڕەوان هەنگاونانی کاروانی کورد باس دەکات  کە ڕوو لە ئاوەدانی و ژیانێکی ئابووری سەربەخۆیە ، ئاوێتە بوونی ئایدۆلۆجیا و چەکیش وەکو لایەنی جوانی کاروانەکەیە و هەردەبێ بگاتە مەنزڵ

کەوتۆتەڕێ کاروانەکەی پڕ چەك بەبڕوا

نای وەستێنێ گەڤینی سەگ گەزینی هارێ [184]

دیلان بڕوای ئایندەیەکی گەش دەبەخشێتە نەتەوەکەی و ئەوە دەردەخات,کە ڕۆڵەی کورد ئامادەیە بێ ترس بچێتە پای سێدارە و قوربانی بۆ ژیانی ئازادی نەتەوەکەی بدات، هەروەك لەم شیعرەدا دەڵێت:

بیخەرە گەردن ، پەتی جەڕاوت

---

([183])سەرچاوەی پێشوو،ل145.

([184]) سەرچاوەی پێشوو ،ل145.

**بیخە سەر پشکۆ نێچیری ڕاوت**

**گیرکە لە جەستە نینۆکی سوورت**

**بیگەیەنە گوێ زەمزەمەی دوورت**

**بیخەنە...ژووری تاریکی زیندان**

**شەبەق بخەرە جێی قەپ و ددان**

---

**ئەوسا هەچ کەسێ لە مەیدانا مرد**

**جێی شانازی یە بۆنەتەوەی کورد[185]**

**جگە لەمانە دیلان هۆنراوەیەکی بۆ کۆچی دوای شێخ مەحمود نوسیوە کە سروشتیش وەکو کورد غەمبار دەبێ بۆ کۆچی قارەمان و سەرکردەیەکی کورد.**

## پاری دووەم /

### فاکتەری لەدایکبوونی بیری نەتەوەیی وبەرەنگاریی لای کامەران موکری :

**زۆرگران وقورسە بۆئەوەی کەسێك خۆی دابڕێت لەکارلێکی نێوان خۆی وکۆمەڵگاکەی,کەبەشێوازێك خۆی دووربخاتەوە لەکاریگەریەکانی کۆمەڵگا لەسەری،ئەمە بۆکەسێکی ئاسایی،ئەی بۆشاعیرێك کەقۆناغی تەمەن وگەورەبوونی لەکۆمەڵگایەکدابێت, کەبەشی تەنهامەینەتی بێت، بێگومان ئەوکاتە هەوێن وباس وبەشێکی شاعیر ژیانی نەتەوەکەی خۆی دەبێ.**

**هەرچەندە تێورەکانی ئەدەب کە لەمنداڵدانی گەشەی ڕۆشنبیری ئەدەبدا گەورە دەبن و دێنە مەیدان, تێڕوانینیان بۆئەم پەیوەندیە (شاعیرودەوروبەر) جیاوازەئەمەش لەجیاوازی ڕۆشنبیری وبارودۆخی ژیانەوە سەرهەڵدەدات, هەربۆنمونە بۆچونی بونیادگەرەکان بەرهەمی شاعیرلەبارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی دادەبچڕن((بونیادگەرەکان لەو ووتە بەڵگە**

---

([185])سەرچاوەی پێشوو ،ل89-94

نەویستەوە دەستپێدەکەن کەئەدەب بەتەواوەتی سەرفرازەلەهەمووشتێك.هیچ پەیوەندیەکی بەژیان و کۆمەڵگاوبیرو دەروونی نوسەرەوە نیە...هتدچونکە ( هیچ شتێك دەربارەی کۆمەڵگانالێت وەبابەتی ئەدەبیش خودی ئەدەب خۆیەتی ))[186]

هەرچەندە ئەوە ڕایەکی تیۆری بونیادگەرەکانە، بەلاٌم ناتوانرێت هەمووکات و تاسەر ئەوڕایە بەڕاست دابنرێت، چونکە ئەدەب بەشێکە لەکۆمەڵگا وشاعیریش هەرچەندە لەدنیایەکی فەنتازی و تایبەتدابێت, ناچارە بۆخەڵکی(هاوزمانانی)بەرامبەر بدوێ،چونکە ئەگەر وانەبوو, ئەوا چەندە لەشیعرەوە نزیکە زیاتر لە وڕێنەوە نزیکترە، ئەمەش بەومانایە نایە شاعیر بەتەواوەتی زمانی کۆمەڵ بێت، ئەگەر وابوو ئەوامێژووبەکێش وسەرواوە دەنوسرێت,ئەوەی دەمانەوێ باسی بکەین ناونیشانی باسەکەمانە ( فاکتەری لەدایکبوونی بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لای کامەران )ە.چونکە کامەران مولتەزم بوە بەژیانی نەتەوەکەیەوەو بیری نەتەوەیی وبەرەنگاریی بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی پێك هێناوە ، ئەوا دەبێ ئەوکاریگەریانە کەچەند لایەنێکە بخەینەڕوو,کەچۆن شاعیری بردووەتە دۆخێکەوە شیعر بکاتە تۆماری ژیان وهاواری ناخی کەسێتی خۆی

## باسی یەکەم:

بارودۆخی(سیاسی وکۆمەلاٌیەتی وئابووری)نەتەوەیکوردلەوسەردەمەدا(سەردەمی کامەرن موکری).

شاعیری بەتوانا دەتوانێت لەناوهۆنراوەکانیدا جێگەی شۆڕشگێڕوعاشق ونیشتمان بەشێوازێك بنەخشێنێ، کەکاریگەری ڕاستەقینەوڕەگ داکوتاوی لایخوێنەر بەجێبهێڵێت . پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیریدا هەیە, بەجۆرێك شیعر وەك بەشێك لەڕۆشنبیری گشتی دەبێتە تۆمارکەری ڕووداوەکانی ژیانی نەتەوەبەگشتی, هەرچەند شیعر بەرهەمی سۆزو تاقیکردنەوەی تاکەکەسی پێوەدیارە (( ئەدەبی ڕیالیزم کەس وبابەتەکانی لەچینی ناوەندوخوارەوەوەردەگرێت نەك لەچینی ئەرستۆکرات،ئەوکێشانەش دەکاتە نمونەی خۆی کەسروشتی میللی ومرۆڤایەتیان هەیە ))*سەردەمی گەنجی شاعیربارودۆخی سیاسی ناوچەکە ناجێگیربوو بەشێوازێك,کەدوای

---

(186) ) د. شکری عزیز الماضی ، تیۆری ئەدەب ، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی ، چاپخانەی ماردین ، چاپی یەکەم ، هەولێر 2010 ،ل204.

* هةروةها بروانة محمد غنيمي هيلال (د) الأدب المقارنة دارالعودة بيروت 1999 ،ص393.

**جەنگی دووەمی جیهانی زلهێزەکانی دنیاهەوڵی بچڕاندنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بوون لەناوچەکەدا،عێراقیش کەوتەبەرئەوکاریگەریەو هەربۆنمونە پەیمانی (پۆرتسموث) لەساڵی 1948 بەهۆی پێدانی بەرژەوەندی زیاتر بەئینگلیزەکان دۆخی شڵەژان دروستبوو،وەکو خۆپیشاندان و کامەرانیش ((چی لەسلێمانی وچی لەبەغداد وەکو دواندەر بەهۆنراوە کورتەئاگرینیەکانی ڕۆڵێکی دیاری هەبووە))[187] .**

**لەبارەی کوردستانیشەوە هێشتازامی حکومەتی شێخ مەحمود خۆشنە بوو بوو،شێخیش لەئاوارەیی بوو,بۆهێنانەوەی تەرمەکەی بۆخۆی دۆخێکی ناجێگیری دروستکردو زۆرشاعیر بۆناشتنی تەرمی شێخ مەحمود هۆنراوەیان نوسیوە .**

**هۆشیاری شاعیریش لەبارودۆخی گشتی دەوروبەرەکەی بوە بەهۆی ئەوەی شاعیربەبیری نەتەوەیی ڕوولەگەلەکەی بکات, بۆهۆشیارکردنەوەیان لەماق خوراویان. ئەمانە وایانکرد شاعیر بەرەنگاریی دیاردەودەستەڵاتی ناداد ببێتەوەو بڵێت:**

**هەوربوومایەنمێ بارانـــم**

**دەغڵی زۆرداری نەئەگرتەوە**

**ئاسمان بومایەئەستێرەکانم**

**ورشەی لەقەڵای زوڵمی نەئەدا**

**بەم باوەڕەوەژینـــم بـــردەوە[188]**

**بارودۆخی کۆمەڵایەتی دا تەپیوی کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی،یەکێکی تر بووە لەوکاریگەریانەی ،کەهانی کامەرانی داوە لەوبارەوە بنوسێ، چونکە کامەران خۆی بەچینی ڕەنجبەرانەوە بەستووەو دەڵێت:(( هەمیشەلەگەڵ هەستی ڕەنجبەراندام )) .[189]**

---

([187])**د. عبد القادر حمه أمين محمد ، ئەدەبیات وڕێبازەکانی ئەوروپی – کوردی ، چاپخانەی پەیوەند ، چاپی یەکەم ، سلێمانی** 2012 ،ل99 .

([188])**چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عزالدین مسطفی رسول** ,15⁄9⁄2014**ماڵی بەرێزیان,سلیمانی ,کاتژێر**(5)**ئێوارە**

([189])**کامەران ,گوڵاڵەسوورە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم,سلیمانی**,1971,ل13

([190])**ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە** 16، 1970/5/2، ل4 .

شاعیر بە تاقیکردنەوەدا بەژیانی نالەباری خەڵکی شارولادێدا تێپەڕیوەو ئەوەنەبێ لەدورەوە سەیری وێنەکانی کردبێ، ئەمەش وای کردووە شاعیرهۆنراوەکانی بەئەرکی هۆشیاری ئاوێتە بکات هەروەك وتراوە (( شیعرئامرازەوئامانجیشە ))[191]

ئامرازە بۆخزمەتی کۆمەڵ و بەشێکە لەواقیعە گشتیەکەو، ئامانجە دەبێ هونەروموسیقاوتەکنیکی ئەدەبی باڵای هەبێ کەلەقسەی ئاسایی جیایبکاتەوە،جیاوازی چینایەتی هۆیەکی ترە لەچوارچێوەی کۆمەڵدا،شاعیری هەژاندووە بۆئەوەی وێنەی ئەوجیاوازییەش بخاتەڕووو دەڵێت:

وشەی(نان) گەرچی جیاوازە دەنگی

بەڵام لای هەموو هەژارێك نـــانـــە

برسی جیاوازبێ ڕەگەز یا ڕەنگی

شێوەی ڕووی تەنیا هەڵبڕزکانە[192]

کامەران دژی ئەوتێڕوانینانەیە, کەسەنگی مرۆڤ بەسامانەوە ببەسترێت هۆنراوەکانیشی بەهاندەری هۆشیاری دەزانی(( ئەگەرسەرنج بدرێتە هۆنراوەکانی من،ئەتوانم بڵێم هەموبابەتێکی ناوەڕۆکی پێشکەوتووی تیابەدی ئەکرێت ئەمەسەرەڕای ئەوەی هەستی نەتەوایەتی باڵی بەسەرهەموویانا کێشاوە ))[193]یەکێکیتر لەوگرفتانەی کامەران بەدیدێکی سەردەمیانە لێی ڕوانیوە یەکسانی ئافرەت وپیاوە بەشێوازێك لەسەرشانۆی ژیان وەکو یەك بن لەخەبات وکارکردنداو, ئافرەت نەکرێتە کەرەستەی وەسفی بۆجوانکاری لەهۆنراوەدا، هەربۆیە بەڕاشکاوانە دەڵێت:

تۆم خۆشئەوێت،بەڵام نابم بەیەخسیر

لەتاوی قژ،بۆدڵم بکەی زنجیـــــــــــــر

نەشوانم بە،نەشوانتبم,بەشمشاڵ

---

(191)یاسین عومەر ، ئەزموون ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2001 ،ل295

.

(192)کامەران ,گولاڵەسوورە,ل24

(193)ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە 16 ، 1970/5/2 ،ل4.

**بۆدڵێکی وشك،بکەین – پەڕوبـــاڵ**

**نەکوڕنوشت بۆئەبەم،نەتۆشبۆمن**

**بالەباخی شادیا،دەست لەگەردن**

**دوودڵداربین،بەڕاستی دووفریشتە**

**ئەوژیانە بەوجۆرەبێت بەهەشتە[194]**

**((کامەران بەچاوی یەکسانیەوە دەڕوانێتە ئافرەت و پیاو لەیەك ئاستیان دادەنێت)).[195] کامەران ئافرەتی وەکو تاکێکی چالاك نیشانداوین و یاخیە لەکلتوری کۆن کەئافرەت بەکالاَ دەزانن و ئافرەت نەیدەتوانی لەزۆر کاروباردا ڕۆڵی هەبێت (( یاخیبوون ئەبێ سودی ئەوچینە چەوساوانەی تیادابێت نەك هەر بۆیاخی بوون بێت. وە یاخود بۆداچلەکاندنی ئەمو ئەو بێت ))[196] کامەران بۆگرفتە کۆمەلاَیەتیەکان ڕوو لەئاغاو دەرەبەگ ودابونەریتی کۆمەڵ دەکات بۆئەوەی نادادی کۆمەلاَیەتی نیشان بدات(( هەندێ لە هۆنراوە بەرەنگارییەکانی وەلاَمی کامەرانە بۆکۆمەڵگەکەی خۆی،کەچەند نادادی تیاداپەیڕەوکراوە ))[197]**

**ئەدەب چەندە وەزیفەی ڕاستی گەمەی زمانییە ،هێندەش غەم و وێنەی خەڵکیە،شێرکۆبێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت:(( بڕوام وایە ئەدەب وهونەری خەڵك،بێ خۆشەویستی خەڵك تەنانەت ئەگەر جوانیش بن،لەگوڵدانی خاڵی وخانووی چۆڵ دەچن !))[198]**

**لایەنێکی تر کەکاریگەری لەسەرکامەران هەبووە تێڕوانینی نابەجێی کۆمەڵە بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بەسەروەت وسامانەوە. ئاوێتەکردنی گرفتێکی کۆمەڵ بەبەرهەمی**

---

([194])**کامەران ,دیاری,چاپخانەی مەعاف,چاپی یەکەم,بەغدا,**1957**ل**32

([195])**جەبار ئەحمد حسێن ، ئێستاتیکای دەقی شیعری کوردی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلیمانی** 2008 **،ل**354.

([196])**ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە** 16 ، 1970/5/2 **،ل**4.

([197])**چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عەبدوڵلاَ ئاگرین چوارشەمە** 2014/11/12 **هەولێر لە نوسینگەی بەڕێزیان کاتژمێر** 9,5 **سەرلەبەیانی.**

([198])**زمان و ئەدەبی کوردی ، پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی ، چاپی چوارەم ،ل**220.

ئەدەبی،ئەوا باری ئەدەب دووجارگرانتر دەكات، چونكە دەبێ هاوزەمان غەمی كۆمەڵ بێ وەكو ئیلتزام و وەكو ئەدەبیش خاوەن سۆزو زمانێكی جیاوازوبالاَّتر بێ لەزمانی ئاسایی .(( دەبێ ئەوە بزانین,كەناوەڕۆكی شیعرێك شتێكە شاعیر هەستێكی واقیعی وقووڵی بۆی هەیە . ئەگەرشاعیرناوەڕۆكەكەی خۆی بەسود وەرگرتن لەتەكنیكی شیعری ئاوێتە بكا،شیعرەكە هەتا بۆئەوكەسانەش كەدژی بیری ئەون،خۆشیدەبێ ))[199]

كامەران چەندە گرنگی بەشیعریەت داوە هێندەش پەیام وهۆشیاری نەتەوەیی لامەبەست بووە,بۆیە((گرنگیەكی زۆری بەواتاداوە،بەلاَم واتایەك كە بنیاتنەر وڕۆشنكەرەوەی ژیان وبەخشینی هیوا بەتاكەكانی نێوكۆمەڵگای كوردی بێت ))[200]بەتایبەتی ڕوكردنە چینێكی چەوساوەپێویستی بەزمانێكی سادەوشەپۆلهێن هەیە بۆئەوەی هەنگاوبۆداهاتویان بنێن.شاعیربەزمانێكی تیژ دژی دەوڵەمەند دەوەستێ ودەڵێت:

هەركەسێ خاوەن زێڕوسامانە

لەئاسمانەوەبۆی نەباریـــــوە

یاخۆی بەدزی كۆی كردۆتەوە

یاباوكی پارەی بۆئەودزیوە[201]

كامەران بەشێوازێكی نالۆجیكی و بێ بژاركردن لەچەند جێگەیەكی تردا هێرش دەكاتە سەردەوڵەمەند وپشتگیری هەژاران دەكات, بەشێوازێك هەموو دەوڵەمەندێك بەدز نیشان دەدات,لەجێگەیەكی ترداشاعیردەگاتە ئەوئاستەی كەتەنهابۆهەژار هۆنراوەبڵێت:

تەنیا هۆنراوە ئەڵێم بۆهەژار

هەرلەگەڵ ئێوەم ئەی هەژارینە

تەنیا هۆنراوەئەڵێم بۆهەژار

---

([199])لۆرانس پیرین ، شیعر چییە ، وەرگێڕشانی ئەبو بەكر خۆشناو ، چاپخانەی پیرەمێرد ، چاپی یەكەم ، سلێمانی 2008 ،ل80.

([200])شێواز لە شیعرەكانی كامەران موكری لە ژێر ڕۆشنای قوتابخانەی (( فیلولۆجی لیو شپیتزەر ))دا ژوان عەبدول سەلام عەزیز گەردی ، نامەی ماستەر ، زانكۆی صلاح الدین 2014 ،ل160.

([201])كامەران ,دیوانی كامەران موكری ، ئامادەكردنی د. عەبدوڵلاَ ئاگرین ،ل287.

**هەژارهەوێنی شیعری خوێنینە**[202]

**سیستەمی دەرەبەگایەتی وچەوساندنەوەی هەژارونەبوونی هۆشیاری ئازادیخوازانە وایکردوە کامەران خۆی بەبەشێك لەوچینە بزانێ و بەناوی ئەوانیشەوە بڵێ و بنوسێ .**

**دیارە کۆتایی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیست و باری گشتی کوردستان بە تەواوی لاوازی ئابووری وچینایەتی پێوە دیاربووە شاعیریش چەندانی لەوێنەی دڵتەزێن دیوە ئەمانە بوون بەهەوێنی شیعری، هەربۆنمونە لەهۆنراوەی (( کچە بەرتیلە )) کارەسات ومەرگەساتی خەڵکی گوندنیشین دەخاتەڕوو، کەلەئەنجامی دەستەلاتی دەرەبەگایەتی مردن بەئاوات دەخوازن .**

---

(202)کامەران,زەبری هۆنراوە,چاپخانەی راپەڕین,چاپی یەکەم,سلیمانی,1971,ل61

## باسی دووەم /

### هۆشیاری کامەران لەبارودۆخی گەلانی تری چەوساوە :-

هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بۆئەوەی نەمرو بالأبیٚ،پێویستە زمانی کۆمەڵ وسۆزی شاعیری تیادائاوێتە بکرێت, بەجۆرێك هەروەك چۆن کاریگەری لەسەر هاوزمانانی شاعیر هەیە، هەربەوشێوازەش بتوانێت ببێتە بەشێك لەنمایشکردنی دنیایەکی گەورەتروجیهانی, میخائیل نەعیمەدەلّیٚ((کاری ئەدەب گوزارشتە لەمرۆڤـ وسەرپاکی پێداویستی وئەوحاڵەتانەی بەسەریدادێت بەشێوەیەکی جوان، تاڕاستگۆیانە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆتێگەیشتن لەخۆی وتێگەیشتن لەئامانجی دروستبوونی ))[203]

هەرچەندە ئەم بۆچونە بۆسەردەمی خۆی کاریگەربووە ،بەلأم تیۆرەکانی ئەدەب لەسەردەمی ئێستادا هێندەئەدەب نابەنە ژێرباری بارودۆخی سیاسی و کۆمەلأیەتی، بەلأم بۆباسەکەی ئێمە ( نەتەوەیی و بەرەنگاریی ) پەیوەندی ئەدەبە بەدنیای دەرەوەی خودی ئەدەب، واتە بەشداریکردنی ئەدەبە لەهۆشیارکردنەوەی گەلان بۆماف وئازادییەکانیان.لەڕێگەی زمانی تایبەتی شیعرەوە .

کامەران موکریش هەرلەم بوارەدا هەروەك چۆن ڕوولەنەتەوەی خۆی دەکات، هەربەوشێوازەش هاوسۆزی خۆی بۆگەلانی ستەمدیدەی تری جیهان دەردەبڕێت ولەڕێگەی هۆنراوەکانیەوە دەگاتە ئەوەی شانازی بەشۆڕشگێڕو شەهیدەکانی گەلانی تری دنیابکات، ئەمەش بۆخۆی پەیوەست بوونی شاعیرە بەدنیای دەرەوەی شیعرەوە (( شیعری مولتەزیم ئەودەقەیە کە خاوەن دووئاراستەیە، ئاراستەیەکی لەنێو پێگەی میللەتدا ئیشدەکات، ئاراستەکەی دیکەش دەیەویٚ جیهان بشعرێنیٚ ))[204] ئەم جۆرە هۆنراوانەش کەبۆشۆڕش وشەهید دەنوسرێت،ئەگەرسۆزو بیری بەتەواوی تێدائاوێتە نەکرابێت,کاریگەری لەسەرلایەنی هونەری دەبیٚ,چونکەسۆزێکی هەژێنەروبیرێکی قووڵ لەهەر بەرهەمێکدانەبوو,

---

[203]بەرزانی مەلا تەها ، ئەدەبی فەلسەفی و ئەزمونە زیندوەکانی سەردەم ، چاپخانەی شڤان چاپی یەکەم ، سلمانی 2008،ل5

[204]ئەحمەدی مەلا ، شێرکۆ بێکەس دوا شاعیری مولتەزیم ، گۆڤاری ئەدەبی سەردەم ساڵی دووەم ، ژمارە 7 ، ساڵ2014,ل43.

ئەوە بەمردوی لە دایکبووە (( شیعری موناسەبات ئەگەر ڕوداوەکە خۆی شاعیری نەهەژاندبێ،بەداوا لەسەر داوای کەسێك بینوسێ زۆرکاریەکی تێدایە ))[205] هەرچەندە کامەران هۆنراوەی بۆ بۆنەی نەتەوەی وشۆڕشەکان نوسووە,بەلاّم بەخواستی خۆی بووەو زۆرکاری تیادانییە.دیارەمەبەستی کامەرانیش بزواندنی سۆزوبازوی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیەتی.

کامەران ئەم ناونیشانانەی خوارەوەی بۆهاوسۆزی گەلانی تر نووسیوە(( قورتوبە ، جەمیلە ، کۆرنیکا ،گیڤارا ، لۆمۆمبا ،نادیە ،ڕوبەڕوی مردن ) جگە لەچەندین بابەتی چینایەتی کەباسی ڕەگەز پەرستی داگیرکەران دەکات وەکو ( من ڕەشم،جیم یوڵسن ).

هاوسۆزی شاعیر دەرخستنی هۆشیارییەتی بۆجیهانی دەرەوەی نیشتمانی خۆی ،ئەم ناونیشانانە سنوری نەتەوەی و ئاینی وچینایەتی شاعیری تێپەڕاندوە, بەهۆی نەبونی مەوداوە تەنهاهۆنراوەی ( جەمیلە* ) ڕوون دەکەینەوەکە دەڵێت:

ئەی جەمیلە**

سلاّو , لەئاگروژیلە

لەحەیرانا،لەلاووکا

کاتێ کچ لەگەڵ باوکا

هەڵمەت ئەبەن بەرەومردن

بەرەوقەلاّی سەختی دوژمن

لەهێرشی سەرکەوتنا

---

[205] ع ح ب ، شاعیری ئێمە نابێ لە میللەتەکەی خۆی دوربکەوێتەوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژ33 ، 5ئازاری 1999 ،ل118

*ئەم هۆنراوەیە کراوە لە ژمارە (3) شەفەقدا کراوە بە عەرەبی لە گۆڤاری پێشکەوتن و گۆڤاری (الثقافة الوطنية)ی ژمارە ( 5 )ی سوریدا کراوە بەعەرەبی لە گۆڤاری (وحدة الطلاب) یشدا دیارە ئەمەش لەبەر گرنگی بابەتەکە بوە . بڕوانە دیوانی کامەران موکری ناونیشانی هۆنراوەکە.

**جەمیلە کچە شۆڕشگێڕی وڵاتی جەزائیر بووە,لەشۆڕشی خەڵکی جەزائیردا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەرپەرچدانەوەی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیدا.

لەکاتی(بۆگەل)مردنا

با، لەچیا،لەشیو ,لەهەرد

(جەمیلە)بنووسین لەبەرد[206]

لێرەدا شاعیر وێنەی ئازایەتی دەباتە ناوقولآیی ناخی بەرامبەر ،بەشێوازێك کەحەیران ولاوك بەشێكن لەمێژووی دێرینی نەتەوەو ئەدەبەکەی ، واتە نەمری دەبەخشێتە پاڵەوانەکە (جەمیلە) , کە دەبێتە پاڵنەری سۆز و ئازایەتی بۆ هەڵمەت بردن وچوون بەگژ ستەمکاردا،هەرچەند باجەکەی شەهیدبوونبێ ،بەلآم ناوی بەنەمری دەمێنێتەوە، تادەگاتە ڕادەیەك جەمیلە وەکو نەمرێکی کورد پەیکەری زێڕی بۆدروست بکرێت بۆئەوەی ببێتە هێمای بەرخودان.

با،وێنەی تەورێك بکێشین

وێنەی تەورو,دەس و بۆمبا

وێنەی ڕووی جەمیلەی ئازا

با، لەدەربەندەکەی بازیان

کەدوژمنی کورد ئەگریان[207]

شاعیر لە جێگەیەکی تر داسلأوی شەهیدانی گەلی کورد دەگەیەنێتە (جەمیلە)

بڵێ بەخوشکە جەمیلە

(سلأوی گردەکەی سەیوان)

(سلأوی گەرمی نیشتمان )

پێشکەش بەتۆ،ئەی کچی لاو[208]

---

(206)کامەران ,ئاگروژیلە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1958,ل10

(207)سەرچاوەی پێشوو ،ل12.

(208)سەرچاوەی پێشوول13

(( کامەرانی شاعیر بۆ دەربڕینی هەست وپشتیوانی خۆی لەگەڵ گەلی جەزائیردا لەڕێی ( جەمیلە) ی نمونەی ئافرەتی خەباتکەری جەزائیرەوە ، ئەوپەیوەندیە دروست دەکات و سلاْو لەوخەباتە دەکات کەئەو وەك ئافرەت وهەم وەك گەلێکی ژێردەستە دژبە داگیرکەرانی فەرەنسابەرپابوو ))[209]گەلانی ستەمدیدە هەرچەندە لەزمان ونیشتماندا جیاوازبن، بەلاْم بێگومان لەزمانی هاواروخۆێن بەخشین دائاوێنەی یەکترن .

د.کامیل عزیز بصیریش لەبارەی ئەم هۆنراوەیەوە دەڵێ (( شاعیر لەم هۆنراوەیەدا ئامانجی ئەوەیە,کەگیانی تیکۆشانی نەتەوەکەی تین پێ بسێنێ وشانازی بەڕابردووو هێزودەستەلاْتیانەوە بکات )).[210]

لەبەرئەوەی شاعیریش کەسێکی هۆشیاری کۆمەڵگایە ، بەهیچ شێوازێك گونجاو نیە لەبەر ئەدەبیەتی دەقی شیعری خۆی, لەگرفتەکانی کۆمەڵگەکەی نابینا بکات (( ڕەخنەگرانی کورد لەکاتێکدا داوای ئەوەیانکردووە لەڕوانگەی ئێش ونەتەوەی کوردەوە بڕواننە ئێش وئازاری نەتەوەکانی تر، ئەوە نەبێ ئەم بیروڕایە لەڕوانگەیەکی نەتەوە پەرستی تەسکەوە هات بێت, بەڵکوپێویستی بارودۆخەکە وایکردووە لەسەرەتادا ڕووبکەنە ژیانی میللەتی خۆیان ئینجا بەرەو میللەتانی تربچن ،چونکە لەهیچ شوێنێك ولای هیچ شاعیر و ڕەخنەگرێك وشەیەك نادۆزینەوە دژی میللەتانی تر گوترابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هاوهەستی بەئێش وئازاری میللەتانی ترو باسکردنی ژیانی پڕلەچەوسانەوەیان بەیەکێك لەبابەتەگرنگەکانی شیعروئەدەبیاتی کوردی دادەنرێت ))[211]

هۆنراوە بەشداری دۆخی گشتی گەل و نەتەوەیە بەتایبەتی لەونیشتمان ونەتەوانەی لەهەوڵداندان بۆ قۆناغی ئازادی نەتەوەیی وشۆڕشگێڕی،ئەمەش جۆرێك لەپەیوەندیە لەنێوان شیعر و دۆخی ڕامیاری ، لەم بارەیەوە شێرکۆبێکەس دەڵێ (( بەستنەوەی مەسەلەی ئەدەبیمان بەلایەنی سیاسیەوە کارێکی پیرۆزە ،بەلاْم ... ئەوئەدیبە گەورەو بلیمەتانەی تائەمڕۆ دنیای ئەدەب ناسیونی ، ئەوئەدیبانەن کە دوو ڕەنگ وسێ ڕەنگ زیاتریان

---

([209])عەباس محمد قادر ، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ( 1946–1970) چاپی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2010 ،ل102.

([210])کامل حسن البصیر ، مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیا ، گۆڤاری ڕۆژی نوێ ، ساڵی یەکەم ژمارە 9 کانونی یەکەمی 1960 ،ل72.

([211])د.بەرێز سابیر ، ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر ،ل528.

دۆزیوەتەوە))[212]کامەران چەندین ڕەنگی لەهۆنراوەکانیدا نەخشاندووە چینایەتی، ڕامیاری ئاینی ، نیشتمانی,کە دەچنە خانەی بەرەنگاری دەستەڵاتی ستەمکار , بۆهەستی نەتەوەیش کاریگەریان هەبووەو دەمێنیٚ ((بەلای شاعیرەوە نەتەوایەتی بیٚ مرۆڤایەتی نانوێنیٚ و ژاکاوە ، مرۆڤایەتیش بەبیٚ مۆرکی ڕەسەنایەتی یەکی نەتەوەی سەودا یەکی خاوە، چون ڕەگوڕیشەی نیە،بەرگەی ڕۆژگارناگریٚ )).[213] ئەمەش ئەو ڕاستیە ڕوونتر دەکاتەوە پەیامی هۆنراوەی نەتەوە،ئازادیخوازی جیهانیە و تەنها مەرامی نەتەوەیەك نیە چونکە تا دنیا مابیٚ،بەرەنگاری نادادی مۆرکی شاعیری ڕەسەنەو ئاوێتەبوونی بیری نەتەوەیش بەهۆنراوە بەشێوازێکی جوان ،شاعیر بەنەمری دەهێڵێتەوە، بەتایبەتی کامەران کە ژان و غەمی نەتەوەی خۆی ئاوێتەی بەرهەمەکانی کردووە ,کەئەوپەڕی بەئاگای شاعیر پیشاندەدات بەتایبەتی چەند هۆنراوەیەکیشی لەزمانە بیانیەکانەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانیکوردی.

## باسی سێیەم /پەیامی شیعری لای کامەران موکری:

هەرچەندە جیهانی ئەدەب بەگشتی وهۆنراوە بەتایبەتی ,خاوەنی زمان وتێڕامانی جیاوازە بۆخۆی وجیهانی دەوروبەریشی،بەلاٚم دواجارهۆنراوە بەشێکە لەژان وسۆز،ئیدی ژیانی دەرەوەی شاعیر تیادا ئاوێتە دەبیٚ،ئەوە قۆناغ وتیۆری ئەدەبە کاریگەری لەسەر بەجیٚ دەهێڵێت چونکە (( یەکەمین شتێك کەناتوانین ڕەتی بکەینەوە ماف ژیانی ئەوانیترە ))[214]ژیانی دەوروبەریش دەبنە بەشێك لەئەدەبیەتی هۆنراوەی شاعیری مولتەزیم (( لەکاتێکدا کەهەڵبەست ئاکامی تاقیکردنەوەو زەمینەی تاقیکردنەوە خودیەکانی شاعیربێت،ئەواپێویستە لەبواری شیکردنەوەی بنیاتەکەی دا تاقیکردنەوەکان بۆخۆیان ببنە بنکەیتێڕوانینمان وەك ئەودانەیەکگرتووەمامەڵەیلەگەڵدابکەین کەتۆوەکەی

---

([212])سەرچاوەی پێشوو ،ل 97.

([213])د.إحسان فؤاد ، کامەرانی شاعیر ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە 130 نیسانی 1987 ،ل18.

([214])ئەلبێر کامۆ ، مرۆڤی یاخی ، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی ، چاپ و بلاٚو کردنەوەی ئەندێشە چاپی یەکەم سلێمانی 2012،ل32

لەتاقیکردنەوەوە دەستپێدەکات وسۆزوهەڵچون بەرپادەکات ))[215] کامەران وەکو شاعیر و دواندەر و سیاسیەك بەتاقیکردنەوەی پڕژانی گەلەکەیدا تێپەڕیوە, و دواجارهەرئەو تاقیکردنەوانە بونەتە هەوێنی شیعری و بەزمانێکی سادەی نزیك لەخەڵکی ئاسایی بەرهەمەکانی بهۆنێتەوە(( کامەران باوەڕی وایە هۆنراوە فکرەیە ناکرێت فکرەش بکرێتە قوربانی سەروا، بەڵام دەکرێت سەروا بکرێتە لاسەنگ بۆبیرێکی بەهێز ))[216] خاك ونیشتمان بەشێکن لەهەوێنی شیعری کامەران بەشێوازێك لەزینداندا سڵاو بۆخاکی نیشتمان دەنێرێت.

زیندان ناخۆشە،تەنگومات

گەرچی ( وچانە،بۆخەبات)

بەڵام هەرنوێنەوپەڕۆی خوان

زنجیرەکەم ونەختێ نـــــــان

هەزار سڵاو,لەخاکـــــەکـــــەم

کەخۆمی بۆ,والێ ئەکـــــــــەم [217]

نیشتمان ( کوردستان ) لای شاعیر سەرچاوەی بون وئازادی خۆیەتی، بۆیە هەرچۆن لەژیانی واقعیدا لەپێشەوەی خۆپیشاندانەکاندابووە,هەربەوشێوازەش هۆنراوەکانی بەشێکن لەدۆخەگشتیەکانی سەردەمی ژیانی(( کامەران موکری شاعیری نەتەوەیی پێشکەوتووخواز

---

[215] د.دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا ، چاپخانەی ڕەنج چاپی یەکەم ، سلمانی 1998، ل41.

[216] د.کامل حسن عزیز البصیر ، کامەران شاعر من کردستان ، مکتبة کامران طبعة الأول سلیمانیة 1960، ص39.

[217] کامەران ,ئاگروژیلە,ل86

**هەمیشە بەرگری لەمافی ڕەوای گەلەکەی کردوە، نەك هەر بە شیعر،بەڵکو بەخەباتی سیاسیش،لەهەمانکاتدا بانگەشەی بۆئاشتیەکی ڕەواکردووە لەناوگەلاندا ))[218]**

**شاعیر لەجێگەیەکی تردا باس لەئەندازەی خۆشەویستی هاونیشتمانی دەکات, بەرامبەر بەژیانی گشتی تاکو مافی ڕاستەقینەی نیشتمان بەسەرهەموومانەوەودەڵێت:**

**(ژیان وتەمەن )**

**ژین لەلای دڵسۆز هەرتێکۆشانە**

**هەوڵە بۆخاکی ئەم کوردستانە**

**خۆزگە ئەندازەی ژیان وتەمەن**

**تێکۆشان بوایە بۆخاکی وەتەن**

**(ئاخۆ,تەمەنی کام دڵسۆزی کورد )**

**(لەچوارپێنج ساڵی تێپەڕی ئەکرد)[219]**

**ئەم هۆنراوە ئەوە ڕووندەکاتەوە ،کەتەمەنی مرۆڤ هەرچەند بێ ناگاتە ئاستی خۆشەویستی ڕاستەقینەبۆخاکی نیشتمان،دەکرێت بەجۆرێکی تر واش دابنرێت دڵسۆزانی کورد بەچەندساڵێکی کەمی تەمەنیان لەتێکۆشان بۆنیشتمان ئیدی ببنە لاسەنگیەك بۆ مێژووش، بەلأم شاعیر ماندوو بونەکەیان وەکوخۆی سەیر ئەکات ، بەشێکی تر لەهەوێنی هۆنراوەکانی شاعیر کارەسات و بۆنەکانی نەتەوەکەی خۆیەتی ئەودۆخانەمان بۆ تۆماردەکات (( لەبەرئەوەی شاعیر  زیاتر لە ئێمە شتەکان کاری لێدەکەن و زیاتر دەوروژێ و خەیاڵی فراوانترە بۆیە ئەوشتە گونجاوانە دەبینن بەشێوەیەکی تازەپێشکەشمانی دەکات کەواتایەکی تازەی هەیە))[220] بەرەنگاریش کە بریتیە لەدەرخستنی بیروڕای شاعیر دەربارەی دۆخێك**

---

([218])د.قمری سعید عزیز ، هەڵوێست لە شیعری کوردیدا (1800–1970) تێزی دکتۆرا ، زانکۆی سلمانی 2002 ،ل83.

([219])کامەران,گوڵ ئەستێرە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1959,ل5

([220])د.شکری عزیز الماضي ، تیۆری ئەدەب ، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی چاپخانەی ماردین ، چاپی یەکەم ، هەولێر 2010 ،ل58

**کەلەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا نەگونجێ و شاعیر هۆشیاری خوێنەری بەرامبەر زیاتر بکات، ئەم بڕوا قوڵەش لەهۆنراوەی ( ئەستێرە و مەل وخەزان ) دا بەڕوونی دەردەکەوێت.**

**ئەوگوڵەی،خەزان،وەرانی ونەمرد**

**ئەودڵەی،ناسۆر،لەهیوای نەکرد**

**ئەوپریشکانەی،دامـــــــــــردنەوە**

**بەڵام هەمیسان،گڕیـــــــانگرتەوە**

**ئەوئەستێرەیەیکشا،بۆناوچەم**

**لەسەرەمەرگا،خەندەی لەسەردەم**

**ئەومەلەی،بایوەشت،باڵی هەڵوەران**

**لەبەستەوتن،نەکەوت لەئاسمان**

**وان,لەناودڵی،منـــــامیـــــوانن**

**چونکەنمونەی ( قەت ) کۆڵنەدانن** [221]:

**ئەم هۆنراوەیە ئەوپەڕی هێزی زیندویی و بەرەنگاریی کامەران نیشاندەدات،بەشێوازێك دیاردەسروشتیەکانیشی کردوەتە کاراکتەری هۆنراوەکەی، توانا وبەرهەڵستی ئەودیاردانە ( گول، دڵ ،پریشك ،ئەستێرە ، مەل ) هەموو ئەمانە توشی گرفتی پڕوکێنەربون ، شاعیر سیفەتی زیندوی بەهەمویان بەخشیوەو لەدوا دێڕدا دەڵێ ئەو هێزو کاریگەریانە بەشێکن لەڕۆح وجەستەی من و کۆڵنەدانیش بۆ ئامانجی خۆیان بەبەرزی دادەنا،دەکرێت ئەو هێزانەش بەهەر ستەمکارێك دابنرێت وشاعیربەرەنگاریان بوەستێ،چونکە دڵی زیندوئەودڵەیە کەپڕە لەهیواو هەرچەند ئێستا پڕکۆسپ بێت ئەو بەسۆزەوە هەنگاو بۆداهاتوو دەنێت.**

**دیوانی کامەران چەندین هۆنراوەی بۆ بۆنەکان ( مناسبە) تیادا دەبینرێت ( شێخ مەحمود ،بارزانی ، نەغەدە ، ئەختەر ، لافاوی سلێمانی،کامیل....هتد ) سەرچاوەی ئیلهامی**

---

([221]) کامەران ,دیـــــــاری,لـــــــ47

لەم هۆنراوانەدامرۆڤـــ بووە .((هۆنراوەی نویٚ ئەوەیە ئادەمیزاد بکاتە سەرچاوەی خۆی))[222] بەشێوەیەکی گشتی ئەوە دەبینرێت،کە کامەران هۆنراوەی بۆگەل ونەتەوەنوسیوە بەزمانێکی ئاشنا و دەتوانرێت بەرەنگاری دەرەبەگایەتی وهۆشیاری نەتەوەیی بە دووفاکتەری سەرەکی نوسینی هۆنراوەلای کامەران دابنرێت، چونکە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە شاعیران تاڕادەیەکی باش ڕویان لەگرفت وکێشەکانی لادێو شارو نیشتمانی خۆیانکر،واتە کامەرانیش یەکێکە لەوشاعیرانە، چونکە دابڕانی هەر شاعیرێك لە دۆخ و کاریگەر یەکۆمەلاٚیەتیە کە نادادی پێوەدیارە، هەربۆیە(( شاعیر لەهەموو مرۆڤێك زیاتر قالٚبوی هەمووبارودۆخەکانی دەوروبەرەکەیەتی، لەبارودۆخی ڕامیاری و کۆمەلاٚیەتی و ئاکاری ڕۆحی و ڕۆشنبیری و هونەرییەوە نزیکە، وێڕای ئەوەی کە بەهەمووشێوازێکی تەکنیکی ڕەخساو بیر دەکاتەوە و دەنوسێت ،لەهەمانکاتیشدا هاوبەشی جیهان دەکات لەژیانی ڕۆژانەوداهێنان وهونەرو هەموو کاروبارێکدا، ئەمانە هەموو بارودۆخی گیانی وکۆمەلاٚیەتی شاعیری هاوچەرخن ))[223] لەبەرئەوەش شاعیر سیفەتی دواندەری تیادا بووە وشوێنە جوگرافیەکە ( سلێمانی) جێگەیەکی دەستەمۆ نەبووە ئەمانەش هۆکارگەلێکن بۆئەوەی کامەران هەوێنی بابەتەکانی ڕاستیەکانی ژیان نیشانبدات ئەویش بە بەرەنگاربونەوە یاخود هۆشیاری نەتەوەیی .

هەر بەهۆی ئەودەستەمۆنەبوونەی خەلٚکی سلێمانییەوەیەیە, کە کامەران شارەکەی ناوناوە (شاری هەلٚمەت و قوربانی).

---

([222])حسێن عارف ، نوسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆلٚینەوەدا ، دەزگای چاپ و بلاٚکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم ، هەولێر 2011 ،ل359.

([223])د. ئازاد عبدالواحێد کریم ، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا ، چاپخانەی ئاراپخا چاپی یەکەم ، کەرکوك 2006 ،ل34.

# بەشی سێیەم:

## ڕەوتی ژیان و جیهانیە شیعرییەکەی کامەران.

- پاری یەکەم : ڕێڕەو وقۆناغەکانی ژیانی کامەران.
- پاری دووەم : کامەران و جیهانی شیعرو ئەدەبیات.
- پاری سێیەم : بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانی کامەراندا.
- پاری چوارەم : بەرەنگاری و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا.

## بەشی سێیەم: ڕەوتی ژیان و جیهانیە شیعرییەکەی کامەران .

### پاری یەکەم : ڕێڕەوو قۆناغەکانی ژیانی شاعیر .

### باسی یەکەم // بارودۆخی ناوچەکە پێش لە دایك بوونی کامەران //

ئاووهەوا و کەشی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یەکێکە لە کاریگەریە سەرەکیەکانی پێگەیاندن و وێناکردنی کەسایەتی هەر مرۆڤێك لە هەر جێگەیەك بێ. کوردستان بە گشتی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا وەکو هەموو قۆناغەکانی پێشتر گرفتاری نەهامەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو بووەوە .

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ودروست بوونی حکومەتی شێخ مەحمود لە بارودۆخێکی ناجێگیری سیاسیدا بەهۆی یەکلایی نەبوونەوەی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانەوە و مانەوەی کریگەری ئایینی ودەستەلاتی عوسمانییەوە، نەیان دەهێشت حکومەتێکی سەقامگیرو گەشە کردوو بێ، چونکە لەماوەی کەمتر لە (6ساڵدا )دووجار شێخ حکومەتی پێکهێناوە و ئینگلیزەکان تێکی بدەن ئەمانە وای کرد خەڵکی ڕۆحی بەرەنگارییو کوردایەتیان بەهێزبێ و بەرامبەر زلهێزێکی وەکو بەریتانیا دەست بدەنە چەك و خاکەکەیان بە خوێنی خۆیان بنەخشێنن, هەروەها 6ئەیلولی 1930 کۆمەڵکوژی خەڵکی هۆشیاری شاری سلێمانی بەدەستی حکومەتی پاشایی و ئینگلیزەکانەوە، کاریگەریان لای هەموو کوردێکی بەهەڵوێست و نەتەوە پەروەر بەجێ هێشت، بە شێوازێك بوونە هەوێنی شیعری چەندەها شاعیری ئەو سەردەمە، لەڕووی ئابووریشەوە ناوچەکە بەهۆی سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕەهاوچەوساندنەوەی خەڵکی لە چەند سەرەوە ( عوسمانی + دەرەبەگایەتی ناوخۆ ) زۆرتەپی بوو، ئاستی گوزەران لە خراپترین دۆخدا بووە ،کەئەمەش چەوساندنەوە و نادادی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی خێزانی و ژنانی بەدوای خۆیدا هێنابوو, بە شێوازێك دەردو پەتاو کەمی دەرامەتی ماوە بۆ جوتیار گوزەرانی سەخت کردبوو، هەموو ئەمانە

**ڕەنگیان لە نوسین ومێژو وئەدەبدادەڕێژراو شاعیرانیش کارەساتەکانیان دەکردە هەوێنی بەرهەمەکانیان, ئەو جێگەیەش کەشوێنی لەدایکبوونی کامەران موکرییە، بە درێژایی مێژووی نویێ پێشڕەوی بەرەنگاری و ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی دەنگ و دەستی خەڵکی شارەکە بووە بۆ هەر نادادییەك (ستەمێك)، کە ڕووی لە کوردو شۆڕشەکانی کردبێت، ئەو دۆخە و سەدەی نۆزدە ساتی لە دایکبوون و پێگەیشتنی چەندەها شاعیری وەکو سالم و نالی و پیرەمێرد بووە، کە بۆ دوای خۆیان بوون بەسەرچاوەو دەریای لەبن نەهاتووی هەست وبیری کوردایەتی کە زۆر نوسەر و شاعیری تر پێیان کاریگەر بوون، کامەران موکری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕێچکەی بیری نەتەوەیی حاجی قادرو سالم وحەمدی و پیرەمێردی...هتد گرتووە .**

**باسی دووەم : کامەران و کانی(فاکتەری) پێگەیاندنی بەهرەکانی :**

**پێگەیشتن و دەرکەوتنی هەر کەسایەتیەك لە ئەنجامی چەندین کاریگەری و هەلی گونجاوەوە بەدی دێت .**

**(( کامەران موکری ( محمد أحمد تەها ) کە لە ساڵی 1929لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە))[224] ئەم دونیایە جیاواز لە جێگە و خێزانی تر، چونکە وەکو شار سلێمانی خۆی ڕێگە خۆشکەر بوو بۆپێدانی بەهرە و پێگەیشتنی شاعیر، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی سەدەی هەژدە بەدواوە سلێمانی لانکەی شاعیر و کەسایەتی دیار و فەرمانڕەوایی میرەکان بووە، کە ئەمانە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ شاعیر، کە ئاوی خۆی لەو کانییە لەبن نەهاتووە هەڵگۆزێت .**

**کەشی خێزانیش یەکێکی ترە لەو پاڵنەرانەی کامەرانی بردە کۆڕی کوردایەتی و لە هۆنراوەیشدا نەتەوایەتی بەشێکی گەورەی بەرهەمەکانیەتی (( ئەو هۆکارانەی پاڵیان بە محمدەوە نابۆچوونە نێوکۆڕی خەبات، چەوسانەوەی میللەت بوو لەلایەن ڕژێمی پاشایەتیەوە، کە لە ڕێگەی ئەو ڕژێمەوەش عێراق بە تەواوی پابەندی ڕەوڕەوەی ئیمپریالیزم**

---

**([224] )د.عەبدوڵا ئاگرین ، بەرلەڕاپەڕین لەیادی چلەی (کامەران موکری)دا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی نازە ،هەولێر ،2010،ل27.**

**بوو، لە ئاکامی پەروەردە بوونیشی لە ناو خێزانێکی کورد پەروەر بەتایبەتی بوونی "نوری " ی برا گەورەی، وەك یەکێك لە دامەزێنەر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بووە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە بۆمحمد تا لەو تەمەنە کەمەیدا بەرەو کوردایەتی هەنگاو بنێ)).[225] کامەران هەر لە تەمەنی چواردە ساڵیەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوەدا پەیدا دەکات و دەکەوێتە بەر کاریگەری ڕۆشنبیری سەردەمەکەیەوە .**

**لەبارەی سەرەتای خوێندنەوەیەوە شاعیر خۆی دەڵێ : (( لەساڵی 1943 ەوە دەستم دایە خوێندنەوە، وەك ژەمبورە، ژەمبوردەی خوێندنەوە بووم، ....کتێبی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی،گۆڤارەکان،هۆنراوە ....زۆریشم حەزلە هۆنراوە لەبەرکردن دەکرد و بە ئاسانیش هۆنراوە دەهاتە بەرم، بەڵام وەك منالێ یان لاوێکی تازە پێگەیشتوو خولیایی ئەوە لەسەرما نەبوو کە ڕۆژێ بێ ببم بە شاعیر هەر حەزم دەکرد تێبگەم و ڕۆشنبیر بم و .....بە ئاگابم لەو جیهانە بچووکەی خۆم )).[226] کامەران هەر لە قۆناغی ئامادەییەوە، ئیدی دەردەکەوێت و کاریگەری چەند شاعیرێکی دیاری پێش سەردەمەکەی خۆی لەسەر بووە و پێیان کاریگەر بووە(( من لەڕێگەی هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی و حەمدی و قانیع و أحمد موختار جاف و پیرەمێردەوە ملی ڕێی بەندینخانەم گرتەبەر، ئەوجا خۆم تووشی ئەو دەردە کوشندەیە بووم )).[227] چونکە کامەران ناتوانێت هۆنراوە بۆ لاسایی و بێ ئیلتزامی بەکار بهێنێت،ئەوا بە دەردێکی کوشندەی دەزانێ،کە ڕۆحی شاعیر هەردەم بەدوای وەڵامی خۆشبەختی ئەنجامی نەهامەتی نەتەوەکەیدا سەرگەردانە و ئەمانەش دەکاتە هەوێنی شیعرەکانی، شاعیر داوای پەیوەست بوونی شاعیر دەکات بە ژیان و واقیعی نەتەوەکەیەوە. (( ئەو نوسینەی لە( ئایدۆلۆجیە)کەوە هەڵنەقوڵابێت وشکە ....بێ سوودە .....نوسین ڕابواردن نیە دەربڕینی بیرو باوەڕ و هەستە بەئازار و ئاواتەوە )).[228] لەو سەردەمەی کامەران تیایدا دەرکەوت (1950 – 1970 )بیری ئەنتەرناسیۆنالیزم لەناو کوردا تا ئەندازەیەك دەرکەوتوو بوو، ئەمەش بو بە جۆرێك لە نەگونجان لەگەڵ بیری کامەراندا ,کە تا ئەوپەڕی سنوور نەتەوەخوازانە دەیڕوانیە ژیانی گەل و شارەکەشی،ئەم هەست و**

---

([225]) پەخشان سابیر محمد ، کامەران ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر ، زانکۆی صلاح الدین ،1993 ، ل9

([226]) کامەران موکری ، من و هۆنراوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژ11 ، 5ئایاری 1997 ، ل32.

([227]) سەرچاوەی پێشوو ، ل32.

([228]) کامەران ,دیوانی کامەران موکری ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی د.عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاپی دووەم، هەولێر 2013، ل41.

هۆنراوانەش چی لەناو ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیدا و چی لای حکومەتی ئەوکاتە, پەسەند نەبوو، چونکە دەبووە پشکۆ و ئاگری ناخی پەنگ خواردووی خەڵکی خۆش دەکرد,کامەران خۆی باسی ئەو جۆرە دژایەتییە دەکات ودەڵێت :

وتیان :ئەو ڕێ یەی کە تۆی لەسەری

مانای ئەوەیە بە لاوی ئەمـــــری

منیش پێم وتن ئەم ڕێ یە نەگــرم

بەگەردن کەچی و کەساسی ئەمرم* .[229]

دروستبوونی حزبی نەتەوەیی* (پارتی دیموکراتی کوردستان )، یەکێکی ترە لەو کاریگەریانەی، کە کامەرانی هاندا بۆ دنیای نەتەوەخوازی و لە ڕاستیشدا لە ڕێگەی پارتیەوە ناوبانگی دەرکرد ، چونکە دواندەری پارتی بووە لە ناوچەکەدا . هەربۆ نموونە لە بەرواری 1959/8/30 لە گردی شێخ محی الدین، بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وتارێکی پێشکەشکردو لەکاتی پێشکەش کردنی وتارەکەیدا ,ئەم شیعرەی لەسەرگۆڕی ( عباسی جوانەمەرگ )خوێندەوە، کە ئەمە بەشێکە لە هۆنراوەکەی وتیایدا دەڵێت :

هەنسکی دایکی نیشتـــــمانەکەت

پشکۆی هەڵمەتی گیانی خۆش کردی

هاوڕێم بۆ کورد و کوردستانەکەت

کۆچت کرد, بۆیە من ناڵێم مردی* .[230]

---

*مەبەستم ئەوەیە پێش پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی نەتەوەیی دیار لەکوردستاندا نەبووە کە کاریگەری فراوانی هەبێ ,چونکە تەنها شیوعی هەبووە ئەویش نێو نەتەوەیی بووە .هەرچەندە حزبی هیوا هەبوو ئەو کاریگەریە قوڵەی بەجێ نەهێشت و بو بە بەشێك لە مێژووی سەروەری.

([229]) کامەران,ئاوات وڕەنج,چاپخانەی کامەران, چاپی یەکەم,سلیمانی,1968,ل15

*ب هەندرێن لە کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست وڕەخنەدا دەڵێ کامەران لەلایەن کۆمەنیستەکانەوە دژایەتی کراوە ئەوەش هۆکاری نوسینی ئەم هۆنراوەیەیە، ل36

*بۆ زانیاری دەربارەی عباس ی جوانە مەرگ و درێژەیی بابەتەکە بگەڕێوە بۆ سەرچاوەکە

([230]) کامەران ،عەباسی جوانەمەرگ ،گۆڤاری ڕۆژی نوێ ، ژ6 ، ساڵی 1 ، ئەیلولی 1960،ل18 .

**کامەران بە خەتیبێکی گەورە و دیار ناوی دەرکردبووە ،بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا هەربۆیە ((بە خەتیبی شۆڕش ناوی دەرکردووە و باشترین دواندەریش بووە کە چاوەڕێی پاشە ڕۆژێکی دیاری لێ دەکرا )) .[231]**

**کامەران هەمیشە بە هەڵوێست و نەترس بووە و لەتەمەنی لاوێتییەوە ڕووبەڕووی دوژمنان و ناحەزانی کوردبۆتەوە، بۆ سەلماندی ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کە((دەرکەوتنی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1948 دەست پێدەکات ، کاتێ وەزارەتی ساڵح جەبر خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو بۆ مۆرکردنی پەیمانی پۆرتسماوث ، میللەتیش لە 27 کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا ڕاپەڕیوشەهیدێکی زۆریشیان دا))[232] و–کامەرانیش دیارترین دواندەری(خوتبە) بۆ شەهیدانی سەر پرد واتە شەهیدانی ڕاپەڕینی 1948 لەبەغدا،وتووە و بۆ کۆچی دوایی – ڕەفیق حلمی–یش لەسەر گۆڕستان وتارێکی پێشکەش کردووە. زۆر لەکەرەستەکانی کامەران بۆ دواندەرییەکانی چوارینە یادووبەیتیەکانێتی.د.عزالدین مصطفیرسول لە بارەی دواندەری کامەرانەوە دەڵێ(( کامەران بە چوارینەکانی خوتبەکانی دەست پێدەکردوو بەهۆی زمانی تێراوی لە وشەی هەست بزوێن و کاریگەری لەسەر گوێگر بە جێ دەهێشت،بۆیە کامەران خەتیبێکی چاك بوو ))[233]کامەران خۆی بە لایەنگری هەژار و ستەم دیدە دادەنێت و بە شێوازێك بە ڕەمزەوە ئەم لایەنگریەی باس کردووە و دەڵێت .((لە ماڵی کرێوەدا درەختی گرت ڕواندوە، پێی بەفر بردووی ڕێگەی سەختی ژیانت لە هەنگوینی فرمێسکی هۆنراوەی کوردی هەڵکێشاوە، تۆ بووی بە دەنگی بە سۆزت کە گیانت دەکرد بەبەری هۆنراوەکانی حاجی قادر قانیع و بێکەسدا ، وادیارە تۆیش شەیدای ....شەیدای هەر بەیەك سەرنج یەك ئاوڕ ؟! )) .[234]ڕێبازی نەتەوەیی لە ژیاندا پەیڕەو کردووە هەردەم**

---

([231]) **د. پەخشان سابیر محمد ، کامەران ژیان و بەرهەمی ، زانکۆی صلاح الدین 1993 ( نامەی ماستەر ) هەروەها بڕوانە جلال طالبانی ، کردستان والحرکە القومیە الکردیە ص60.**

([232]) **د. پەخشان سابیر محمد ، کامەران ژیان و بەرهەمی ، ل12 .**

([233]) **چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عزالدین مصطفی رسول ، 15/9/ 2014، کاتژمێر (5) پێنجی ئێوارە ماڵی بەڕێزیان**

([234]) **کامەران موکری ، (من و هۆنراوە ) ، گۆڤاری ڕامان ، ژ11 ،5ئایاری 1997 ، ل32.**

ژانی گەل هەوێنی شیعری کامەران بووە (( کامەران لە شیعردا ڕێبازی بابەتی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی ئاودراو بە سۆز و هەستی نەتەوایەتی گرتۆتەبەر )).[235]

کامەران لەسەردەمی خۆیدا خاوەنی دەنگ و ڕێچکەی خۆی بووە، ڕەخنەگران چاوەڕێی داهاتووی گەورەیان لێ بەدی کردووە،چونکە ئەوە نەبێ شاعیرێکی لاتەریك بێ وکەس نەی ناسیبێ، بەڵکو لەسەردەمی خۆیدا جێگەی دیار بووە هەروەك حسێن عارف دەڵێت : (( کامەران هیوایەکی ڕووناکی دوا ڕۆژی هۆنراوەی کوردییە ))[236]

کامەران شاعیرێکی خاکی بووەو نزیك لە خاك و نەتەوە و دوور لە بەرژەوەندی تاکە کەسی و چەشەی ڕۆژگار بووە،هەر لەم بارەیەوە حەسەن جاف دەڵی (( کامەران مرۆڤ و تێکۆشەر و شاعیر کە تا مرد نرخ و بەهای شیعر و ئەدەبی و ویژدانی مرۆڤانەی خۆی وەك گلێنەی چاوەکانی پاراست ، نە دەستی بۆکەس درێژ کرد ، نە سەری بۆ کەس دانواند ، نە ژیان و ئەرکی ناخۆشی و ئەشکەنجەی هەمە جۆری چۆکی پێ دادا ))[237]

کامەران باجی بیرو باوەڕی خۆی داوە و ئەمەیش لە هۆنراوەکانیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت (( شاعیر لە ژیانیدا حەڤدە جار خراوەتە بەندیخانەوە )) .[238]

بەم شێوازەی خوارەوە باس لە کاریگەری زیندان دەکات لەسەر خۆی ودەڵێت :

زیندان ناخۆشە ، تەنگ و مات

گەرچی ( وچانە ، بۆ خەبات )

بەلاّم هەر نوێنە و پەڕۆی خوان

زنجیرەکەم و نەختێ نـــــان

هەزار سلاّو لە خاکـەکـــــەم

---

([235]) کاکەی فەلاح ، کاروانی نوێی شیعری کوردی ،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد 1978، ل238.

([236]) حسێن عارف ، نوسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر 2001 ، ل355.

([237]) حەسەن جاف ، کامەران موکری چیرۆکنووس ، چاپی یەکەم ،مطبعة سومر ، بغداد 1988 ل7.

([238]) کامەران موکری ، (من و هۆنراوە ) ، گۆڤاری ڕامان ، ژ11 ،5ئایاری 1997 ، ل35.

که خۆمی بۆ والیٚ ئـــــــەکــــــــەم .[239]

شاعیر زیندان بە جێگەی کۆڵ دان و نەوین نازانیٚ ، بەڵکو بە شانازییەوە لەوێوە ڕوو لە خاکی نیشتمانی دەکات و سلاْوی بۆ دەنێرێت .(( محمد أحمد طه )) لە ژیانیدا زۆرترین زیندانی و ئازاری چەشتووە تەنانەت کار گەشتوەتە ئەوەی هەڕەشەی لاق بڕینی لێبکرێت .

## باسی سێیەم : بۆ کامەران و پاشان موکری

کاکەی فەلاح لەبارەی ئەم نازناوەوە دەڵیٚ (( لە شیعردا لەقەبی (کامەران ) ی بۆ خۆی داناوە و سەبارەت بەوەیە کە هەم لە ژیانی خۆیدا کامەرانی نەدیوە هەم لە کاروانی خەباتدا خۆی بە کامەران و بەختیار زانیوە )) .[240]

بەلاْم کامەران موکری خۆی لە جێگەیەکی تردا، بە شێوازێکی تر و شۆڕشگێڕانە تر ئەو باسە ڕوون دەکاتەوە و دەڵیٚ :(( لەبەر ئەوە خۆم ناو نا کامەران بۆ ئەوەی پەلی ورە بگرمە تەختی پشتی ژیان هەروەها تێکۆشانم بە کامەرانی دادەنا، نەك ئارام گرتن و حەسانەوە لە سێبەری داری ئەو کامەرانیەدا)) .[241]

ڕایەکی تر لەبارەی نازناوی کامەرانەوە د.پەخشان لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵیٚ ( بۆ ئەو خۆشیە دەگەڕێتەوە کە ئەخۆلی برای دوای (10 دە کچ ) کامەرانی بوو ) .[242]

بەلاْم ئەم ڕایەی د. پەخشان جێگەی گومانە، چونکە نازناوی کامەران بۆ سەرەتای پەنجاکان دەگەڕێتەوە لە کاتێکدا دەیەم منداڵی ئەخۆل ناکاتە ئەو بەرواره ،بەڵکو زۆر دواترە.چونکە خۆم پەیوەندیم کردوەبە ئەستێرەی کچی کامەرانەوەو ئەوزانیارییەی دکتۆرپەخشانی بەناڕاست داناوە ,بەهەر شێوازێك بێت،ئەم نازناوە جۆرێکە لە بەرەنگاری و کۆڵ نەدان لەگەڵ ڕۆژگار و کۆسپەکانی ڕێگەی ژیاندا ،کە شاعیر بڕیاری داوە مل نەداتە

---

([239]) کامەران,ئاگروژیلە ,ل87

([240]) کاکەی فەلاح ، کاروانی نوێی شیعری کوردی ،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد 1978، ل233.

([241]) کامەران موکری ، (من و هۆنراوە ) ، گۆڤاری ڕامان ، ژ11 ،5ئایاری 1997 ، ل35.

([242]) د.پەخشان سابیر محمد ، کامەران ژیان و بەرهەمی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی صلاح الدین ،1993، ل28 .

.شەوی18/17مانگی11 /2014پرسیارم لە ئەستێرەی کچی کامەران کرد,وەلامی ئەوە بوو,کە منداڵی ئەخۆل پەیوەندی نییە بەونازناوەوە وزیاترلە کوڕێکیشی هەیە

دەست شەپۆلەکانی ڕۆژگار و هەروەك چۆن هۆنراوەکانی ئەم ئاوازەی تیادا زاڵە ئاواش لە ڕۆح و ناوی شاعیردا جێگیر بکرێت .

کامەران لە پێشەکی ئاوات و ڕەنجەکەیدا دەڵێ ( سەرنج ئەدەم لەم دواییەدا هەندێ کەس بەناوی کامەران ئەنووسن ،لەبەر ئەوە بڕیارم دا کە لەمەو دوا ناوی خۆم بنێم ( کامەران موکری ، هەروەها بۆ (موکری) شم هەڵبژارد کە بیخەمە سەر ناوەکەی خۆم چونکە من خۆم ( موکری) م . کەواتە نازناوی موکری دوو هۆکاری هەبووە :

یەکەم: چونکە خەڵکی تر بەناوی کامەرانەوە نوسینیان بڵاو کردوەتەوە ، بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێ و شاعیر ناسنامەی دیار بێ .

دووەم: چونکە کامەران لە هۆزی موکرییە کە کوردی ڕۆژهەلأتی کوردستانە و لەناوچەی مهاباد و دەوروبەری هەن .

## باسی چوارەم : کامەران و چەشنە ئەدەبییەکان

کامەران موکری زیاتر وەکو شاعیرێك دەرکەوتووە ، ئەمەش لە ئەنجامی زۆری بەرهەمی شیعریی و بەکارهێنانی چوارینە و پارچەی شیعری لە دواندەری و بۆنە گشتی و نەتەوەییەکاندا ، یەکێکی تر لەو هۆکارانەی ،کە کامەرانی زیاتر بە شاعیر ناساند گونجان و لێزانین و سەلیقەی شاعیرە لەگەڵ هونەری هۆنراوەدا، چونکە شاعیرجیهانی نوسینی وتارو چیرۆك نوسیشی تاقیکردوەتەوە، بەلأم نەگەیشتوەتە ئاستێك وەکو هۆنراوەکانی کاریگەر و دەرکەوتوو بێت. سەرەتای نووسینی کامەران بۆ ساڵی 1946 دەگەڕێتەوە (( یەکەم نووسینی پارچە پەخشانێکی ئەدەبیە لە ژێر ناونیشانی ( شەونمی بەری بەیان ) لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا بەناوی خۆیەوە بڵاو کراوەتەوە )).[243]

[243] پەخشان سابیر محمد ، کامەران ژیان و بەرهەمی ، زانکۆی صلاح الدین ، نامەی ماستەر ، ل101 .

ئەو نووسینەشی شێوازی پەخشانی هەیە ، بەڵام هەر کامەران خۆی دەڵێ (( یەکەم نووسینم پێم وابێ لەساڵی 1946 دا بوو لە گۆڤاری گەلاوێژ لە ژێر ناونیشانی ( تاقە گەوهەرێك ) بەناوی خۆمەوە حەمەی‌ئەحمەدی تەها )) .[244]

نووسینی (پەخشان و چیرۆك)ی کامەران پێش نووسین و دەرکەوتنی هۆنراوەکانی دێت، چونکە شاعیر لەسەرەتادا هەوڵیداوە جیهانی چیرۆك تاقی بکاتەوە،بەڵام نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ،لەبەر ئەوەی هۆنراوە بەو دنیا بەرینە دەزانێ، کە زیاتر خولیا و گەمەی زمانی تیادا دەکرێت و زیاتر لەسەر خوێنەر و بیسەر کاریگەرتریشە.

ئەگەر بە مێژووی نووسین و بڵاوکردنەوە لە بەرهەمەکانی کامەران بڕوانین، ئەوا کامەرانی چیرۆکنووس لەسەرەتادا دەردەکەوێ تاکو شاعیر، ماوەی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی کامەران تەنها سنوری دوو ساڵ بووە ( 1952–1954) ،بەڵام ئەم چیرۆکانە لە ئاستێکی هونەری وا باڵادا نەبوون کە ببنە جێگەی گفتوگۆی ڕەخنەگران و نوسەران ،ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، کامەران نەك لە چیرۆکدا لە هۆنراوەکانیشدا بیرو پەیامی نەتەوەیی پارسەنگ دەکات تا هونەر و تەکنیك، کە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ بە تەواوی لاواز و بێ بایەخ بن، هۆیەکی تر زۆربەی چیرۆکەکانی شێوازی گێڕانەوەی پێوە دیارە،هەرچەندە چیرۆکنووس هەوڵی گەیاندنی ئەو نادادی و ستەمکاریە بووە بە خوێنەری بگەیەنێ،چیرۆکەکانی کامەران ئەم ناونیشانانەی خوارەوەن ، کە بەگوێرەی مەوداکەمان باسیان دەکەین :

| چیرۆکەکان: | کاتی نوسینیان: |
| --- | --- |
| 1 –سـزا | 1952 |
| 2–ئەم ئینسانە | 1952 |
| 3–نانی سیلاوی | 1952 |
| 4–کۆتەرە خەڵوزێك | 1952 |
| 5–لە بیابانێکدا | 1953 |
| 6–مانگ و دڵێکی بەستە زمان | 1954 |

(244) ئومێد ئاشنا ، کامەران موکری ، ساڵی 1996 هیچ زانیاری تری لەسەر نەنوسرابوو ،ل8 .

ناوەڕۆکی چیرۆکەکان بەگشتی باس لە کێشەی نادادپەروەری دەستەڵاتی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی ژیانە ، کە بە زمانێکی سادە نوسراون .

هەربۆیە لێرەدا دیمەنی تراژیدیای هەندێك لەو چیرۆکانە دەخەینە ڕوو :

چیرۆکی سزا باس کردنە لە چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا و گوێ نەگرتن لە هاوارو سکاڵای ئافرەتان و بە قوربانی کردنی ئافرەت بەناوی شەرەفەوە بە بێ بنەمایەکی ڕاستەقینە، نووسەر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوە نیشاندەدات کە پیاوەکە ( ستەمکارەکە ) ( برای کچە) لەسەر نادادیە دواجار ڕوو لەخانەی خۆیان دەکەن،ئەمە وێنەیەکی سەرەنج ڕاکێشی چیرۆکی سزایە(( کە ژنەکە سەری هەڵبڕی سەیری کرد براکەیەتی بە ژوور سەریەوە ، هەردووکیان دەستیان کردە ملی یەك و پیاوەکە وتی خوشکم بۆم دەرکەوت هەمووی بوختان بوو*)).[245]

*چیرۆکی ئەم ئینسانە

باسکردنەلە برسیکردن و چەوساندنەوەی بێ دەستەڵاتان لەلایەن دەرەبەگ و کەسانی بێ ویژدانەوە، دواجار یەکێك لە کاراکتەرەکان دێتە قسەکردن و سکاڵای خۆی دەکاتە هێزێك و هەڕەشەی لە چەوسێنەر (ئاغا) پێ دەکات .

(( سوێندم بەو دەم و چاوە پلیشاوەیە تا ئەمرم تێبکۆشم بۆ لەناوبردنی ئەم زۆرداریە و برسیکەرە و ڕووخاندنی هەرچی پشتیوان و یاریدەدەر و هاودەنگیانە )) .[246]

کامەران چیرۆکەکانی ڕیالیزمین و باس لە واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکەن ، تەنها وێنەی کارەسات و نەهامەتیەکانیش ناگوێزێتەوە، بەڵکو ڕێگەی ڕزگاری و هاواری بێ دەستەڵاتان دەخاتە ڕوو، چیرۆکنووس ناترسێت ( نانی سیلاوی) ببڕن و حکومەتی ئەوکات توشی چەرمەسەری زیاتری بکەن ،هەرچەندە زیندانی کردن لە زمانی نەخست .*

---

*لەبەر نەبوونی مەودا ناکرێت چیرۆکەکان هەمووی بنوسرێت بەباشترمان زانی هەریەکە ووێنەیەکی لێ وەربگرین،خوێنەر دەتوانێت سەرچاوە سەرەکیەکە بخوێنێتەوە.

([245])حەسەن جاف، کامەران موکری چیرۆك نووس ،چاپی یەکەم ، مطبعة سومر،بغداد 1988،ل57.

([246]) سەرچاوەی پێشوو ،ل69.

*ئاماژەیە بۆ چیرۆکێکی چیرۆکنووس کە باس لە کارەساتی تراژیدی دەکات .

*یەکێکی تر لە چیرۆکەکان کە باس لە خۆشەویستیەکی پاکی بە ئامانج نەگەیشتوو بەناوی لەم بیابانەدا، کاراکتەرەکان (موحەمەد و کەوسەر )دوای دابڕانێکی پڕ ئازارو دنیایەك بەسەرهات بەیەك دەگەن، بەڵام بۆ ساتێکی کورت موحەمەد خۆی دەکاتە قوربانی کەوسەر و هەرچی ئاوی پێیە دەیدات بە کەوسەر و خۆی لە تینودا دەخنکێ ،بەم ئەندازە خۆشەویستییەکە پیشان دەدرێت ((خۆشەویستیت بە قوڵی هەزاران گەز چاڵێکی لەم بیابانەدا بۆ هەڵکەنن و تێی خەن نامرێت، تا خۆم نەمرم )).[247]

دوای چەندین ساڵ کامەران تاکە چیرۆکێکی تر بەناوی ( دوا پێشمەرگە ) لە گۆڤاری ڕۆژی نویٚ ژمارە 5 ساڵی 2, ئابی 1961 ) بلأوکردوەتەوە بەناوی خوازراو بەناوی ( ڤار تۆ ) .

ئەم چیرۆکەش باسکردنە لە ستەم کردنی تورکەکان، کە چۆن نەتەوەی کورد دەچەوسێننەوە و پیرە ژنێك کاراکتەری چیرۆکەکەیە، بە شێوازی گێڕانەوە باس لە ئازایەتی و قارەمانی پێشمەرگە دەکات، کە لە سەنگەری بەرگری دەجەنگێ .

حەسەن جاف لەبارەی دەرکەوتن و زمانی نوسینی کامەرانی چیرۆکنووسەوە دەڵێ : (( کامەران لە پەنجاکاندا وەك چیرۆك نووسێك هاتە مەیدانەوە پێش ئەوەی خەڵك بیناسیٚ وەك شاعیرێك ....خاوەن زمانێکی پاراو بەهرەیەکی بیٚ هاوتای بەکارهێنانی وێنەی هونەرییە لە کۆمەڵە ڕستەیەکی چڕوپڕدا )) .[248]

ئەو لایەنانەی کە بونەتە باسی چیرۆکەکانی کامەران، هەژاری و نادادی کۆمەڵایەتیە ، ئەوەی جێگەی سەرنجە پاڵەوان و کەسایەتیەکانی چیرۆکەکانی کامەران لە دروست کراو ناکەن و زۆرتر لە واقیعی ژیانەوە هەڵقولاٚون .سەرەڕای هەموو ئەو چیرۆکانە بەلاٚم (( ناتوانین بلێین کامەران چیرۆك نووسێکی سەرکەوتوو بووە ، چونکە چیرۆکەکانی ڕووکەش و سادەن ، هەربۆیە ئاستی هونەری هۆنراوەکانی گەلێك لە پەخشانەکانی بالاٚو هونەری ترن )) .[249]

لە ڕاستیدا باسەکانی چیرۆکەکانی کامەران واقیعین، بەڵام هونەرو تەکنیکی نووسینی هێندە بەرز نەبوون کە بیکاتە چیرۆکنووسێکی دەرکەوتوو. بۆیە ڕەنگە کامەران تەنها بۆ هۆنراوەو لەوێشدا باسی ئازادی و نەتەوە دروست بوبێت، جگە لەوەی کامەران خۆی توانای شاعیری

---

([247]) سەرچاوەی پێشوو ،ل93.

([248]) حەسەن جاف ، کامەران موکری چیرۆکنووس ،ل6.

([249]) د.پەخشان سابیر محمد ، کامەران ژیان و بەرهەمی ، زانکۆی صلاح الدین 1993 ،ل120.

**تیادا خوڵقابوو و باوکی و ئەخوڵی شاعیری برا گەورەی کاریگەریان هەبووە و ڕۆڵیان بینیوە بۆ بوون بە شاعیر و دەرکەوتنی (( لە سەرەتای ژیانی شیعریدا لە ساڵی 1945شیعری بۆ ئاسۆی برازای لە گۆڤاری دەنگی گێتی ئەو ساڵەدا بلاّوکردوەتەوە ))[250]**

**کامەران لەسەرەتای سالاّنی پەنجاکانەوە، بە تەواوەتی بەهرەی شیعری دەردەکەوێت و دەتوانێت بە شێوازی ((کۆمەڵە شیعر ))* بلاّویان بکاتەوە وخۆی لەبارەی سەرەتای نووسین و دەرکەوتنی هۆنراوەکانیەوە دەڵێ :(( سەرەتای هۆنراوە دانانم لە ساڵی 1954 دەرکەوت لە ژینی ژمارە ( 1201) هۆنراوەیەکم بلاّو کردەوە بەناوی " لایلایەی ئەمڕۆ " ))[251] ئەم سەرەتایەی هۆنراوە نووسینی لەکتێبی کامەران موکری کە ئومێد ئاشنا نوسیویەتی هەرئەو ساڵ و ناونیشانەی دیاریکردووە .***

**بەهۆی نووسینی کامەران لە چەند بوارێکی هونەری وئەدەبی تاڕادەیەك تێکەڵییەك لەوبارەوە دەبینرێت ، بەلاّم شاعیر کاتی نوسین و لە چاپدانی یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەی ( دیاری ) بە ساتی دەرکەوتنی خۆی دەزانێ و دەڵێ (( لەساڵی 1957 بە شاعیرێکی خاوەن دەنگی خۆم ناسراوم )) .[252]**

**کامەران شاعیرێك بووە نوسین و هۆنراوەو کرداری ڕۆژانەی یەك ئاراستە و بێ ترس چی ویستبێ وتویەتی و سڵی لە باجەکەی نەکردوەتەوەو, بەهۆی بیرو باوەڕی نەتەوەخوازی و ئازادییەوە چەندەها جار خراوەتە نێو قەفەسی بەندیخانەوە، لە ساڵی 1949 لەسەر بیرو ڕای نەتەوەخوازی لەگەڵ أحمد دڵزارو دیلانی شاعیر لە کوت لە ژوورێکدا زیندان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کامەران هۆنراوەکانی و ژیانی ئاسایی بەڵگەی مرۆڤدۆستی و نەتەوە خوازی دەردەخەن، بەلاّم بەر پلار و پەلاماری ناڕەوای کۆمۆنیستەکانی سەردەمی خۆی کەوتووە هەربۆیەهەندێ کەسی تریش بە ناڕەواو بێ بنەما هێرش دەکەنە سەری،هەروەك ب. هەندرێن دەڵێت(( کامەران زیاتر حەز لە شەقامی فراوان دەکات سنگ دەرپەڕێنێ ، چەپڵەی بۆلێبدەن**

---

([250]) د. عەبدوڵلاّ ئاگرین ، بەر لە ڕاپەڕین لە یادی چلەی کامەران موکریدا ، چاپی یەکەم ، هەولێر 2010، ل29.

*کۆمەڵە شیعر کەمترە لە دیوانێکی تەواو بە چەند کۆمەڵێکەوە دیوانێك لە چاپ دەدرێت .

([251]) کامەران موکری ، من و هۆنراوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 11 ، 5 ئایاری 1997، ل33 .

*بڕوانە کامەران موکری ، ئومێد ئاشنا ،ل9.

([252]) ئومێد ئاشنا ، کامەران موکری ، ل9.

دەنگ هەڵبڕێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ترسنۆکە ))[253]ڕەخنەی بێ بنەما هیچ پەیوەندیەکی بە(پێشینە) باکگراوندو دەوروبەرە گشتییەکەوە نیە، چونکە زیاتر لە سۆزێکی تاکەکەسی دەچێ، تاکو پشت بەستوو بێ بە تیۆرێك یان لێکدانەوەیەکی گونجاو ، کامەرانێك لە تەمەنی هەژدە ساڵانەوە خەریکی وتار بێژی و لە تەمەنیدا زیاتر لە حەڤدە جار زیندان کرا بێ و هەڕەشەی بڕینەوەی جەستەی لێ بکەن, لە کوێ و بەچی پێوانەیەك ترسنۆکە ! کەواتە ب هەندرێن هەولێ داوە بەبێ بەڵگەیەکی لۆژیکی لە کەسایەتی کامەران کەم بکاتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کامەران نەخۆی بە گەورە نەبەقارەمان زانیوە و زۆر بەڕاشکاوانەو ویژدانەوە دەڵێت:

قارەمان نیم ، بەناوبانگ نیم ، گەورە نیم
شاعیرێکم بۆ نەتەوەیـــی کورد ئەژیـــم
چیم لەدەست هات کردم بۆ نەتەوەو خـاك
چیم بەسەر هات دام بە خەندە بەبێ باك
لە کۆتی پێ ، لە کەلەپچەی دەست بپـرسن
من چیم و کێم ئەوان چاکم ئەنـــاســـن.[254]

ئێمە ناتوانین کامەران ببەینە ئاستی خانی و حاجی قادری کۆیی، بەڵام دەتوانین بە ڕێچکە گرو شاگردی ئەوانی دابنێین نەك ترسنۆك . د.عەبدوڵلاّ ئاگرین لەم بارەیەوە دەڵێ (( ناوەڕۆکی شیعرەکانی کامەران موکری لەو بابەتە ڕاستگۆیانەیە کە بێ پێچ و پەناو چاوبەستن تێزابی ئاڵتونە ))[255]شاعیرهەرچەندە بەهۆی نەبوونی و گرفتی بیروباوەڕەوە نەیتوانیوەخوێندنی ئامادەی وزانکۆتەواو بکات، بەڵام توانیویەتی بۆ ماوەیەك مامۆستایەتی

---

([253]) ب.هەندرێن ، کامیل ژیرو و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئۆفیسی مینا ، بغداد 1985 ،ل40.

([254]) کامەران,زەبری هۆنراوە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی یەکەم,سلیمانی, 1971, ل5

([255]) کامەران,دیوانی کامەران,ئامادەکردن د.عەبدوڵلاّئاگرین,چاپی دووەم, ل8.

زانکۆ بکات و((بەسەرکەوتوویەوە بابەتی ڕەوانبێژی ووتووەتەوە )) .[256]هەندێك جاربابەتەکانی تری ئەدەبیشی وتووەتەوە.

**بەرهەمە شیعرییەکانی کامەران ئەمانەی خوارەوەن**

**ناوی کۆمەڵەهۆنراوەساڵی چاپکردن**

1–دیاری 1957

2 –ئاگرو ژیلە 1958

3 –گوڵە ئەستێرە 1959

4–گوڵاڵە سوورە 1959 چاپی یەکەم 1971 چاپی دووەم

5 –ئاوات و ڕەنج 1968

6–زەبری هۆنراوە 1971.[257]

شاعیر تا لە ژیاندا بوو ئەم کۆمەڵە هۆنراوەی لە دیوانێکی تەواو و ڕێکخراودا نەبینی، ئەو هۆکارەش د. عەبدوڵڵا ئاگرین لە پێشەکی دیوانی صالح دیلاندا ئامارژەیەکی پێدەکات، بەڵام هۆیەکی تری ئەم دواکەوتنە خودی کامەران خۆی بووە (( کاتێك د. عەبدوڵڵا ئاگرین هۆنراوەکانی کامەران ئامادە دەکات بۆ لە چاپدان پیشانی شاعیری دەدات بۆ دوا بڕیاری ڕەزامەندی دەرنابڕێ و لاقی هەڵدەکات و پیشانی د.عەبدوڵڵای دەدات ئاسەواری کەتەرو بڕینی پێوە دیار بووە کە لە ساڵی 1983 دەبرێتە زیندان و هەڕەشەی قاچ بڕینەوەی لێدەکرێت بۆ ئەوەی بێ دەنگ بێ ))[258]

کامەران جگە لە چیرۆك و هۆنراوە، بەرهەمی تریشی هەبووە و لەبواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا شوێنی دیاری بووە ،کە ڕەنگە ئەم لە شاعیرە هاوتەمەنەکانی جیا بکاتەوە .

---

([256]) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عەبدوڵڵا ئاگرین ، هەولێر2014/11/12 ، سەعات 11 پێش نیوەڕۆ ، نوسینگەی بەرێزیان .

([257]) د. عەبدوڵڵائاگرین ، بەر لە ڕاپەڕین لە یادی چلەی کامەراندا ،ل28 .

([258]) د. عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاوپێکەوتن ، هەولێر ، نوسینەگەی بەڕێزیان چوار شەمە 12/ 11/ 2014 ،کاتژمێر 10 پێش نیوەڕۆ .

لە شانۆشدا خۆی نواندووە و ( لە ساڵی 1946لە شانۆگەری (( لە پێناوی نیشتماندا هاوبەشی کردووە))[259]شانۆ نامەشی نووسیوە*(( کامەران لە ساڵی 1974 لە ( دار الثقافة ) لە بەغداد دامەزراوە )) [260]لە بواری نووسینی ئەکادیمیشدا کامەران شوێن دەستی دیارە دوو کتێبی نووسیوە : ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەشی یەکەم، لەگەڵ کتێبێك کە باس لە ژیانی محمد قودسی شەهید دەکات .

ڕۆژنامەگەریش ئەو جیهانەیە، کە توانیویەتی ڕۆڵی کاریگەری تیادا ببینێت لە دەرچوونی گۆڤاری (( ڕۆژی نوێ ))دا، کە لە بزاڤی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیدا کاریگەر بووە ،سەرنوسەر بووە و شوێن دەستی دیارە .

کاتێکیش کە لە زانکۆ بووە لە گۆڤاری (( ئاسۆی زانکۆ ))دا ڕۆڵی هەبووە و کاتێکیش فەرمانبەری میریش بووە سەرپەرشتی گۆڤاری ((سلێمانی)) کردووە, کە شارەوانی سلێمانی لە ساڵی 1968 دەریکردووەو لەبەربەتوانایی بووە بە جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد ((بەهۆی هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی و نوێ خوازیەوە د.کامیل بصیر هەوڵی دەدا کە کامەران بکاتە نوێنەری شیعری نوێی کوردی )).[261]

بیروباوەڕی پێشکەوتووخوازی و دنیا بینی فراوان، هەر کەسێك دەباتە ئاستێك کە جێگەی پایە و ڕێز بێ (( هەرچی کامەران بووە لە بیروباوەڕێکی پێشکەوتن خوازانەوە، مەسەلەکەی خۆی بە هەموو مەسەلە مرۆڤایەتیەکانەوە دەبەستێ ))[262]

لەسەردەمی خۆیدا توانیویەتی ببێتە جێگەی تێڕوانینی ڕەخنەگران و نوسەران لەوانە (( حسێن عارف ، کامیل حسن بصیر ، کامیل ژیرو ، ب.هەندرێن ، د.دڵشاد عەلی ....هتد )) لەسەر بەرهەمەکانیان نوسیوە ونامەی ئەکادیمیشی (ماستەر) لەبارەوە نوسراوە .

---

(259)د.عەبدوڵڵا ئاگرین ،بەر لە ڕاپەڕین لە چلەی کامەران موکریدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نازە ، هەولێر 2010 ،ل28.

*بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وردو درشتی چالاکی و نوسینی کامەران چاکتر وایە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی پێشوو بۆیە بە پێویستی نازانرێت هەموو کارێکی کامەران لێرەدا دووبارە بکرێتەوە .

(260) د. عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاوپێکەوتن ، هەولێر ، نوسینەگەی بەڕێزیان چوار شەمە 12/ 11/ 2014 ،کاتژمێر 10 پێش نیوەڕۆ .

(261)د. عەبدوڵڵائاگرین ، بەر لە ڕاپەڕین لە یادی چلەی کامەراندا ل30.

(262) ب.هەندرێن ، کامیل ژیرۆ و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئۆفیسی مینا ، بغداد 1985 ل35.

بەڵام تەمەنی کامەران  لە شاری هەولێر و لە ڕۆژی 1986/12/7کۆتای دێت و بۆ یەکجاری دۆستانی، بەجێ دەهێڵێت. کۆچی کامەران وەکو هەر کەسێکی ئاسیایی نەبوو، هاوڕێ و شیعر دۆستانی چلەیان بۆ گێڕاوچەندین هۆنراوەی جوانیان بۆ ئازایەتی و ڕەوشتی بەرزی کوردانەی هۆنیەوە.* ئێمە تەنها هۆنراوەیەکی (محمد أمین پێنجوێنی) شاعیر نیشان دەدەین بۆ کۆچی کامەران نووسیویەتی دەڵێت :

نەمدی ژنان پرچیان بڕن

پەلکەیان بکەن بە بازن

تا حەو ڕۆژە

پیاوان شانیان لە قوڕ نابێ

زین و کەلپۆزی سوارەیان

بە عورق ناو خێلانی جاف

بە ئاوەژوو

لەبەر ڕۆژا

لەسەر پشتی ئەسپ نابێ .[263]

---

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، بەرلە ڕاپەڕین چلەی کامەران موکری ، نوسینی عەبدوڵڵا ئاگرین هەموو ئەو هۆنراوە و وتارانە تۆمار کراون کەلەو بۆنەیەدا تۆمارکراوە .

([263]) ئومێد ئاشنا ، شێوەو ناوەڕۆك ، چاپی یەکەم ، بلاۆکراوەی ئاراس ، هەولێر 2007 ،ل87 .

## پاری دووەم //

## // کامەران موکری و جیهانی شیعرو ئەدەبیات //

**هەرچەندە کامەران موکری بە شاعیر دەرکەوتووە و ناسراوە، بەڵام پێشتر کامەران دواندەر و چیرۆکنووس بووە و هەر لە ساڵانی پەنجادا وتاری بڵاو کردوەتەوە و لەبواری ڕۆژنامەگەریشدا ساڵانی 1960 – 1961 لە " گۆڤاری ڕۆژی نویێ " سکرتێری نووسین وسەرپەرشتیاری هونەری ئەم گۆڤارەی کردووە .**

**کەواتە کامەران پێشینەیەکی ڕۆشنبیری هەبووە و لەو ڕێگەیەوە و بەکاریگەری چەندەها شاعیری کوردی وەکو حاجی قادری کۆیی و سالم و پیرەمێرد ئاوێزان و شەیدای هۆنراوە بووە، کامەران چی لە نووسین و شیعردا گرنگی بە خزمەتکردنی کۆمەڵ داوە (( ئەو نوسینە بەرز و جوانە ... ئەو نوسینە زۆر پەسەندە ،کەوا لە هونەرێکی جوان و بیرێکی بە خزمەت پێك دێت )[264] واتە شاعیر بە مەرجی خزمەت و بیری جوان، هۆنراوە پەسەند دەکات، کە ئەمەش بۆ خۆی داواکردنی ئیلتیزامە لەلایەن کامەرانەوە .یاخود هەر لە جێگەیەکی تردا کامەران دەڵێت (( هۆنراوەی تازە پێویستە خزمەت بکات )) .[265]**

---

([264]) کامەران ،دیوانی کامەران موکری ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی د.عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاپی دووەم ، هەولێر 2013 ،ل41.

([265]) سەرچاوەی پێشوو ،ل44.

ڕووکردنە بیریئەتەوەخوازی لای کامەران هەروەك چۆن شوێنی جوگرافیو ڕۆشنبیری سلێمانی کاریگەری هەبووە، هەروەها شاعیرانێك هەبوون کە جێگەی سەرنجی کامەران بووبن و لەو ڕێگەوە کار لە سۆز و هۆشی کرابێ(( کامەران خۆی دانی بەوەدا ناوە کە کاریگەری زۆری ئەو دێرە شیعرەی( أحمد موختار جاف) ی لەسەرە کە دەڵێ :

لەخەو هەستن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە.[266]))

ئەوە نەبێ کامەران کاری لاسایکردنەوە بێ، چونکە زمانی نووسینی هۆنراوەی و بیری نەتەوەیی کاریگەری تاکەکەسی خۆی پێوە دیارە و شاعیریش لە هەموو هۆنراوەیەکی خۆی ڕازی نەبووە و هەندێکی لێ لەناو بردوون (( شاعیر کۆمەڵێك هۆنراوەی بەناوی ( نان و خوێن ) نووسیووە و هەوڵی داوە لە چاپی بدات، بەڵام چاپ نەکراوەبۆی و شاعیر خۆشحاڵە بەوەی کە چاپ نەبووەو دەڵێ (( ئەوە میعرە نەك شیعر ))[267] ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە کامەران پێش 1954 هۆنراوەی نووسیووە ،بەڵام شکوری خوای کردووە بۆ چاپ نەکردنی چونکە بەبێ ئاستی داناون . کامەران لەڕێگەی زمانی عەرەبیەوە (( کاریگەری شاعیران ( تاگوور و ڕابندرانان تاغور) هندی لەسەر بوە ))[268]

لەڕووی تەمەنەوە گەنجیەتی کامەران کەوتوەتە قۆناغێکی دیاری مێژووی شۆڕش و ڕۆشنبیری کوردەوە، دەرچوونی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە و گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین و بارودۆخە گشتیەکەو دروستبوونی پارتی سیاسی لەو سەردەمەدا، یەکێکیتر بووە لەو هۆیانەی،کە کامەرانی خستبووە بیری نەتەوەییەو کامەران ئازایانە دەتوانێت ئیدی ڕوو لە هۆنینەوەی هۆنراوە بکات، چونکە کاریگەریشی لە وتارو پەخشان بەرزترە و بۆ ئەو قۆناغەش وەکو بروسکە لەڕێگەی هۆنراوەکانیەوە بیری ئازادیخوازی دەگەیاند(( شاعیر زیاتر لە شیعردا مەبەست و حەزەکانی خۆی دەدۆزییەوە، پەخشان و چیرۆك ئەو مەودا حەماسییە بروسکەییەی بۆ دنەدانی خەڵکی تیادا کەمە، جگە لەوەش دەورو زەمانەکە بەرەو گۆڕانکاری

---

([266]) کامل حسن البصیر ، کامران شاعیر من کوردستان ، طبع الأول ، مطبعة کامران سلیمانی 1960 ،ص15.

([267]) سەرچاوەی پێشوو ،ص18.

([268]) ئومێد ئاشنا ، ئەشکی باوان بەرهەمی بڵاونەکراوی کامەران موکری ، دەزگای ئاراس ، چاپی یەکەم هەولێر 2001 ،ل28.

سیاسی وا دەڕۆیی، کە دەبوو کامەران بپەڕێتەوە بۆ ئەو بەری شیعر هۆنینەوە))[269]
هەرچەندە کامەران حەزی لە هۆنراوە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاگا بووە لە دۆخە گشتیەکە و بەبۆنەی داخستنی گۆڤاری گەلاوێژەوە وتارێکی نوسیوە،کەهاوسۆزی و هاوغەمی خۆی بۆ گۆڤارەکە دەردەخات و پێشی ناخۆشە.دەڵێ(( گەلاوێژ ئای لەو ساتە ناخۆشەی کەبیستم گەلاوێژئاوابوو ... هاوڕێکەم لە پڕ خۆی کرد بەژووردا وتی " گەلاوێژ ئاوابوو " کە نواڕیمە ڕۆژنامەکە بە دەستیوە بوو دەست بەجێ سست بووم ...گەلاوێژ ئاوابوو؟ گۆڤاری گەلاوێژ نەما؟چی بڵێم بەوانەی لە پرشنگ ئەترسن،بە ڕووناکی ئەمرن !))[270].

هەرچەندە تاك وتەرا کامەران پێش 1954 هۆنراوەی نوسیوە، بەڵام لەو کاتە بەدواوە بە تەواوی دەرکەوتووە و وەك شاعیرێکیش ئەوەی نەشاردوەتەوە، کە کام شاعیرانە سەرنجیان ڕاکێشاوە ,هەر بۆ نمونە لەباسکردنی خۆی و مەدهۆشی شاعیر,کەئەزمونی لە کامەران زیاتر بووە دەڵێ(( مەدهۆشم بەجۆرێ بەگیرهێنا بوو کە ئەم ویست قافییەی پێبنوسمەوە، نەم ئەزانی قافیەی هەموو ووشەیەکە دەفتەرم بۆ دروستکردبوو، لێم پرسی قافیەی نزار ئەیوت گوڵزار ئەیوت بەهار ئەیوت نازدار ! تا ڕۆژێ بە جۆرێ وەڕسم کرد وتم قافیەی مەرد وتی نەرد!)).[271] لەم نوسینەدا دوو زانیاری وەردەگرین، ئەویش کامەران تەنها بە ئیلهام نابەستێتەوە، بەڵکو خۆ ماندوو کردن و تەتەڵەکردن کاریگەری لەسەر جوانی وکاریگەری هۆنراوەکە بەرز دەبێ.

خاڵی دووەم کامەران ددان بەوەدا دەنێ، کە شاگردێیەتی مەدهۆشی کردووە و سودی لێ وەرگرتووە، نەك تەنها بە خۆڕسکی ئەم بەهرەیە لا دروست بوبێ .

هەر لەبەر ڕۆشنایی هۆنراوەکان و ئەم پارچەیەی سەرەوە ئەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوەو دەردەکەوێت کە بەرهەمی کامەران سادەییەکی پێوە دیارە ، واتە پەیام وبیرەکە قورسترو کاریگەرتر دەبینرێت و شاعیر دەیەوێ هۆنراوە ڕۆڵی بەشداری ڕاستەقینە لە ژیانی کۆمەڵدا ببینێ و کاریگەربێ و لە ژیانی تاکیشدا هەروابێ .(( هەندێك هەن لە کەناری شەقامی ژیانا

---

([269]) ئەحمەدسید علی بەرزنجی ، کامەران موکری و ووردبونەوەیەك لە شێوازی نوسینەکانی ، گۆڤاری ڕامان ژمارە 38 ئابی 1999 ،ل19.

([270])کامەران ، گەلاوێژ ، گۆڤاری ڕۆژی نوێ ، ژ5 ، ساڵی یەکەم ، ئابی 1960 ،ل14.

([271]) ئومێد ئاشنا ، ئەشکی باوان ،ل9.

سەرکز سەرکز ئەژین ئەم دنیایە ئاگر بگریٚ پوشێکی ئەوانی تێا نیە ، گەل هەزاران ڕۆڵەی لیٚ بکوژرێت تۆزقاڵیك دڵیان گەرد ناگریٚ ئەمانە وەك ئاژەڵ ئەژین وەك ئاژەڵیش ئەمرن )[272]

کامەران توانیویەتی هاوسەنگییەك لەنێوان جوانکاری وکارتێکردنی بۆکۆمەڵگالەبەرچاوبگرێت، چونکە ئەدەب تەنها پێکەوە بەستنی وێنە و ڕیزکردنی وشەی ناسك نیە، بەڵکو دەبیٚ واقیعی ژیانیش پیشان بدات(( کامەران پڕاوپڕ لەگەڵ قۆناغی خۆیدا هەڵیکردووە، توانیویەتی بارودۆخەکەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگ پیٚ بداتەوە و بەوەشەوە نەوەستاوە مقاومە و بەرگری میللەتانی تری باسکردووە و ترازاوەتە ناو کێشە مرۆڤایەتیە گشتیەکەوە)).[273]

ڕەنگە ئەم زۆر گرنگی دانەی کامەران بە کێشە نەتەوایەتی و چینایەتیەش کاریگەری لەسەر جوانکاری و تەکنیکی هۆنراوەکانی کردبیٚ، بە شێوازێك هەندێك جار نزیك دەبێتەوە لە پەخشانی هونەری ,لە کاتێکدا کامەران هۆنراوەی خۆشەویستی و دڵداریشی هەیە .

لای کامەران ڕاستگۆیی و ڕێگەی ڕاستی کوردایەتی پێش هەموو بیرێکی تر دێت و کامەران باجی بیروڕاکانیشی داوە، کە ئەدەب و هونەرەکەی هیچ کاتێك سۆزێك و نەرمیەکیان بەرامبەر ستەمکاران و دوژمنی کورد نەنواندووە .

حسیب قەرەداغی بەشێوەیەکی زۆر جوان ئەو ڕەفتارەی دەخاتە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەریەوەو دەڵیٚ :(( خەلفی دارستانی شیعرت بەلای ڕاستی هیچ هێزێکا نەشکانەوە )) [274].

هۆنراوە چەندە زمانی هونەرە، هێندەش زمانی ویژدان و تاقیکردنەوەی شاعیرە ، هەر شاعیرێك تەنها گرنگی بەلایەنێکی بدات، ئەوا تەرازووی هونەرەکەی لاسەنگە، هەرچەندە شاعیر وەك مێژوونوس بەتەواوی پەیوەست نیە بە ڕاستیەکانی ژیانەوە، چونکە لە بنەڕەتدا زمان و شێوازی گەیاندنەکەیان جیاوازە ،چەوساندنەوەی چینایەتی یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کەبون بە هەوێنی شیعری کامەران (( لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەی نەتەوەکانی تری جیهاندا خۆی بەهاو خەبات و دڵسۆزیان زانیوەو تێکەڵ بە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد

(272) سەرچاوەی پێشوو ،ل20.

(273) د.کەساس جەباری (محمد أحمد سعید ) ، چاوپێکەوتن 2014/11/27، زانکۆی سلێمانی ، ژووری بەڕێزیان ، کاتژمێر 10/30

(274) حسیب قەرەداغی ، بۆ داربەڕووی شیعر ، گۆڤاری بەیان ، ژ130 نیسانی 1987 ،ل26.

کردووە وئاوات و ئامانجی ڕزگاری و ئازادی کورد و گەلانی جیهان بووە .... هەربۆیە خامەی ڕەنگینی گەوهەری شیعری (( جەمیلە و نادیە)ی لێ هەڵوەریوە و بۆتە وێنەیەکی قەشەنگ و بەنرخی هاو خەبات و تێکۆشانی مرۆڤایەتی )) .[275]

هەرچەندە کامەران لە هۆنراوەکانیدا، ناوی چەند شۆڕش و سەرکردەیەکی ئازادیخوازی جیهانی دەهێنێ، بەڵام ئەمە بێ ڕەخنە نابێ، ئەمە بیروڕایی د.کامل حسن البصیرە لەوبارەیەوەو دەڵێت :(( بۆچی شاعیرێکی کورد هۆنراوەیەك ڕێك بخا لەسەر کۆنغۆ ؟ئایا بۆ کۆنغۆیەکانی ڕێك ئەخا ؟ ئەگەر بۆ کۆنغۆیەکانی ڕێك بخا ئەوا ئەوان کوردی نازانن ، ئەبێت بۆیانی وەربگێڕێتە سەر زمانی کۆنغۆیی، ئێمە زۆر باش ئەزانین ئەگەر شیعرێك وەربگێڕێتە سەر زمانێکی تر ئەبێتە معر نەك شعر . سەرەڕای ئەوەش کە کۆنغۆیەکان باش لە دژوارو ڕێگەی ڕزگاری خۆیان گەیشتوون ، ئەگەر پێویستێکیان بە پشتگیری بێت لەلایەن گەلانەوە ئەوا ئەوان بەچەك و ئەو نووسینە پەخشانانە هەیە کە مەسەلەکەیان ڕوون ئەکاتەوەو ڕاستیەکەی دەرئەخات، ئەوان بە هیچ جۆرێك پێویستیان بە هۆنراوەیەکی گۆرانی خۆیی (( قصیدة غنائیةذاتیة)) نیە کە بەکوردی بێژرا بێت )) .[276]

بەڵام بە پێچەوانەی ڕاکەی د.کامل ئەم هۆنراوانە بە هەستی مرۆڤایەتی فراوان دەزانین، ڕێگەیەکن بۆ ئاشنا بوونی ڕۆڵەو سەرکردەکانی ئێمەش ،کەچاو لەو شۆڕش و سەرکردانەی تر بکەن.

ئێمە ئەم ڕەخنەیەی د.کامل بە گوتارێکی ڕەخنەیی قوڵ و بنج داکواتاو نازانین چونکە (( قەت گوتاری ڕەخنەیی تایبەت بە ئێمە ناخوڵقێ ئەگەر لەناو کۆمەڵێك گوتاری فکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشکرا پێ نەگات )) .[277]

چونکە ئەو میللەتانەی ژیانێکی چونیەکیان هەیە، لەژێر دەستەیی و ستەم دیدەی ,شیعر دەکەنە هۆیەك بۆ بەگژدا چوونەوە و تەحەدا کردن و ژیان و مانەوەو هەڕەشەی پێ

---

([275]) د.عوسمان عەبدول معروف بەرزنجی ، شیعری نوێی کوردی ساڵانی پەنجا و شەستەکان لە خوارووی کوردستاندا ،تێزی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، 2002 ،ل336.

([276]) کامل حسن البصیر ، مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیا ، گۆڤاری ڕۆژی نوێ ، ژ8 تشرینی دوهەم 1960 ساڵی یەکەم ،ل103 .

([277]) ئازاد عەبدول واحید ، کولتورو ناسنامە ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2014 ،ل117.

دەکەن هەروەها لەهۆنراوەی ( جیمی ولْسن )،بەشێوەیەکی درامی باس لە چەوساندنەوەی ڕەگەزی دەکات لە ئەوروپا کە ڕەنگی پێست دەبێتە هۆی لەناو بردنی مرۆڤــ,ئەمەش وەکو هەستێکی مرۆڤایەتی ودوورلە ڕۆمانسییەت دەبێتە هەوێنی شیعری .(( کامەران لە بیروباوەڕیدا دوورە لە ڕۆمانسیەتەوە. بەلاْم لەگەلْ ئەوەشدا تاڕادەیەکی ئەوتۆ هۆگریی سروشتە، کە کردویەتیە هەوێن لە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانیدا ))[278] حسەین عارف دەلْیْ (( کامەران یەکێکە لە شاعیرەکانی هەنگاوی سێیەمی ماوەی گوێزانەوە – فترە الإنتقال .... کامەران نزیکترین شاعیرە لە هۆنراوەی نوێوە ))[279]

میخائیل نەعیمە دەلْیْ : (( کاری ئەدەب گوزارشتە لە مرۆڤ و سەرپاکی پێداویستی ئەو حالْەتانەی بەسەریدا دێت بەشێوەیەکی جوان ، تا ڕاستگۆیانە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ تێگەیشتن لە خۆی و تێگەیشتن لە ئامانجی دروست بوونی )) .[280]

ئەم بۆچوونە بارۆئەرکی ئەدەب گرانتر دەکات، کە مشغولْی دەکات بە بەرپرسیاری قولْی فەلسەفی و مەسەلەکانی وجود و کاری مرۆڤــ ,کە مرۆڤدۆستی و نەتەوەخوازی بەشێکی بچوکن لەو وەلاْمانەی فەلسەفە بەدوایدا لەگەڕانی بەردەوامدایە .

کامەران پارچە شیعری کورت و چوارینەی زۆری هەیە ،کە زیاتر لەگەلْ نەفەس و پەیامی هەستی نەتەوەیدا گونجاندوویەتی، بەشێوەیەك کامەران ناوی بە چوارینە دەرکردووە و بووە بە بەشێکی گەورە لەبەرهەمی کامەران د.شوکریە رسولْ لەم بارەیەوە دەلْیْ : (( یەکەم شاعیرێکە شیعری پۆستەری شۆڕشگێڕی بە ئاسانترین شێوە کردە بروسکەی تێکۆشان و جەماوەری بە ناوەڕۆکی هەژاند ))[281]

ئەم بۆچونەی د.شکریە بۆ ناوەڕۆکی پارچەو پۆستەرەکانی کامەران گونجاوە ، بەلاْم دانانی کامەران بە یەکەم شاعیرلەم پارچە کاریگەرانە، کە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە نوسرابیْ

---

([278]) حسەین عارف ، نوسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆلْینەوەدا ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر 2011 ،ل362.

([279]) سەرچاوەی پێشوو ،ل347–358.

([280]) بەرزانی مەلا تەها ، ئەدەبی فەلسەفی و ئەزمونە زیندووەکانی سەردەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی 2008،ل5.

([281]) د. شوکریە رسولْ ،بیرەوەری ناسینی مامۆستا کامەران موکری ، گۆڤاری بەیان، ژ130 ، نیسانی 1987، ل35.

کۆنتره ،چونکه لەمێژووی ئەدەبدا کەسانی تر هەن پارچە شیعرو چوارینی کۆمەڵایەتیان هەیە. هەرچەندە بەباڵای کامەراندا هەڵدرێ بۆ نوسینەکانی من دەبنە پاڵ پشت ، بەڵام ئەم بۆچونەی د.شکریە ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە کامەران هۆنراوەکانی خۆی لە دواندەریەکانیدا ڕاستەوخۆ خوێندوەتەوەو کاریگەری بەجێ هێشتووە، ناشکرێت ئەم لایەنەی کامەران بیباتە پێش شاعیرانی تر، کەلە بواری پارچە شیعری بەرەنگاری و نەتەوەیدا شوێنیان دیارە . هەر بۆ نمونە شێخ سەلام پێش کامەران ,لەم جۆرە هۆنراوانەی نوسیوە, بابڕوانینە ئەم پارچە کورتە ,کە شاعیر ڕوو لە دوژمن دەکات و دەڵێت :

1-

لاوانی کورد قەد ناخـــــەون

هەوڵ ئەدەن پێش بکـــــەون

سەردائەنێن تا ســـــەرکەون

نابێ سەعاتێ بـــــسرەون

بۆچی لە جوو کــورد کەمترە

خـــاکت بەسەر زۆر زیاترە[282]

لەجێگە یەکیتردا دەڵێت:

سیانزە ملیۆن کوردی ناودار

بێ نان و ئاو لە ژیـــن بێزار

حەپسن دیلن بێ ئیش و کار

بۆ ئەم ، بۆ ئەو وەك خزمەتکار

تۆ کوردت کرد بە سوسە مار

---

)([282]دیوانی سەلام ، ئامادەکردنی ئومێد کاکە ڕەش ، چاپخانەی الحوادث ، چاپی یەکەم ، بەغداد 1990 ،ل196. 1952 نوسراوە.

(280)هەمان سەرچاوە ل196

**وا دەست ئەدا بۆ ئیستعمار**[283]

**پۆستەرە شیعر و چوارینەش جیاوازیان هەیە (( ئەوەی پۆستەرە شیعر لە چوارین جیادەکاتەوە ئەوەیە پۆستەرە شیعر بریتیە لە چڕکردنەوەی تێڕوانینەکانی شاعیر لەناو چەقێکدا بە شێوەیەکی خەست و خۆڵ))**[284]**بەلاّم دەکرێت ئەوچڕییە لەچوارینداندانەبێت, لەڕووی تەکنیکیشەوە لەیەکترجیاوازن.**

**د.إحسان فواد لەبارەی سەرچاوەی نووسین و هۆنراوە لای کامەران دەڵێ (( هۆنراوە لای شاعیر بەرهەمی ئیلهامێکی خۆ بەخۆی بێ زۆر لێکردنە ، هۆنراوەی بۆ هاتووە و هۆنراوەی وتووە، بەلاّم هۆنراوەی دانەناوە بۆیە بەرهەمەکانی مۆرکی ڕەسەنی و بەهرەی پێوە دیارە و وا ئاسان لە دڵ و دەروونداجێی دەبێتەوە ))**[285]

**ئەوەش ناگەیەنێ کە کامەران هەرچی بۆ هاتبێ و بێ بژارکردن تۆماری کردبێ، چونکە (( کامەران باوەڕی وایە هۆنراوە فکرەیە ناکرێت فکرەش بکرێتە قوربانی سەروا ، بەلاّم دەکرێت سەروا بکرێتە لاسەنگ بۆبیرێکی بەهێز ))**[286]**کامەران جیهانی شیعری بە بەشێك لە جیهانی واقیعی ژیان زانیوەو ئەگەر باسی ئافرەت و جوانیشی کردبێ ،دەکرێت جۆرێك لە ئەرکی کۆمەلاّیەتی پێ سپاردبێ ،واتە ئافرەت کەرەستەی سەرگەرمکردن نیە، بەڵکو کەرەستەی سەرپڕکردنە لە ئەرك و وێنەی جیاواز بۆناساندنی بارودۆخی ژیانیان .**

**هەرچەندە د.عەبدوڵلا ئاگرین ئاماژەی بەوە کردووە، کە کامەران لاسایی هیچ شاعیرێکی نەکردوەتەوە***، بەلاّم د. دڵشاد عەلی، دەڵێ لە چەند هۆنراوەیەکدا کەتوەتە ژێر کاریگەری گۆرانی شاعیرەوە (( لە بوکی لادێ دا کامەران لایەنێك لە لایەنەکانی چەوساندنەوەی جوتیارانمان دەخاتە بەردەم ... ئەم تابلۆیە هەرهەمان تابلۆی هۆنراوەی " بوکی ناکام" ە کە هی گۆرانە و تەنها جیاوازییەك بەدی بکرێ لەوەدایە کەلە " بوکی ناکام "**

---

([284]) ئازاد عەبدولواحید ، کولتورو ناسنامە ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2014، ل165.

([285] ) د. إحسان فؤاد ، سەوداو سنور ، چاپخانەی ڕوون ،چاپی یەکەم،2000 ،ل85.

([286]) كامل حسن البصير ، كامران شاعر من كوردستان ، طبعة الأول ، مطبعة كامةران ، سليماني 1960 ،ص39.

*مەبەست دەق ئاوێزان و لێوەرگرتنە ، ئەگینا کامەران خۆشی دەڵێ بە کێ سەرسام بووم .

**دا هەر لەسەرەتاوە ئاغا کچە جوتیار لە کوڕە شوان داگیر دەکات و بەرەو کۆشکی ئاغا دەخرێتە ڕێ، دوای ئەوە ئینجا پیلانی کوشتنی کوڕە شوان ڕێك دەخرێت )) .[287]**

**ئێمەش لەگەڵ ڕاکەی د.دڵشاد عەلی داین، کە دەکرێت شاعیر لە چەند هۆنراوەیەکدا کەوتبێتە ژێر کاریگەری شاعیرێك یازیاترەوە, بەڵام لاسایی یاخود دزینی ئەدەبی نەبووە، بەڵکو هۆنراوەکانی کامەرانی نەخشاندووە،ناشکرێت بۆ بەرزکردنەوەی کامەران پشت لە واقیعی ژیان بکرێت و گۆڕنکاری و سودگەیاندنی لەبەرچاو نەگیرێت، لە کاتێکدا کامەران، نە لەسەردەمەکانی زۆر کۆندا ژیاوەو نە لە شوێنێکی دورە دەست و لاڕێ بوە تا دەستی بە بەرهەمی شاعیرانی تر نەگات. لەبارەی کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی د.دڵشاد عەلی دەڵێ ((کامەران برەو پێدانی هەمان ڕێچکە و ڕێڕەوی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و سالم و پیرەمێرد و بێ کەس و هێمن مهابادیە لە جیهانی شیعری کوردیدا ))[288]**

**هەرچەندە کامەران لە پێشدا چیرۆکی نوسیوە، دواجاریش هۆنراوەی نوسیوەو ئەوانەی سەرەتایی لە چاپ نەداوەو شکوری خوای کردووە،چونکە لە ئاستی هونەریان ڕازی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەم دیوانی ( کۆمەڵە شیعری) کە بەناوی "دیاری" یەوە چاپ کردووە، ددان بە لاوازی یان کەموکورتی بەرهەمەکەیدا دەنێت و دەڵێت (( تکاشتان لێ ئەکەم لە کەموکوڕی و نەگەیوی هۆنراوەکانم ببورن، چونکە تازە دەستم داوەتە هۆنراوە دانان ، لام وایە هەرساڵێك و چەند مانگێك ئەبێت خۆم پێوە خەریك کردووە )) .[289]**

**لەم نوسینەی سەرتا دوو زانیاری وەردەگرین :**

**یەکەم:شاعیر دەڵێت خۆم پێوە خەریك کردووە(ئەمەیان دوورە لەبەهرەوە)کە ئەمەش لە سەنعەت نزیکی دەکاتەوە و لەگەڵ ڕاکەی د. إحساندا یەك ناگرێت کە دەیگوت کامەران هۆنراوە دانانێ بەڵکو بۆی دێت و دەیڵێت .**

**دووەمیش: پشت بەخۆ نەبەستنی کامەرانە,چونکە خۆی ئاشنای شیعری شاعیرانی تر بووەو زانیویەتی توشی جۆرێك لە ڕەخنە دێت، ئیدی ڕەخنەی بیروباوەڕە کە کۆمەنیستەکان ڕووبەڕووی دەکەنەوە،یاخود ڕەخنەی وێنە و بابەتی ڕەوانبێژییە. هەرکام لەم ڕەخنانە**

---

([287]) د.دڵشاد عەلی ، سیمای داهێنان لە هۆنراوەکانی کامەراندا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ 125 بەهاری 1990 ،ل118.

([288]) سەرچاوەی پێشوو ،ل119.

([289]) کامەران موکری ، دیاری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مەعارف ، بەغداد 1957 ،ل13 .

**گیرابێت، کامەران توانی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا جێگەیخۆی بگرێت و ڕەخنەگران بە یەکێك لە نوێکەرەوانی شیعری کوردی بزانن لە دوای گۆران و لەگەڵ دیلانی شاعیردا, لە سالآنی پەنجا و شەستەکاندا خاوەنی دەنگی ڕەسەنی نەتەوەیی بن. سەرەتای دیاری نوسینی شیعر لای کامەران بۆ سەرەتایی پەنجاکان دەگەڕێتەوەو کۆتا دیوانی ( کۆمەڵە شیعر) بەناوی ( زەبری هۆنراوە ) لە ساڵی 1971 لەچاپ دراوە. کامەران لەبارەی تەمەن و کاریگەری لە بەرهەمی خۆیدا، بڕوای وایە نەبووە بە کاریگەری کەمبونەوەی بەرهەمی و دەڵێ (( تەمەن هەرگیز کارناکاتە سەر شاعیر چونکە وەکو بۆم دەرکەوتووە من خۆم تا پێ دەنێمە تەمەنەوە هۆنراوە دڵداریەکانم گەرمتر دەبێ و ڕووت تر دەبێ ))([290])**

**ئەمەش نمونەیەکە لە هۆنراوەکەی، کەباسی توانای شاعیر لە تەمەنی پیریدا دەکات :**

**ئەگەر چی دڵی سەردەمی لاویم**

**بڵێسەی بەرزی کوردستانم بوو**

**بازووی بەهێز و چنگی خوێناویم**

**نیشانەی زەبری تێکۆشانم بوو**

**بەلآم پیریەکەم سوتێنەر ترە**

**چونکە نەك هەر دڵ بوونم ئاگرە .([291])**

## پاری سێیەم //بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانی کامەران دا

## باسی یەکەم/ هەوێنی شیعری کامەران

---

([290]) کامەران موکری ، من و هۆنراوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژ120 ،5 حوزەیرانی 1997 ،ل44 .

([291]) دیوانی کامەران موکری ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی د.عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 2013 ،ل398.

شاعیری بەتوانا ئەوکەسەیە زمان ومێژووی نەتەوەکەی لەبیرێکی جوان وهونەریدا دەنەخشێنێ.((ئەو خاسیەتە تایبەتانەی کەلەئەنجامی بارودۆخی ژیانی تایبەتی هەر میللەتێك دروست دەبێت وسیماتایبەتیەکانی ئەدەبی هەرمیللەتێك دیاری دەکات))[292]چونکەشاعیربەشێکە لەکۆمەڵ وناتوانێت لە کاریگەرییەکانی دووربێت و شاعیریش دنیا بینی خۆی لەڕێگەی بەرهەمەکەیەوە دەردەخات. هەوێنی شیعریش هێندەی کاریگەریەکانی سەرشاعیر جۆراوجۆرن،دەکرێت لەقۆناغێکی پێویستدا بیری نەتەوەیی فراوانتر خۆی نمایش بکات و ببێتە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی یان نەتەوەیی((تواندنەوەی بنەماو بنەڕەتی ئایدۆلۆژیا لەبەرهەمی شیعریدا ولای شاعیری هونەرمەند وداهێنەر،سیمای هونەری وجوانکاری دەقی شیعری ناشێوێنی ولەئاستە ئیستاتیکیەکەی ناهێنێتە خوارەوە))[293]ئەمەش دەرخستنی ئەو ڕاستیەیە, کەشاعیری شارەزا چەندە پەیوەست بێ بەنەتەوەکەیەوە, دەتوانێت بەرزی وجوانی بەرهەمەکەی بپارێزێت،بەڵام ئەوەی لەئەدەبی دێرین وکلاسیکدا کەمترین لای لێکرابێتەوە بیرو هەستی نەتەوەی بووە،ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە،لەوانە دواکەوتنی ڕۆشنگەریی و پیشەسازی ونەبوونی شاری گەورە لەناو کوردا و نەبونی شاعیری دەربار((ئەگەر کورد خاوەنی حوکمڕانێتی یەکی بەهێزوبەردەوامی خۆی ببوایە، شاعیری دەربارو ڕۆژنامەی خۆیشی دەبوو،ئەوسا کولتورێکی دەوڵەمەند لەشێوەی ستایش و ڕۆژنامەگەری بۆگەلی کورد دەمایەوە))[294]چونکە هەرچەندەشاعیرلەدەربارداباوایە,بەڵام بەشێکی لە مێژووئاستی زمانی سەردەمەکەی خۆی بۆئەرشیف دەکردین.

واتە ئەم هۆکارانە بوونە بەهۆی کەمتر دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی و بەرخودان لەئەدەبی کوردیدا.لەگەڵ ئەمانەشدا ئەدەب(هۆنراوە)کۆنترین و یەکێك بووە لەهۆکاری گوزارشت لەخۆکردنی شاعیران((ئێمە تائێستاش هەر لەڕێگەی شیعرەوە گەلێ

---

([292])د.پەرێز سابیر،ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی ئاراس ،هەولێر 2006 ل89.

([293])د.دڵشاد عەلی ،دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم،سلێمانی2007 ل239.

([294])ئەرسەلان بایزئیسماعیل ،ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ،تێزی ماستەر،زانکۆی سلێمانی،1999 ل18

لەسەروەریەکانی ڕابوردووی خۆمان بۆماوەتەوە.ئەگەرشیعریش نەبوایە هەندێکیان هەربیرئەچوونەووە))[295]

ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرری شیعر لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەی کورددا بۆ لایەنی نەتەوەییش پێویستە شاعیر لەناو ژیان وکارەساتە کۆمەلأیەتیەکانەوە هەوێنی شیعری خۆی ئاوێتەی هۆنراوەو سۆزە کەسیەکانی بکات،بەشێوازێك کە ببێتە بەشێکی کاریگەر لەنمایش کردنی ژیانی نەتەوەو چینەکۆمەلأیەتی وئابورییەکان ,چونکە((پەیوەندی شاعیر بەمێژوەوە گرنگ وقوڵەوکاریگەری لەسەر داهێنانی هونەری دەبێ،ڕووداوی مێژوویی لەلای‌شاعیر بنەمایەکی فراوانەبۆوێنەوخەیاڵی داهێنەرانەی شاعیرو، داهێنەریش ڕووداوەکان وەکو مێژوونوس ناگوێزیتەوە))[296] کامەرانیش لەکۆی دیوانەکەیدا لەچەندین هۆنراوەدا مێژوو کارەساتی جۆراوجۆر بون بەهەوێنی شیعر نوسینی, بۆئەوەی ئەو بابەت وسەرچاوانە بزانین,کەبونە بەهۆکارو هەوێنی شیعر نوسینی کامەران،ئەوا بەم شێوازە خشتە بەندی دەکەین :

1–کەسایەتیە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەکان.

2–بۆنە نەتەوەییەکان.

3–جوگرافیا .سلێمانی

4–ئامۆژگاری بۆ نەوەی داهاتوو.

5–هەڵچونی هەستی تاکەکەسی شاعیر .

6–تێڕوانینی شاعیر بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانی جیهان.(بێگانە)

لەگەڵ ئەمانەشدا بەهۆی هۆشیاری شاعیرەوە, ئاوڕ لە گەلان وقارەمانی گەلانی تردراوەتەوە،کە ئەمەش هەستی مرۆڤایەتی وهاوهەڵوێستی شاعیرە بۆ ئەو گەل و نەتەوە ستەمدیدانە, ئەمەش ئەنجامی پەیامی مرۆڤایەتیە نەك ڕەگەزپەرستی،چونکە لەبنچینەدا شاعیروهۆنراوەی نەتەوەیی پەیامیان ئازادی ویەکسانییە،نەك جیاوازی چینایەتی

---

(295)یاسین عومەر ،ئەزموون ،دەزگایی چاپ وپەخشی سەردەم ،چاپی یەکەم،سلێمانی 2011 ل110.

(296)د.ماجد أحمد السامرائي ،التيار القومي في الشعر العراق الحديث ،مطبعة دار الحرية ،طبعة الأول ،بغداد1983 ص167.

وڕەگەزپەرستی ناڕەوا*,چونکە((مرۆڤی نەتەوە پەروەری ڕاستەقینە،گشت نەتەوەکانی جیهانی خۆش دەویٚ و بەمەش دەگاتە چڵەپۆپەی مرۆڤایەتی))[297]

1-کەسایەتیە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەکان.

لەوکاتەی کامەران لایەنی نەتەوەیی و بەرگریی لەهۆنراوەکانیدا بونیاد دەنا،بیری ئەنتەرناسیۆنالیستی تاڕادەیەك بەسەر بارودۆخی گشتی و هاودەمانیدا زاڵ بوە((لەسالأنی دوای 1934 دەبوو خەڵك(شاعیر)شیوعی بوایە،هەرکەس شیوعی نەبوایە بەنازی و سەرمایەدار تاوانباردەکرا))[298] بەلأم ئەم بیروبۆچونە زۆر درێژەی نەکێشا((لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی ودروستبونی پارتی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆجی جیاواز لەبیری نەتەوایەتی ،ئەمانە بۆ گەشەو پێشکەوتنی زمان فاکتەرێك بوون))[299] و لەسەر ئاستی تاکە کەسیش کامەران سەربەحزبێکی سیاسی کوردی بوە،(پارتی دیموکراتی کوردستان)((بەلأم لە سالأنی 1965 لەحزبایەتی دوردەکەوێتەوە ئیدی دەبێتە دروشمی نەتەوەیی نەك تەنیا حزبێکی دیاریکراو،کەئەمەش بۆخۆی بۆ کامەران کارێکی چاکبوو))[300] تاکە کەسی شۆڕشگێڕ و سەرکردە لەهۆنراوەکانی کامەراندا بەفراوانی ڕەنگی داوەتەوە.لەهۆنراوەی (یەکەم ئەرخەوان)دا باس لەشەهیدکردنی چوار ئەفسەری دیاری کورد دەکات،بەلأم وێنەی جۆراوجۆر لە تەزوی هەستی خوێنەر دەدات و گیانی بەرخودان دەگەشێنێتەوە ودەڵێت:

وەکو کێوێکی ئاگرین

ئارامی گەل هاتە لەرزین

---

*لەکۆتای باسەکەدا بەکورتی گرنگترین ئەو شۆڕش وکەسایەتیانە دەخەینەڕوو کە کامەرانی شاعیر وەکو پەیامی مرۆڤایەتی هۆنراوەی بۆ نوسیون.

([297])د.مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی حەوتەم ،بلأوکراوەی ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر2006ل600.

([298])چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عەبدوڵلأئاگرین ،هەولێر ،2014/11/12 چورا شەمە،کاتژمێر9,5 لەنوسینگەی بەڕێزیان ئەنجامدراوە.

([299])د.حمەنوری عومەر کاکی،شێوازی شیعری نوێی کوردی ،چاپخانەی ڕوون چاپی یەکەم ،سلێمانی 2012 ل208.

([300])چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز د.عەبدوڵلأ ئاگرین, 12 /11 /2014 /هەولێر /نوسینگەی بەڕێزیان,کاتژێر 10ی سەرلەبەیانی

**هەزاران چاو ئەشكی تێزا**

**دڵ بەپشتی خەما چزا**

**ئەستێرەكان ورد ئەوەرین**

**بۆناوقەترەی ئەشكی خوێنین**

**كاریگەریی شەهیدكردنی ئەو چوار ئەفسەرە, هەروەك چۆن لەمێژوودا نەمرە, هەر بەو جۆرەش لەسەردەمی خۆیاندا لەدەرونی هەموو كورد پەروەرێكدا ڕەنگی داوەتەوەوبۆتە هۆی شڵەژانی شار.**

**شەقامەكان باوەشیان كرد**

**بەوانەدا ڕۆڵەن بۆ كورد**

**لەو ڕۆژەوە گردی سەیوان**

**دیوێتی یەكەم ئەرخەوان**

**بەم جۆرە نەجۆشاوە شار**

**نەیدیوە كاتی واخەمبار**[301]

**خرۆشانی شار لە پێشوازی شەهیدەكان ولەئامێزگرتنیان لە گردی سەیوان بۆخۆی زیندوو ڕاگرتنی هەست وبیری بەرخودانی گەلی كورد و خەڵكی شاری سلێمانی یە. شاعیر باس لەكاتی شەهیدكردنەكەش دەكات ,كە چۆن لەشەودا براونەتە پاڵ سێدارە.**

**كاتێ ڕەنگ ڕێژەكەی سروشت**

**خۆڵەمێشی ئاسمانی ڕشت**

**دڵی ناو پۆستاڵی دوژمن**

**چوار لاوی برد بەرەو مردن**

**چوار لەشیان داینەوە بێ گیان**

---

([301])كامەران ,ئاوات وڕەنج ,چاپخانەی كامەران,چاپی یەكەم,سلیمانی,1968,ل22

بوون بەمەشخەڵی تێکۆشان

دواتر شاعیر دوا وتەو هیوای شەهیدەکان باس دەکات وهاواردەکات

دەنگێك گەیشتە نیشتمان

دەنگی دوا وتەی کۆڵنەدان

بانگی کرد وا ئێمە ئەمرین

تا ئێوە بەشادی بــــــژین

دوا وتە (بژی کوردستان)

بژی کورد، بژی کوردستان

لە هۆنراوەی نەتەوەییدا زیاتر ڕوو لەعەقڵ دەکرێت تاکو هەست، هیچ هۆنراوەیەکیش بێ هەستی جوانی شاعیرانە ناتوانێ بچێتە ناو کۆمەڵەوەو پێشوازی لێ ناکرێت,ئەم هۆنراوەیەی کامەرانی شاعیریش زیاتر گوێزانەوەی مێژوویەکە,بەلاًم بەهەست و سۆزی کوردانەوە،بیرەکەشی چاندنی هەستی نەتەوەییە لەناخی هەموو کوردێکی دڵسۆزداو دواتر ناوی شەهیدەکانیش دەهێنرێت بۆئەوەی ناسراوی نەتەوەی خۆیان بن.

بەخوێنی نۆزدەی حوزەیران

نوسیم چوار لاوی قارەمان

قودسی وخۆشناوکاکە عیزەت

خیرالله مردن بۆ میللەت[302]

لەهۆنراوەی نەتەوەییدا گێڕانەوەی شکۆو شۆڕش و مێژووی نەتەوە, دەچنە خانەی بیری فراوانی نەتەوەییەوەو خزمەتی ڕۆشنبیری گشتی دەکات. بەهۆی هەستی نەتەوەپەرستی کامەران وبینینی زۆربەی شۆڕشەکان بەچاوی خۆی و لەقۆناغی ژیانیدا،لای لەزۆر بابەت

(302)سەرچاوەی پێشوو ل26

کردوەتەوە لەهەردوو هۆنراوەی (ئاگری ڕووت،شێخ مەحمود)دا شانازی کورد دەخاتەڕوو بەهۆی ئەوپێشەوا نەتەوەییانەوە.*

2-(مناسبە)بۆنەی نەتەوەیی : نەورۆز کەیادێکی نەتەوەی کوردە ،کامەران لەدوو هۆنراوەی جیادا باسی وەك مێژوو وداینەمۆی ئازادی دەکات،ئەوانیش هۆنراوەی(دیاری نەورۆز،توانەوەی بەفر)ن. لەهۆنراوەی (توانەوەی بەفر)دا شاعیر لەسەرەتای هۆنراوەکەیدا باسی خۆشبونی وەرزو ئاوهەوادەکات،پاشان دەگەڕێتەوەبۆمێژووی‌دێرین(بەرخودان)ودەڵێ:

"کاوە"کە هەڵی کرد ،ئالاْ

گەل،لەقەلاْی زۆردار ئالاْ

ئەوچەکوشەی تاکو"ئەمڕۆ"

شانازییە بۆ من و تۆ(303)

شاعیر لەدرێژەی هۆنراوەکەیدا باس لەنەبەزینی گەلی کورد دەکات ومانەوەی بەهۆی بەرەنگاری و پەسەندنەکردنی دیلی دەزانێت. تادەگاتە ئەوەی شاعیر بیری لای ئازادی ببەستێتەوە بەخوێنی لەسەرخاك ڕژاوی کوردەوە.

ژین کە دیلی بێ سەرومڕ

ئیتربۆچی نەبین بەگـڕ

تاخوێنمان نەڕژێتە گلْ

هەرگیز ناگەشێتەوە گولْ(304)

---

* بۆزیاترئاشنابوون بەهۆنراوەکانی چاکتروایە خوێنەربگەڕێتەوە بۆدیوانەکەی کامەران موکری وئەوناونیشانانە بخوێنێتەوە،چونکە ئەمانەوێ بۆیەك باس چەندین نمونە بنوسین،بەلاْم ئاماژەمان بۆکردووە.

(303) کامەران, دیوانی کامەران,ئامادەکردنی د.عەبدوڵلاْئاگرین ,چاپی دووەم ل385.

(304) سەرچاوەی پێشوو ل386

وشەکانی(دیلی,گڕ,خوێن,تێکۆشان,ئاگرەگەشە,پڕخرۆش) سەرجەمی بۆدۆخی بەرپرچدانەوەیستەمکارانە,کەئەمەش بەرهەڵستی دۆخی نالەبارە. لەم هۆنراوەیەدا بەزمانێکی ساکار و بە وشەی پوختی زمانی کوردی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر هێنراوەتە ناوباسەکەوە, کە ئاماژەی ئامادەبوونی کوردە لەسەردەمە جیاوازەکاندا خۆی بەخت دەکات بۆ ئازادی نەتەوەو نیشتمانەکەی. هۆنراوەکەش بەگشتی هاندان وجۆشدانی گیانی نەتەوەیی وبەرەنگارییەو بەبیرێکی ئازادی خوازانەوە نوسراوە،چونکە ئازادی پەیوەست کردوە بە ئاودانی خاك بەخوێنی ڕۆڵەکانی کوردەوە. لەهۆنراوەی (دیاری نەورۆز)یشدا شاعیردیاری خۆی دەبەخشێتە دایکانی شەهیدو دەڵێت:

بۆ،ڕۆژی نەورۆز سێ چەپك

لەنێرگس وگوڵی ناسك

ئەکەم بەدیاریەکی جوان

بۆ گەلی کوردی قارەمان

بەو لاوانەی ,کە،بۆ وەتەن

لەخەباتا پشوو نـــادەن

(بۆژینی کورد،بوون بەپێشەنگ)

بوون بەمەشخەڵی شەوەزەنگ[305]

هەرلەم هۆنراوەیەشدا باسی چینایەتی دێتە ئاراوە

گوڵە زەردی کوڵمی هەژار

کە(وەریوە)بەقامچی ودار

پێشکەش بێ،بەهاوڕێی پاڵە

بەوەی ژیانی لاتـــــاڵە

---

[305] سەرچاوەی پێشوو ل126.

بەهەژارانی شـــارو دێ

بەبێ کەسانی سەرەڕێ

دواجار شاعیر بەهیواوە لەم ڕۆژەدا(واتە ڕۆژی نەورۆز) دەخوازێت خۆری ئازادی یەکجاری لەکورد هەڵبێ وبگاتە ڕادەیەك کە بەبێ گومان ئەو خۆشبەختیەی نەتەوەکەی ببینێ.

دوای پێشکەش کردنی دیاریم

ئەڵێم(بێ شك) کوردەواریم

ئەی نەورۆزی هەزار ساڵە

لێی هەڵدێت شەبەقێك ئاڵە(306)

ئەم هۆنراوەیەش, بابەتێکی مێژوویی بەبیرێکی ئازادیخوازنەی نەتەوەیی ئاوێتەکراوەو گەڕانەوەی شاعیرە بۆ یادووبۆنەی نەورۆز وئازادی.

3-جوگرافیا (سلێمانی)

لەم جۆرە هۆنراوەیەدا شاعیر جەنگێك ،یان کارەساتێکی دڵتەزێن دەبێتە هەوێنی شیعری و بەبیرێکی کوردانەوە ئەو ڕووداوە ئاوێتەی هۆنراوەکەی دەکات،بەشێوازێك بەشێکی لەمێژووی نەتەوەیەك،نەك بیری ناوچەگەری،چونکە لەهیچ هۆنراوەیەکی شاعیردا سەرمەشق وپاشکۆ لەچوارچێوەی نەتەوەو نیشتماندا باس نەکراوە, لەهۆنراوەی (ئەی شارەکەم سلێمانی)دا باس لەستەمی حکومەتی عێراقی وکوشتاری حامیەی سلێمانی دەکات بەدەستی جەلادی خوێنڕژ زەعیم صدیق لەساڵی 1963،لەهۆنراوەکەدا هەندێك جار شێوەی گفتوگۆ دەردەکەوێت لەنێوان دەستەڵاتی ستەمکار,کە دەیەوێ خەڵك ملکەچ بکات و خەڵکی شۆڕشگێڕ وئازادیخوازیشدا,کە بەخوێنی خۆیان مێژووی سەروەری بۆنەتەوەی کوردوشەرمەزاری و سەرشۆڕی بۆ ستەمکار تۆمارکرد,واتە هۆنراوەکە بەشێکە لە گێڕانەوەی کارەساتێکی نەتەوەی وهۆکارەکەشی جیاوازی وخواستی نەتەوەی بووە.

"ئەی شارەکەم سلێمانی"

---

(306)سەرچاوەی پێشوو ل128.

**سلێمانی ...شاری خەمچێژ**

**ڕاهاتووی کوشتارو دەستڕێژ**

**سلێمانییەکەی بەرگە گـــــر**

**یەکسەر هەمووی بوو بەئاگر**

**تانك ،زرێپۆش،تۆپی مەزن**

**بانگیان ئەکرد:ئەبێ بمـــرن**

**تائێرە شاعیر باس لە کڵپە سەندنی ڕق وبەرەنگاری سلێمانی دەکات دواتر باس لە چاندنی ترس و تۆقاندن دەکات,هەروەك دە ڵێت:**

**دوژمنی ئابڕووتکــــاو**

**بڕبڕەی مەردێتی شکاو**

**لەناوشارا بەبێ وچـــان**

**تۆوی ترس و مەرگی ئەچان**

**لاشەی کوڕ لەکۆشی دایکا**

**پێڵووی سوری پیا ئەلکا**

**ڕۆڵەکانی کورد بانگیان کرد**

**ئەژی ئەوکەسەی ئەمڕۆ مرد**

**کاتێ ئەڕۆن بەرەو سەیوان**

**بانگ کەن(کوردستان یان نەمان)** *.(307)

---

*لەو دیوانەدا کە دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین ئامادەی کردوەتەنها بەم شێوازە نوسراوە (بانگ کەن..........)بەڵام لەدیوانەکەدا کەحسین بەفرین ئامادەی کردوە بەم شێوازەی خوارەوەیە (بانگ کەن کوردستان یان نەمان)

(307)کامەران ,دیوانی کامەران موکری،ئامادەکردنی ،د.عەبدوڵڵا ئاگرین ل390.

چەندین وێنە وداواکاری دوژمن لەهۆنراوەکەدا باس کراوە ئێمە تەنها یەکێکیان دەگوێزینەوە دوژمنانی ئاوات و ڕەنج

بانگیان ئەکرد:ئەی کوڕی گەنج

یا بەدەستڕێژێك ئەتکوژین

یابڵێ پێشمەرگە* نەژین

بڵێ من کورد نیم..کوردستان

ئەکەم بەگۆڕی مەبەستتان

وێران بێ ،کاول بێ خاکم

من کۆیلەیەکی دڵ پاکم(□□□)

دواکاری دوژمن(دەستەڵاتی ئەوکاتی عێراق)بەکۆیلەکردن وبەسوك سەیرکردنی نەتەوەی کوردبووە،کەبەدرێژایی مێژوو نەتوانراوە ئەو هیوایەی دوژمن بەدی بێت وبەڕۆحی نەتەوەخوازی و بازووی بەرەنگارییەوەبەرپەرچی داوا نامرۆڤانەکانی دوژمنی نەتەوەی کورد دراوەتەوە.بەم شێوازەش وەڵامی داگیرکەری داوەتەوە:

نا..هەزارجار بانگ ئەکەم:نا

دوژمن نیم بەرامبەر کورد،نا

بانگ ئەکەم بە وشەی پەتی

بــــژی بــــژی کوردایەتی

ها..ئەوە ڕووم،دڵــم،سنگم

ئەوە بــــازووم، ئەوە چنگم

---

*لەودیوانەی کەدکتۆرعەبدوڵڵا ئاگرین ئامادەی کردووە لەجێگەی وشەی پێشمەرگە چەند خاڵێك دانراوە بەڵام لەو دیوانەی کە حسین بەفرین ئامادەی کردوە گەڕاین وشەی پێشمەرگە نوسرابوو لەو جێگەیەدا.

([308]) سەرچاوەی پێشوو ل391.

پێشکەش بێ بەگوللەی دوژمن

مل کەچ کردن نازانم من

من کوردم ,ئاگری هەستم

گڕئەستێنی بۆ مەبەستم[309]

بەهۆی ڕۆشنبیری و دۆخی تایبەتییەوەهەرگیز دوژمنانی کورد ، نەیانتوانیوە کورد بەتەواوەتی لەناو ببەن، بەلاّم بەڕقی نامرۆڤانەیان خوێنی لاو منداڵی کوردیان بەناحەق لەهەموو جێگەیەکی کوردستاندا ڕشتووە،دوای ئەوەی خەڵکی سلێمانی بێ دەنگ و کپ نابن, دوژمن لەساڵی 1963 کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات و شاعیریش ئەو وێنەیە دەگوێزێتەوە چونکە خۆی بینەری ئەو کارەساتە مێژوویەی نەتەوەی کورد بووە.

چاڵێکیان هەڵکەند فراوان

قووڵ وەکو دەروونی تاوان

هەشتا لاوی کوردیان ڕیزکرد

لەدڵ بەهێزەکانی کـــــورد

براو هاوڕێ،کوڕوبــــــاوك

درانە بەرشێلگەی تفـــەنگ

خرانە چـــــاڵەوە بێ دەنگ

شاعیر چۆنیەتی زیندە بەچاڵکردنی دۆست و خزمان لەلایەن دەستەلاّتی ستەمکارەوە باس دەکات، ئەمەش هەرچەندە ڕۆژێکی غەمبارو کۆست کەوتنی ئەوکاتی شار بووە ،بەلاّم لەزمانی شەهیدەکانەوە هیوای داهاتووی‌خۆش وئازاد بۆکورد دەخوازن و جوگرافیای(سلێمانی) ش دەکرێتە ناوەندی کارەساتەکە.

پێش مردن هەموویان وتیان:

---

([309])سەرچاوەی پێشوو،ل392.

ئەمرین بەبێ باك بۆ ژیـــان

برایان ! چمكی خەم مەگرن

ئێمە ئەمرین ،ئێوە خۆش بن

ئەی شاری سلێمانی جوان

ماڵ ئاوا لەتۆو كوردستان(310)

كارەساتی كوشتاری هەر نەتەوەیەك لەهەر جوگرافیایەكدا بێت،ئەو شوێنە دەچێتە ناو مێژوو ئەدەبی نەتەوەكەوە،شاری سلێمانیش لەباشوری كوردستاندا چەندین شۆڕش و خۆپیشاندانی لەمێژوودا تۆماركردوە،بۆئەم كارەساتەش شاعیر خۆی بینەری ئەزمونی تاڵی ژیانی نەتەوەكەی بووەو ئاوێتەی هۆنراوەكانی كردووە.

4–ئامۆژگاری بۆ نەوەی داهاتوو:

بڕوا بوون بە بەرزی نەتەوەو نیشتمان لای كامەران،تەنیا لە سۆزی كەسی و ڕووداوی مێژوییدا كورت ناكرێتەوە،بەڵكو چاندنی خۆشەویستی نەتەوەو خاك لەبیری منداڵاندا گرنگی تایبەتی هەیە, ولەهەردوو هۆنراوەی ( لای لایەی ئەمڕۆ، كۆرپەلەی كوردستان)دا بەشێوازی ئامۆژگاری ڕێگەی خۆشەویستی خاك ونەتەوە باس دەكات.

لەهۆنراوەی (كۆرپەلەی كوردستان)دا دوایدەربڕینی هەست وئەندازەی خۆشەویستی منداڵەكەی,دواتر داوای پەیوەست بوون ودڵسۆزی ڕۆڵەكەی دەكات بۆ وولات وگەلەكەی ودەڵێت:

ئەگەر ، بۆكورد ,بۆ نیشتمان

تۆ، هەوڵ بدەیت بێ وچان

ئەگەر ,وەكو مۆمی كافوور

ئەی جوانكیلەی گەردن بلوور

(310)سەرچاوەی پێشوو ل391ـ394

**بتوێیتەوە، بۆگەل ،ولاَت**

**ببی بە ئاگری خەبـــات**

**ئەوسا کە لێت ئەبم ڕازی**

**بۆ کورد ئەبی بەشانازی**

**من دایکی تۆم بەلاَم گیانە**

**ئەم ولاَتی کوردستـــــانە**

**تۆی پەروەردە کرد بەجوانی**

**تۆش،سا, ببە بەقوربانی**[311]

**بۆ منداڵانێك کە هێشتا لەسەرەتای ژیان وتەمەندا بن ووشەکانی ( ولاَت ، خاك ، گەل ،قوربانی ،ئاگری خەبات) ئەگەر نامۆ بن ئەوا لەم هۆنراوەیەدا نەمامی بیری نەتەوەیی پێ دەچێنرێت. کەواتە هیواو بیری کامەران بۆ داهاتووی ڕۆڵەکەی ڕاستە ڕێگەی خزمەتی خاك و نەتەوەی خۆیەتی.**

5–هەڵچونی هەستی تاکە کەسی خودی شاعیر

**هۆنراوە بەرهەمی هەست و سۆزی شاعیرە بۆ ناخی خۆی و دنیاو کۆمەڵی دەوروبەر ،هەندێك جار شاعیر بڕوای قولْ و ڕاستەقینەی خۆی نمایش دەکات وهەندێك جاریش شاعیر تەنها بەووشە, باس لەپەیوەندی و خۆشەویستی خۆی بۆ دەوروبەر دەکات ,کامەران شیعرو پەیوەندی کۆمەلاَیەتی ئاوێتەی یەکتر کردوەو دەڵێت:(( شاعیر دەبیْ خاوەن بیرو باوەڕ بیْ نەك هەر ڕۆژەو لەسەر پەتێك یاری بکات، شاعیر بەلای منەوە دەبیْ لەڕووی بیروباوەڕەوە پێشڕەو بیْ نەك پەنابەرێتە بەر بیروباوەڕی ڕزیو شاعیر دەبیْ ڕاستگۆ بیْ،بەهۆنراوەکانما**

---

(311)کامەران ,ئاگروژیلە,ل83

دەردەکەویٚ ئەگەر نەڵێم بەپێی کردەوەم.من هەمیشە لەگەڵ بەرەی پێشکەوتن خوازیدا بووم))[312]

ئاوێتە بوونی کامەران بەکاری ڕێکخراوەیی وحزبی ,زیاتر هانیداوە بۆ قوڵبونەوە لەدەربڕینی هەست وبیری کوردایەتی خۆی,کامەران پارچە هۆنراوەی زۆرە(لەباسی داهاتودا لێی دەدوێین)کە دەربڕینی گەرمو شۆڕشگێڕانەیەو لەدواندەریەکانیدا خوێندونیەتەوە،کە هەڵچونی تاکەکەسە و بیرەکەشی بیری ئازادی و نەتەوەیی و بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی کوردو خاکەکەیەتی، دیارە هەڵچونی هەستی شاعیریش پەیوەندی بەدۆخی مێژوویی وڕامیاری نەتەوەکەیەوە هەیە،چونکە بیری نەتەوەیی وەکو سۆزی دڵداری وانییە,کە ڕەنگە تەنهابینینێك یان سۆزێکی کاتی کورت بوبێتە هەوێنی لەدایکبوونی,کامەران لەم هۆنراوەیەدا هەوێنی شیعری دەخاتەڕوو:

بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە

خوێناوی کوردی پیا نەڕژا بیٚ

یا چیایەکی ئەم کوردستانە

هەزاران مێشکی تیا نەپژابیٚ

بۆیە بەتەنیا هەردڵۆپی خوێن

بۆ شیعرەکانم ئەکەم بەهەوێن[313]

ئەوەیشاعیردەهێنێتەکوڵ، ژێردەستەینیشتمان و خوێن ڕشتنی ڕۆڵەکانی کوردە،شاعیریش لەودۆخەوە دێتەهاوارەوبەهۆنراوەکانی بەرهەڵستی ستەمکاردەکات.

کامەران لەهۆنراوەی (دواڕۆژ)دا ,هەست وناخی خۆی دەربارەی خەڵکی هەلپەرست وبیٚ ئاگا دەردەبڕێت ,کەچۆن تەنها گرنگی بەشتە کەسیەکانی خۆیان دەدەن وقسەی ناڕەوا بەشاعیر دەکەن، کە گوایە هەڵەیە لەهۆنراوە دانان و بەبادا چونی ژیانی شاعیر، بەڵام کامەران لەم هۆنراوەیەدا وەڵامی ئەدەبی و نەتەوەییان دەداتەوە

---

([312])کامەران, کامەران موکری ،من وهۆنراوە،گۆڤاری ڕامان،ژمارە 120حوزەیرانی 1997 ل43.

([313]),کامەران,ئاوات ورەنج,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی1968 ل9

ئەڵێن گوڵی شادیت وەران

دوا ڕۆژی ژینی خۆت فەوتان

هەرەست هێنا بەقـــــەڵای

کامەرانی دڵ وهیـــــــوای

بەهۆنراوەی خوێنین وتـــن

بە ، وشەی ئاگر ڕێکخستن

خۆت کرد بەهاودەمی ناسۆر

بەهاوڕێی خەم، خەفەتی زۆر[314]

لەزمانی کەسانی سادەو ڕەشۆکیەوە, بەدرێژای مێژوو قسە بەشاعیران و بیرمەندان وتراوە، کامەرانیش چەندین وێنەی لەوانەمان بۆ دەگوێزێتەوە ,بەڵام ئەمانە هەست وسۆزی شاعیر ناگۆڕن لەسەر خزمەتکردنی نەتەوەکەی لەڕێگەی هۆنراوەو ئاوێتە بەبیری ئازادی ونەتەوییەوە, هەڵوێست وەردەگرێت ودەڵێت:

چونکە من شیعری وەکو گڕ

نادەم بەپارەی ساردوســـڕ

(بۆ ئێوە زێڕ پەیا کـــــردن)

(منیش خزمەت هەتا مردن)

هەریەك ئۆخەی ئەم میللەتە

نادەم بەهەرچییەك هــەتە[315]

---

([314]) کامەران,گوڵ ئەستێرە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1959,ل7

([315])کامەران ,گوڵ ئەستێرە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی1959ل8ــ9

شيعر لای کامەران ئاکاری مرۆڤیش دەگۆڕێت بەشێوازێك تاك هۆشیار دەکاتەوە، هەروەك چۆن غەمی کەسێتی خۆیەتی,هەر بەو ئەندازەش غەمی نەتەوەکەی لەکۆش بنێ و داهاتوی بالاّ وشادی بۆ بخوازێ

کاروانی ئێمە کەوتۆتــەڕێـــــــــگا

بەئامانجی کـــــــــوردهەرئەبێ بگا

ئەگەرچی شەوی خەباتی ژیـــــــان

گیانی زۆر لاوی وەك گولّ هەلّــوەران

بەلاّم هەرئەبێ شەفەق دەرکـــــــەوێ

کورد لەم هەورازە سەختە سەرکەوێ[316]

6-تێڕوانینی بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانی دنیا(بێگانە).

ئەم بەشەڕیالیزمەولەناوەڕۆکدا(خەباتیگەلان)ەکەشاعیرانیکوردوەك (گۆران,کامەرن,دیلان,ع ح ب.)بەشیعربەشدارییان کردووەو لێرەوە شیعرییان بۆشۆڕشگێڕەکانی دنیاوگەلانی چەوساوە ناردووە(نوسیووە)وەك هاوسۆزی ودنیابینی شاعیرانی کورد,چونکە شاعیری کوردلەقالّبێکی تەسکا نەماوەتەوە, خەباتی هەمووگەلانی ژێردەستەی بەبەشێك لەخەباتی خۆی ومیللەتەکەی زانیووە. هاوسۆزی و هاوهەلّوێستی شاعیرچەندە پالّنەری مرۆڤایەتی وهاوگرفتی ژیانی پێوەدیارە،هێندەش بیری نەتەوەیی لێ بەدی دەکرێت، چونکە ڕێز لەقارەمان و قوربانیانی گەل ونەتەوەی ژێردەستە دەنێ ,وەکو هەستێکی مرۆڤایەتی دوور لەڕەگەزپەرستی ،ئەمەش هۆشیاری شاعیر دەردەخات لە بەئاگابوونی باری ژیانی گەلانی ژێردەستەی دیکە ((کامەران بەبیر وهەستی کوردانەوە نەوەستاوە،مقاومەوبەرگری میللەتانی تری باسکردوە،کە ئەمەش ئەوپەڕی مرۆڤدۆستی کامەران نیشان دەدات))[317] هەروەها هەبوونی چەندین ناونیشانی شۆڕشگێڕ و سەرکردەی جیهان لە شیعرەکانیدا دەرخەری ئەو بیرە مرۆڤ دۆستیەیە.

---

([316])کامەران,گولاّلە سوورە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم,سلیمانی,1971ل63

([317])محمداحمدسعید(د.کەساس جەباری),چاوپێکەوتن,بەشی کوردی,سکولی زمان,زانکۆی سلیمانی,کاتژمێر1/30,پاش نیوەرۆ

لەهەندێك لەو ناونیشانانە وێنەی هاوسۆزی و بیری گەلی کورد و(شاعیر ) لەگەڵ ئەو سەرکردەو شۆڕشانە تۆماردەکەین, لەهۆنراوەی (گیڤارا)دا هەستی مرۆڤانەی شاعیر دەگاتە ڕادەیەك کە ،گیڤارا بەسمبولی ئازادیخوازی جیهانی نیشان دەدات.

ئەی تێکۆشەری سەر زەمین

ئەی ڕۆڵەی خۆشەویستی وقین

شـــانـــازی ولاَتی شەکـــــر

پێشکەشت بێ چەپکێ شیعر

شیعری ولاَتێکی وێــــــــران

منالَی برسی و سەرگەردان

ولاَتی ئاگـــرو ئــــــاسن

کوردستانی پیرۆزی مـــن

کامەران لە برسێتی و کاولکاری و ستەمدیدەیدا (پولیفیا وکوبا) و کوردستان هاو وێنە دەکات شیعری خۆیشی ,کە باوەڕیەتی دەخاتە پاڵ بیرو بازوی مرۆڤ دۆستانی وەك گیڤارا و لەمێژووی دنیاشدا بە نەمری و بەرزی دەینرخێنێ

گیـــــــــڤارا هەتــــــــایە

یادت ڕوونـــــــاکی دنــــــــیایە*.[318]

لەهۆنراوەی (جەمیلە)دا شاعیر بەشێوازێك باسی ئازایەتی جەمیلەی کردوە، کە ئاوێتەی شوێنەوار و شۆڕش و بازوی پێشمەرگە کراوە.

---

(318) کامەران,ئاوات ورەنج,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1968,ل74ـــ75

*لەم باسەدا تەنها ئەو بەشەی هۆنراوە خراوەتەڕوو،کەباس لە هاوسۆز وبیری شاعیرو کورد دەکات لەگەڵ گەلان وشۆڕشگێڕانی دنیا،خوێنەر دەتوانێت هۆنراوەکە بەتەواوی لەدیوانە شیعرییەکەدا ببینێ ،چونکە لێرەدا جێگەی نابێتەوە.

**ئەی جەمیـلە**

**سلاّو لە ئاگــــــــرو ژیـلە**

**لە هەموو شوێنی کوردستان**

**باسی تۆیە ئەی قـــارەمان**

**چونکە کچ وکوڕی ئێمەش**

**کە، ڕوو ئەکەنە گڕی گەش**

**ناترسن وەکو تــــۆ ئازان**

**لەمەرگ و سزا بیّ پەروان**

**(کچەکەی نەغەدە بەخشی)**

**(بۆ کورد هەردوو چاوی گەشی)**[319]

**لەم هۆنراوانەدا هاو غەمی و خوێنی بەناحەق ڕژاوی گەلانی ستەمدیدەش وەکو خوێن و ئازادی کورد پیرۆز سەیرکراون ,ئەمەش ئەوپەڕی بیری ئازادی و یەکسانی ودروستبونی دنیایەکی بیّ ئازارە بۆ هەمووگەلانی جیهان ،کە بیر فراوانی ومرۆدۆستی کامەران موکری نیشان دەدات.**

## باسی دووەم : زمانی شیعری کامەران موکری

**شیعری هەر شاعیرێك زادەی زمانی کۆمەڵگەکەیەتی، بەڵام بەرچاوکردنی ئەودۆخەی کەشاعیرچۆن کارلەناوهونەرەکانی ڕەوانبێژی دەکات وگرنگیان پیّ دەدات, واتە هەرچەندە زمانی شاعیر هونەری وبالاّبیّ،هەر لەکانیاوی زمانی نەتەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.چونکە ((شیعر وەك بەرهەمێکی زادەی بیرو ئەندێشەی مرۆڤ هەرگیز بەدەر نییە لە کارلێکە کۆمەلاّیەتییەکان.هۆکارێکە کەمو زۆر کاریگەری خۆی لەسەرتاك و کۆی مرۆڤدا بەجیّ**

---

[319] کامەران,ئاگر و ژیلە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1958ل12

دەهێڵێت))[320] لەگەڵ ئەمەشدا ((وشە لە شیعردا دەلالەت لەبابەتێکی دیاریکراو ناکات، لەئەدەبدا زمان سیستەمێکی ڕەمزی نوێ دەخوڵقێنێت، کەلە زمانی سیستمی نائەدەبدا زۆرجیاوازە))[321] وبابەتی شیعریش هەرچی بێت پێویستی بەوەیە کە بە زمانێکی هونەری وبالاتر لەزمانی ئاسایی بنوسرێت(( بابەتی زمان هیچ پەیوەندیەکی نیە بە نمونەی بەرزەوە، چونکە هەموو شتێك لەژیانی مرۆڤــ پەیوەستە بەئامانجێکی بەرزەوە))[322] واتە هونەری شیعر بۆخۆی بەبەرزی زمانەکەیەوە جێگەی تێڕامانە,تاکو گێڕانەوەی هەربابەتێك چەند گرنگ و پەیوەست بێ بەژیانەوە.

شوێن ومێژووی ژیانی کامەران موکری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەبەرهەمەکانیدا هەبووە،قووڵبونەوە لەگێڕانەوەوگەیاندنی پەیامی نەتەوەیی لای کامەران لەپێش جوانکاری و هونەریەتی دەقی ئەدەبییەوەیە،چونکە هەست وبیری کامەران هەڵقووڵاوی ژیان و دۆخی نالەباری نەتەوەکەیەتی وزیاتریش فەرهەنگی نەتەوەکەی کەرەستەی بونیاتنانی هۆنراوەکانییەتی و زۆربەکەمیش وشەی بێگانەی بەکارهێناوە.

تاسەندنی حەق زیاتر گــران بێ

خوێنی دڵسۆزان ئەبێ هەرزان بێ

تاپێوەن زیاتر ژەنـــگ هەڵبهێنێ

بەند بەخرۆشــــتر ڕائەپەڕێنێ

تــــــا زۆردار زەبر بنوێنێ پتر

زووتر لەگیانی بەر ئەبێ ئاگر[323]

---

([320])ئاوات محەمەد ئەمین،لەبارەی زمانی شیعر وڕۆشنبیری سەردەمەوە،گۆڤاری ڕامان ،ژمارە125،2007/10/5،ل139.

([321])د.ئازاد ئەحمەد مەحمود،بونیات نانی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم،چاپی یەکەم،هەولێر2009 ل15.

([322])نازك الملائکە ،سایکولوجیا الشعر والالمقالات الاخری ،طباعة والنشر دار الشؤن والثقافة العامة،طبعة الأول ،بغداد 1993 ،ص14.

([323])کامەران,گولاڵە سوورە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم,سلیمانی,1971,ل61

**ئەم پارچەیە جۆرێك لەیاسای بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەرانی پێوە دیارە بەزمانێکی سادەوساکارلای کۆمەڵ نوسراوە، کەرەستەی نوسینی (وشەکان)زیاتر ئاگرینن (خوێن،پێوەن،بەند،زەبر،ئاگر)لەڕوی مۆرفۆلۆجیشەوە وشەکان سادە وئاسانن لەئاواز وگۆکردنداو وشەی لێکدراوی تیادانیە.**

**لەهەندێك هۆنراوەی کامەراندا دەنگی هاوار وسزا چێشتن وبەرهەڵستی دەبیسرێت و کەرەستەکانی چەوساندنەوەو شۆڕش دەبنە پایەوبنەمای داڕشتنی بیری هۆنراوەکەی,واتە بەهۆنراوە توانیویەتی لایەنی ستەمکاری دەستەڵات ئاشکرا بکات, لەهۆنراوەی (نابەزین)دا بەزمانێکی گڕ ئاسا بەرهەڵستی دوژمنی ستەمکار دەوەستێ و دەڵێت:**

**بیکەرەوە دەرگای ڕەشی زیندانت**

**دابڕێژە کۆتی قورسی گرانت**

**شورە بکێشە لەپەنجەو بازوو**

**لەناوخوێناوا شوورەکەت هەڵچوو**

**بابۆم شەپۆل دات تاریکی مەنگت**

**ئەی زنجیر بابێت،لەپێما دەنگت**

**بابێت قامچی ودار،بەن لەتەختی پشت**

**بەفەن ئەو گۆشتەم،بۆبکەن بڕشت**

**کوا قامچی کوا دار کوا زڕەی زنجیر؟**

**کوا خوێن کوا سزا کوا نرکەی ئەسیر؟**[324]

**ئەووشانەی هۆنراوەکەی پێکهێناوەکەرەستەی تۆقاندنودۆخی ترسێنەرن،بەشێوازێك((شیعر هەستانە سەرپێی ووشەکانە،لەناو زمانی ڕۆژانەدا وشەکان مردوون وسەرنج ڕاکێش نین**

---

([324])کامەران,دیوانی کامەران موکری,ئامادە کردنی,د.عەبدوڵلائاگرین,چاپی دووەم,ل370

.ئەم هۆنراوەی سەرەوە لەناو هیچکام لە کۆمەڵە شیعرەکەی کامەراندا نەبوو.واتە دوای ئەوان نووسراوە.

بەڵام لەشیعردا زیندوون و سەرنج ڕاکێشن و وشەکانی دەوروبەریشی زیندوو دەکەنەوە))[325] ودۆخێکی هەستی هەڵچون دروست دەکات, ئەوە ڕوون وئاشکرایە کە((لەزماندا وشە ووازەی ناسازگارو ناسازنی یە، چونکە لە هەموو زمانێکدا یاسای فۆنەتیکی زمانەکە خۆی ڕێگا بەپێك هێنانی وشەی ناساز نادات و لەکاتی چونە سەریەکی کۆمەڵێ دەنگا یاسایی توانەوەو گۆڕینی دەنگەکان بەکاردەهێنێ، تا لەگرانی دەربڕین ڕزگاریان کات))[326]

بەجۆرێك لەکۆی هۆنراوەکەدا مانای وشەکان و بیرەگشتیەکە ئاوێتەییەکی دروست کردوە, لەبەرئەوەی((زمان بنەماو زانیاری شیعرییە و لێکدانەوەی ئەو زمانە دەرخستنی پەیوەندی و جیهانبینی و زمانی شاعیرە،چونکە زمان لەشیعردا وەسیلەکی هونەرییەو کاری دروستکردنی فکرەیە))[327] کە لە کۆی بەرهەمی شیعردا بیرەکە فراوان وڕونتر دەکات.

هەروەهالەڕووی کێشی شیعرییەوە کامەران بەدەگمەن کێشی عەروزی بەکارهێناوەو زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەرکێشی خۆماڵی هۆنیەتەوە.

پارچە شیعر وشیعری کورت جۆرێکی دیارە لەبەرهەمی شیعری کامەران موکریدا، کە بەشێوازێك بە زمانێکی سادەوبیرێکی ڕوون بون بەخەسڵەتی ئەوپارچانە، کۆمەڵە هۆنراوەی(گوڵاڵە سوورە)بەشی زۆری لەوپارچە کورتانەیە, بیروڕای جیاوازیش لەبارەی ئەم پارچە شیعرانە خراونەتەڕوو لەوانە کاکەی فەلاح دەڵێت ((ئەم بابەتە چوارینانە ،زۆرتر بیری ڕاگوزاری و چەخماخەی بیروهەست وکەم ئەرکی شیعرو خۆماندوکردن و زوبەدەستەوەدان دروستیان دەکات،.....هەتا شاعیر دەتوانێت قەسیدەیەکی دورودرێژی خاوەن بابەت و ناوەڕۆك گۆشتن وبەهرەدارو بەپێز بڵێت ,دەتوانی بەدەیان پارچەکورتی چوارین و پێنچین لەو بابەتانە بڵێت))[328] لەم بۆچونەی کاکەی فەلاح چەند سەرنجێك هەڵدەچنین ,کە ئەویش

---

([325])عەبدول سەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا،شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە،نامەی ماستەر،زانکۆی سلاحدین ,2007,ل34.

([326])د.دڵشاد عەلی،بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردی دا ،چاپخانەی ڕەنج ،چاپی یەکەم،سلێمانی1998, ل94.

([327])د.یاسر عبدالحسیب رضوان،الصورة الشعریة عند شعراء الضنعة في الجاهلیة والأسلام.www.alukan.net

([328])کاکەی فەلاح،کاروانی شیعری نوێی کوردی ،بەرگی یەکەم ،چاپی یەکەم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بغداد1987 ل248.

هەر لەسەرەتاوە کاکەی فەلاح پارچە شیعرو کورتە شیعرەکان بەچوارین دەزانێت ،کەلە ڕاستیدا وەها نیە، چونکە پارچە هۆنراوەکان شەش دێڕو هەشت دێڕوزیاتریشی تیادایەو وەکو چوارین نەنوسراون.((ئەوەی پۆستەرە شیعر لەچوارین جیادەکاتەوە ئەوەیە،پۆستەرە شیعر بریتیە لەچڕکردنەوەی تێڕوانینەکانی شاعیر لەناو چەقێکدا بەشێوەیەکی خەست وخۆڵ))[329]

یەکێکیتر لەتێڕوانینە سەرپێییەکانی کاکەی فەلاح ئەوەیە ,کە شارەزایی شاعیرانی پەیوەستکردوە بەهەڵبەستی درێژەوە، لەکاتێکدا لەمێژووی جاهیلیشدا (شیعری المعلقات) بەدیواری پەرستگاکاندا هەڵواسراون و مەرجیش نیە بیری قوڵ تەنها لەهۆنراوەی درێژدا هەبێ، دەبو کاکەی فەلاح ئاگاداری لایەنی دواندەریی کامەرانی موکری بوایە، کە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوپارچە کورتانە. لەبارەی توانای زمانی شیعری کامەران لەوپارچە شیعرانەدا توێژەر لەگەڵ بۆچونەکەی د.دڵشاد عەلی دایە کە دەڵێ ((بەلای ئێمەوە هەوێنی سەرهەڵدان وبرەو پێدانی ئەم پارچەکورتانە لای کامەران گرێ دانی دوو بەهرەی کامەران خۆی بوو پێکەوە، کە بریتی بوون لەبەهرەی دواندەری ودەنگە دلێرەکەی وبەهرەی شاعیرێتی و توانای پێك هێنانی وێنەی هونەری گونجاو بۆ ئەو سۆزە هەڵچوەی ،کە بابەتە شۆڕشگێڕێتی یەکەی خەملاندووەو ئاوازی هۆنراوەکەی سازداوەو لەبونیاتێکی کاریگەر دایڕشتوە))[330]

لەڕاستیدا کامەران لەچنین وهۆنینەوەی هۆنراوەکانیدا ئەزمونی کەسی تیادەبینرێت. زمانی هۆنراوەی نەتەوەیی وبەرەنگاریی زمانێکی بزوێنەرە، بەشێوازێك خوێنەروگوێگر بهێنێتە جۆش،هەربۆیە  بە بەراورد بەهۆنراوەی ڕۆمانسی ودڵداری قوڵیەکەی لەگەیاندندایە نەك زمان وباری زمانی. هەربۆ نمونە لەم پارچەیەدا دەبینین بەزمانێکی کوردی پوخت ڕوو لەناخی خۆی دەکات و دەڵێت :

ژین لەلای دڵسۆز هەرتێکۆشانە

هەوڵە بۆخاکی ئەم کوردستانە

---

([329])ئازاد عەبدولواحید،کولتورو‌ناسنامە،چاپخانەی سەردەم ،چاپی دووەم سلێمانی, 2014 ل165.

([330])د.دڵشادعەلی ،سیمای داهێنان لەهۆنراوەکانی کامەراندا ،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە 125، بەهاری1990 ل123-124.

خۆزگە ئەندازەی ژیان وتەمەن

تێکۆشان بوایە بۆخاکی وەتەن

(ئاخۆ, تەمەنی کام دڵسۆزی کورد)

(لەچوار پێنج ساڵێ تێپەڕی ئەکرد)[331]

سەرنج لەم هۆنراوە بدەین زمانێکی سادەیە و تاڕادەیەك چیرۆك ئاسایە٬ئەویش لەپێناو گەیاندنی بیرەنەتەوەییەکەدایە. لەپارچەیەکی تردا ووشەی گوند(لادێ)ی بە کارهێناوە ودەڵێت:

لەجێی گڕوگاڵ تۆ بڵـــێ کـــوردم

گریان نەزانی وقـــەت مەڵـــێ وردم

بەســـە شـــیر مەخۆ شـــیر بۆمناڵە

شەرمت بێ, زل بووی بەسیە ئەم حاڵە([232])

وشەی ( زل ) کە هاوەڵناوە زیاتر بۆ(شتومەك) کەرەستە بەکاردێت بەڵام کامەران بۆمندالی بەکاربردووە,ئەمەش زیاترلە لادێکاندا بەوشێوازەیە,دیارەشاعیر توانیویەتی سودلەفەرهەنگی گوندوەربگرێت, لەهەندێ هۆنراوەشدا زمانی شیعری کامەران ئێجگار لاوازە و لەگێڕانەوەیەکی سادە دەچێ وهونەرەکانی شیعری بەکەمی تیادایەو وشەی دوبارەی زۆر زۆرە هەر بۆنمونە لەهۆنراوەی (لۆمۆمبا) بەشێوازێکی سادە وناساز (26)بیست وشەش جار وشەی (بوو) بەکارهاتووە،کە ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر هونەرو زمانی باڵای هونەری.چونکە بابەتەکەی لە پەخشانێك کە تەنهامەبەستی گێڕانەوەبێ نزیك کردوەتەوە.

گوڵە مینای زەردەخەنەی ناسك وەری بـــــــوو

باڵی وشەی خۆش وبەتام سڕبوو تەزی بـــــوو

(331)کامەران,گوڵ ئەستێرە ,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1959,ل5

(232)کامەران,دیوانی کامەران,ئامادەکردنی,د.عەبدوللائاگرین,ل398

**لێو وشکی خەم,چاوبەتیری سام پێکرابــــــوو**

**دڵ بەچنگی زەبری سزاوناسۆر گوشرابــــــوو**

**منالْ سنگی ئەوەندە دی شەقارشەقاربــــــوو**

**مەمکی دایکی لەبەرچاوکەوت لەشیربێزاربــوو**

**پشکۆی گەشی گوندی سووتاوکوڵمی منالْ بوو**

**نێڵە نیڵی ئاگــر تێکەڵ بەگــڕوگــاڵ بــــــــوو**[333]

**لەڕاستیدادەتوانین بڵێین زمانی شیعری کامەران هەڵقوڵاوی ڕاستەوخۆی قۆناغی مێژووی و ڕامیاری خۆی و نەتەوەکەیەتی ،چونکە کامەران وەك کەسایەتیەکی نەتەوەدۆست لە ژیانیدا زۆرنەهامەتی دیووە، بەچاوی خۆیشی زۆر لەژانەکانی کۆمەڵگای دیوە،هەربۆیە هۆنراوە لای کامەران چەندە هونەرە هێندەش پەیامی مرۆڤایەتیەو پەیامیش پێویستی بەڕوونی هەیە,بۆ ئەوەی بچێتە قولاّیی یاد ویادگاری خەڵکەوەو((هۆنراوەکانی لە خویندنەوەدا بەجۆش وخرۆشنو دڵگیرن))[334]وکاریگەرییان لەسەرهەست وسۆزی تاکی کۆمەڵگا روون وئاشکرادیارە.**

## باسی سێیەم// وێنەی هونەری لە شیعرەکانی کامەران موکری دا.

**وێنەی هونەری ئاوێتەیە لەخەیالْ وسۆز ودنیای واقیعی،کەلەبەرهەمی شاعیردا باس دەکرێت بەشێوازێك خوێنەر دەخاتە دۆخی هەست بزواندن،چونکە وێنەیەك نەتوانێ خوێنەر بهەژێنێ ئەوە هەر بەمردووی هاتۆتەبوون.دۆخی ژیان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زمان و وێنەی هونەری لای شاعیران((شاعیری ڕەسەن ئەوەیە ،کە زەمینەیەکی شیعری لەبار بۆ بیرەکەی دەخوڵقێنێت))[335]لەگەڵ ئەمەشدا خەیاڵی داهێنەرانە هۆنراوەکان بەرزتر و**

---

([333])کامەران ,زەبری هۆنراوە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم,سلیمانی,1971,ل47

([334]) محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە ، گوڵ واژە ،چاپخانەی ئاراپخا،چاپی یەکەم ،کەرکوك ،2007،ل314.

([335])د.فەرهاد قادر کەریم،بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا،چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ،چاپی یەکەم ،هەولێر 2012ل44.

نەمرتر دەكات,چونكە ((خەياڵ كرۆكی خوڵقاندنی وێنەی هونەرییە))[336] وهونەریش بۆخۆی ڕەگەزی سۆزهەڵچون دەیهێنێتە بوون((وێنەی هونەری قەوارەیەكی هونەرییە بۆ بیرو بۆچونەكانی هۆنیار))[337] بەتایبەتی بۆچونی ڕامیاری وnەتەوەیی گەرمی وهەڵچونێكی زیاتری پێوەدیارە ,ئەگەر بەراوردی لەگەڵ هەر جۆرێكی تری هۆنراوە بكرێت.كامەران موكریش كەتەمەنی هۆنراوە نوسینی دەگەڕێتەوە بۆسالآنی دوای 1954 وهەتا نزیكەی ناوەڕاستی هەشتاكان بووە، قۆناغی نوێكردنەوەی شیعرو جێ هێشتنی كلاسیك و بارودۆخی ژیانیش,كاریگەری شۆڕش وباری سیاسی كوردستان دەبنە هەوێنی دروستكردنی وێنەی هونەری لەبەرهەمەكانیدا*

وێنەكانیش لایەنی نەتەوەیی و بەرەنگاریی ومرۆڤایەتییەو بەشێوازێك هۆشیاری و هاواری شاعیرە لەڕێگەی هۆنراوەكانیەوە بۆ نەتەوەی خۆی وگەلانی هاوژان وژیانی نەتەوەكەی،چونكە بیری مرۆڤایەتی لای كامەران وەكو ئازادی نەتەوەكەی خۆی وایە،ئەمەش كاریگەری لەسەر وێنە شیعریەكانی هەبووە.

لەهۆنراوەی (یەكەم ئەرخەوان)دا شاعیر بەكۆمەڵێك وێنەی دڵگیرانە(غەمبارانە) باس لەشەهیدكردنی چوار ئەفسەرەكە(محمد قودسی ،مستەفاخۆشناو,عیزەت عبدالعزیز،خیرالله عبدالكریم)دەكات كەلە ساڵی 1947 لەلایەن حكومەتی ستەمكاری ئەوكاتی پاشایەتی عێراقەوە لەسێدارەدران

(یەكەم ئەرخەوان)

شمشێری هەواڵی خەمگین

دای لە سلێمانی شیـــرین

شەقامەكان باوەشیان كرد

---

([336])مریم عاملی رحایی،صور خیال در شعر فروغ فرحزاد،چاپخانه منصور،چاپ أول 1382 ل36.

([337])حسێن غازی كاك حمە أمین ،نوێكردنەوەی شیعری كوردی 1932–تاكۆتای 1972 لەكوردستانی عێراقدا،تێزی ماستەر ،زانكۆی بغداد، كۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد،2005 ل197 هەروەها بڕوانە د.عادل گەرمیانی ،گەشتكردن وەك سەرچاوەیەكی وێنەی هونەری لەهۆنراوەكانی گۆران و سەیابدا،گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد،ژمارە 30 ل79.

*لەم لێكۆڵینەوەدا تەنها باس لەلایەنی نیشتمانی وبەرەنگاری دەكرێت

**بەوانەدا ڕۆڵەن بۆ کــــورد**

**لەو ڕۆژەوە گردی سەیوان**

**دیوێتی یەکەم ئەرخــەوان**

**بەم جۆرە نەجۆشاوە شار**

**نەیدیوە کاتی وا خەمبار**[338]

**لە وێنەی یەکەمدا**

**هەواڵی شەهیدەکان بەوێنەی هێزێکی تاسێنەر لەجەستەیەك دەدات،کە ئەویش شاری سلێمانی یە,هەواڵکەبونێکی مەعنەوییە شمشێری بۆ دانراوەکە بە(تەن)کەرەستەکردن دەبینرێت.**

**واتە هەواڵەکە وەکوشمشێر تیژبووەو ناخی خەڵکی لەت کردووەولەدێڕی دوەمدا بەکەس کردن دروست کراوە ، چونکە دەڵێت:**

**شەقامەکان باوەشیان کرد**

**بەوانەدا ڕۆڵەن بۆ کــــورد**

**شەقام بونێکی کەرەستەییە بەڵام باوەش بۆ مرۆڤە، کە بۆی دانراوە مەبەست لەهاوار و جەنجاڵی خەڵکی شارە لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی تەرمی شەهیدەکان. هەستی بیستن بنەمای وێنەکەیە لەوێنەی دوەمیشدا شاعیر جوگرافیایەکی دیاری بەکارهێناوە کە (گۆڕستانی سەیوان)ە لەشاری سلێمانی جارێکی تر لەڕێگەی کرداری(بینین)ە بە کەسکردن(مرۆڤکردن) دروستکراوە کە خراونەتە پاڵ گۆڕستانی سەیوان کەبۆ خۆی جوگرافیایەکی بێ گیانە،بەڵام شاعیر مەبەستی بینینی گۆڕستانی بۆ شار بەگشتی بەکارهێناوە.**

**شاعیر بەزمانێکی هونەری ئەو ڕۆژە ڕەشە باس دەکات،بەشێوازێك لەناو یادویادگاری تاکە کەسدا بمێننەوە واتە کاری شاعیر ناساندنی کارەساتەکەیە,بەڵام بەتێڕوانینێکی ئەدەبی,چونکە(( وێنەی شیعری ناسینی شتەکان نیە،بەڵکو تێڕوانینێکی تازەیە بۆ شتەکان،هەر ئەمەیشە وادەکات وێنەی شیعری بەهای ئیستاتیکی خۆی**

---

([338])کامەران,ئاوات ورە نج,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1968,ل23

**هەبێت))[339] وجیاوازیش بێت لەگێڕانەوەیەکی بیٚ هەست و سۆزی مێژووییانە،لەهۆنراوەی (سروودی سەرکەوتن)دا سروشت هاتوەتە ناوخەیالٚ و وێنە شعرییەکەوەو کراوە بەلایەکی جوان وستەمدیدەی وێنەکەی پێنیشان دراوە.**

**( سروودی سەرکەوتن )**

**کوردستانی وەکو بەهەشــــت**

**زۆردار کردبووی بەجیٚ ی گەشت**

**هاوینەهەواری نــــــازدار**

**بوو,بوو,بەبەهەشتی زۆردار**

**جوانیی سروشت وهی ئافرەت**

**لە عەزرەت ئازاری میللەت**

**ژاکا بوو، وەك گوڵی پایز[340]**

**ئەم هۆنراوەیە بەگشتی بەراوردی ڕابردووی ئازادی و خۆشی و ئێستای ستەمدیدەی خاکی کوردستان پیشان دەدات،بەشێوازێك بە لێکچواندنی دۆخی ڕابردوو ئێستا وێنەکە بونیات نراوە.**

**کوردستان ⟵ لەوچوو**

**وەك ⟵ ئامرازی لێکچواندن**

**بەهەشت ⟵لێچوو**

**ڕووی لێکچواندنیش (خۆشی بەهەشت)ە.**

---

(339) جەبار ئەحمەد حسێن،ئێستاتیکای دەقی شیعری کوردی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی یەکەم ،سلێمانی 2008 ل94.

340کامەران ,ئاگروژیلە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1958,ل73

لەدیوانە کۆکراوەکەی د.عەبدوڵلائاگرین دا نووسراوە.

ببو,بە بە هەشتی زۆردار

بەڵام ئەم بەهەشتە بەهۆی ستەمی داگیرکەرانەوە کراوە بەجێی گەشتی ئەوان,نەك ژینگەیەکی ئازاد بۆ هەموو کەس(کورد). لەوێنەی دوەمدا کە بەڕوخسار ڕۆمانسیەتی تیادایە،بەڵام بیرەکەی ژان وغەمی نەتەوەکەیەتی– هەردوو ڕەگەزی سروشت وئافرەت لایەکی وێنەکەن

جوانی سروشت

جوانی ئافرەت ـــــ لەوچوو

وەك ←ـــــ ئامرازی لێکچواندن

گوڵی پایز ←ـــــ لێچوو

ژاکاندن ←ـــــ ڕووی لێکچواندن

ئەم هۆنراوەیە بەبیرێکی نیشتمان پەروەرانە نوسراوەو دۆخی داگیرکاری ستەمکاران و چەوساندنەوەی نەتەوە کوردی نەخشاندوە,دیارە چواندن و دروستکردنی وێنەی هونەری کاریگەر،ئەنجامی کاریگەری دۆخە گشتیەکەی ژیانە لەسەر شاعیر(( وێنەی هونەری لەدۆخی تێکەڵ بوونی هۆش وسۆز و ئەندێشەدا چێ دەبێ، دیارە ئەمەش دەبێتە داهێنانێکی تەواوی بیر))[341]کامەرانیش بیرەکەی خۆی لەوێنەی ناسکی کاریگەردا دەرخستووە،ئەفسانەیش وەکو ڕەگەزی وێنەی هونەری لای شاعیر بەکارهاتووە.

ئەم کوردستانەی لەت لەت کراوە

دوژمن پێلەقەی لەجەرگی داوە

ڕزگاری نابێ تا نەوەی کـــاوە

خوێن نەکاتە سەرخوێنی ڕژاوە[342]

لەم پارچە شیعرەدا باس لە واقیعێك دەکرێت و گەڕانەوەش بۆ ئەفسانەی (کاوە) وەکو نموونەیەکی ئازادی دێرین دەبێتە ڕەگەزی وێنەکە. پارچە بوونی کوردستانی گەورە ڕاستیەکی مێژوویی و ئێستاییە ,هۆکارەکەشی ستەمی داگیرکەرانە بە(پێلەقە) خواستراوە.

---

([341])د.کەمال مەعروف ،ڕەخنەی نوێی کوردی ، چاپخانە – ،چاپی یەکەم سلێمانی 2007 ل135.

([342])کامەران,گوڵاڵەسوورە,چاپخانەی کامەران,چاپی دووەم,سلیمانی1971,ل22

**وێنەکە بەگشتی بەزمانێکی کوردی پوخت چنراوەو ڕزگاری نەتەوەیی پەیوەست کراوە بەخۆبەخشین لەپێناوی خاك ونەتەوە, پێکهاتەی وێنەکە زیاتر لەڕاستیەوە نزیکە تاکو هونەرێکی بالاً,چونکە(( وێنەی شیعری یەکەیەکی پێك هاتەیتێدایە لەڕاستەقینەوئەندێشەو زمان و بیر وهەست وئاوازی تایبەتی وگشتی))[343] کەواتە چەندە سۆز و خەیاڵ بەشدارن لە پێکهێنانی وێنەیەکدا هەر بەو ئەندازەیە وهەندێ جار مێژووی نەتەوەیی کە ڕاستیەکی گشتی ژیانی نەتەوەیە ڕۆڵی دەبێ، هەروەك لەوێنەکەی سەرەوەدا ڕاستی مێژوویی باسکراوە و گەڕانەوەی بۆ ئەفسانەش بەشێکی وێنەکەیە, چونکەئەوەبۆچونێکی دیارەکە(( وێنەی شیعری ئامرازی ئەدیبە بۆ دروستکردنی ڕوانگەی خۆی و گواستنەوەی بۆ کەسانی تر(خوێنەر) ))[344]**

**گوێزانەوەی ئەزمونی کامەرانیش زیاتر بیر وخەیاڵی کوردانە بووەو لەڕێگەی هۆنراوەکانیەوە دەتوانین بەوبیرانە ئاشنابین, هەر بۆ نمونە لەپارچە هۆنراوەی (وامەزانە)دا بەشێوازێکی بەرامبەرانە لەگەڵ نیشتمان و زێدی خۆیدا دێتە گۆو چەند وێنەیەکی پڕ هەستی غوربەت ئاسای نیشتمانمان بۆ دەچنێ ودەڵێت:**

**وامەزانە**

**من ڕووبارم تۆش سەرچاوەی**

**کەڕۆیشتم .. نایەمەوە**

**یان من گوللــــــەو**

**تۆتفەنگی ناتبینمەوە**

**بەڵێ گیانە**

**من باڵندەو تۆش هێلانە**

**هەرچەند بڕۆم**

---

(343)د.حسناء اقدح، الصورة الشعرية عند المعتد بن عباد ،مجلة دمشق ،المجلد 28،عدد2، 2012،ص42.

(344)داحم أسية ،الايقاع المعنوي في الصورة الشعرية(محمود درويش) ،جامعة حسيبة بن بوعلى – الشبف 2008–2009 ص29.

**هەرناچارم**

**بیٚ قەرارم**

**هەردیٚمەوە ،هەردیٚمەوە**[345]

**ویٚنەی سەچاوەو رووبار,گولله تفەنك,بلٚندەوهیٚلانە بەشیٚوازیٚکی کاریگەرخویٚنەردەگیٚڕتەوە بۆسروشت,کەچۆن لەم هۆنراوەدا سەرچاوەی ئیلهامە.**

**شاعیر بەهونەری لیٚکچواندن سەرجەم هۆنراوەکەی چنیووە ,لەسەرجەمی دیٚڕەکاندا شاعیر ڕەوەند وکۆچەرییە،جاریٚك ڕووبار وجاریٚك گولله وبالٚندەیە ,بەلاٚم نیشتمان شویٚنی گەشەو مانەوەی شاعیرە ,ئەویش لەڕیٚگەی(سەرچاوە ،تفەنگ،هیٚلانە) بونیاتنراوە،هەبوونی هەریەکەش لەلیٚکچوەکانی شاعیر پەیوەست وپابەندە بەوەسفەکانی نیشتمانەوە،ئەوەی زیاتر ویٚنەکەی دلٚگیرکردوە کۆتایی هۆنراوەکەیە.**

**هەر ناچارم**

**بیٚ قەرارم**

**هەردیٚمەوە ،هەردیٚمەوە**

**چونە ژیٚرباری سۆزی خۆشەویستی ڕاستەقینەی نیشتمان،بەدابڕان ودوری کالٚ نابیٚتەوە، بەلٚکو ئاگری ناخ دەجولٚیٚنیٚت و بەردەوام شاعیر(مرۆڤ) بەرامبەر ئەو دایکەی بچوك وبیٚ قەرارە.**

**ویٚنەی هونەری لای کامەران موکری بەتایبەتی لەلایەنی بەرەنگاریی ونەتەوەییدا**

**هەلٚقولاٚوی ناخیٚکی بەرپرسیارەو کەرەستە پیٚك هیٚنەرەکانیشی زمانی کوردی پوخت و کاراکتەرەکانی سروشت وهەستی قولٚی نیشتمان پەروەریی وبیری نەتەوەییە.**

---

([345])**کامەران ,دیوانی کامەران موکری ،ئامادەکردنی د.عەبدولٚلاٚ ئاگرین ل442.**
**.ئەم پارچە هۆنراوەیەش لە کۆمەلٚە هۆنراوەکانی کامەران دا نییە وسالٚی1987 د.عەبدولٚلاٚئاگرین دۆزیویەتییەوە.**

## پاری چوارەم: بەرەنگاری و ڕەنگدانەوەی لەشیعرەکانی کامەران دا

### باسی یەکەم // بەرەنگاری کلتوری :

ئەدەبی بەرەنگاری کاتێك دێتەبوون,کە دۆخی نایەکسان لەهەرلایەکی ژیانداهەبێ وشاعیریش بەتوانابێ لە گوێزانەوەی بۆناوبەرهەمەکانی.

لەمێژووی دێرینەوە ئەم جۆرە لە هۆنراوە هەبوە, چونکە لەکاتی جەنگدا دەکرایە سروودوگۆرانی وسەربازان پێی سەرسام دەبوون, لەم سەدەیەشدا لای عەرەبەکان گرنگی پێدراوە,هەربۆنموونە شاعیرانی عەرەب(محمود درويش ,جواهری ,غسان کنفان,....) لای کوردیش لە بەشی پێشودا کورتەیەك باسکرا.

دیارە هەرنەتەوەیەك کلتووری تایبەت بەخۆی هەیەو هەندێ جاریش کلتوری نەتەوەیەکی بالأدەست بەتایبەتی نەتەوەسەردەستەکان لە کلتوری نەتەوە یەکیتردا ڕەنگدەداتەوە یاخود دەسەپێنرێت, بەتایبەتیش ئەوکلتورانەی پابەندن بەئاینەوە,چونکە((کولتور سیستەمی ڕۆشنبیری و داب و نەریتەکان دەگرێتەوە کە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و جێگیر دەبێت )).(346)

ڕۆشنبیری هەر کۆمەڵێك چەند پەیوەستە بە ئێستای هۆشیارییەوە هێندە ڕابردووی کۆمەڵایەتی (باك گراوند) ڕۆڵی تێدا دەبینێت و دەبێتە سەرچاوەی دنیا بینی نەوەی ئێستا و ئایندەش((کولتورو ئەدەبی کوردی پەیوەندیەکی دوو جەمسەریان لەنێواندا هەیە،چونکە ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی بەهەموو بەشەکانیەوە توانیبێتی کولتوری کوردی بپارێزێت ، ئەوا

---

(346)ئەرخەوان محمد عبید ، دیاردە کولتوریەکان لە (مەم وزین)ی (ئەحمەدی خانی)دا تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی ،2014،ل8.

کولتوریش سەرچاوەیەکی بەپیت بووە بۆ ئەدەبیاتی کورد و دریغی نەکردووە لە ئیلهام بەخشین بەشاعیرانمان و بوون بەکەرەستەی شیعرەکانیان))[347].

مەرجیش نیە شاعیرپەیوەستی تەواوبیٚ بە کولتوری نەتەوەو دەوربەرەکەیەوە,چونکە بەرەنگاری بۆ خۆی نەگونجانی شاعیرە بەهۆی هۆشیاری تاکەکەسی بەو داب و نەریتانەی کە بیٚ بنەمای ڕاست و بەسود ئاوێتەی ژیانی خەڵك بووە.

مانای وشەکانیش بە گوێرەی قۆناغی ژیانی نەتەوەو گەلان دەگوڕێت ,هەر بۆنمونە مانای فەرهەنگی کولتورجیاوازە لەو ڕۆڵو مانایەی کە ئێستا دەیبینێت. هەر کۆمەڵێك لەسەر زەمین خاوەنی ناسنامە و سیمبولٚ و کولتوری ڕۆشنبیری خۆیەتی ((کولتوری ڕۆشنبیریش بریتیە لە کۆی نمونە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا،کە نەوەکان لە نەوەی پێش خۆیان وەریدەگرن، ئەم جۆرە کولتورە لە گرنگترین جۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، چونکە پاڵنەری کۆمەڵگایە بۆ هەنگاونان بەرەو پێش کەوتن))[348]

لەبەر ئەوەی شاعیری ڕۆشنبیر ناتوانێت لەگەڵ سەرجەم کایەو لایەنەکانی ژیانی ڕامیاری و کۆمەلأیەتیدا بژێت,ئیدی هەڵوێست وبیری بەرەنگاری کولتوری لای کەسان و شاعیر سەرهەڵدەدەن چونکە ((شیعری بەرەنگاربونەوە لە جەوهەردا بریتیە لە شیعری هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی، کۆمەلأیەتی و جۆشدانی گیانی تێکۆشان و خەبات دژی هەموو زوڵم و زۆر و سەرکوت کردنێکی نەتەوایەتی و چینایەتی. لەڕووی زەبرو زەنگدا و ڕەفزکەری واقیعی ژێر دەستەییە لەگەڵ پەرەسەندن و ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی و تیژبونەوەی ململانێی چینایەتی و کۆمەلأیەتیدا ))[349]

لەبەرهەمی ئەدەبی بەرەنگارییدا دەقی ئەدەبی و شیعر جگە لەزمان و پەیامی بالأی هونەر و ئەدەب ,پێویست دەکات شاعیر ڕەچاوی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك بکات ,چونکە(( شاعیری بەرەنگاری لەبەر ئەوەی ڕوو دەکاتە خەڵکانێك کە مەبەستیانە پێش ئەوەی بیر لە هونەر و وردەکاری شیعر بکەنەوە، بیر لە ژیان و مانەوە بکەنەوە ، ناچارە بە زمانێك بنوسیٚ

---

([347]) ئەرخەوان محمد عوبێد ، دیاردە کولتوریەکان لە (مەم وزین)ی (ئەحمەدی خانی)دا تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی ،2014،ل83.

([348])سەرچاوەی پێشوو ل16.

([349])یاسین عومەر ، ئەزموون ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ،2001ل21.

نەك هەر نزيك بىَ لە واقيع، بەڵكو دەبىَ خودى واقيعيش بىَ، كاتى تەنگانە شيعرى توند و ڕاستەوخۆى دەوىَ))[350].

كەواتە شاعيرى سەركەوتوو ئەو كەسەيە, كە چەندە بەسۆزە بۆ خاك و نەتەوەكەى بەو ئەندازەش هۆشيارە بۆ بەئاگاهێنانەوەى هاوزمانەكانى لە كولتور و داب ونەريتى ڕزيو بۆئەوەى دووركەونەوە لەهۆكاروسەرچاوەكانى نەهامەتى ودواكەوتنى ڕاميارى وڕۆشنبيرى ئەمەش هۆنراوەى بەرەنگارى لىَ لەدايكدەبىَ،بەرەنگاريش (بەگژداچونەوە)[351] واتە بەرهەڵستى دياردە و دۆخێكى نەگونجاوە, شاعيرىفەلەستينى مەحمود دەروێش دەڵێت((شيعرى بەرەنگارى دەربڕينێكە لە ڕەتكردنەوەى ئەمرى واقيع))[352]

ئەو لايەنانەش ئێمە دەمانەوىَ لەسەرى بوەستين وئاماژەى پىَ بكەين بريتيە لەهەردوو لايەنى

أ/ئاييني

ب/داب ونەريت

كەچۆن تێڕوانينى كۆمەڵ و چينەكانى بەلايەنى نەگونجاو ناسازييانەوە, لەڕێگەى ڕۆشنبيرى و كولتورى ناوخۆيى و دەرەوە دێنە نێو ئەودوولايەنەوەو, شاعير بەرهەڵست و بەرپەرچى ئەو دياردە ناسازانە دەداتەوە و ئەو تێڕوانينانە ڕەت دەكاتەوە.

بەرهەڵست كردن و بەرەنگاريش بەتەواوەتى پێچەوانەى بەرگرى و وەرگرتنى هەر بۆچون و دياردەيەكە,كەلەناوكۆمەڵدا دروست ئەبن.

أ-بەرەنگاريى ئاينى لە هۆنراوەكانى كامەران موكرى دا .

مەبەست لەبەرەنگارى ئاين دەقى پيرۆز يان بنەمابنچينەييەكانى ئاين نيە,بەڵكوهەموو ئەو كلتورو بەرژەوەنديە كەسيانەيە ,كەلە پاڵ ئايندا ڕەواجى پێدراوە.

---

([350]) ئەبو بەكر خۆشناو،شيعرى بەرەنگارى كوردى ،(1975-1991)كۆمپيتەر و چاپى ڕووناكبيرى ، چاپى يەكەم ،سلێمانى 2002 ل196.

([351])هەژار موكريانى ، فەرهەنگى هەمبانە بۆرينە، چاپخانەى سروش ، چاپى پێنجەم تهران 1385 ل78.

([352])د.عوسمان عەبدول بەرزنجى ، بابەتى ئەدەبى هاوچەرخى كوردى ، شيعرى سياسى و بەرەنگاربونەوە لە ئەدەبى كورديدا 2013-2014بۆ قۆناغى بەكالۆريۆس.

**شاعیر وەکو کەسێکی بەئاگاو هۆشیار بۆ بەرزی و تەمەن درێژیی بەرهەمی ,پێویستە تا ئەندازەی زۆر ئاگاداری مێژووی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی گشتی گەلەکەی بێ ، چونکە ئەگەر وانەبوو, ئەوا بەرهەمەکەشی لەسۆزێکی کەسێتی و جۆرە وڕێنەیەکی خودی, هیچی تر نییە.کۆمەڵی کوردیش لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیەوە پێکهاتووەلە ( ئومی ، شێخ،سەید،جوتیار،ئاغا،دەرەبەگ،کرێکار....هتد).**

**ئەم پێکهاتانە لایەنی ئابووری و ئاینی دروستی کردووە چونکە چینی بالاّ (شێخ و دەرەبەگ)شێوازی ژیان و تێڕوانینیان بۆ دەوروبەر، جیاوازترە لەهەژار و جوتیار ، ئەم دیدگا جۆراوجۆرانەش دەچنە ناومزگەوت و داب و نەریت و لەسەر دەرونی وەرگریش ڕەنگ دەدنەوە***

**ئەوەی جێگەی سەرنجە ,کامەران لەدیوانێکی گەورەدا لەبارەی سۆزی ئاینی (وەسفی پێغەمبەر و پیاوچاکان،بۆنە ئاینییەکان) هیچ هۆنراوەیەکی تایبەتی نیە ، ئەوەش دەربارەی بیری بەرەنگاری ئاینییە،زیاتر لە هەردوو هۆنراوەی (شەڕی گەورە ،پەنجەی ژیان) چەندلایەنێکی باس کردووە .**

**زمانی شاعیریش بۆ بابەتەکان جیاوازە لەگەڵ زمانی پیاوێکی ئیماندری بەهێزدا, چونکە کامەران ڕەخنە و بەرەنگاری کردار و ڕەفتاری پیاوانی ئاینی دەبێ ,کەوەکو تاکێکی بێ ئویژدان دەردەکەون, واتە گفتوگۆی کامەران دەرخستنێکی کۆمەڵایەتییە.**

**((زمان لەگەڵ ئەو شتانەدا گفتوگۆ دەکات ,کە لەگەڵ سەمت و مەرجەعی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێ ، کەچی شیعر ئەو سەمتە کۆمەڵایەتیە تێك دەدا))**[353]

**واتە شیعر لەڕێگەی زمانی بالاّی خۆیەوە,هەروەك چۆن زمانێکی بالاّتر و بەئاوازترە بەبەراورد بەزمانی ئاسایی ,هەر بەوشێوەش گرنگی شیعر لەوەدایە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بۆ دەقی بەستوی دیدگاکان فراوانتر دەکات و دەیکاتە مەیدانی خەیاڵ و داڕشتنێکی نوێتر.**

---

* **پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ,کەلە کۆمەڵی کوردیدا بەبەراورد بە نەتەوەوگەلانی تر جیاوازی چینایەتی کەمترە (شەڕ ،کۆیلە،چەوساندنەوە....هتد) لە مێژوودا تۆمارکراوە . لەولاّتانی پێشکەوتوی ئێستادا ئەو جیاوازیە لەمێژوی دێرینیاندانا ڕادەی کڕین و فرۆشتن و جەنگی خوێناوی ڕۆیشتوە . ڕۆمانی (برا کوژی) نیکۆز کازانتزاکی یۆنانی ئەو جیاوازیە چینایەتیەی ئەوروپا دەخاتە ڕوو.**

(353)**کۆمەڵێ نوسەر ،بیری ڕەخنەی هاوچەرخ ، وەرگێڕانی ،نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد چاپی موکریان ، چاپی یەکەم ، هەولێر** 2001 ل224.

کامەران لەیەکێ لە هۆنراوەکانیدا بەناونیشانی(شەڕی گەورە)بەشێوازێکی ورد شاعیر سەرەتا باس لە مزگەوت دەکات وەکو جوگرافیایی(شوێنی) بەشەڕهاتنی دوو هەژار و دواتر ئەوە دەخاتەڕوو ,کە گرنگی ورۆڵی مزگەوت بەرامبەر ژیان وژانی هەژاران بیٚ سودە ودەڵێت:

لەدالآنی مزگەوتێکا

برسێتی دڵی ئەپێکا

زەردەپەڕی ڕەنگ ئاگرین

ڕژایە ناوحەوزێکی شین

لەسەر بەردە نوێژێکی پان

یەکێ دەستی کرد بەبانگدان

ئاوازەی ورتەی خواناسین

هەڵئەسا،ورد, مات و غەمگین[354]

شاعیر لەم دێڕانەدا کاتی نوێژ و شوێنی مزگەوتی وەکو کۆڵەکەیەکی ئاینی خستوەتەڕوو، چونکە ئاواز و ورتەی خواناسین، کە جێگەی هیوای چاکەخوازی وهاوکارییە وەسفێکی کەش و هەوای مزگەوتە بەگشتی,تاکو ئێستاش لە کوردەواریدا دەروەزەکەر (سواڵکەر)وەك جێگەیەکی شیاو بۆ پەیداکردنی بڕێك دراو ڕوو لەمزگەوتەکان دەکەن .شاعیر دوای وەسفی شوێن و کاتی بانگدان باس لەدۆخی دەروەزەکەرەکان دەکات ودەڵێت:

دوای ئەوەی نوێژکۆتایی هات

دوو کوێری بەسزمانی مات

کام وشە گەرمە زۆر بەتین

کامیان دڵ دێنێتە لەرزین

ئەیان ڕشتە گەروی دالآن

---

([354])کامەران,گوڵ ئەستێرە ,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1959,ل43

ڕستیان ئەکرد بۆ لەتێ نان(□□□)

هاواری هەژار لە جەنجاڵی کات و ناومزگەوتدا دەبێ کاریگەری لەسەر ( نوێژخوێنان مامۆستای مزگەوت) هەبێ بەشێوازێك ئاین چوبێتە ناو ڕۆحی خەڵکەوە,بۆ هاواری ئەو هەژارانە.

شاعیر درێژە بە وەسفی نەهامەتی دەروەزەکەرەکان دەدات ,کەلە ئەنجامی برسێتی و ناهۆشیاری دەبێتە شەڕیان ,ئەویش بۆ کوتێ(پارچە)نانێکە:

لەناکاو بووبەشـــەڕەدار

زریك و هووڕگرمەوهاوار

دڵۆپێ خوێنی لەشی زەرد

ئەپژایە سەر دیواری بەرد

قەوما شەڕێکی ئێجگار زل(□□□)

وێنەی تراژیدیاو برسێتی هەژاران لەخانەی خواو ناو نوێژخوێنان چاوەڕوانی هاوکاری پیاوانی خوای لێدەکرێت بەڵام بە پێچەوانەوە.

تاهات مەلای ،شۆخ چاوبەکل

مەلای پۆشتە و تێروتەسەل

دەری کردن بەپەلە پەل

هەندێ لەکوڕە دەوڵەمەن

کە هەیانە شتی دەگمەن

ئەیانفەرموو!!شەڕی ئاوا

ناشیرینە بۆماڵی خوا(□□□)

---

([355])سەرچاوەی پێشوو ل44

([356])سەرچاوەی پێشوو ل45

**شاعیر توانیویەتی بۆچونی پیاوانی ئاینی و دەوڵەمەندان بەرامبەر بە هەژاران و برسی بەشێوەیەکی فۆتۆغرافی بخاتەڕوو, بەڵام لەدوو دێڕی کۆتایدا بەشێوازی پرسیار لەژیانی ئەو هەژارانە دەپرسێ و بڕیاری دادگا لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێ.**

**لام وابێ هەر ئەوشیوانە**

**بردیانـــن بۆبەندیخانە**

**نازانم تێریان خوارد لەوێ؟**

**ئەمە پرسینێکی ئەوێ.** [357]

**شاعیرلەم هۆنراوەیەدابەشێوەی پرسیارو تەنز ڕووی ڕاستەقینەی ژیانی نەداران (هەژاران)لەسایەی مزگەوت (کۆمەڵ)نیشان دەدات.**

**لێرەدا ئەوەی دەخرێتە بەر پرسیارەوە ڕۆڵی(مزگەوت و پیاوانی ئاینییە)بۆ چاکسازی ئابووری کۆمەڵایەتی و بۆهاوسەنگ کردن و کەمکردنەوەی نەهامەتی هاوئاینیانی خۆیان، ئەوەیش هۆنراوەکە دەکاتە بەرەنگاری دوو دێڕی کۆتای هۆنراوەکەیە,کەبێ گومان بێ بەهاکردنی پیاوانی بەناو موسڵمان و مەلای مزگەوتە و نەبوونی کاریگەری قوڵە لەسەر کۆمەڵگا لەلایەنی ئاینییەوە بەگشتی.**

**چونکە ڕۆڵ و پێگەی مزگەوت ئاوێتەکردنی ڕۆحی نوێژکەرانە بە ڕۆژی دوایی و هاندانیانە بۆ چاکەکاری, بەڵام لە کۆی هۆنراوەکەدا ئەو کردارەمان نەبینی. یەکێکی تر لە هۆنراوە بەرەنگارییەکانی ئاینی بریتییە لە هۆنراوەی (پەنجەی ژیان )**

**شاعیرلەسەرەتای هۆنراوەکەیدا,وەسفێکی زۆری ماڵی پیاوە پیرە(دەوڵەمەند)ە کەدەکات,کەکچێکی منداڵی بۆدەخوازرێتوخونچەی گەنجێتی و ئاواتی هەڵدەوەرێنین.دواجار دەچێتە ناو باسکردنی کارەساتەکەوەو دەڵێت:**

**گوڵی ئاواتی هەڵـــــــوەران***

**بەچی!!!بەپارەی نەختی نان!!**

---

([357])سەرچاوەی پێشوو ل45

([358])سەرچاوەی پێشوو.ل46

**کچی منالّی جوان ...قژزەرد**

**کچی نەشمیلانەی بێگەرد!!**

**لەتەلاری ئاوێنــە بـــــــەن**

**تا نەختێ کردی بەشیوەن**[359]

**شاعیر لەسەرەتادا هۆکاری ستەمکاری بەرامبەر بەکچانی منداڵ,کە بەزۆر بەشوو دەدرێن دەگێرێتەوە بۆ سەروەت و سامانی پیاوانی دەوڵەمەندو(پیاوانی ئایینی)چونکە لەڕێگەی ئابووری وچینایە تیەوە هەژاران دەچەوسێنرانەوە.**

**شاعیر دووڕووی(إزدواجیە)حاجی تازەزاوا نیشان دەدات,کەئاین وەکو کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی بەرژەوەندی سێکسی وئابووری بەکاردەهێنێت وبیروبۆچوونە گلاوەکانیان دەخاتەڕوو,چونکە جگەلەپیرەی تازەزاوا (مزگەوت،حاجی)دەخرێنە گۆشەی گومانەوە لە بەجێ نەگەیاندی پەیامی ئاینی و مرۆڤایەتی خۆیان.**

**حاجی دوای بەئامانج گەیشتنی خۆی (هێنانی کیژۆڵەیەك وتێرکردنی غەریزەی سێکسی) ڕوودەکاتە خانەی خوا بۆ خواپەرستی,کەدوورە لە ناخییەوە.**

**ڕۆیشت...!!!بەزەلیلی بێ سرەوت**

**پیرەش،!!ڕووی کردە ناومزگەوت**

**وەکو جاران ،نوێژی دابەست**

**پشتێنێکی ڕەنگ زەردی بەست!!!!**[360]

**جگە لەپیشاندانی دۆخی حاجی تازە زاوا خاڵبەندی هۆنراوەکە خۆی ئاماژەی سەرسوڕمان و نابەجێی ئەو کارەساتەیە.**

---

***بۆ پیشاندانی وێنەو لایەنەکانی بیری شاعیر لەهۆنراوەکاندا بەپێویستی نازانین سەرجەم هۆنراوەکان بنوسین، خوێنەر دەتوانێت درێژەی هۆنراوەکە و تەواوی لە دیوانی کامەران موکریدا بخوێنێتەوە.**

(359)**کامەران,دیاری,چاپخانەی مەعارف,چاپی یەکەم,بەغداد,1957,ل59**

(360)**سەرچاوەی پێشوو ل59**

ئەوەی جێگەی سەرنجە حاجی پشتێن زەرد دوای گەیشتنە مەرامی خۆی بەرهەڵستی گەنجان دەکات بۆ هەر دۆخێکی خۆشەویستی .

کـــچ و کوڕێك بە گوزەرا

هاتن،جلی جــــوان لەبەرا !

دوو فریشتەی دڵداری بوون

نەختیَ بۆ گەشتی باخ ئەچوون

پیر،تفی کردەوە ،ئینـــــجا

ووتی : (ئایا حەیا هەڵگیرا)[361]

ئەگەر شاعیرانی کلاسیك ڕەخنەیان لە سۆفی و خانەقا و تەکیە بیَ،ئەوا کامەران ڕوو لەپیاوانی ئاینی دەکات و بەرەنگاریبەرژەوەندیە نامرۆڤایەتیەکانیان دەوەستێتەوە ((شاعیر هەست و ژانەکانی کۆمەڵیش لە ئامێزدا دەگرێتەوەو وەك تاقیکردنەوەی دەرونی شاعیر و هەموو لایەکی کۆمەڵ پێکەوە لەدایك دەبن))[362]

واتە شاعیر دەوروبەری لەوەها گرفت وکرداری نامرۆڤانە بەئاگادێنێتەوە. لەبەرەنگاری کامەران لەلایەنی ئاینیەوە ڕوولەپیاوانی بەناو باوەڕدار دەکات,کە ئاین وەکو هەیە و داوا دەکات بچێتە ناو کۆمەڵ و ڕۆحی تاکەوە،ئەویش تەنها بەدەرخستنی لایەنە نامرۆڤایەتیەکانی (بەرژەوەندیخواز)پیاوانی ئاینییە لەگەڵ ئەوەشدا کامەران دژی هیچ بنەمایەکی ئاینی ئیسلام هۆنراوەی نیە.

لە هۆنراوەی (هۆرەی تازە)شدا کامەران بەرەنگاری ئەو مەلایانە دەوەستیَ کە بۆ بەرژەوەندی سامانی دنیا دەبنە پاشکۆودادوەری نادادی دەرەبەگایەتی.

---

([361])سەرچاوەی پێشوول60

([362])د.نافع ئاکرەیی,کەلەپورلەشیعری کوردی هاوچەرخ دا,گۆڤاری نوسەری کورد,خولی سێهەم,ژمارە 2ئابی1985ل47

## باسی دووەم :

## ب/ بەرەنگاری داب ونەریت لە هۆنراوەکانی کامەران موکریدا

ئەگەر هۆنراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی باسکردن بێت لەمێژوو یان سەروەریی و خۆشەویستی خاك(نیشتمان)یان هاوزمانی (نەتەوە).ئەوا بەرەنگاری بریتیە لە ڕەتکردنەوەوبەرهەڵستی دیاردەیەك یان دۆخێك کەشاعیر دەوروبەرەکەی لیٚ هۆشیار دەکاتەوە،مەرجیش نیە هۆنراوەی بەرەنگاری بچێتە ناوچوارچێوەی هۆنراوەی نەتەوەییەوە,چونکە بەرەنگاری چوارچێوەی نیشتمان و نەتەوەیش تێدەپەڕێنیٚ لایەنەکانی ژیانی ئافرەت وچەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی جۆرێکن لەوانەی شاعیر بەرەنگاریان دەوەستێتەوە((شیعری ڕیالیزمی کوردی بە پێچەوانەی شیعری قۆناغەکانی پێشترەوە ئاوڕدانەوەی لە ئافرەت تەنیا لەچوارچێوەی جوانی و دڵبەندبونیدا قەتیس نەبووە، بەڵکو وەك مرۆڤ لێی ڕوانیوەو پێی وابووە بەبیٚ بەشداری پێکردنی ئەم ڕەگەزە پرۆسەی پێشکەوتن و شارستانیەت بەدی نایەت.هەربۆیە بەبەردەوامی ڕووبەڕووی کۆمەڵگا و داب ونەریتی کۆنەپەرستانە وەستاوەتەوەو کاری لەسەر وشیاری کۆمەلأیەتی کردووە))[363]

لە کۆمەڵگەی کوردیدا داب ونەریت سەرچاوەکەی پێشینان وبارودۆخی کۆمەلأیەتی و ئابوورییە،چونکە ڕۆشنبیری کۆمەلأیەتی ئەوەنیە وەکو بوونی فیسۆلۆجی لەگەڵ لەدایك بووندا بێتەدنیاوە ,داب ونەریتیش ڕەنگدانەوەی دۆخی ئاینی و ئابوری کۆمەڵگایە.

لەبەرئەوەی ئابووریش بەشێکی گەورەی ژیانی خەڵکە, ئیتر تێڕوانین بۆ سەروەت وسامان یان چینی دەوڵەمەندو(ئاغاودەرەبەگ) لای هەژاران وکۆی کۆمەڵگاش هەمەچەشنەیە.

هەربۆنمونە کامەران لەپارچە هۆنراوەیەکدا,بەزمانی زبر دژی تێڕوانینی خەڵکانی ساویلکەیە(ڕەشۆك), کەتەنهابەپارەوە نرخی مرۆڤـــــ هە ڵدەسەنگێنن,هەربۆیە دەڵیٚ:

لای ئێمە بەرزی هەربەسامانە

نەبونی سوکی و نزمی وتاوانە

---

([363])یوسف ئەحمەد محمەد،شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمیدا(1900–1950)تێزی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی ،2014 ل242.

**کیٚ دەوڵەمەند بوو ئەڵێن بوو بەپیاو**

**وەکو پیاو نەبن ئەم هەژارانە**[364]

**لەم هۆنراوەیەدا شاعیر ڕوو لەداب و نەریتی نابەجێی خەڵك دەکات ولاسەنگی تێڕوانینیان بۆهەژاران بەرامبەر بەدەوڵەمەندان دەخاتەڕوو ئەمەش,وەکو داب ونەریتێکی ڕزیوی کۆمەڵ سەیرکراوە. شاعیریش بەرەنگاری دەوەستیٚ وهۆشیاری دەداتە هەژاران نەك دەوڵەمەندان.**

**شیعر دەبیٚ بۆ کۆمەڵ سوودی هەبیٚ,بەتایبەتی بابەتەکانی بەرەنگاری,چونکە پەیامی هۆشیاری هەیەلەبەرئەوەی((شیعر چرایەکە تاریکی ڕێی ژیانمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە...سەرچاوەیەکە تائەبەد جوانی وژیری لیٚ هەڵدەقولیٚ.شیعر پەچە لەڕووی جوانیەکی شاراوە لائەدات شاعیران ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵن ،پێش ڕەویانن لە ژیاندا))**[365]

**ژیانی کۆمەڵیش هەرچۆنێك بێت,شاعیران بەشێکن لێی و دەکەونە بەرکاریگەریەتیەکەی و دواجار هەرئەو ژیانە دەبێتە بەرهەمی هۆنراوەی شاعیران.**

**مەرجیش نیە شاعیر ڕازی بێت بەئاستی هۆشیاری یان داب ونەریتی کۆمەڵگەکەی وبەباشی دەزانیٚ یاخی بیٚ لەکولتوری داتەپیوی زاڵ بەڵام((یاخی بوون ئەبیٚ سودی ئەوچینە چەوساوانەی تیادا بێت نەك یاخی بوون هەربۆ یاخی بوون بێت،وەیاخود بۆداچەڵەکاندنی ئەم وئەوبێت ،بۆئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر ناوی خۆی ببرێت))**[366]

**شاعیر نابیٚ کردار و شیعری جیاوازبێت لەکاتێکدا بەرەنگاری بۆنەیەك یان دۆخێك دەوەستیٚ،چونکە ئەوساتە تاقیکردنەوەی خودی لەبەرهەمەکەیدا نابیٚ و هۆنراوەیەکی لاواز و کاڵ وکرچ دەردەچیٚ.**

---

([364])کامەران ,ئاوات وڕەنج,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلیمانی,1968,ل29
*هەروەها بڕوانە یادگاری لاوان ودیاری لاوان،ئامادەکردنی،ڕەفیق ساڵح ،لێکۆڵینەوەی صدیق ساڵح،چاپخانەی شڤان،چاپی دووەم ،سلێمانی 2005 ل34.

([365])نەسرین ڕەئوف ئیسماعیل ،ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا تێزی ماستەر ، زانکۆی کۆیە2007 ل78.

([366])د.پەرێز سابیر ،ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،بڵاوکراوەی ئاراس،چاپی یەکەم هەولێر 2006 ل613.

- **لەهۆنراوەی (دڵداری کوڕە شوان)دا**

**کامەران بەشێوەی گفتوگۆ لەنێوان کچە ئاغاوکوڕەشوان و باوکی کچەدا چەندین وێنەی تراژیدی باس دەکات ،ئەویش لەئەنجامی داب ونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی وبێ بەشکردنی گەنجان لەخۆشبەختی ژیان ،بەهۆی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە.**

**سەرەتای باسەکە بەدەربڕینی خۆشەویستی بێگەردی کچە ئاغایە بۆ کوڕە شوانی هەژار.**

**کچ: کۆشکەکەم بەقوربان خاکی ژێرپێتە**
**گیانە سەری من هەمیشە لەڕێتە**
**کوڕەشوان کوڕەشوان دڵنیابەتۆ**
**دڵی من بۆتۆیەو ناتکەم دەستخەڕۆ[367]**

**هیچ کاتێك جیاوازی چینایەتی و داب ونەریتی کۆمەڵ ناتوانن ببنە بەربەست لەبەرامبەر خۆشەویستی بێگەردداں لەئەدەبی کوردیشدا نمونەو داستانمان زۆرە.**

**دوای ئەوەکچەعاشق بوونی خۆی بۆ کوڕە شوان دەردەخات ئەویش بەخۆشەویستی ,بەڵام بەترسەوە دێتە قسەو دەڵێ :**

**کوڕە شوان :**
**گیانەکەم ،گیانەکەم کچۆڵەی ئاغـــــــا**
**چۆن وێرات بێیتە لام بێ ترس و پەروا**
**ناترسیت خەنجەری زۆرداری لەپـــــڕ**
**بڕێژێ خوێــــــنی دڵ بەلێـزمەو خوڕ[368]**

---

([367])کامەران ,دیوانی کامەران موکری ،ئامادەکردنی ،عەبدوڵڵائاگرین ل418

([368])سەرچاوەی پێشوو ل418.

*نازە ناوی کچە ئاغایە کە ئاشقی کوڕە شوانەکە بووە.

ئەوەی لەهۆنراوەکەدا باسکراوە خۆشەویستیەکی دووسەرەیە بەهیوای ئایندەی گەش و بەیەکترگەیشتن ,بەلاَم کولتوروداب ونەریتی چینایەتی ڕزیو دەبێتە ڕێگر لەبەرامبەر ئەو خۆشەویستیەدا, شاعیرهەولی داوە وێنەی ستەمکاری عەقلیەتی خێلٚ نیشان بدات و نوسینی هۆنراوەکەش, بۆدەرخستنی ئەودۆخە لاسەنگەیە هەربۆیە باوکی کچ بەم شێوازە دێتەگۆ

باوك :

مەیکوژن بیهێنن بالەگەلٚ ســـزا

ئەوگیانە بۆگەنەی لەژینی دەرکا

بابەدار قەپرغەی بکەم خڕخــالٚ

بەپشکۆ گلێنەی بکەم بەزوخالٚ

مەیکوژن بەسوژن چاوی دەردێنم

بۆنـــــازە*جەرگەکەی ئەبرژێنم[369]

ئەوەی بەرەنگاریی و دەرخستنی داب ونەریتەخراپەکەیەئەم پارچەیە لەهۆنراوەکە ,کەشاعیر بەناوی کچەکەوە دەیلێ :

دەك بن بەقوربان پێی کڕێشـــــاوی

ڕەنجبەری برسی،پەنجەی خوێناوی

دەك بەقامچیەکەی خۆتان پەتکرێن

بەپەنجەی کوڕی خۆتان بخنکــێن[370]

---

([369])سەرچاوەی پێشوو ل419.

([370])سەرچاوەی پێشوو ل421.

.ئەم هۆنراوەیەش لەکۆمەڵە شیعرەکانی کامەرن دا نییە,واتە تازەیە یان تازە دۆزراوەتەوە,بڕوانە کۆکراوەکەی د.عەبدوڵلاَئاگرین

له هۆنراوەکەدا جگە لەپیشاندانی خۆشەویستی دوو چینی جیاوازو بەیەکتر نەگەیشتنیان, لەبەر داب ونەریتی دواکەوتویخێڵەکی هاواری بەرەنگاری کچەکە دەرخەری بەرهەڵستکاری ئەو ڕەفتارانەیە،کچە دواقسەشی ئەوە دەردەخات ئەوە هەژاری کوڕەکەیە, کە بوە بەگرفت لەبەر دابڕانیان وکوشتنی کوڕەکەش بەناڕەوا دەزانێت ودەڵێت :

دڵدارە مەیکوژە،خەڵکە دڵدارە

بۆکفرەدڵداری،چونکە هەژارە

ئەوەی خرایەڕووکولتوری ڕزیوی کۆمەڵە,ئەویش لەڕێگەی جیاوازی چینایەتی ودروستبونی شێوازێکی نەگونجاو بۆ بونیادنانی ژیان و کوشتنی باوەڕو ویستی جوانی ژیان دۆستی.

لەهۆنراوەکانیشدا زمانێکی ئاسان وبێ گرێ وگۆڵ بەکارهاتووە, بەشێوازێك وشەکان ئاشنان بەخوێنەران.هۆنراوەی کێش کورت وبێ گرێ وگۆڵ لای خەڵکی ئاسایی سوکتر لەبەردەکرێت وبیریش ناچێتەوە بەکارهێنانی کێشی بڕگەی خۆماڵیش لەجۆری (10)بڕگەیی هۆنراوەکەی بەسۆزتر کردووە((کامەران کێشی سادەی بەڕێژەیەکی بەرز بەکارهێناوە ،چونکە زیاتر ڕوودەکاتە خەڵکە گشتیەکە))[371]

لەهۆنراوەی بەرەنگاریدا شاعیر جگە لەپایەوسۆزی هونەری بەرهەمەکەی پێویستە ئەوە بزانێت,کە هۆنراوەکەی وەکو وتارێکی سیاسی وکۆمەلآیەتی پەیامی هەیە، ئەویش هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لەلاسەنگی کۆمەڵ لەدۆخە جیاوازەکان.

## باسی سێیـــەم// بەرەنگاری جیاوازی چینایەتی ونەتەوایەتی

ئەگەر ژیان وکۆمەڵ شانۆیەکبن شاعیری بەرەنگاری تەنها کاری سەیرکردنی نمایشەکان نیە،چونکە لایەنە تاریك ونەگونجاوەکانی لە چوارچێوەی بەرهەمی شاعیردا وێنادەکرێنەوە,بۆئەوەی بینەرانی ئەوساتەودواتریش لەکۆسپ ولاسەنگیەکانی شانۆگشتیەکە بەئاگاوهۆشیاربن.

(371)ژوان عەبدول سەلام ،شێواز لەشیعرەکانی کامەران موکری لەژێرڕۆشنای قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیوشپیتزە)دا،تێزی ماستەر ،زانکۆی صلاحدین2014 ل90.

**هەرچەندە هونەری شیعر بالاّ بیٚ,بەرهەمەکە نەمر وبەرزتردەبیٚ((شیعرییەت پەیوەندی نیٚوان ڕۆنانی ژیٚرەوەو ڕۆنانی سەرەوەیە،بەجۆریٚك ئەگەر ڕۆنانی ژیٚرەوەو سەرەوە وەك یەکبن ئەوەشیعرییەت نامیٚنیٚ وئەگەرجیاوازیشبن شیعرییەت دەردەکەویٚ))[372]خۆئەگەر بەپیٚوانەی ئەم پیٚناسەیەش بیٚ,شیعرییەتی دەقی بەرەنگاری ناگاتە شیعرییەتی دەقی ڕۆمانسی و خۆشەویستی.چونکە شیعری ڕومانسی جوانکاری گرنگی یەکەمیەتی وهۆنراوەی بە رەنگاری ڕوولە زۆرینەو چینی چەوساوەدەکات.**

**لەگەڵ ئەوەشدا لەم جۆرە هۆنراوانەدا, هاوشانی ئەدەبیەتی دەقی ئەدەبی بیروهۆشیاری پیٚویستن.**

**بەکورتی هۆنراوەی بەرەنگاری لەڕووی وشەوماناوەڕوونیەکی پیٚوەدیارە،بەلاّم لەکۆمەڵگەشداپاڵنەریٚکی کاریگەرە. کامەرانی شاعیر لەزۆر بابەتی بەرەنگارییەکانیدا بەویٚنە فۆتۆغرافیەکەی باری لاسەنگی کۆمەڵ پیشان دەدات و بڕیاریش لای خویٚنەری هۆشیار بەجیٚدەهیٚلیٚ،هەندیٚکجار توندی هەڵویٚستی کامەران هونەرو پەیامی هۆنراوەکەشی لاوازکردوە،هەر بۆ نمونە با لەم پارچە هۆنراوەیە بڕوانین,کەجۆریکە لەبەرەنگاری چینایەتی و ڕەهاییەکی پیٚوە دیارە,دەڵیٚت:**

**هەرکەسیٚ خاوەن زیٚروسامانە**

**لەئاسمانەوە بۆی نەباریوە**

**یاخۆی بەدزی کۆی کردۆتەوە**

**یاباوکی پارەی بۆ ئەودزیوە**[373]

**ئەوەیکامەرانی هیٚناوەتە جۆش ناهاوسەنگی ئابوری وسەروەت وسامانە,هەربۆیە بەشیٚوازیٚك بەرەنگاری ودژایەتی خۆی بۆ دەوڵەمەندان دەربڕیوە,کەلەگەڵ ژیانی ڕاستیدا یەك ناگرنەوە.**

---

([372])د.هیمداد حسین ،دەروازەیەك بۆ ڕەخنەیی ئەدەبی نویٚی کوردی چاپی یەکەم ،چاپخانەی باز ،هەولیٚر, 2010, ل582.

([373]) کامەران,گولاّلە سوورە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم,سلیمانی,1971ل24

**ئەمە بۆخۆی نادادیەك لەواتای شیعرەكەدا دەردەخات ,چونكە گونجاو نیە هەموو دەوڵەمەندێك دزبێ !!**

**لایەنگری ڕەهای كامەران بۆ هەژاران, وایكردووە دەقی لەم شێوازەی زۆربێ,كەلەگەڵ دۆخی واقیعی ژیاندا ناگونجێ,لەجێگەیەكی تردا دەڵێت:**

**نامەوێ هەرگیز من دەوڵەمەندبم**

**وەكو ئەوانە رسواو بەپەند بم**

**چونكە بەتەنیا ڕەنجی هەژارە**

**ئەبێ بەزێڕو سامان وپارە**(374)

**بەلاَم شاعیرلەهۆنراوەی(كۆتریئاشتی)داباسێكی گشتی وبگرەجیهانیش دەخاتەڕوو واتە بەرەنگاری پلانی چینی دەرەبەگ وبالاَكان دەوەستێتەوەودەلَێ :**

**ئەوانەی كۆشكیان سەد قاتە**

**بادەیان خوێنـــــاوی لاتە**

**بۆ ئاخنینی قاســـــــەیان**

**ئەیانـــــەوێ**

**گەل ژێركەوێ**

**كلَپەی شەڕێك هەموو جیــهان**

**بسوتێنێ**

**تا ئەوزێـــــــڕی لێ دەرهێنێ**

**دەرخستی تەڵەكەو پیلانی بەرژەوەندی خوازانەی فەرمانڕەواو چینەبالاَكان لەم پارچانەی سەرەوە بەڕوونی دیارە,ئەمەش بۆخۆی لەگەڵ ناونیشانی هۆنراوەكەدا تەواوجیاوازن**

---

(374)سەرچاوەی پێشوو ل26

ئەوەش بیرە قوڵەکەی بەرەنگارییە, چونکە کۆتری هێمای ئاشتی و پیلانی نامرۆڤانەی ئەوانە جۆرێك لەتێڕامان دروست دەکات.

بـــــاکی نیە

ئەو وەحشییە

خوای شەڕفـــرۆش

بەخوێن سەرخـــۆش

لەوەی ئەگەر کەس نەمێنیٚ

شـــــــەڕانیـــــــیـــــە

شاعیرزۆرترین ناشیرینیەکانیبەرژەوەندخوازانەی دەرەبەگایەتی و سیستەمی دیکتاتۆریەت پیشان دەدات،بەڵام هیوا بڕاویش نیە وهەتاوی ئازادی دەبینیٚ و دەڵێت:

بەڵام

قەڵای هەر ئەنـــــــەویٚ

سبەینیٚ تەختی ئەکەویٚ

ئەوکەســـــەی بڵیٚ وانییە

یان لەوانە

نۆکەرانە[375]

لەم هۆنراوەیەدا کامەران پاش نیشاندانی نادادی ستەمکاری تەنها وێنەکان ناگوێزێتەوە, بەڵکو بەرەنگاری دەبێتەوەو ڕووخانی بەبیٚ گومان دەزانێت و کەسانی ترساو یاخود دەرباری دەسەڵاتەکەش بەسوك ونۆکەر دەناسێنیٚ.

لەهۆنراوە بەرەنگارییەکانی کامەراندا بەگشتی پەیامی شیعر زاڵترە بەسەر هونەری ئیستاتیکادا,واتە سادەییەك لەهونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەبینرێت،ڕەنگە هۆکاری ئەمەش

(375) کامەران,دیوانی کامەران,ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵائاگرین,چاپی دووەم,2013, ل379.

**پێشینەی ڕۆشنبیری شاعیر وبەپێویست زانینی هۆنراوەبێ لەدۆخی سیاسی و کۆمەلأیەتی ئەوکاتەیکوردستاندا.**

**جگەلەمانەکامەران(نوسەر،ڕۆژنامەنوس،شانۆنوس،چیرۆکنوس)هەموو ئەمانە کاریگەر بن لەسەر ڕوونی زمانی شیعری لای کامەران. لەهۆنراوەیەکی دیارتری شاعیر (هۆرەی تازە)دا شاعیر بەشێوازێکی گێڕانەوە باس لەتەمەنی جوتیار وهەژار دەکات, کەتامردن دەبێ خزمەتکارێکی برسی و بێ نرخ بێ بەرامبەر بەدەستەلأتی ئاغا. ئەم هۆنراوەقۆناغەکانی ژیان و ئازادی بینینی هەژار دەبینێ لەسایەی دەستەلأتی چینایەتی چەوسێنەرەوە, سەرەتا شاعیر بەپیشاندانی قۆناغی مندالی دەست پێدەکات .**

**چاوم کاتێك کـە هـە ڵهێنا**

**مندالێك بووم ڕووت وهەژار**

**لەپارچەیەك خاما ژیـــام**

**ژیانێك بێ تام**

**وائاغا هات !**

**منالینە خێرا هەســــــتن**

**جوان وەکو سەرباز ڕاوەستن**

**گەڕانەوەبۆسەرەتای تەمەن وپیشاندانی ئەو وێنەستەمکاریانەی ,کەوایکردوە چینایەتی دروست بێ لەزاکیرەو هۆشمەندی تاکدا باس کراوە شاعیر,دواتر باس لەقۆناغی پێگەیشتنی جوتیار دەکات ودەڵێت:**

**بووم بـــــــــــەلاوێ**

**بازووم لێ هەڵمالی بۆ کار**

**بووم بەسەپان**

**بووم بەجوتیار**

**کڕنوش بۆ بەردەمی ئاغـــا**

## ئاغای بەخشندەی بیٚ هاوتا

دارەدەست گرتنی منداڵی هەژار لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا, سەرەتای چەوساندنەوەی جەستەیی ومالٚ ویٚرانی تەمەنی دنیایە.

لەقۆناغی جیاوازی چینایەتیدا بۆ نان و مانەوە ,پاشکۆیەتی جۆریٚکی باشە بۆ کەسانی دوور لەبەهای جوانی مرۆڤایەتی وئاینی ،زۆرجار لەمیٚژووشدا ئەو ویٚنانە باسکراون و کامەرانیش لەم هۆنراوەیەدا پیاوانی ئاینی* بەبیٚ ئویژدان و کۆیلەی ئاغا پشان دەدات.

وامەلا هات

مەلای چاوباشقاڵی نەفام

ئامۆژگاری چەوت وبیٚ تام

---

کڕنوش بۆ ئاغاتان بەرن

گەورەوبچوك بفــــامن

دنیا پوچە سبەی ئەمرن

لەدریٚژەی هۆنراوەکەدا چەندین بابەتی تراژیدی هەژیٚنەر باسکراوە،بەلاّم دوا بابەتیٚك ئازادی بۆ هەژارو جوتیارولەناوچونی ئاغاو دەرەبەگە ,بەجۆریٚك جوتیار ئیدی خۆی بەخاوەنی زەوی وبەرهەمی هیٚزی خۆیی بزانیٚ*

---

*لەم هۆنراوەیەدا(مەلا)بەپاشکۆی ستەمکاری نیشاندراوە،مەرجیش نیە هەموو پیاویٚکی ئاینی لەگەڵ ئاغاودەرەبەگ وچەوسیٚنەردابیٚت،میٚژووی سەدەی ڕابردوومان نیشانی دەدات پیٚشەوای شۆڕشەکان زۆربەیان پیاوانی ئاینی وشیٚخ ومەلا بوون.

*ئەم هۆنراوەیەدوای شۆڕشی1958تەموزی14ی عیٚراق وڕووخاندنی دەستەلاّتی پاشای نوسراوەواتەشاعیربیری هۆنراوەکەی لەواقیعی بارودۆخی ژیان وکۆمەلاّیەتی کۆمەڵگەی خۆیەوە نیشانداوە.

بەلاَم ئەمـــــــــــــڕۆ

ئاغا ئەمـــــــــــــڕۆ

گوێت لیٚ بیٚ چی ئەلٚیٚم بەتۆ

ئەو زەویە هـــــینی منـــــە

هی ڕەنجی شــــــان

دەست بەری بۆ گولیٚ گەنم

لەخەلەی مـــــــن

یەخەت دەگــــــترم

وا خەرمانم دەکەم مەلٚۆ

ناژیم بــــــۆ تــــۆ(376)

دەرخستنی ئازادی وخۆشبەختی چینی هەژار وجوتیار بنچینەی ئەم هۆنراوەیە، چونکە هەموو ویٚنەکان پیشاندانی ئەندازەی ستەمکاری ناڕەوای ئاغایە,بەرامبەر جوتیارو وداگیرکردنی زەوی و زارە بۆ چینیٚکی خۆشبەخت، لەناوچونی ستەمکاریش خراوەتە پیٚش چاو،واتە تەنها گویٚزانەوەی ویٚنەی فۆتۆغرافی وبیٚ لایەنی شاعیر نیە.

بابەتی چینایەتی لە بەرهەمی کامەران موکری دا زیاتر پیشاندانی ویٚنەی چەوساندنەوەی جوتیار و هەژارانە لەلایەن دەرەبەگ و ئاغایانەوە،واتە کەمتر باس لەپلان و هۆکارەکانی ئەم چینایەتیە کراوە ئەمەش دەرخەری ئەوڕاستیەیە, کەزمان وبیریشۆڕشگیٚڕی زیاتر لەبەرهەمەکانی کامەراندا هەیە،نەك ئاویٚتە بوون بەجیهانی سەرمایەداری وچەوساندنەوەی جیهانی .

•هەندیٚك جار پالٚنەری سیٚکسی دەبیٚتە هۆی چەوساندنەوەی جوتیاروهەژاران، ئەمەش سەرباری دۆخی ئابوری و زەوی وزاری دەست بەسەراگیراولەلایەن دەرەبەگەوە. لەهۆنراوەی

---

(376)سەرچاوەی پیٚشوو ،ل429.

(بووكى لادىٚ)دا[*]شاعير وەك بينەرێك وێنەى تەڵەكەبازى ئاغاو دەرەبەگى فێڵباز پيشان دەدات ولەسەرەتادا باس لەدڵخۆشى وجوانى بوك و زاوادەكات,بەبۆنەى شايەكەيانەوە و هيواى دواڕۆژيان ،دواتر ستەمكارى ئاغا باس دەكات ودەڵێت:

هەروا دواى دوو سىٚ مانگى تر

بەربوو لەگيانى بەگ ئـــــاگر

پيلان،تاڵ تاڵ جنييان بـــۆى

زۆر ڕێگە وشوێنى دانا خۆى

ناردى بەشوێن زاواى شەنگا

لەتاريكى شەوە زەنــــــگا

ناردى ،بۆفرمانێك، بىٚ دەنگ

ناردىشيە،سەرڕێگاى ..تفەنگ

لەنيوە شــــــەودا ،كوتوپڕ

كوشتيان...ئاغاش فرمێسكى ڕشت!!

تائێرە بەجىٚ گەياندنى پيلانى نامرۆڤانەى ئاغا خراوەتەڕوو, دواتر ئاغا بەهەڕەشە بىٚ بنەماكانى دەيەوىٚ بابەتەكە (كوشتنى زاوا) لێڵ وتاريك بكات و بگاتە ئامانجى خۆى (هێنانى ژنى جوانى زاوا)

بمزانيايە كىٚ بو...ئەمكوشت!!

كىٚ بو كوشتى جوتيارى من

واديارە،وێڵە بۆ مــــــردن!!

---

[*] د.دڵشاد عەلى ڕاى وايە كە كامەران سودى لە(بوكى ناكام)ى گۆرانى شاعير وەرگرتووە، بڕوانە گۆڤارى ڕۆشنبيرى نوىٚ ،ژمارە125،بەهارى1990،ل119.

**دوای فرمێسکی درۆ،ڕشــتن**

**بەڵێنی (تاوان بار)کوشـــتن**

**ژنی جوتیـــــاری مارە کرد**

**خونچەی (تازە پشکوتوی)برد[377]**

**هەرچەندە لەم هۆنراوەیەدا شاعیر تەنها وێنەی ستەمکاری چینی دەست ڕۆیشتوو پیشان دەدات وبڕیاری خۆی نادات, بەلأم خوێنەری هۆشیاردەزانێت مەبەستی شاعیر دەرخستنی جیاوازی چینایەتی ونەپاراستنی کەسایەتی وشەرەف وناموسی هەژارانە, بەدەست فێڵی دەرەبەگانەوە.**

**ئەو بابەتانەی کە دەبنە هەوێنی بەرەنگاریی زیاتر ناوخۆیی و نەتەوەییە، واتە شاعیر هەڵوێست و سۆزی دێتەکولْ,بەلأم بابەتی نەتەوەی دەکرێت هاوهەڵوێست و مرۆڤایەتی تێدا بێت بەوەی,کەشاعیروەسفی شۆڕش وقارەمانێتی میللەتێکی تر بکات،ئەمەش ناکاتە ئەوەی بەرەنگاریی تەنها دەرخستنی لایەنێکی ناشازی کۆمەڵ بیَ بەڵکو چەندین جار بیری بەرەنگاریی هیوابوون و کۆڵنەدان لەخوێنەر داوادەکات بەوەی،کە ترس و داب ونەریت کۆڵیان پێنەدات.**

**هەرچەندە چنگی جەزرەبەی دوژمن**

**بگاتە جەرگ و گیربیَ لەگـــــەردن**

**ناتوانیَ خوێنی باوەڕ بڕێژیَ**

**کارناکاتە (بیر) ئاگرو ئاسن**

**تالاشە لەسەر لاشە کۆمەڵ بیَ**

**زووتر ئەگەینە لوتکەی سەرکەوتن[378]**

---

([377])کامەران ,دیاری ,چاپخانەی مەعارف ,چاپی یەکەم,بەغدا,1957,ل25

([378]) کامەران ,گولاڵە سوورە ,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم,سلیمانی,ل19

**لێرەدائەوەی کەشاعیربەرامبەری دەوەستیٚ نادادی و ستەمکاریە، ئەوەش خۆڕاگرومێژوییە(بیرێکی)نەتەوەی ڕزگاری خوازانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بالاٚ.**

**ئەم هۆنراوەیە پارچەیەکە لەگەڵ ڕۆحی تاکدا دەدوێت,کە هیچ هێزێك ناتوانێت تاسەر مرۆڤ دیل و کۆیلە بکات. کەواتە جۆرێکە لە بەرەنگاری کە دەشیٚ بۆ بەرامبەری هەموو ستەمکارێك ولەهەموو کاتێکدا بەکاربێت،بەلاٚم بەمەرجێك تاك وکۆمەڵ هۆشیارو بەهیوابن بۆ گەیشتن بە مافەڕەواکانیان.**

**جیاوازی هۆنراوەی بەرەنگاری و نەتەوەخوازیش لەڕووی باس و مەبەستەوە چونیەك نییە ،پێویستە ئەوەش بزانین لەڕووی بیروڕای گشتی هەرشاعیرێکەوە یەك ئامانج هەیە ئەویش بەرەنگاری تۆمارکردنی وێنە و دیاردەکانە, بەشێوازێك شاعیر دژایەتی دەکات و خەڵکی لیٚ هۆشیار دەکاتەوە ،بەلاٚم هۆنراوەی نەتەوەخوازی هەست و هۆشیاری شاعیرە بۆ سەرجەم ئەو لایەنانەی ,کە پەیوەستن بەڕابردوو ئێستا وئایندەی گەل و نەتەوە و بەشانازی وشکۆوە لەو باسانە دەڕوانرێت و شاعیر هاوهەڵوێستی بەرژەوەندی نەتەوەکەیەتی وهەندێك جار سەرکۆنەی فەرمانڕەواو شۆڕشەکانیش دەکرێت کە چاوەڕێی چاکتریان لیٚ بکرێت.**

**کامەران بە زمانێکی ڕوون, ئەرك بەهۆنراوەکەی ئەسپێریٚ وخۆی بە پشت وپەنای هەژاران دادەنێت ودەڵێت:**

**لای من ئەبیٚ هۆنـــــراوە بۆ هەژار بیٚ**

**دەنگی پاڵەو ڕەنجبەران و جوتیاربیٚ**

**ئەبیٚ قاڵبووی بۆتەی ڕەنج وخەبات بیٚ**

**ئەبیٚ خۆری کەلی بەرزی ئـــــــــاوات بیٚ**

**ئەبیٚ خوێن بیٚ،ئەبیٚ نەبەردو جەنگ بیٚ**

**نەك بەتەنیاهەر وشەی ڕەنگاو ڕەنگ بیٚ**(379)

**ئەمانەی سەرەوە دەرخستنی بۆچونی ڕاستەقینەی کامەرانە,کە زیاتر گرنگی بە ئەرکی کۆمەلاٚیەتیوسیاسی وپەیامی هۆنراوە دەدات. بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی**

---

(379)کامەران,زەبری هۆنراوە,چاپخانەی ڕاپەڕین, چاپی یەکەم,سلیمانی,1971,ل43

ئامانجی سەرەکیەکانی لابردنی دۆخی نالەبارو بەدیهێنانی ژیانێکی گونجاوە بۆ مرۆڤایەتی کە ئەمەش پێویستی بە زمانێکی ئاشنایە لای ئەو خەڵکەی,کە شاعیر ڕووی هۆنراوەیانی تێدەکات (( چینی زەحمەت کێش پێویستی بە زمانێکی سادە و ڕوون هەیە ، بەشێوازێك بگونجێت لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و زانستیاندا، زۆرجار پێویستی بەزمانی میللی دەبێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە بەئاسانی لەگەڵ دەقەکانی ئاوێزان بن))[380] کامەرانیش بەوشەی گڕاوی ڕەفــزی هەموو جۆرە ژیانێکی ژێردەستەیی دەکاتەوەو دەڵێت :

ژین کە دیلی بێ سەرو مڕ
ئیتر بۆچی نەبین بەگڕ
تاخوێنمان نەڕژێتە گڵ
هەرگیز ناگەشێتەوە گوڵ
بەم تێکۆشانە گەلی کورد
ئاگرە گەشەکەی هەڵکرد
بەم ڕەنگە نەغمەی پڕ خرۆش
هەڵئەسا لەدڵەوە بە جۆش[381]

ژیانێك کە ئازادی تیادا نەبێ هەردەم گرفتی شۆڕشوسەرکوتکردن هەیە ، شاعیرانیش چ بەزمان و چ بەچەك دەچنە خانەی تێکۆشەرانی گەلەوە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەییان چونکە (( بەبێ دیموکراتی و ئازادیە دیموکراتیەکان نەمەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر

---

([380])أ.د.أحمد موسى الخطيب ، دراسات في الشعر العربي المقاوم ، الطبعة الاولى ، الأردن ،عمان ،2009 ،ل69.

([381]) کامەران ، دیوانی کامەران موکری ،ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵا ئاگرین ، ل386.

*ئەم هۆنراوەیە لە هیچ کام لەکۆمەڵە هۆنراوەکانی کامەران دا نییە.واتە لەچاپی دووەمی دیوانە کەدا,لەچاپ دراوە,بۆ(نامە)کەشمان تەنهاسوودمان لەچاپی دووەمی دیوانەکە وەرگرتووە.

**دەكرێ و نەهیچ نەتەوەیەك ، مافە نەتەوەییەكانی دەست دەكەوێت ))[382] ئەوكاتەش ئەركی شاعیر پەیوەست بەئامانجی گەل گرانتر دەبێت،چونكە شاعیر خۆی بەبەشێك لە كایە گشتیەكەی دەوروبەری دەزانێت و هۆنراوەش دەبێتە هاواری ژان و مەینەتیەكانی گەلەكەی ,(( ئەدەب لەنێو گەلێكی بێ بەش لە ئازادی سیاسی ، دەبێتە تاكە سەكۆیەك، كە دەتوانرێ تیایدا هاوارەكان بگەیەنێ و هۆشیاریەكەی بەرجەستە بكا[383] ))***

**ئەمەش وادەكات شاعیر كەرەستە ( چیا ، دۆڵ ، مانگ ، ئەستێرە ، ئاگر ، گوللە....) بەكاربهێنێت,چونكە لای خەڵك ناسراون و هێمای هەڵوێستی بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی دەستەڵاتی ستەمكارانە. هەربۆیە كامەران لە جێگەیەكی تردا دەڵێت:**

**بەپەیژەی هەورا بچم بۆ ئاسمان**

**مانگ و ئەستێرە بۆ كورد داگرم**

**وەك شاخی سەختی گمۆ بە سنگم**

**ورووژمی گوللەی دوژمن ڕاگرم**

**هێشتا هەر دڵم ئاو ناخواتەوە**

**تا ( ئاواتی كورد ) ڕۆژنەكاتەوە[384]**

**هەڵچونیسۆزیخۆشەویستی شاعیر گەیشتوە بە ئاستێك,كە پێش شەهید بوونی دەخوازێت مەحاڵ ئەنجام بدات وبۆنەتەوەی كورد ئەستێرەدابگرێت,كە ئەویش ئەوپەڕی مەحاڵ وهەستی خۆشەویستیە .**

**وەك شاخی سەختی گمۆ بە سنگم**

---

([382]) د.عبدالرحمن قاسملۆ ، كورد و كوردستان ، بلاۆكراوەكانی بنكەی پێشەوا ، وەرگێڕانی عبداللە ی حسن زادە ، 1973،ل309.

([383]) ئەبوبەكر خۆشناو ، شیعری بەرەنگاریی كوردی (1975-1991) ، كۆمپیتەرو چاپی ڕووناكبیری ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ،2002، ل7.

*هةروةها بروانة أحسان سركيس ، الأدب والسياسة ، بيروت ، دار الطبعة ،ل70.

([384]) كامەران ,گولاڵەسوورە,چاپخانەی ڕاپەڕین ,چاپی دووەم,سلیمانی,1971,ل55

**ورووژمی گوللەی دوژمن ڕاگرم**

**ئەوپەڕی لێکچواندنی جوان و بالأی بەکارهێناوە**

**من ( لەشی من ) سنگم: لەوچوو**

**وەك : ئامراز**

**شاخی سەختی گمۆ : لێچوو**

**ڕووی لێکچواندن: بەرگری لە گوللە و ستەمی دوژمنە**

**کە ئەمانە ئەوپەڕی نەتەوەی بوونی کامەران نیشان دەدات و ئەوەش,کە بەرەنگاری دەوەستێ ( دوژمن)ە ئیدی لەهەر جێگە و فۆرمێکی جیادا بێت.**

# ( ئەنجامی توێژینەوەکە )

دەتوانین لەچەند خاڵێکدا ئەنجامی توێژینەوەکە بخەینە ڕوو

1-بیری بەرەنگاریی ئەنجامی نادادی ئاینی وئابووری وسیاسی دەیهێنێتە دنیاوە,چونکە پیاوانی ئاینی دەربارو سیستەمی فەرمانڕەوای دەرەبەگایەتی دەبونەهۆی دروستبوونی هێزی بەرپەرچدانەوەو نەیان دەتوانی تاسەربەردەوامبن لەچەوساندنەوەی گەلانی بێ پشت وپەنا.

2- بیری نەتەوەیی ئەنجامی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەییە، چونکە مێژووی ئەدەب و هۆنراوەی کوردی زۆر دێرینترە لە دەرکەوتنی بیری جیاخوازی و دروستبوونی هەستی سەربەخۆیی کوردی.

3- ئەو هۆکارانەی کامەرانی هێنایە ناو دنیای بیری بەرەنگاریی و نەتەوەییەوە دۆخە خێزانی و جوگرافیاکەی بووە، چونکە وەك خێزان بنەماڵەیەکی کورد پەروەر بون و جوگرافیاش شاری سلێمانی و خۆپیشاندانەکان,کە زۆرجار کامەران دواندەری بووە کاریگەری لەسەر پارچە شیعرەکورتە ئاگرینەکانی هەبووە.

4- هونەری هۆنراوەلای کامەران وەکو پەیامەکەی بەگرنگ دانراوە، بەشێوازێك ناتوانرێت شیعرەکانی بەبێ ئەم پەیامە بالأیە ئەدەبەتی هەبێ,واتە پەیامی مرۆڤایەتی و ئازادی نەتەوەیی و دەرچوون لە کلتور وداب ونەریتی داتەپیو بەهەند وەرگیراوە .

5- بیری بەرەنگاریی بەتەواوی پێچەوانەی بەرگری کردنە، چونکە لەبەرەنگارییدا شاعیر بەرهەڵستی واقیعی حاڵ و دۆخی کۆمەڵایەتی دەکات و هەوڵی هۆشیاری گشتی دەدات و ئەمەیش کە بەرگری لێدەکات سومبول و ژیانی نەتەوەکەیەتی .

6-هەندێك جار گێڕانەوەیەکی ڕوون بەبەرهەمەکانی کامەرانەوە دیارە، کە مەبەستی هۆنراوە لەپێشدا تێڕامانە دواتر گێڕانەوە، بەڵام لای کامەران ئەم شێوازە بەکەمی پەیڕەو کراوە، ئەمەش کاریگەری ( ڕۆشنبیری کامەران وەك چیرۆکنووس ، شانۆنووس ، ڕۆژنامە نووس)...هتد) دەردەخات.

7--زمانی شیعری کامەران گرێ وگۆڵی زۆرکەمە,لەهەندێك هۆنراوەدا دەگاتە ئاستی ئامۆژگاری ولە جێکەی تریشدا وشەی ناوچەی دەبینرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان :

### أ/ کتێب :

1) أ.ب.هەوری،شیعری کۆن ونویٚ،چ1،دەزگای هاوکاری،سلێمانی1975.
2) إحسان فواد(د) ،سەوداوسنور، چ1،چاپخانەی ڕوون،سلێمانی2000.
3) ئازادئەحمەدمەحمو(د)،بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر 2009.
4) ئازاد عەبدولواحێد کەریم ،سۆسۆلۆژیای شیعری کوردی،چ1،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر2005.
5) ئازاد عەبدولواحێد(د)،نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا، چ1،چاپخانەی ئاراپخا،کەرکوك 2006.
6) ئازاد عەبدول واحید،کولتوروناسنامە،چ2،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ،سلێمانی 2014.
7) ئازاد قەزاز ،(ڕۆحی کورد لەبندەستی ناسیۆنالیزم، ئیسلام ومارکسیزمدا)،چ1،چاپخانەی پەیوەند ،سلێمانی 2007.
8)
9) ئەبوبەکر خۆشناو ،شیعری بەرەنگاری کوردی(1975-1991)،چ1،کۆمپیتەرو چاپی ڕووناکبیر،سلێمانی2002.
10) ئەحمەدموختارجاف ,دیوانی ئەحمەد موختار جاف،ئامادەکردنی د.عزالدین مصطفی رسول، چ1،چاپخانەی الادیب ،بەغداد1986.
11) ئەکرەمی میهرداد،ناسیۆنالیزم،چ2،چاپخانەی حەمدی،سلێمانی 2006.
12) ئەلبێرکامۆ،مرۆڤی یاخی،وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی ،چ1،چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدێشە،سلێمانی 2012.
13) ئومێد ئاشنا،کامەران موکری,1996
14) ئومێد ئاشنا،ئەشکی باوان،چ1،دەزگای ئاراس ،هەولێر2001.

15) ئومێـــد ئاشنا،شـــێوەو نـــاوەڕۆك،چ1،چـــاپەمەنی وبلاْوكـــراوەی ئـــاراس ،هەولێر2007.

16) بـــەرزانی مـــەلا تەها،ئـــەدەبی فەلســـەفی وئەزمونـــە زینـــدوەكانی سەردەم،چ1،چاپخانەی شڤان،سلێمانی 2008.

17) ب.هەنـــدرێن،كامیل ژیـــرو وهـــۆنراوەی نەتـــەوەیی لـــە هەڵوێســـت و ڕەخنەدا،چ1،چاپخانەی ئۆفیسی مینا،بەغداد1985.

18) بێكـەس ,دیـوانی بێكـەس ،ڕێكخسـتنی ئومێـد ئاشـنا،چ1،دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی 1999.

19) پەرێز سابیر(د)،ڕەخنەی ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر ،چ1،بلاْوكراوەی ئاراس ،هەولێر2006.

20) پیرەمێرد,دیوانی پیرەمێرد،ب1،كۆكردنەوەی كۆمەڵێك نوسەر،چ1،چاپخانەی الزمان،بەغداد 1990.

21) جەبار ئەحمەد حسێن،ئێستاتیكای دەقی شیعری كوردی،چ1،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی 2008.

22) جلیـل ڕەوشـەندل (د)،ئاسایشـی نەتـەوەیی و سیسـتەمی نێودەوڵـەتی، وەرگێڕانی مستەفا شێخە،چ1،چاپخانەی هاوسەر،هەولێر 2009.

23) جەماڵ نەبەز (د)،بیری نەتەوەی كورد،چ1،چاپخانەی ئازاد ،ستۆكهۆڵم1984.

24) جـەماڵ نەبـەز(د)،ناسـنامەو كێشـەی ناسـیۆنالی كـوردی، چ2،چـاپخانەی منارە،هەولێر 2007.

25) حاجی قادر,دیوانی حاجی قادری كۆیی ،لێكۆڵینـەوە سـەردار میران وكـەریم شارەزا،چ2،سنندج 1390.

26) حسـێن عـارف ،نوسـینەكانم لـەبواری ڕەخنەولێكۆڵینـەوەدا،چ1،چـاپخانەی ئاراس هەولێر2001.

27) حمە نوری عومەر كاكی(د)،شێوازی شیعری نوێی كوردی ، چاپخانەی ڕوون ،چاپی یەكەم ،سلێمانی 2012.

28) حەسەن جاف،كامەران موكری چیرۆكنوس،چ1،مطبعة سومر،بغداد1988.

29) حەیـدەر حـاجی خدر،ڕەخنـە وئایـدۆلۆژیا،چ1،بلاْوكـراوەی سـەنتەری نمـا، هەولێر2005.

30) حوسێن محمد عەزیز،سەلیقەی زمانەوانی و گیروگرفتەکانی زمانی کوردی،چ2،چاپخانەی ئارۆ،سلێمانی 2005.
31) دلشاد عەلی(د)،بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردی دا،چ1،چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی 1998.
32) دلشاد عەلی(د)،دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،چاپی یەکەم ، سلێمانی 2007.
33) دیلان,دیوانی محمد صالح دیلان، ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵا ئاگرین ،چ2،چاپخانەی چوارچرا،هەولێر 2013.
34) زمان وئەدەبی کوردی ،پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی،چ2010،4،بەیروت.
35) سالم,دیوانی سالم،گ.موکریان،بنکەی ڕۆشنبیری لوبنانی،بەیروت،؟
36) سەلام ناوخۆش،ئاین وناسیۆنالیزم،چ1،بلاوکراوەی نوسینگەی تەفسیر،هەولیچر 2006.
37) سەلام, دیوانی شێخ سەلام،ئامادەکردنی ئومێد کاکەڕەش،چ1،چاپخانەی الحوادپ بەغداد 1990.
38) شکری عزیز الماضي(د)،تیوری ئەدەب،وەرگێڕانی سەردارئەحمەد گەلالی،چ1،چاپخانەی ماردین،هەولێر2010.
39) شوکریە رسول(د)،ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب،چ1،چاپخانەی خوێندنی بالا،هەولێر 1989.
40) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)،مێژووی وێژەیی کوردی ،ب1،چ1،چاپخانەی تبریز،کردستان 1375.
41) عبدالقادر حمەأمین محمد(د)،ئەدەبیات وڕێبازەکانی ئەوروپی – کوردی،چ1،چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی 2014.
42) عبداللە یاسین علی ئامێدی (د)،هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروو(1939–1970)،چ1،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،هەولێر2005.
43) عثمان دەشتی(د)،دەربارەی ناوەڕۆکی کۆمەلایەتی وسیاسی شیعرەکانی هێمن،چ2،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر2009.
44) عزالدین مستەفا رسول(د)،ئەحمەدیخانی شاعیروبیرمەندوفەیلەسوف وسۆفی،چ1،دەزگای پەخشی حەمدی،سلێمانی2008.

45) عەباس محمد قادر،ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ1،چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی،سلێمانی2010.
46) عەبدوڵڵا ئاگرین(د)،بەرلەڕاپەرین لەچلەی کامەران موکریدا،چ1،چاپخانەی نازە،هەولێر2010.
47) عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ،ئەدۆنیس،چ1،چاپی سەنتەری نما،هەولێر2005.
48) عەتا قەرەداغی ، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی،چ1،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی2007.
49) فەرهەنگی خاڵ ،شێخ محمدی خاڵ،چ2،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر 2005.
50) فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستەکۆمەڵایەتیەکان،چ1،دەگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی 2007.
51) فەرهەنگی نوێ،برهان قانع،چ2،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی 2003.
52) فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە،هەژار،چ5،چاپخانەی سروشت،تهران،1385.
53) فەرهەنگی یاد ،پرشنگ حمە ئەمین أحمد،چ1،چاپخانەی دیلان،سلێمانی 2002.
54) ق.ق.ڤینۆگرادڤ،مەسەلەکانی زمای ئەدەبی و یاسای دروستبونی و گەشەسەندنی،وەرگێڕانی عزالدین مصطفی رسول ،چ1،چاپی دار الثقافة والنشر کردیة، بغداد 1991.
55) کاکەی فەلاح ،کاروانی نوێی شیعری کوردی ،بەرگی یەکەم،چ1،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد 1978.
56) کامەران,دیاری ,چاپخانەی مەعارف,چاپی یەکەم,بەغداد,1957
57) کامەران,ئاگرو ژیلە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلێمانی ,1958
58) کامەران,گوڵ ئەستێرە,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلێمانی ,1959
59) کامەران,ئاوات و ڕەنج,چاپخانەی کامەران,چاپی یەکەم,سلێمانی,1968
60) کامەران, گولاڵە سوورە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی دووەم ,سلێمانی,1971
61) کامەران,زەبری هۆنراوە,چاپخانەی ڕاپەڕین,چاپی یەکەم,سلێمانی,1971
62) کامەران, دیوانی کامەران موکری،ئامادەکردن ولێکۆڵینەوەی د.عەبدوڵڵا ئاگرین،چ2، هەولێر،چاپەمەنی؟2013
63) کامیل ژیر ،کوردایەتی و سەربەخۆ، چ1،چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی 2002.

64) کامیل ژیر ،کوردایەتی بیرو بزاڤە،چ1،چاپخانەی بابان ،سلێمانی 2006.

65) کاوس قەفتان(د)،بابان،سۆران،بادینان،چ1،چاپخانەی الحوادث،بەغداد1985

66) کەماڵ مەزهەر(د)، ڕێنسانس ،وەرگێڕانی فواد مەجید مصری،چ2،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی 2004.

67) کمـــال مـــەعروف(د)،ڕەخنـــەی نـــوێی کـــوردی،چ1،چـــاپخانەی ئەزمەڕ،سلێمانی2007.

68) کۆمـــەڵێك نوســـەر ،ڕەهەنـــدەکانی ناســـیۆنالیزم،وەرگێڕانی ئـــارام جەماڵ،چ1،خانەی وەرگێڕان ، سلێمانی 2014.

69) لـۆرانس پیرین،شـیعر چییە،وەرگێڕانی ئەبوبـەکر خۆشـناو،چ1،چـاپخانەی پیرەمێرد،سلێمانی 2008.

70) مـــام جلال،کوردایـــەتی بزوتنـــەوەی ڕزگـــاری نەتەوایـــەتی گـــەلی کوردستانە،چ3،چاپخانەی خەبات ،شوێنی چاپ(؟).

71) محمدأحمدسـعید(د)،کـەرکوك وبزاڤـی شـیعری کـوردی،چ1،دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی 2008.

72) محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە،گوڵ واژە، چاپخانەی ئاراپخا،چاپی یەکـەم ، کەرکوك2007.

73) مسـعود عبـدالخالق ،ڕۆڵـی عەلمانیـەت لەدروسـتبوونی مەینـەتی کـوردا ،چ1،چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر ،2014.

74) مـــەریوان وریـــا قانع،ناســـیۆنالیزم وســـەفەر،چ1،چـــاپخانەی ڕەنـــج ،سلێمانی،2005.

75) نـالی,دیـوانی نـالی ،لێکۆڵینـەوەوئامادەکردنی ،مـەلا عەبـدول کـریم مـدرس ومحمدی ملا عەبدول کەریم،چ1،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بغداد 1976.

76) هەژار،أحمدی خانی، چ1،دەزگای چاپەمەنی؟،باریس، 1989.

77) هـۆراس ،هونـەری شیعر، وەرگێڕانـی حمید عـەزیز،چ1،مگبعـە الزمان،بغـداد 1979.

78) هیـوا عەزیزسـعید، ناسـیۆنالیزمی کـوردی،چ1،چـاپخانەی ،چـاپی مەکتـەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ،سلێمانی 2003.

79) یاسـین عومەر،ئـەزموون،چ1،دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم،سـلێمانی 2001.

## ب/ گۆڤار و ڕۆژنامەکان :


1- گۆڤاری بەیان،ژ 130، 1987.
2- گۆڤاری ڕامان ،ژ 5،10/125، 2007.
3- گۆڤاری ڕامان،ژ38،ئابی 1999.
4- گۆڤاری ئەدەبی سەردەم،ساڵی دووەم ،ژ 70.
5- گۆڤاری توێژینەوە،ژ,15،ساڵی 1 ،نیسانی 2005.
6- گۆڤاری ڕامان،ژ 211،کانونی یەکەم2014.
7- گۆڤاری دووربین،ژ4، 2014.
8- گۆڤاری ڕەهەند ،ژ10، 2000.
9- گۆڤاری بەیان،ژ130،نیسانی 1987.
10- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ 125، بەهاری1990.
11- گۆڤاری ڕامان، ژ 26، ئابی 1996.
12- گۆڤاری بەیان،ژ 130،نیسانی 1987.
13- گۆڤاری ڕامان، ژ 33 ،1999.
14- گۆڤاری ڕۆژی نوێ،ژ8،تشرینی دووەم،1960.
15- گۆڤاری ڕۆژی نوێ،ژ9،تشرینی دووەم،1960.
16- گۆڤاری ڕۆژی نوێ،ژ6،ئەیلولی1960.
17- گۆڤاری ڕۆژی نوێ،ژ5،ساڵی یەکەم ،ئابی 1960.
18- گۆڤاری ڕامان،ژ11،ئایاری 1997.
19- گۆڤاری نوسەری کورد،ژ 9،خوولی دووەم ،تشرینی دووەمی 1982.
20- گۆڤاری نۆڤین،ژ 9، 2006
21- گۆڤاری توێژینەوە،ژ4،تشرینی یەکەم 2005.
22- گۆڤاری ڕەهەند،ژ16-17- ساڵی 2014.
23- گۆڤاری ڕۆژی نوێ،ژ7،ساڵی 1،تشرینی1960.
24- گۆڤاری 23، ژ-5، ئەیلولی 2011.

## دووەم / سەرچاوە عەرەبیەکان :

### أ/ الكتب :

1- أدونيس ،زمن الشعر،دارالعودة ،بيروت،طبعة الأول 1972.
2- البرت حورانى،الفكر العربي في عصر النهضة (1798–1939)دار النهار للنشر لبنان.بيروت.
3- بويد سيفر،القومية عرض وتحليل ،ترجمةالدكتور جعفر خضباك وعدنان الصعيدي مؤسسة فرانكلين 1966.
4- توماس هايفلاندإريكس،العرقية والقومية، ترجمة لاهاى عبدالمحسن ،المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب ،كويت2012.
5- ساطع الحصرى ،ماهي القومية،ابحاث ودراسات ،طبعة الأول،دارالعلم 1959.
6- سعد ناجى جواد (د)،دراسات في المسألة قومية الكردية ،طبعة الأول ،دارالعربية للعلوم،بيروت2005.
7- شوقي صيف(د)،الفن ومذاهبة في الشعر العربي ،طبعة السابعة،دار المعارف 1969.
8- فاضل كريم أحمد، تاريخ الفكر الكردي،ترجمة د.بندر على مندلاوى ،مؤسسة حمدى للنشر الطباعة ،سليمانى 2011.
9- كامل حسن البصير ، كامران شاعير من كوردستان،طبعة الأول ،مطبعة كامران،سليمانى 1960.
10- كمال مظهر أحمد(د)،كردستان في سنوات حرب العالمية الأولى
11- كمال معروف(د)،الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث،ج1،مطبعة أزاد، ستوكهولم1992.
12- ماجد أحمد السامرائي (د)،التيار القومي في الشعر العراقي الحديث،دار العربية للطباعة بغداد1983.

13- محمد عاطف غيث(د)،قاموس علم الاجتماع،الهيئةالمصرية العامة للكتاب 1979.

14- مسعود البارزانى، البارزانى والحركة التحريريةالكردية،الجزءالثالث،مطبعة وزارة التربية،اربيل 2005.

15- مكسيم غوركي ،صور الأدبية ،ترجمة ودراسة د.محمد النجارى،دمشق 1985.

16- نازك الملائكة،سايكولوجية الشعر والمقالات أخرى،دار الشؤن الثقافة العامة بغداد 1993.

17- ياسر الحبيب رضون(د)،الصورة الشعرية عند الشعرا الصنعة في الجاهلية والإسلامwww.alukan.net .

ب/ المجله والجرائد :

1- حسناء اقدح(د), الصوره الشعريه عند المعتد بن عباد،مجله دمشق عدد2 المجلد28.

سێیەم / بیانییەکان :

1-Bolaffi,Guido and others.Dictionary of Race Ethnicity and Culture, SAGF publication,London,2002.

2-Horn by ,A.S.Oxford Advance Learner Dictionary sixth ed.Oxford, Oxford University Press, 2000.

Wilkinson ,Paul. International Relations: a Very Short Introduaction, -2 Oxford University Press , New york,2007.

فارسى:

1- مريم عاملى رچايى، صور خيال در شعر فروغ فرخزاد ،چاپخانه منصور ، چاپ أول 1382.

## چوارەم / نامەی ئەکادیمی:

### أ/ تێزی دکتۆرا

1- ئارام قادر محمد(د)،ڕۆڵی شیعر لەبزاڤی ڕۆشنگەری کوردیدا،تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی 2010.
2- عەبدوڵڵا عەزیز خالد (د)، کاریگەری بیری نەتەوەیی لەگەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق،تێزی دکتۆرا، زانکۆی صلاح الدین1999.
3- عوسمان عەبدول معروف بەرزنجی (د)،شیعری نوێی کوردی سالآنی پەنجاو شەستەکان لەخواروی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی 2002.
4- فەرهاد قادر کەریم(د)،بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، چاپخانەی ڕۆژهەلأت،چاپی یەکەم ،هەولێر 2012.
5- قمری سعید عەزیز(د)،هەڵوێست لەشیعری کوردیدا(1800–1970) تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی 2002.

### ب/ نامەی ماستەر :

1- ئەرسەلان بایزئیسماعیل ،ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ، نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی 1999.
2- پەخشان سابیر محمد،ژیان وبەرهەمی کامەران،نامەی ماستەر ، زانکۆی صلاح الدین،1993.
3- حسین غازی کاکە حمە أمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی 1932–کۆتایی 1972لە کوردستانی عێراقدا،نامەی ماستەر،زانکۆی بەغداد،کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشدی 2005.
4- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ،شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر ،زانکۆی صلاحدین 2007.

5- نەسرین ڕەئوف ئیسماعیل ،ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا(1920-1958) نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە 2007.

**وانەکان:**

1-عوسمان عەبدول بەرزنجی(د) وانەی ئەدەبی هاوچەرخ,شیعری سیاسی و بەرنگاری لەئەدەبی کوردی دا,زانکۆی سلێمانی,قۆناغی چوارەم,ساڵی خوێندن,2014-2015 .

2-محمد احمد سعید(د) وانەی ئەدەب,بەشی کوردی,زانکۆی سلێمانی ,ماستەر ,کۆرسی دووەم,2014-2015 .

- **چاوپێکەوتن:**

1- عزالدین مصطفی رسول (د)، سلێمانی 2014/9/15،ماڵی بەڕێزیان کاتژمێر 5ئێوارە.
2- عەبدوڵڵا ئاگرین (د)،هەولێر ،2014/11/12،نوسینگەی بەڕێزیان کاتژمێر 10-11سەرلەبەیانی.
3- کەساس جەباری (د)( د.محمد أحمد سعید)،سلێمانی ،2014/11/27، ژووری تایبەتی بەڕێزیان لە زانکۆی سلێمانی ، کاتژمێر سەرلەبەیانی.

- **ئەنتەرنێت :**

1-www.alamaag.com/home php?

2-www.ejabat.google.com/ejabat/threat?tid.

3-www.ar.wikipedia.org/wiki.

**الملخص**

**الأدب : هي العلاقة بين الدنيا الواقعية والأحساس وعاطفة الشاعر والأديب وبشكل في الحياة العامة**

**بلغة فنية عالية التي يتم تصويره من خلال الشعر .**

**إن بحثنا يتناول [ الفكر القومي والمقاومة لدى كامران موكري ] والعلاقة التي يُربط الشاعر واللغة**

**والفكر بالقومية والامة من خلال إطار المدخل وثلاثة اقسام بالشكل التالي :**

- **المدخل: إن المدخل هو الحديث عن أهم الكتابات والبحوث التي كتبت عن كامران موكري والتي عرضناها حسب المراحل التأريخية.**
- **القسم الأول: في هذا القسم يتم الحديث عن القومية والفكر القومي وثم عرض الأسباب والمبادئ التي كان عاملاً لظهور هذا الفكر والاختلافات مع الشعوب والتراث والتقاليد.**
- **القسم الثاني : الحديث عن المقاومة وظهورها في الأدب الكردي التي تم البحث عنها في هذا القسم والأسباب التي تجعل اللغة الشعرية نارية ومعروفة لدى الشاعر ويكون سببا لينفعل معه القارئ والسامع ومن ثم تحدثنا عن العامل لولادة الفكر القومي لدى كامران موكري وثم عرض الجوانب التي يقرب الشعر من الأنفعال اللغوي .**
- **القسم الثالث: يتم الحديث عن سياق حياة كامران لأن الشاعرليس بمعزل عن حالة المجتمع وأن حياة الشعب هي تكون ثمرة لشعر كامران , وفي هذا القسم أيضاً تبين الفكر القومي وانواعه عند كامران بشكل جلي .**

**وفي نهاية البحث تم الحديث عن مقاومة التراث والتقاليد والعرف والدين , وثم الالتفات اليها وأن اللغة الشعرية والصورة الفنية في شعر كامران تم ايضاحه وتحليله بشكل جيد.**

## Abstract

Literature is the relation between the real and imaginative world of men of letters and they are expressed through an artistic and poetic language.

This research (Nationalism and Resistance in Kamaran Mukry's Poems), discusses that relation which links the poet, his language and his nationalism. It is divided between a review of literature and three parts, as followings:

* review of literature explains the most important writings and researches which are written about Kamaran Mukry. The review is given according to their dates.

1. Part one: it discusses nation and nationalism and explains the reasons behind emergence of the ideas and their varieties in different nations and cultures.
2. Part two: it is dedicated to resistance and its influences on Kurdish literature and the reasons that make kamarans poems influence the reader and listener. Then the factors behind the birth of nationalism by the poet are depicted. Those factors that make his poetic language sensational are depicted too.
3. Part three: Kamaran Mukry's biography is given, because any poet is a part of the society and his nation. Nationalism and its types in Kamaran Mukry's poems are explained too.

Finally cultural, traditional and religious resistances are discussed. And poetic image and language in his poems are discussed too.